# گزینگ ٣٩-٤٠

گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە، هاوین و پاییزی ٢٠٠٣


- هەر ئێستا عێراق دابەش بکەین!
- لە ڕێفراندۆمدا کوردستانێکی سەربەخۆ
- بەجیهانیبوون و پێناسە، باسێکی تیۆریکی سەبارەت بە پێوەندییەکی ئاڵۆز
- لە گۆشەنیگای منەوە
- ئیسلامی سیاسی
- وتووێژێک سەبارەت بە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی لەگەڵ د. ساڵح ئیبراهیمی
- لاهووتی کرماشانی ئەمجار وەک شاعیرێکی کوردی وێژ: ... ئەنوەر سوڵتانی
- ئانا لیند و کێشەی کورد
- ماڵئاوایی مامۆستا «شوکر مستەفا» لە جیهانی ئەدەب و ڕۆشنبیریی
- چەند نامەی ئەدەبی: جەمیل ڕۆژبەیانی، هەژار، هێمن
- شێعرێکی بڵاونەکراوەی مامۆستا هێمن
- کۆچی دوایی ئیدوارد سەعید
- خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل(٢٠٠٣) و خەڵاتەکانی دیکە
- ناساندنی حەوتەنامەی «کوردستان»ی تاران:
- لە بواری قەومییەوە تا بواری سیاسی (باسێک سەبارەت بە قەوم و نەتەوە)
- شێعر، کورتە چیرۆک، ڕەخنەی ئەدەبی، ناساندنی کتێب، هەواڵی فەرهەنگی و چاپەمەنی...

## حافزی شیرازی:

وەرە تووتی، بوێژی ڕاز و ئەسرار
دەسا، قەت کەم نەیا، قەندت لە سەر زار
سەرت سەوز و دڵت خۆش بێ هەمیشە
کە نەخشێکی جوانت نواند لە ڕووی یار
بە سەربەستە حەریفانت دەدوێنی
دە توخوا، دەرخە بۆمە ڕازی نادیار
بە ڕوومانـدا بپرژێنە گوڵاوێ
خەواڵوویی بەسە، ئەی بەختی بێدار
چ بوو لەو پەردەدا موتریب کە لێیدا
کە پێدەکوتن لەگەڵ یەک، مەست و وشیار
ئە لەو بەنگەی کەوا ساقی دە مەی کرد
حەریفان پاک سەریان شۆڕە و کڵاولار
عەقڵ گەرچی مەتاعی کائیناتە
چ دێنێ لای ئەوینی کیمیاکار؟
بە ئەسکەندەر نەدریا چۆڕە ئاوێ
بە زێڕ و زۆری، کوا مەیسەر دەبێ کار!
وەرە بیبیسە حاڵی ئەهلی دەردان
بە لەفزی زۆرکەم و مانای بە خەڵوار
بە ساویلکان مەڵێ قەت ڕازی مەستی
قسەی دڵ، کەی دەزانێ نەخشی دیوار
بوتی چینی دژی دینە خودایە
دەبا دین و دڵم، گەر خۆت نەکەی چار
لە سایەی پەرچەمی مەنسووری شایی
عەیان بوو حافزی ناو نەزمی ئەشعار

•••

وەرگێڕانەوە: هێرش

# گزینگ ـ ژمارە ٣٩ ـ ٤٠

هاوین و پاییزی ٢٠٠٣ (١٣٨٢)

## نێوەرۆک


هەر ئێستا عێراق دابەش بکەین!:.... رالف پیتێرز، و: هیوا سەید نەژادیان ٤
لە ڕێفراندۆمدا کوردستانێکی سەربەخۆ: ............ د. بورهان یاسین ٦
بەجیهانیبوون و پێناسە، باسێکی تیۆریکی سەبارەت بە پێوەندییەکی ئاڵۆز: ١٦
ئیدریس ئەحمەدی ......................... –
لە گۆشەنیگای منەوە: ........................حەمەسەعید حەسەن ٢٢
ئیسلامی سیاسی: ........................... شنە هیدایەتی ٣٦
وتووێژێک سەبارەت بە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی لەگەڵ د. ساڵح ئیبراهیمی ٤٠
لاهووتی کرماشانی ئەمجار وەک شاعیرێکی کوردی وێژ: ... ئەنوەر سوڵتانی ٤٨
ئانا لیند و کێشەی کورد: .................... و: ناسری سینا ٥٢
ماڵئاوایی مامۆستا «شوکر مستەفا» لە جیهانی ئەدەب و ڕۆشنبیریی ....... ٥٦
چەند نامەی ئەدەبی: ...................جەمیل ڕۆژبەیانی، هەژار، هێمن ٦٢
شێعرێکی بڵاونەکراوەی مامۆستا هێمن ........................ ٦٤
کۆچی دوایی ئیدوارد سەعید ................................ ٦٥
خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل(٢٠٠٣) و خەڵاتەکانی دیکە ............. هێرش ٦٦
خوێندنەوەی ڕەنگ لە تابلۆکانی حەکیم دا!: ............ هاشم کۆچانی ٧٠
گوڵی سەربەست...: .......................... هیوا گوڵ محەممەدی ٧٢
شێعر: .......... حەمە شوان شەریف، هیوا شەمسی بورهان، مریم هۆڵە، ٧٤
..................................محەممەد ڕەسووڵ هاوار –
کورتە چیرۆک: .................. سەلاح گوڵئەندامی، خالید عینایەتی ٧٨
گوللەیەک بوو، ساردبۆوە و لە نێو کتێباندا تواوە: .......... قەرەنی قادری ٨٠
چاپەمـــــەنی: ........................................ ٨١
ناساندنی حەوتەنامەی «کوردستان»ی تاران: ............ ئەحمەد شەریفی ٨٢
جێگایەک لە بەهەشت: ....................... بەختیار حوسێن ٨٨
لە بواری قەومییەوە تا بواری سیاسی (باسێک سەبارەت بە قەوم و نەتەوە): ٩١
ڕۆلان برێتـــۆن، .............................. و: ئەرژەنگ –
چەند سەرنجی دۆستانە سەبارەت بە«لاپەڕەیەک لە تێکۆشان و ... »: هێرش ١٠٤
نیشتمانی گەنم: کارین ئاندرێن، ئێوا بوسترۆم و گۆران کەنداڵ، .. و: مەرزە ١٠٨
نەتەوە و ڕۆمان(نامەی دوکتۆرای هاشم ئەحمەد زادە): ئامادەکردن: گزینگ ١٠٩
ناساندنی ئەنجومەنی زمان، فەرهەنگ و هونەری کورد(ڕاگەیاندن)، چاپەمەنی ١١٠



**بەڕێوەبەر و بەرپەرس:**

سولەیمانی چیرە (هێرش)

**ناوونیشان:**

**GZING / S. Chireh**
Valstavägen 62 2tr
195 50 Märsta- Sweden

**E-mail:**
gzing40@hotmail.com

**Tel/Fax** +46 - 08 59 11 36 50
**Mobile**: 070742 4326

**ژمارەی پۆستگیرۆ:**
**Postgiro**: 443 5022-1


**• گزینگ، گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە. هەموو بیروبۆچوونێک لە ڕێبازی بەرەوژووربردنی ئاستی نەتەوەیی ـ فەرهەنگی کورد بڵاودەکاتەوە.**

**• گزینگ، بە ئاگاداریی نووسەر، بۆی هەیە بە گوێرەی پێویست بە نووسراوەکاندا بێتەوە، بێ ئەوەی ناوەرۆکیان بگۆڕێ.**

**• هەر نووسەرێک بەرپرسی نووسینی خۆیەتی، بەڵام لە ئاست نووسراوەی بێ ئیمزادا گزینگ بەرپرسیارە.**

**• گزینگ، بۆ یەکدەست کردنی ڕێنووسێکی گشتی هەوڵدەدا.**

**• ئەو نووسراوانەی بە گزینگ دەگەن، بۆ خاوەنیان ناتێردرێنەوە.**

چاپی سوێد، ٢٠٠٣

ISSN 1104 - 3473

# هەر ئێستا عێراق دابەش بکەین!

## رالف پیتێرز

وەرگێڕانەوە: هیوا سەید نەژادیان ــ لۆس ئانجلێس: ئەمریکا

سەرۆک بووش، لەوەیکە گوێی نەداوەتە قسەی ئەو کەسانەی چ پێش شەڕ و چ کاتی شەڕ و چ دوای شەڕ دژی عەمەلیاتی ڕزگاریی عێراق بوون، کارێکی باشی کردووە؛ هەرچەند لەوانەیە ئەو هەڵەیەی بووشی باوک لە کاتی شەڕی کەنداودا دووپات بێتەوە و کارەکە بە نیوەچڵی بمێنێتەوە.

هەروەک چۆن ئەمریکا لە کاتی گەمارۆدان و گرتنی بەغدا، عێراق و ناوچەکەی وێڕای نەخۆشییەکی شێرپەنجە بەجێهێشت، هەڵەی ئەوڕۆش، واتە بە ڕەسمیەت ناسینی سنووری دەستکرد و ناعادڵانەی عێراق، نارەزایەتی و بێ سباتێکی درێژخایەن دەستەبەر دەکا.

ئایا هێزەکانی ئەمریکایی پێویستە بۆ جاری سێهەم، دوای دەساڵی دیکە بگەڕێنەوە عێراق؟

باسی عێراق وەک وڵاتێکی یەکپارچە و یەکگرتوو، خۆی جۆرێک درۆبێژی یە. سنوورەکانی عێراق لە لایەن دیپلۆماتە داگیرکەرەکانی ئوروپایی نزیکەی سەدساڵ لەوە پێش کێشراون، بێ ئەوەیکە ویست و بڕیاری دانیشتووانی ناوچەکە ــ یان دژبەرەکان ــ لەبەر چاو بگرن.

ئەوڕۆ، ئەو عێراقەی دەمانەوێ سەرلەنوێ پێکەوەی بنێین سێ نەتەوەی سەربەخۆ و جیاوازی تێدایە، کە لە ژێر ئاڵایەکی خوێناویدا دە قەفەسێکدا ڕاگیراون. موشکیلەی ئێمە تەنیا دەگەڵ یەکێک لەو نەتەوانەیە، ئەویش کەمایەتی عەرەبی سوننی ڕۆژئاوا و باکووری بەغدایە.

عەرەبی سوننی، بە یارمەتی بریتانیا دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت و بە کۆمەڵکوژیی و ئەشکەنجە و زیندانیکردنی ئەوانەی کە بە دژیان بوون حکوومەتیان ڕاگرتووە. سەددام وەک نوێنەری عەرەبی سوننی نموونەی ئەوپەڕی زوڵم و دڕەندەیی دە بەرانبەر کورد و شیعەدا بووە.

بە ڕاگرتنی عێراق وێڕای مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، ئێمە تەنیا بە عەرەبە سوننییەکان ــ کە دژی بوونی ئێمە لەو وڵاتەن خزمەت دەکەین، ئەو عەرەبە دەمارگیرانەی کە سەربازەکانمان دەکوژن و دەیانەوێ کۆنترۆڵی تەواوی عێراق بگرنەوە دەست.

ئێمە دۆستەکانمان بیزار دەکەین، دوژمنەکانمان خەڵات دەکەین و بێلایەنەکان لە خۆمان دڕدۆنگ دەکەین. تا درەنگ نەبووە و دنیا بە سەرکەوتنمان لە عێراق سەرمەستە، سەرۆک بووش پێویستە هەر ئێستا شکستەبەندییەکی ڕادیکاڵانە لە سەر عێراق ئەنجام بدات. ئێستاش دەلاقەیەکمان بۆ ماوەتەوە کە بتوانین ڕیفۆرمە مەزنەکانی تێدا بەدی بکەین. بەڵام ئەو دەلاقەیە خەریکە دابخرێ. پشتیوانی و پارێزگاری لە بارودۆخی ئێستا خەتایەکی گەورەیە.

کۆتایی هێنان بەو بارودۆخەی عێراق دەبێ لە دوو قۆناخاندا بەڕێوەبچێ.

بەر لە هەموو شت، ئێمە دەبێ بە شێوەی کاتی وڵات بە فیدراسیۆنێکی سێ هەرێمی دابەش بکەین، کە عەرەبە سوننییەکان بۆ پێشوازیکردن لە ڕیفۆرم ئاخرین دەرفەتیان بدرێتێ.

* یەکەم دەسەڵات [دەوڵەت]، دەبێ بۆ هەرێمی شیعەکان لە باشووری عێراق لەبەر چاوبگیرێ، کە تەواوی چاڵاوە نەوتییەکانی باشوور دەبەربگرێ.
* دووهەم دەسەڵات[دەوڵەت]دەبێ لە تەواوی کوردستان پێکبێ، بە شارە کوردنشینە مێژووییەکانی کەرکووک و موسڵەوە، هەروا وێڕای چاڵاوە نەوتییەکانی باکووری عێراق [کوردستان].
* سێهەم دەوڵەت [دەوڵەت] دەبێ لە ئانیشکە زەوییەک بۆ عەرەبە سونییەکان لە نێوان ئەو دوو دەسەڵاتەی پێشوو[عەرەبی شیعە و کورد] پێکبێ.
* شاری بەغداش دەبێ ببێتە ناوەندێکی ئۆتۆنۆمی [حوکمی زاتی].

نابێ ئەوەندە نیگەرانی شیعەی دەمارگیر ببین. ئەگەر ئێمە ئامانجمان دێمۆکراسی بێ، شیعەکان دەبێ بتوانن بە ئازادی هەرکەسێکی بیانهەوێ بۆ ڕێبەر هەڵیبژێرن، تەنانەت ئەگەر فۆندامێنتالیست(توندڕەو)یش بێ. هەرچەند بواری دروستکردنی حکوومەتێکی مەزهەبی یان تابوشتهێنان لە باشووری عێراق زۆر لەوە کەمترە کە میدیای ڕۆژئاوا باسی دەکا، شیعەکانی عێراق، کە چەندان ساڵە دەچەوسێنرێنەوە و زوڵمیان لێدەکرێ، دەبێ لە هەڵبژاردنی داهاتووی خۆیاندا ئازاد بن.

دێمۆکراسی بەو مانایەیە کە ئیجازەی هەڵەکردن بە خەڵک دەدا. ئێمە خۆمان چەند جار [لە مێژووی ئەمریکادا]هەڵەمان کردووە. تەنیا شتێکی کە ئێمە پێی لە سەر دادەگرین ئەوەیە کە دەبێ لە کاتی هەڵبژاردندا چاودێرییەکی توندوتیژمان هەبێ.

ئێمە پێویستە، لە هەر حاڵێکدا، بۆ ئێران ئەوە ڕوون بکەینەوە

که دەستێوەردان دەکاروباری عێراق شیاوی تابوشتهێنان نییە. هەروەک لەو نووسراوەیەدا بە ڕاشکاوی پەنجەی بۆ ڕاکێشراوە، کوردان مافی ئازادی و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەیە. دوای جوولەکە و هەرمەنییەکان، کوردەکان یەکێک لەو گرووپە ئێتنیکانەن کە زۆرترین زوڵمیان لە سەدەی ڕابردوودا لێکراوە، هەمیشە لە پێکهێنانی وڵاتی سەربەخۆدا پێشیان لێگیراوە، گوللەباران کراون، بەگاز خنکێنراون، لە ماڵ وحاڵی خۆیان ڕاونراون ــ وە تەنانەت لەپێناو ئاخافتن بە زمانی خۆیان هەتک و زیندانی کراون. بیروڕای گشتی جیهانی لە چاوپۆشینی ئەو کارەساتە درێژخایەنەی کە بە سەر خەڵکی کورددا هاتووە شیاوی لێبووردن نییە.

جا بڕوانەدامەزرانی دەوڵەتێکی کوردی کە ئەمریکا لە باری نیزامییەوە پاڵپشتی بێ، چەندە دەتوانێ جێی متمانە بێ. ئەگەر خەڵکی کورد ئیزن بە هێزەکانی ئێمە بدەن، ئەوا دەتوانین بنکەکانی خۆمان لە تورکیا ببەستین، کە ئێستا تەقریبەن هیچ کەڵکێکیان لێوەرناگرین. بنکەیەکی تازەی هەوایی بۆ نەتەوەیەکی لایەنگری ئێمە، دەتوانێ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ناوچەدا پێکبێنێ. تەنانەت دەتوانێ جێی بنکەکان لە عەرەبستانی سعوودی و کەنداوی عەرەبییش بگرێتەوە.

**وە تورکیا چی لێدێ؟ هاوپەیمانی لەمێژینەی ئێمە؟**

ئەمن خۆم شەخسەن هیچ ڕقێکم لە تورکیا نییە. بەپێچەوانەوە، ئەمن چەند جار چوومەتە تورکیا و تەنانەت بۆ مانگی هەنگوینیش خێزانم بردۆتە ئەوێندرێ. ئەستەمبووڵ ئێستاش یەکێکە لە باژێڕە دڵخوازەکانی من. ماوەیەکی زۆر پێموابوو کە تورکیا هاوپەیمانی ئەمریکایە.

دیارە دنیا دەگۆڕێ. کردەوەی ناحەزی تورکیا دروست پێش دەستپێکردنی شەڕ بۆ لێبووردن نابێ. لە سەرەتای چاوەڕواننەکرانی سەرکەوتنی ئێمە، کاربەدەستانی تورکیا دستبەجێ هاتنە لامان و گوتیان موشکیلی ئێمە هەڵە لە وتووێژدا بووە، ئێستاش دەمانهەوێ باشترین هاوپەیمانی ئەمریکا بمێنینەوە. بەڵام دزی و فەسادی ڕیشەکێش نەکراو، پەرەگرتنی ئیسلامی ڕادیکاڵ و ئەرتەشێکی داوەشاو و خۆخۆر، وای کردووە کە تورکیا دیسان ببێتەوە «پیاوە نەخۆشەکەی ئوڕووپا».

ئاکامی نوێکردنەوەی دۆستایەتیمان؟ حەوتووی ڕابردوو، هێزەکانی ئەمریکا جموجوولێکی نهێنی ئەرتەشی تورکیایان لە باکووری عێراق [کوردستان] تێکشکاند، دوازدە کەس لە هێزەکانی عەمەلیاتی تایبەتی ئانکارا گیران. ئەرک و پێسپێراوی تورکەکان چییە؟ کوشتنی ڕێبەرێکی پایەبەرزی کورد لە کەرکووک. بە چ تاوانێک؟ بە تاوانی هاوکاری دەگەڵ ئەمریکا.

سەرۆکی ئەرتەشی تورکیا، ژەنەراڵ «ئۆزکۆک»، وێڕای تورەییەکی منداڵانە، هاواری کرد کە بە هۆی گرتنی پیاوکوژە تورکەکان، ئێمە قەیرانێکی گەورەمان پێکهێناوە... بەداخەوە، کاکە، تۆ قەیرانێکی گەورەت پێکهێناوە. تۆ و دەوڵەتەکەت بۆ جارێکی تر شانسی ئەوەی کە پردەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا دروستبکەنەوە ڕووخاندتان.

پیلانی ئەرتەشی تورک لە کوردستانی عێراق و کەمبایەخدان بە عەمەلیاتی داگیرکردنی ئەو وڵاتە لەلایەن ئێمەوە، حکوومەتی جۆرج بووش هاندەدا کە لە پێکهێنانی نەتەوە، چیتر بچووک فکر نەکاتەوە. لە جیاتی ڕۆن گۆڕینی ماشێنە کۆنەکان، کاتی دەرخستنی ئۆتۆمبیلە نوێیەکانە. کاتی ئەوەیە کوردستانی سەربەخۆ کارگای دروستکردن و مونتاژی ماشێنی نوێ وەرێبخا.

دووهەمین قۆناخی دابەشکردنی عێراق لە حاڵێکدا بەڕێوەبچێ کە عەرەبی سوننی تا ئێستاش هاوکارییان نەکردبین: ئێمە دەبێ دەستبەجێ فیدراسیۆنەکانی عێراق هەڵوەشێنینەوە، لە جیاتی ئەوانە سێ دەوڵەتی تەواو سەربەخۆ پێکبێنین، هەبوونی دەوڵەتی کورد و دەوڵەتی شیعە لە نێوان سنوورەکانی ئێران ئەوەی دەستەبەر دەکا کە کوردەکان دالانێکیان بەرەو دەریا بۆ نەوت و گاز و بازرگانی هەبێ

**عەرەبی سوننییش هەر چۆنێکی بە سەلاحیان بێ.**

بەڵێ! وە هەروا، پێویستە بەرەو قۆناخی سێهەم هەنگاوهەڵێنینەوە. ئێمە نابێ تووشی هەڵە ببین و ئەو هەل و دەرفەتە بۆ یارمەتیدان بە داخوازی ئازادیی دەیان میلیۆن کوردی تورکیا، سوریا و ئێران کە بە دەست ئوڕووپاییەکان سنوریان کێشراوە لە دەست بدەین. ئەگەر ئەمریکا لە سەر مافی مرۆڤ و ئازادی سوورە، ئەوا دەبێ [سەربەخۆیی] کوردستانی گەورە دوایین ئامانج و پلانی بێ.

هاریکاریی نیزامی ناتوانێ بەتەنێ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕێ. دەبێ سنوورە دوور لە ڕاستییەکانی دەستکردی «ئوڕووپاییەکان» لە بەین بچن، ئەوەش لە عێراقەوە ئەشێ دەست پێبکرێ. جارێکی دیکە هێزە نیزامییەکانمان بە هۆی هێشتنەوەی کارەکان بە نیوەچڵی فریو مەدەن و دوژمنەکانمان خۆشحاڵ مەکەن.

NewYorkPost, July 10, 2003.

* **«ڕالف پیتێرز»**(Ralph Peters) ژەنەراڵی خانەنشیی ئەرتەشی ئەمریکا و هەروەها نووسەری ئەو کتێبەیە:

"Bryound Terror: Strategy in a changing World"

(لە وەڵامی تیرۆر: ستراتێژیی گۆڕینی جیهان).

**تێبینی وەرگێڕ:** ڕالف پیتێرز هەتا ئێستا چەندان نووسراوەی سەبارەت بە کێشەی کورد و عێراق نووسیوە و دە گۆڤارەکانی ***نیۆیۆرک تایمز*** و ***واشینگتۆن پۆست*** دا چاپ کراون.

# له ڕێفراندۆمدا کوردستانێکی سەربەخۆ



د. بورهان یاسین

**سەرنجی خوێنەرەوەی هێژا ڕادەکێشین کە دەقی ئەم نووسینە لە سمینارێک وەرگیراوە و وەکوو خۆی نووسراوەتەوە کە لە شاری مالمۆی سوێد لە ٢٠٠٣/٨/٢٣ سازدرابوو.**

باسی ئەمڕۆمان تەنها لە سەر ئەوە نییە کە ئایا ڕیفراندۆم باشە یان خراپە، بکرێ یان نەکرێ؟

بۆ ئەوەی لە زرورەتی ڕیفراندۆم تێبگەین، دەبێ سیحری ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی هەڵوەشێنینەوە و لە خەڵکی خۆمان بگەیەنین کە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئۆتۆنۆمی و فیدراڵیدا نییە و دیالێکتیکی دیمۆکراسی و فیدراڵیش بخەینە ژێر نیشانەی پرسیارەوە و ئەو پرۆسانەی لە ماوەی دواییدا بەتایبەتی کۆنفرانسی لەندەن و کۆبوونەوەی ناصرییە بێنینە پێش چاو و پرسیار بکەین کە ئایا کورد لەوێ چی بەدەست هێناوە لە کاتێکدا بەڕاستی لە ئەمڕۆ بەهێزتر بوو. هەڵبەتە من لە ئاستی دانوستاندن (مفاوەزات) یان لە ئاستی گفتوگۆدا دەڵێم: ئایا ئەوەی لە کۆنفرانسی لەندەن و کۆبوونەوەی ناصرییە بە دەست نەهات بۆ مومکینە ئێستا بە دەست بێ؟ وە ئەگەر بەدەست نەیەت بۆ مومکین نییە کورد بەرەو ڕیفراندۆم مۆبیلیزا بکرێ و لەوێدا بڕیاری خۆی بدات؟ لەڕاستیدا ئەمە باسی یەکەم جارم نییە لەم بارەیەوە، بەڵکوو ئەمە ماوەیەکە خۆم سەرقاڵی ئەم مەسەلەیە کردووە. یەکەم جار لە ساڵی ١٩٩٩، لە وتارێکمدا بە ناوی «شکست و سیاسەتی گۆڕینی شکست بە سەرکەوتن» کە لە ڕۆژنامەی ***پەیام*** بڵاوکرایەوە، لە دەرگای ئەم باسەم داوە. لەوێدا ئاماژەیەکم بۆ ئەوە کرد کە ئەو ڕۆژەی دیمۆکراسی ئەو وڵاتانە دێتە کایەوە، «دیمۆکراسییەکی ڕاستەقینە»، ئەو کاتە دەبێ کورد بترسێ کە بە چەکی دیمۆکراسی ژێردەست بکرێ. من ئەم مەسەلەیەم هێنایە پێشەوە وەکوو ڕەنگدانەوەیەک یان کاردانەوەیەک لە سەر ئەو شتەی کە هاتەگۆڕێ بەناوی ستراتێژی تازەی پککی ئەو وەختە. بەهەرحاڵ بە بەردەوامی کارکردن لەگەڵ ئەو مەسەلەیە، بەڵام بە فایلی مەسەلەی کورد لە باشووری کوردستان زیاتر خۆم خەریک کردووە و هەر لەو ئێتیجاهەدا دوو نامەم نووسیوە بۆ حکوومەتەکانی کوردستان ــ پارتی و یەکێتی ــ و لە ماڵپەڕی kurdishmedia.com بڵاوبوونەتەوە(١٠و١١ی ئەپریلی ٢٠٠٣)، دوو نامە یەک لە دوای یەک. نامەکان زۆر کورت و چڕن، بەڵام لە خوێندنەوەیاندا هەندێک بۆچوون بەدی دەکرێن کە لەوێدا تەرحکراون و هێشتا لە گۆڕێن و یەکێک، لەوانە ئەوەبوو کە بەرهەڵستکاری بۆ ئەمریکا زۆر زێدە دەبێ و خوێن دەڕژێ، وە کورد هەر لە ئێستاوە، واتە کاتی نووسینی نامەکان، دەبێ ئاماژە بۆ ئەو شتە بکا و بەو ڕەوتە کار بکات لەگەڵ ئەمریکییەکان بۆ خۆ ساغکردنەوە و هەندێ شتی تریش. بەهەرحاڵ، هەر بەو ئێتیجاهە کۆڕێک کرا لە ستۆکهۆڵم لەلایەن من و د. عەبباس وەلی (لە ١٩ی ئەپریلی ٢٠٠٣، واتە ١٠ ڕۆژ دوای کەوتنی دیکتاتۆر)، هەر لە سەر ئەو باس و خواستە قسەمان کرد و ئەو بۆچوونانەی ئێستاش بە شێوەیەکی تازە کۆیان دەکەینەوە و ئەو وتارەی تازەم کە لە ***هاوولاتی*** دا بڵاوبۆتەوە بە ناوی «لە ڕیفراندۆمدا کوردستانێکی

سەربەخۆ» لە ٢٠ و ٢٧ی ئۆگۆستی ٢٠٠٣خودی ئەو باسەی ئێستایە بە شێوەیەکی کورت و چڕ.

حەزدەکەم لە دەستپێکردنی باسەکەمدا، بەوە دەست پێبکەم کە دوو گلۆپی سوور یان دوو گلۆپی خەتەر داگیرسێنم: یەکێکیان بە شێوەی پرسیارە و ئەویش ئەوەیە کە ئایا کورد لە باشووری کوردستان لە پرۆسەی دروستکردنەوەی دەوڵەتێکە، کە لەگەڵ هەمان دەوڵەتدا سبەینێ دانوستاندن بکات لە سەر مانی کورد؟ سەر لەنوێ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق بە بەشدارییەکی چالاکانەی کورد هەروەکوو ئەوەیە جووەکان دوای تێکشکانی هیتلەر و نازیزم لە ئاڵمانیا، هەوڵی ئەوەیان بدایە کەوا دەوڵەتی هیتلەری زیندووبکەنەوە و لەگەڵ ئەو دەوڵەتە باسی مافەکانی خۆیان بکەن. لەوانەیە بەلای هەندێکمانەوە ئەو بەراوردکارییە زۆر بەئینساف نەبێ، بەلام بە قەناعەتی من زۆر بەئینسافە بەتایبەتی لە دوای ئەنفال و هەڵەبجە. ئەو بەراوردکارییە لە ئاستێکی ئەکادیمیشدا کراوە و بەراوردی جینۆساید بەرامبەر بەکورد لەگەڵ هۆلۆکۆستیش دیراسەکراوە. بەو مانایە، ئێمە چەند هۆیەکی ئەخلاقی، سیاسی و ئەکادیمیشمان هەیە بۆ ئەوەی ئەو بەراوردکارییە بکەین. بە قەناعەتی من ئەمە پرسیارێکی جیددی یە و وامان لێدەکات کە بکەوینە گومان لەوەی کە ئایا ئەو دەوڵەتەی دروستی دەکەنەوە بۆچی سبەینێ بکەوینە دانوستاندن لەگەڵیدا، وە لەوەش خراپتر جارێکی تر بەرەو رووی سیاسەتی ئینکار ببینەوە لە سەر دەستی هەمان دەوڵەت کە ئەمڕۆ دایدەمەزرێنینەوە؟

ئەوەی تریان مەسەلەیەکی زۆر گرینگە بەقەناعەتی من کە ئەویش پرسیارێکە: ئایا ئەو شتەی کە کورد لە باشووری کوردستان کەم یا زۆر، ٥٠ ساڵە خەباتی بۆ دەکا کە دیمۆکراسی یە، نابێت بە چەکێک بەدەستی نەتەوەی سەردەست، نەتەوەی عەرەب لە عێراقدا بۆ ژێردەستکردنی کورد؟ بەو مانایە ئەو شتەی کە کورد ٥٠ ساڵە خەباتی بۆ دەکا، دوژیمانەوە یان پەیدامان کرد کە ئەوڕۆ ئەوە چەکێکە کەوتۆتە دەست زۆرینەی عەرەب، وە بەو شێوەی کە دەیەوێ ئەو دەوڵەتە دەرمخسێنێ هەر لە ناسنامەی دەوڵەتەکەوە، قووڵاییە ستراتێژییکانەوە، دەوروبەری سیستەمەوە، ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتەوە و لە سیستەمی سیاسی ئەو دەوڵەتەوە بگرە کە ئایا سیستەمێکی سیاسی ڕەنگدانەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەب دەبێ یان ڕەنگدانەوەی ئیسلامای سیاسی دەبێ؟

دیارە کە باسی ئەو دوو ئایدیۆلۆژیایە دەکەین لە قووڵایی مێژووی عێراقدا و لە ٨٢ ساڵی ڕابردوو ئاوڕێکی بەگشتی بدەینەوە و تەماشای بارودۆخی سیاسی ئێستای بکەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە عێراق لە سییەکان باسی لێدەکرا وەکوو پرۆسیای عەرەب تەماشا دەکرا، وەکوو ئەوەی کە عێراق سەرکردایەتی هەموو وڵاتە عەرەبییەکان بکا بۆ یەکگرتنەوەی ئەوەی پێی دەڵێن نیشتمانی عەرەبی. ئەو شتە نەک هەر لەناو نەچووە، کە کاتی خۆی ساطع الحصری و ئەمانە کاریان لەگەڵدا دەکرد بەڵکوو بەهێزتر بووە بەتایبەتی دوای ڕژێمی ٣٥ ساڵەی بەعس. ئەوەی ئیسلامی سیاسی یە، ئەوە خەتەرێکی جیددی یە. ئێمە بەرەو رووی دوو مەسەلە بووینەوە: یەکەمیان مەسەلەیەکی نەتەوەیی حرقە و دووەمیان سیستەمی سیاسی و ماهییەتی ئەو سیستەمە سیاسییە یە کە دێتەگۆڕێ. ماهییەتی ئەو سیستەمە سیاسییە، سیستەمێکی ئیسلامی تیۆکراتیک دەبێ یان سیستەمێکی دیمۆکراسی؟ ئێمەی کورد ئایا هەر لە ئێستاوە ئەو فێڵە لە خۆمان بکەین کە دەشێ گوزەران بکەین لەگەڵ حوکمێکی تیۆکراتی؟ بە قەناعەتی من ئەو دوو پرسیارە پرسیاری گرینگن بۆ ئەوەی وەکوو دوو بەشی چاویلکەیەک تەماشای بارودۆخی ئێستای عێراق و کوردستانی پێ بکەین.

بەشێوەیەکی گشتی ئەمڕۆ زۆر لە ساڵانی ١٩٢٠ دەچێ. هەڵبەتە من نامەوێ بە هەموو وردەکارییەکانەوە باسی ئەکتەرەکانی بیستەکان و ئەو ئیمکاناتەی هەبووە و ڕادەی هۆشیاری سیاسی لە کوردستان و لەناو جووڵانەوەی سیاسی کوردستان بکەم. بەلام لێرەدا دەمخوازم ئەوە بڵێم کە ئەمڕۆ لە بیستەکان دەچێ بەو مانایەی کە دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی ئیمکاناتێک هەبوو کە ئەو نەتەوانەی لەوێن بتوانن ببنە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان. دیارە زۆربەشیان بوون، بەلام کورد بەشی نەبوو و دابەشکرا. بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر ئێستا بەراورد بکەین لەگەڵ بیستەکان دەتوانین بڵێین کە هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی لە ١٩١٨ ئیمکاناتێکی زۆری بە کورد بەخشی تاوەکوو بەشێوەیەکی ڕەسمی دەوڵەتی عێراق ڕاگەیەندرا. بەلام لە ١٩٢١یش بەڕاستی مەسەلەکان هەمووی تەواو نەببوو لەبەر دوو هۆ: ١) عێراق کە بوو بە خاوەنی دەستوور لە ساڵی ١٩٢٥ کەوتە ناو فایلەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان و، ٢) ویلایەتی موسڵ لە ساڵی ١٩٢٦ بڕیاری لە سەردرا کە بدرێ بە عێراق. بە شێوەیەکی گشتی

دەتوانم ئەوە بڵێم کە لە ساڵانی ١٩٢٠ کورد زیاتر وەختی بەدەستەوە بوو ئەگەر تەماشای مەسەلەی وەخت بکەین کە هۆکارێکی زۆر گرینگە لە سیاسەتدا و ئێستا وەخت کەمترە.

ئێستا لە هەفتەکانی داهاتوودا، یانیش لە مانگەکانی داهاتوودا ئەگەر ڕووداوێکی ئەوها نەیەتە پێشەوە کە قەیرانێک دروست بکا لە مەسەلەی نووسینەوەی دەستوور بۆ عێراق، ئەوا من قەناعەتم وایە هەر وەختێک دەستوور دامەزرا ئێمە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ١٩٢٠ەکان دەکەوینە قۆناغی دوای ١٩٢٥. هەر لە سەر گرینگی مەسەلەی وەخت لە سیاسەتدا دەتوانین ئاماژە بۆ سێ سەرکردەی جیهانی بکەین هیلموت کۆل، دەیڤید بن گۆریون و لێنین کە بڕیاردەر بوون لە سێ ڕووداوی گرینگ دا: ڕووخاندنی دیواری بەرلین، دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل و شۆڕشی ئۆکتۆبەر. هەر سێکیان کۆکن لە سەر ئەوەی کە سیاسەت زۆر جار بە سەعات فەرق دەکات. واتە هەر لە سات و ئانی خۆیدا بڕیارەکە نەدرێت ئەوا مرۆڤ لە پاش ئەو سات و ئانەدا بەجێ دەمێنێت. لە بەر ئەوە بە قەناعەتی من کات زۆر کەمە، بەڵام ئەوەش بەو مانایە نییە کە ئێمە لە بەر کەمی کات هەندێ شتی بەنیوە چڵ بکەین، بەڵکوو دەبێ ئەو شتانەی دەکرێن بیری لێ بکرێتەوە و بە پوختەیی بێت، بەڵام لە لایەکی ترەوە دەبێ ئەو وزەیەی کە هەمانە دووبار و سێبار وچواربارەی بکەین بۆ ئەوەی کە بەڕاستی بتوانین پێڕابگەین.

پێش ئەوەی کە بچمە ناو بارودۆخی سیاسی ئەمڕۆ، دەمەوێ لە دوو وێستگەدا تێپەڕم کە ئەوانیش وێستگەی کۆنفرانسی لەندەن و کۆبوونەوەی ناصرییەن. لە کۆنفرانسی لەندەن کە لە دیسەمبەری ٢٠٠٢بەسترا بۆ خۆئامادەکردنێک بۆ لێدان ودوای لێدانی عێراق. دیارە میدیای کوردی، بەتایبەتی میدیاکانی پارتی و یەکێتی، زۆر بە خۆشحاڵییەوە باسی کۆنفرانسی لەندەنیان بۆ خەڵک کرد و بەو ڕادەیەی کە کورد سەرکەوتنی بەدەست هێناوە لەو کۆنفرانسەدا. من هەر دوای دوو هەفتە دوای کۆنفرانسەکە لە پاڵتۆک گفتوگۆیەکی درێژمان کرد لە سەر ئەم مەسەلەیە، وە پەنجەمان خستە سەر ئەو شتانەی کە لەوێدا مافەکانی کورد بەتاڵ کراوەتەوە لە هێزەکانی خۆی. یەکێک لەو شتانەی کە زۆر گرینگە ئەویش ئەوەیە کەوا هەموو عێراقییەکان بەشدار دەبن لە بڕیارە سیاسییەکاندا. کەواتە بەو شێوەیە ئەگەر دواڕۆژی عێراق فیدراڵی بێت یان نەبێت یانیش کورد ئۆتۆنۆمی پێبدرێ یان نەدرێ، ئەوا ئەو بڕیارە دەگەڕێتەوە بۆ هەموو خەڵکی عێراق. لەبەر ئەوە نەک هەر لە کۆنفرانسی لەندەنەوە، بەڵکوو لە زووتریش قەناعەتێکی ئەوها لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی عەرەبی و ئیسلامی دروست بوو لە دەرەوەی عێراق، کە هەموو عێراقییەکان بڕیار دەدەن کەوا سیستەمی داهاتووی عێراق فیدراڵی بێت یان نا؟ ئەو وەختە بۆ یەکەم جارە لە مێژووی مەفهوومی چارەی خۆنووسین بەو جۆرە وەرگێردراوە کە نەتەوەی سەردەستیش بەشداری بکا لەوەی کە ئایا نەتەوەی بندەست چ مافێکی پێ ڕەوا ببینرێ. ئەگەر وایە تیمووری ڕۆژهەڵات هیچ ڕۆژێک بەوە نەدەگەیشت کە ئەمڕۆ پێی گەیشتووە، ئەویش ئەوەیە کە لە ژێر ئاڵای خۆیان وڵاتی سەربەخۆی خۆیان هەیە. ئەگەر هەموو ئەندۆنێسییەکان بەشداریان بکردایە لە پرۆسەیەکی ئەوهادا، ئەوا ئەگەر ئەو ڕێفراندۆمە سەد جاریش دووبارە ببایەوە، بەو ئەنجامەی ئێستا نەدەگەیشت. لەبەر ئەە بە قەناعەتی من بە سەر هێزە سیاسییەکانەوە بەتایبەت بە سەر سەرکردە کوردەکان هەندێک شت تێپەڕیوە کە نەدەبا ببێ. بەو مانایە کە یەکێکی وەکوو ئەحمەد چەڵەبی یانیش هەرکەسێکی تر لە ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی گەر بڵێین کە مەسەلەی بڕیاردان لە سەر فیدراڵی دەگەڕێتەوە بۆ هەموو عێراقییەکان، ئەوا هەر لەو کاتەدا سەرکردەکان لە سەریان پێویستە کە کاردانەوەیەکی زۆر بەهێز و پڕ بەپێستی خۆی،وە لە جێگای خۆ بدەنەوە ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە بۆ ئەوەی ئێمە زیاتر کات بە فیڕۆ نەدەین لە سەر پرۆژەیەک کە دەمانباتەوە

**لە کۆبوونەوەی ناصرییە(١٤/٤/٢٠٠٣) نە باسی کورد کراوە و نە باسی کوردستانیش کراوە بە ناوهێنان. وە لەوەش خراپتر لە بەندی دووەمی ئەو چواردەبەندەی کە لە کۆبوونەوەکە لە سەری ڕێککەوتوون ئەوها هاتووە کە ناسنامەی داهاتوو لە عێراق ناسنامەی ناوچەیی و ئیتنیکی و مەحەللی نابێت، بەڵکوو ناسنامەیەکی عێراقی دەبێت.**

ناو پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق کە بە قەناعەتی من بۆ ئێمە ئاستەمە کەوا ناسنامە و تەوەجوهات و قووڵایی ستراتێژی دەوڵەتی عێراق لە سیستەمی عەرەبیدا کە ٢٢ دەوڵەتن بگۆڕێن وە زۆر شتی تریش هەن کە ئێمە بەرەو ڕووی دەبینەوە.

لە کۆبوونەوەی ناصرییە(٢٠٠٣/٤/١٤) نە باسی کورد کراوە و نە باسی کوردستانیش کراوە بە ناوهێنان. وە لەوەش خراپتر لە بەندی دووەمی ئەو چواردەبەندەی کە لە کۆبوونەوەکە لە سەری ڕێککەوتوون ئەوها هاتووە کە ناسنامەی داهاتوو لە عێراق ناسنامەی ناوچەیی و ئیتنیکی و مەحەللی نابێت، بەڵکوو ناسنامەیەکی عێراقی دەبێت. لە خاڵی سێهەمیان کە زۆر ترسناکترە بەقەناعەتی من دیسان ئەو زۆرینەیە (واتە زۆرینەی عەرەب لە عێراق) دیسان بەشداری پێکراوە لە سەر مەسەلەی مافی چارەی خۆنووسینی کورد بەوەی کە سیستەمی داهاتووی عێراق فیدراڵی دەبێت بەڵام دوای ڕاپرسی کردن (consultation) لەگەڵ هەموو خەڵکی عێراق کە ئایا ئەم سیستەمە باش دەبینرێ یانیش خراپ. ئەمە ترسێکی زۆر گەورەیە و پرسیاریش ئەوەیە کە بۆچی ئەو بەندانە بە سەر نوێنەرانی کورد لە کۆبوونەوەی ناصرییە تێپەڕیون؟ من قەناعەتم بەوە نییە کە ئەمریکییەکان زۆریان لە نوێنەرانی کورد کردبێ. لەبەر ئەوە ئەگەر پرۆسەی کۆنفرانسی لەندەن و کۆبوونەوەی ناصرییە بەردەوام بێت بەم شێوەیە و هەر لە سەر ئەو بناغەیەش دەستوورێکی عێراقی دابمەزرێ، ئەوا ئەو خەتەرە زۆر جیددی یە و لە سیاسەتیشدا دوایین شت کە نرخی هەبێت پەشیمانبوونەوەیە.

ئەمڕۆ لە عێراق، بەپێچەوانەی ئەوەی کە هەندێک قسەکراوە دژی مەسەلەی ڕێفراندۆم و لە ڕوانگەی بۆچوونێکی چەوت کە بەڵێ حکوومەتێکی ناوەندی هەیە و دەبێ کورد لەم حکوومەتە ناوەندییە ئیجازە وەربگرێ کە ئایا ڕێفراندۆم بکرێ یان نا، لە عێراق ئەمڕۆ شتێک نییە بە ناوی حکوومەتی ناوەندی و دەسەڵاتێکیش نییە وەکوو دسەڵاتێکی مەشرووع. لە باشترین حاڵەتدا هێزێکی داگیرکەر هەیە، داگیرکەر نەک وەک من خۆم دەیبینم، بەڵکوو بەپێی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکانی ژمارە ١٤٨٣، ئەمریکا هێزێکی داگیرکەرە و بە پێی ئەم ناساندنەش ئەمریکا بەرپرسیارە لە ئاسایش و دامەزرانەوەی دەوڵەتی عێراق و یارمەتی ئابووری. بەو مانایە دەسەڵاتێکی ناوەندی لەوێ نییە، عێراق هەڵوەشاوەتەوە و نەتەوە یەکگرتووەکان هەتا ئێستااش بەو ئەنجومەنی حوکمەی عێراق کە لە ٢٥ کەس پێکهاتووە، لە باشترین حاڵەتدا بە بڕیاری ژمارە ١٥٠٠ی نەتەوەیەکگرتووەکان تەنها بەخێرهاتنی ئەو ئەنجومەنە دەکات و دانی پێدانانێ. وە لەلایەکی تریش وڵاتە عەرەبییەکان دان بەو ئەنجومەنەدا نانێن و بە ڕەسمی نایناسن و هەر بەم شێوەیە وڵاتە ئیقلیمییەکانیش. لێرەدا کورد لە ڕووی سیستەمی سیاسییەوە ئەوپەڕی توانا و ئیمکانات و دەرفەتی هەیە کە لەوێدا بەڕاستی لەو بۆشاییەدا خۆی تەرح بکات. ئەمە لایەک و لای تریان ئەوەیە کە ئەمڕۆ بەڕاستی ترسێک دروست بووە لە هاوکێشەی ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمریکا و عێراق، ئەویش ئەوەیە کە دەنگۆیەک هەیە گوایە ئەمریکا دەخوازێ زووتر دەربچێ لە عێراق لەوەی کە نیەتی بوو. دوای ڕاگەیاندنەکەی پۆل بریمەر کە ئەمساڵ (٧/١٢) ڕایگەیاند و دەنگێکی زۆری دایەوە لە ئەمریکا بەتایبەتی لەلایەن هەندێک ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی ئەمریکی و بەتایبەتی ئەوانەی ئافرەتان، کە بەڵێ ترس هەیە کە دەوڵەتی داهاتووی عێراق دەوڵەتێکی ئیسلامی بێت ئەگەر ئەو ڕاگەیاندنەی پۆل بریمەر ڕاست بێت کە دەڵێ، من مەسەلەی دەستووری عێراقی بۆ عێراقییەکان جێدەهێڵم. ئەگەر ئەوەش کرا، ئەو کاتە ئێمە باش دەزانین کە ئەمڕۆ لەم ئەنجومەنی حوکمە زۆرینەیەکی ئیسلامی و زۆرینەیەکی عەرەبی هەیە. زۆرینەیەکی ئیسلامی بەتەنیا گرفتێکە و زۆرینەیەکی عەرەبی بە تەنیا گرفتێکی ترە وە هەردووکیان بە یەکەوە گرفتێکی زۆر گەورەیە بۆ کورد.

لێرەدا لە سەر مێزی دانوستاندن کورد ناتوانێ نە ئەمڕۆ وە نە سبەینێ کاریگەری هەبێت بە سەر بڕیارەکانی ئەنجومەنی حوکم تەنها بە تەداخولێکی بەهێزی ئەمریکا نەبێ. ئەو کاتە گەڕانەوە بۆ ئەو هەزاران و ملیۆنەهای خەڵکی کورد تەنها تاکە وەرەقەیەکە بە دەستەوە دەبێ بۆ ئەوەی کورد بتوانێ هاوکێشەکە سەرلەنوێ سەرەوژێربکات و لە بەرژەوەندی خۆیدا تەواوی بکات.

لەو قسانەی کە ئێستا هەیە لە سەر فیدراڵی، واپێدەچێ کە خیتابی سیاسی لە کوردستان (بەتایبەتی پارتی و یەکێتی)، ئەوها باس دەکەن وەکوو فیدراڵی ئارەزوومەندانە. بە قەناعەتی من، ئەو چمکی فیدراڵی ئارەزوومەندانە لە بەنجکردن نەبێ زیاتر هیچی تر نییە.لێرەدا پرسیارێکی جیددی دێتەپێشەوە ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر فیدراڵییەکی

ئارەزوومەندانە لەوێ هەبێ ئایا خەڵکی کورد پرسیاری پێکراوە کە لە سەر بنچینەیەکی ئیختیاری بڕیاری لە سەر دابێ. وەڵامیش ئەوەیە نەخێر. لەبەر ئەوە ئەو بارودۆخە سیاسییەی کە ئێستاش لە باشووری کوردستان هەیە بەو پەرلەمانە و بەو پەیوەندییە لاوازەی نێوان پارتی و یەکێتی، هەرچەندە لە ماوەی دواییدا هەندێ گۆڕان کراوە لە نزیکبوونەوەی خیتابی سیاسی، بەڵام بە قەناعەتی خۆم ئەوە تێری ناکات، بگرە ئەگەر ئەمانە یەکیش بگرن تێری ناکات. ئەمانە پێویستیان بەوە هەیە کە دوای ١٢ ساڵ لەم پەرلەمانە بگەڕێنەوە بۆ ئیرادەی خەڵکی کوردستان و پرسیاری پێبکرێ کە چی داوا دەکات و چی دەوێ و، بە شێوەیەکی پاک (نەزیهانە) و بە ئەمانەتەوە باس لە کەموکوڕییەکانی سیستەمی ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی بکەن و هەر لە سەر ئەم بنچینەیەش خەڵکی کورد مۆبیلیزا بکرێ بۆ ئەوەی واقیعەن بزانێ کە چ دەخوازێ و ئایا ئەلتەرناتیڤی تریش هەیە؟ ئێمە ناتوانین باس لە ئەلتەرناتیڤ بکەین ئەگەر ئەوەی کە هەیە ڕەدنەکەینەوە. ئەمە لە زانستیشدا وایە کە لە پەرادیگمی زانستی یان لە شۆڕشی زانستیدا ئەگەر نیشانەی پرسیار و گومان نەخرێتە سەر ئەوەی کە هەیە ئەوا زەمینە خۆش نابێت بۆ ڕەدکردنەوەی لە قۆناغی داهاتوو، وە ئەگەر ڕەدیش نەکرایەوە ئەوا زەمینە خۆش نابێت بۆ دروستکردنی ئەلتەرناتیڤ و لە سیاسەتیشدا هەر بەم شێوەیە. پرۆسەی ئەمڕۆ دەتوانین بڵێین سێ بەشە:

١- دەبێ بە جیددی نیشانەی گومان و پرسیار بخرێتە سەر ئەو بۆچوونانەی کە هەیە لە سەر فیدراڵی ئارەزوومەندانە یاخود یەکگرتنی ئارەزوومەندانە.

٢- ڕەدکردنەوەی ئەو چەمک و بۆچوونانە.

٣- باس و کارکردن بۆ ئەلتەرناتیڤ.

مەسەلەی دیموکراسی مەسەلەیەکی زۆر گرینگە. من لەوە دەترسم کە دیموکراسی وەکوو وشەیەکی سەرنجڕاکێش (کە لە هەنگوین شیرینترە و لە بەهەشت خۆشترە) حاڵەتێکی دەروونی لە ناو ئێمەی کورددا دروست کردبێ بەو ڕادەیەی کە ئەگەر بگەینە ئەو خاڵە ئیتر کۆتایی هێنانە بە هەموو گرفتەکان و دەستپێکردنی هەموو چارەسەرییەکانە. بە قەناعەتی من ئەو حاڵەتی بەنجبوونە دەبێ ئێمە لە بەرامبەریدا حاڵەتێکی وشیاری دروست بکەوین لە سەر مەسەلەی دیموکراسی وە بەتایبەتی لە عێراق، کە بنەماکانی بەعس هەن و زۆریش بەهێزن. بەعس

**بنەماکانی بەعس و ئیسلامی سیاسی خەتەر و ڕێگرن لە ڕێگای پیادەکردنی دیموکراسی لە عێراق و بگرە بە پێی هەندێک بۆچوون، ئیسلامی سیاسی عێراق توندڕەوترە لەوەی ئێرانیش. یەکگرتنەوەی هەردووکیان، واتە ناسیۆنالیزمی عەرەبی و ئیسلامی سیاسی لە عێراق، ترسێکی گەورەتر دروست دەکەن...**

تەنها لە کۆمەڵێک ڕێکخراوی تۆقێنەر و ترسێنەر و موخابەراتی پێکنەهاتووە. تەنها لە حیزبێک پێکنەهاتووە کە دەربڕی کولتوورێکی ناسیۆنالیزمی بەرەو شۆڤێنیزمە، بەڵکوو کولتوورێکی بەهێزتری دروست کردووە و چاندوویەتی لە ناو کۆمەڵگای عێراقدا، کە ئاسان نییە بە شەوڕۆژێک بنبڕ بکرێت. هەر ئەو کولتوورە دەتوانێ کولتوورێک و زەمینەیەکی گونجاو بێت کە جارێکی دیکە هەندێک تەیاری عەرەبی ناسیۆنالی زۆر بەهێز بە ناوێکی تر بێتەوەگۆڕێ و بەکاری بێنێت. تەنانەت ئیسلامی سیاسیش دەتوانێ بە باشی کەڵک وەرگرێ لەو توندڕەوییە کولتوورییەی کە لەوێ بەهێز کراوە.

بنەماکانی بەعس و ئیسلامی سیاسی خەتەر و ڕێگرن لە ڕێگای پیادەکردنی دیموکراسی لە عێراق و بگرە بە پێی هەندێک بۆچوون، ئیسلامی سیاسی عێراق توندڕەوترە لەوەی ئێرانیش. یەکگرتنەوەی هەردووکیان، واتە ناسیۆنالیزمی عەرەبی و ئیسلامی سیاسی لە عێراق، ترسێکی گەورەتر دروست دەکەن لە سەر ئەم مەسەلەیە ئەویش ڕێگەی بەکارهێنانی ناسنامەی عێراق وەکوو ناسنامەیەکی نارەسەن (موزەوەر) بۆ خۆشاردنەوە لە پشت ئەم ناسنامەیە، وە لەلایەکی تر بۆ تۆقاندن و مەحرومکردنی کورد لە مافەکانی خۆی. لەوێدا من گومانم هەیە لە ئیتیحادی ئیختیاری جارێکی دیکە. میکانیزمی دیموکراسی ئەو مافە بە کورد نادات... ئەمە قسەی د. حاتەم موخلیص ە کە ئەندامی کۆمیتەی ٦٥ کەسییەکەیە کە لە کۆنفرانسی لەندەن دەرچوو و لە ئەنقەرە لە وەڵامی

پرسـیـارێک دەربارەی مـەسـەلەی دیمۆکـراسـی و کـورد ڕایگەیاند، کە باشە ئەگەر کورد ئەوە چەندین ساڵە خەبات دەکەن بۆ دیمۆکراسی، فەرموون ئەوە دیمۆکراسی: ئەوەی کە زۆرینە بڕیاردەدات دەبێ کەمینە پێی ڕازی بێت. لێرەدا دەبێ ئێمە مەمنوون بین کە لە سەر زاری عەرەبێکی ئەوها ئەو ڕاستییە دەردەچێت، وەکوو ئەوەی کە تێگەیشتنی ئەو بۆ دیمۆکراسی ئەوەیە. دیمۆکراسی مەسەلەی نەتەوەیی چارە ناکات، وە ئەگەر ئەو مەسەلەیەش بە دیمۆکراسی چارەسەر بکرابا ئەوا لە بریتانیا، ئیسپانیا، فەڕەنسا و کەنەدا چارەسەر دەبوون. کەچی ئەم وڵاتانە ژمارە ٢ و ٣ و ٤ و ٥ و٦ش لە لیستی وڵاتە یەکگرتووەکاندا پێکدەهێنن، کاتێک کە باس دێتە سەر مافی مرۆڤ و دیمۆکراسی و پێشکەوتنی کۆمەڵگا و ئەمانە. دروستکردنی ئەو ئۆتۆماتیکیەتە کە دیمۆکراسی مەسەلەی نەتەوەیی چارەسەر دەکات نەک دەبێ ئێمە هەر بە گومانەوە تەماشای بکەین، بەڵکوو تا زووە نیشانەیەکی زەربی لە سەر بدەین. مەسەلەی نەتەوەیی کەسایەتی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە و دیمۆکراسیش کەسایەتی و تایبەتمەندی خۆی هەیە. دەکرێ یەکێکیان لە خزمەت ئەوی تریان بێت، بەڵام دیمۆکراسییەکە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیک چارەسەری مەسەلە نەتەوەییەکە ناکات.

مەسەلەی نەتەوەیی بە پلەی یەکەم ئیرادەی نەتەوەیی و دەسەڵاتی سیاسی یە، وە وەختێک کە ئیرادە نەتەوەیی و دەسەڵاتە سیاسییە کامڵ نەبوو بە سەر خاکدا، وە ئەو دەسەڵاتەش ڕەنگی نەدایەوە لە سەروەرییەکی تەواو لە سەر ئەو خاکەدا، ئەو کاتە دەسەڵاتە نەتەوەییەکە بەشێکی بە دەست نەتەوەی سەردەستە. دۆینی بە چەک و لێدان و کوشتن، بەڵام سبەینێ لە ناو سیستەمێکی دیمۆکراسیدا. دۆینێ دەمانتوانی بە خێری ئەنفال و هەڵەبجە و ڕاگواستن و.. هتد، دەنگمان بگەیەنینە خەڵکی دەرەوە و بڵێین کە بەڵێ ئەو سیستەمە ئەوپەڕی سیستەمێکی فاشی یە و، کەچی ئەوکاتەش بەباشی گوێمان لێ نەدەگیرا، سبەینێ ئەگەر عێراقێکی بە هەویە دیمۆکراسی دروستبوو، ئەوە هەر کەس گوێمان لێ ناگرێ، ئەمە ترسێکی گەورەیە لە پێشمان. ئەگەر ئێمە بە جیددی تەماشای ئەو خەتەرە نەکەین و هەڵینەسەنگێنین، ئەوا بە قەناعەتی من ئێمە نزیکین لە هەڵدێرێکی زۆر مێژوویی. حەزدەکەم لە خزمەت ئێوە بڵێم کە من ئەو قسانە بە هیچ شێوەیەک ناکەم کە تەئسیرێکی ئایدیۆلۆژی ئەو قەناعەتە بە من بکا کە بەم ئەنجامانە بگەم. بەڵکوو گەیشتن بەو قەناعەتە لە ئەنجامی خوێندنەوەی ململانێی ئەتنیکەکان و مەسەلە نەتەوەییەکان لە جیهان بە گشتی بووە.

جا با تەماشای مەسەلەی فیدراڵی و ئۆتۆنۆمیش بکەین . بەڕاستی ئێمەی کورد خۆمان خاپاندووە بەوەی کە فیدراڵی زۆر زیاترە لە ئۆتۆنۆمی، بەڵام ئەمە هەڵەیە. فیدراڵی و ئۆتۆنۆمی دوو ناون و بۆ هەمان شت بەکاردێن، وە پێناسەکەشی بۆ هەردوو حاڵەت ئەوەیە: دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان هەرێمێک و ناوەندێک یان چەند هەرێمێک و ناوەندێک. بەو مانایە ئۆتۆنۆمییەکی بەهێز لەوانەیە لە فیدراڵیش باشتر بێت. من ئەم قسەیە دەکەم لە بەر ئەوەی کە لە ناو زۆربەی زۆری ئێمەی کورددا، وە لە پاش ساڵی ١٩٩٢ بەتایبەتی، قەناعەتێکی ئەوها دروست بووە کە تەنانەت ناوهێنانی فیدراڵی، کورد دەخاتە ئاستی نەتەوەی سەردەست و لەگەڵیدا یەکسانە، ئەم شتەشمان بە ئیتیحادی ئارەزوومەندانە ڕەنگ کردووە، بەڵام لەمەشیاندا هەر بە هەڵە چووین.

لە ئۆتۆنۆمی و فیدراڵیدا سێ شتی گرینگ بە دەست دەسەڵاتی ناوەدنین کە ئەویش سیاسەتی دەرەوە، بەرگری و ئابوورین. مەسەلەی سەروەری و ئەمانەش ئەوە تەنها قسەیە و هەمووی لە دەست ناوەنددایە. ناوەند ڕەنگدەدا بەو سەروەرییە. با فیدراالی کوردیش ئەوەندە بەهێز بێت، بە قەناعەتی من لێسەندنەوەی فیدراڵی و کەمکردنەوەی ئەو دەسەڵاتە، وە ڕەنگکردنی بەو شێوەیەی کە نەتەوەی سەردەست دەیەوێ هەر وەختێک مومکینە. لەبەر ئەوە ئەگەر بە فیدراڵیش ڕازی بین ئەوا دەبێ کورد مافی ڤیتۆی هەبێت. سبەینێ ئەگەر عێراق بڕیاریدا بە کاریگەری پەیوەندییەکانی جامیعەی عەرەبی و ئەندامبوونی لە پەیمانی بەرگری هاوبەشی عەرەبی لە ساڵی ١٩٥٢ خۆی ڕابکێشێتە ناو شەڕێک لەگەڵ ئیسرائیل کە لەوانەیە لەوێ چەکی ئەتۆمیش بەکاربێت و مەینەتی ئەو شەڕە بگاتە کوردستانیش، ئەوا ئەو کاتە کورد مافی هەبێ کە ڤیتۆ بەکاربێنێ و بتوانێ بڵێ کە کورد مەسەلەکەی لە فەلەستین نییە یانیش بۆنموونە لە شەڕێک لە نێوان عێراق ق ئێران لە سەر شەتی عەرەب یان لە نێوان مەغریب و ئیسپانیا. هەتا ئەگەر ئەمە بە بەشداریکردنی تەنها ١٠ سەربازیش بێت، ئەوا لێرەدا ئیرادەی کورد دەبێتە بەشێک لە ئیرادەیەکی گەورەتر. لێرەدا خەتەر تەنها ئەوە نییە کە کورد لە عێراق تەنها ٢٠-٢٥٪ پێکدەهێنێ لە دانیشتووانی ئەم وڵاتە،

بەڵکوو کورد دەبێتە بەشێک لە سیستەمێکی عەرەبی کە لە ٢٢ وڵاتی عەرەبی پێکدێن و لەوێدا کورد تەنها ١-٥,١٪ دانیشتووان پێکدێنێت، ئەگەر کورد ئەوەی قەبوڵ بێت کە عێراق ببێتە ئەندام لە جامیعەی عەرەبی و لە پەیمانەکانی تر و بەتایبەت لە پەیمانی بەرگری عەرەبی هاوبەش هی ساڵی ١٩٥٢... بەومانایە، ئەو سیستەمە سیستەمێکی فکری یە، ناسنامەیە، ئایدیۆلۆژی یە، سیاسی یە، وە هەروەها ستراتێژی یە. ئەگەر کورد لەو قۆلانە هەموویان براوە بێت و بتوانێت جێگای خۆی مسۆگەر بکات، ئەوا ئەوکاتە ئێمە مومکینە باسێکی دیکە بکەین. بەومانایە کورد دەبێ سێ شت مسۆگەر بکات:

١- ڤیتۆیەکی بێ سێودوو و بەبێ دانانی فاریزە لە پشتەوە وزیادکردنی قسەیەک کە ئەم ڤیتۆیە خاوبکاتەوە یان بەتاڵ بکاتەوە.

٢- هەبوونی هێزێکی سەربازی تایبەت بە کورد خۆی کە هەرکاتێک دەسەڵاتی ناوەندی بە پێی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد نەجووڵایەوە ئەوا کورد بتوانێ بڵێ نەخێر و من هێزی خۆم هەیە و دەتوانم خۆم بپارێزم.

٣- هەبوونی زەمانەتێکی نێودەوڵەتی کە دەبێ ئەو زەمانەتە خاوەن ددان (واتە هێز) بێت و تەنها قسەی سەر وەرەقەیەک نەبێت، بگرە لە ئاستی نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا زۆر جار قسەی سەر وەرەقە هەیە.

**مەسەلەی ڕێفراندۆم**

قەناعەتی من وایە وەکوو خوێندنەوەی باری سیاسی باشووری کوردستان وامان لێدەکات کە ڕێفراندۆم کە باسی لێوە دەکەین، دەبێ زوو ئاگادار بین کە دوو ڕووی هەیە. ڕووی ناوەوەی کوردی و ڕووی دەرەوەی کە بەرەو ڕووی پرۆژەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراقە و، هێزە ئیقلیمییە داگیرکەرەکانی کوردستان، نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و بەتایبەتیش هێزی هاوپەیمانان کە ئەمڕۆ لەوێن، وە بە پلەی یەکەمیش ئەمریکا دەبێتەوە. بۆچی ناوەوە و دەرەوە؟ بە قەناعەتی من ئەو مەسەلەی ئۆتۆنۆمیزم و فیدرالیزمە لە نێوانیاندا و لە کەسایەتیاندا جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە. ئەوە تەنها کولتوورێکە، فەلسەفەیەکە و بۆچوونێکە خۆی لە ناو ڕۆحی ئێمەدا چەسپاندووە و هەندێ جار بە ئاشکرا و هەندێ جاریش بە دزۆکی خۆی فەرز دەکات لە سەر بۆچوونەکانی ئێمە تەعبیریش لەو مەسەلەی ئۆتۆنۆمیزمە هەموو کاتێک

**هەڵتەکانێکی ناوەخۆ زۆر پێویستە. بەداخەوە ئەمڕۆ باس لە خیتابی یەکبووی پارتی و یەکێتی دەکرێ، بەڵام لە ئاستی ئەو دەنگە ئەو پێشوازییە یان ئەو باسوخواسەی پێویستە لە سەر ڕێفراندۆم نییە. بە قەناعەتی من، ئەگەر هێزێکی سیاسی کوردی بم، ئەوا دیاردەیەکی ئەویەری خراپ لە ناو کۆمەڵگادا دەبێ من ڕابکێشێت، وەکوو چۆن دیاردەیەکی باش من ڕابکێشێ.**

برایەتی بووە، کە برایەتی بە قەناعەتی من لە سیاسەتدا شتێک نییە بوونی هەبێت. لە سیاسەتدا بەرژەوەندی، دۆستایەتی، لەیەکگەیشتنی هاوبەش وبەکارهێنانی هێز هەیە بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکان کە ئەمانەش خۆیان لە ناو سیاسەتی واقیعی واتە real politicدا دەبیننەوە. بەڵام لەناو سیاسەتدا وەکوو میکانیزمێکی فرەلایەن مەسەلەی برایەتی نییە. لێرەدا من لەوە دەترسم وشەی برایەتی زۆرجار بەکاربێ بۆ بەنجکردنی نەتەوەی بندەست، وە ئەو تەسەورەی بداتێ کە ئەویش لە ئاستی نەتەوەی سەردەستە و هیچ جیاوازییەک نییە لەگەڵ ئەودا، چونکە برایە. ئەو خیتابە زیاتر خیتابێکە بۆ بەنجکردنی ئێمە نەک وشیارکردنەوە. ئەوەی کورد ئێستا پێویستی پێیەتی نەک هەر وشیاربوونەوەیە، بەڵکوو وشیاربوونەوەیە بە پلەی سەد، چونکە ئەو تەحەدایانەی کە لە سەر دۆزی کورد و کوردستان و لە سەر بوونی کورد هەبووە و هەیە بەڕاستی زۆر توانا و کار دەخوازێ.

ئەوەی کە ڕووی لە ناوەوەیە، ڕێفراندۆم بە کورتی دەبێ ئەو جووڵانەوەیە بێت کە کۆمەڵگای کوردەواری لە ئاستی دەروونی و فکری و فەلسەفی دۆزی خۆی هەڵتەکێنێت، هەژانێکی پێبدات، وە بزوانێکی بەهێزی پێبدات. ئەوەی کە ئێستا دەست پێکراوە لە پرۆسەی باس لە ڕێفراندۆم زۆر کەمترە لەو خواستە. دواییش دێمە سەر ئەو هەوڵەی کە ئێستا بۆ ڕێفراندۆم لە سەر پێیە لە کوردستان.

ئەوەی کە ڕووی لە دەرەوەیە، وەکوو هەر میللەتێکی دیکە کە لە ڕێگایەکی ئەوپەڕی دیموکراسییانە، ئەگەر

دیموکراسی و ئیختیار دەخوازن، ئەنجامدانی دەنگدانێکی یاخود ڕاپرسیێکی گەلەی یە لە باشووری کوردستان هەتا بە ئاسوری و تورکمانەکانیشەوە بگرە بەشداری بکەن لەو ڕاپرسییە. من دوایی دێمە سەر ئەوە کە کەمایەتییەکان زۆر قازانج دەکەن لە کوردستانێکی سەربەخۆدا لەوەی کە عێراقێکی بە سیستەم ئیسلامی بێت یاخود عەرەبی ناسیۆنالیست بێت. ئەوان لێرەدا لە کورد زیاتر قازانج دەکەن لە ڕاستیدا.

هەڵتەکانێکی ناوەخۆ زۆر پێویستە. بەداخەوە ئەوڕۆ باس لە خیتابی یەکبووی پارتی و یەکێتی دەکرێ، بەڵام لە ئاستی ئەو دەنگە ئەو پێشوازییە یان ئەو باسوخواسەی پێویستە لە سەر ڕێفراندۆم نییە. بە قەناعەتی من، ئەگەر هێزێکی سیاسی کوردی بم، ئەوا دیاردەیەکی ئەوپەڕی خراپ لە ناو کۆمەڵگادا دەبێ من ڕابکێشێت، وەکوو چۆن دیاردەیەکی باش من ڕابکێشێ. واتە ناکرێ من سەلەکتیڤانە لەگەڵ سیاسەتدا کاربکەم، هەندێ شت خۆمی لێ لابدەم و هەندێ شتی تریش کاری لەگەڵدا بکەم. ئەو شتانەی کە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا دەردەچن، ئەگەر پارتە سیاسییەکان دیموکراسییانە ڕەفتار بکەن لەگەڵ کۆمەڵگای باشووری کوردستان، ئەوا دەبێ وەڵامێکی پڕ بەپێستی دەنگی ڕێفراندۆم بدەنەوە هەتا ئەگەر ئەو دەنگە دوو کەسیش بن. بە قەناعەتی من بیرۆکەی ڕێفراندۆم بیرۆکەیەکی یەکجار سەرنجڕاکێشە، بەوەی کە خەونی گەورە دەشاردرێتەوە لە پشت ئەو وشەیە کە زۆر قانیعکەرە بۆ ئەو ئەکتەرانەی کە دیموکرات و ئازادن وەکوو وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا. لێرەدا دەکرێ ئەو ئەکتەرانە ئیقناع بکرێن بەوەی کە بەڵێ بۆ ئەوەی کورد بتوانێ بەشێوەیەکی دیموکراسییانە لە ناو عێراقێکی دیموکراسی دواڕۆژدا بژی، ئەوا پێوسیتییەکی هەرە پێویستە کە پرسی پێبکرێ ئایا دەخوازێ لە ناو ئەو عێراقەدا بمێنێتەوە و بە چ شێوەیەک. لە بەر ئەوە ڕێفراندۆم دەتوانێ ئەو ئامرازە بێت کە خەڵکی کورد بە شێوەیەکی بە پەلە و فراوان مۆبیلیزا بکات، وە بەرەو ئەوەی ببات کە بڕیار لە سەر دواڕۆژی خۆی بدات. دیسان لەمەڕ ڕووی دەرەوەی ڕێفراندۆم، هەڵبەتە ڕووی لە دەرەوەیە. ئەمڕۆ خۆشبەختانە وەکوو هیچ ڕۆژێک لە ٨٢ساڵی ڕابردووی عێراق و باشووری کوردستان ئەوە ڕێکنەکەوتووە کە بە دەیان ڕۆژنامە و تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆ و سەنتەرەکانی هەواڵ لەوێ کۆببنەوە و لە نزیکەوە هەموو شتێک بڵاوبکەنەوە.

تەنانەت ئەمانە بە دوای هەواڵ دەگەڕێن لە هەموو کونجێک و ڕای خەڵک وەردەگرن کە چییان دەوێ: عێراق یان کوردستان. هەندێک جار بۆیان نامۆیە کە کورد داوای کوردستانێکی سەربەخۆ ناکەن، بەو جۆرە ئەوان هەواڵ دروست دەکەن. بەو مانایە ئەگەر کورد هەوڵێکی ئەوهای دا و هەواڵێکی ئەوهای دروست کرد، بەڵام لە ئاستی هەژانێکی کۆمەڵایەتی، ئەو کاتە دەتوانێ بە ئاسانی سەرنجی هەموو جیهان ڕابکێشێ. بەبێ ئەوەی کە خەسارەتێکی لە جۆری هەڵەبجە یان ئەنفال بدات. ئەمڕۆ ئەوان لەوێ هەن و دەتوانرێ وەکوو مادەیەکی زۆر کاریگەر بەکاربێت بۆ خزمەتکردنی ئەو بیرۆکەیە.

بەهەرحاڵ، ئەو دەنگوباسەی کە ئێستا هەیە لە کوردستان لە سەر مەسەلەی ڕێفراندۆم، دیارە هەوڵێکە وەکوو بەگشتی هەمووتان ئاگادارن کە بە شێوەیەکی پراکتیکی لە سلێمانی سەری هەڵداوە، بەڵام ئەوانیش و ئێمەش دەبێ جارێ لە ئەلفی ئەو مەسەلەیەوە تەماشا بکەین و پێ لە سەر ئەوە داگرین کە بیرۆکەی ڕێفراندۆم لە گەلاوێژی ئەمساڵ دروست نەبووە و پاریش دروست نەبووە. لە ناو خیتابی کوردیدا کەم یان زۆر بە شێوەیەک لە شێوەکان لە سەرەتای نەوەدەکان بە چڕو پڕی هاتووە. ئەمە مەسەلەکە ئاسان دەکات بۆ ئێمە، کە هەر زوو ڕەنگێکی ئەوهای نەخەینە سەر و بەشێوەیەکی حەتمی تەماشای ئەو هەوڵە نەکەین کە هی فڵان مامۆستا یان شاعیر یان نووسەرە، یانیش هی فڵان ناوچەیە و ئێمە دەستی لێنادەین و بابۆخۆیان بێت. نەخێر ئەمە وا نییە. بە قەناعەتی من دەبێ بە جیددیتر تەماشای مەسەلەی ڕێفراندۆم بکەین. ڕێفراندۆم میکانیزمێکی زۆر دیموکراسییانەیە و دەتوانێ ڕۆڵێکی باشی هەبێت لە یەکلاکردنەوەی کێشەی کورد . وەکوو هەوڵ دەتوانین بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە تەماشای هەوڵی کۆمیتەی بەرەو ڕێفراندۆم بکەین کە هەندێک پەلەیان کردووە بە حەددی هەفتەیەک یان دوو هەفتە، ئەوەش دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە چۆن دەیانتوانی ئەم کارە بکەن بەڕاستی بەوەی کە هەموو شارە گەورەکانی کوردستان: دهۆک، هەولێر، سلێمانی. کەرکووک و بگرە موسڵ و شارەکانی تری بگرتبایەوە و بەشدارییەکی بەرچاویان هەبوایە لەو کۆمیتەیە. ئەوکاتە دەمانتوانی بڵێین کە ئەم کۆمیتەیە نوێنەرایەتی نەخشەی باشووری کوردستان و خەڵکی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی دەکات. بگرە لەم کۆمیتەیەشدا بە قەناعەتی من گرینگە کەوا

کـەمـایـەتیـیـەکـانیش هەبن. وە بۆ ئیـقناعکردنی ئەوان پێویستە ئێمە خیتابێکی عەقڵانیمان هەبێت بەوەی کە ئەگەر من ئاسۆری یان تورکمان بم و بەشێوەیەکی عەقڵانی تەماشای مەسەلەی ڕێفراندۆم و کوردستانێکی سەربەخۆ بکەم، ئەوها دەڵێم: بۆ من باشترە کە بەشێک بم لە وڵاتێک کە لە ٦ میلیۆن کەس پێکهاتووە لەوەی کە لە وڵاتێک لە ٢٦ میلیۆن کەس پێکهاتبێت. بۆ من باشترە کە بەشێک بم لە وڵاتێک کە خەتەرێکی ئایدیۆلۆژی لە لایەن نەتەوەی کوردم لە سـەر بێت لەوەی کـە بەشـێک بم لە وڵاتێک کـە سێ خەتەری ئایدیۆلۆژیم لە سەر بێت کە ئەوانیش هی کوردی و عەرەبی و هی ئیسلامی سیاسین، وە لەوانەشە زۆر شتی تریش دەربکەون لە پرۆسەی مێژوودا. بەو مـانایە وەکوو ژمارە من لە ناو ئەو ٢٦ میلیۆنە زۆر کەمم و لە ناو ئەو ٦ میلیـۆنە زۆر زۆرم، ئەمـە لەلایەک؛ لەلایەکی ترەوە زۆر گـرینگە ئەوە بزانین و پێی لە سـەر دابگرین و وەکـوو شانازییەک حسێبی بۆ بکەین وەکوو کورد، ئەمە زیاتر مـەسـەلەیەکی کـولتـووری یە زیاتر لەوەی سیـاسی، وە لەویشدا زیاتر دڵخۆشیمان پێدەدا، کە بەڕاستی لە ١٢ ساڵی ڕابردوو کورد زیاتر بە دەستی کورد کوژراوە لە باشووری کوردستان لەوەی تورکمان و ئاسۆری کوژرابێ. بەڕاستی کورد زۆر زیاتر کوژراوە، وە تورکمان زۆر زیاتر ئازاد بووە لە ناوچەی پارتی (هەرنەبێ هەندێک سـاڵ) لەوەی کـە یەکـێـتی لە ناوچەی پارتی و هەروەهاش بەپێچەوانەوە. ئەمە وامان لێدەکات کە بگەینە ئەو ئەنجامە کە ئەگەر کەمایەتییەکان بە عەقڵ و ئینسافەوە تەماشای مـەسـەلەکـە بکەن، لە مـێـژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بیستەکانەوە هەتاوەکوو ئەمڕۆ، لە ئێرانەوە بگرە تا دەگاتە مەغریب و لە خوارەوەش تا جیبۆتی، لەو ناوچەیە هەمووی بارودۆخی کەمـایەتییـەکان وەکوو ئەوەی لە باشـووری کوردستان بووە بەخۆیەوە نەبینیون. هەر لە ڕۆژنامەیان، گۆڤاریان، تەلەڤیزیۆنیان، ڕادیۆیان، چەکداریان، وە لە هەمـو وشـێـوەیەکی دەربڕینیـان و.. هـتـد. لەبەر ئەوە بە قـەناعـەتی من عـاقـڵانەیە بۆ کـەمـایەتیـیـەکـان چ لە ڕووی چەندایەتی و چ لە ڕووی چۆنایەتی کە ئەوە هەڵبژێرن کە لە ناو کـوردسـتـانێکی سـەربەخـۆدا کـەمـایەتی بن و ئەو دامـەزراوانەی کـە هەیانە لە جـێگای خـۆیەتی، وە ئەو دستکەوتانەی کە هەیانە دەچەسپێ لە ناو دەستـوورێکی کوردستانی داهاتوودا. ئەمە بۆ ئەوان زۆر باشترە لەوەیکە جارێکی تر عێراق دامەزرێننەوە و لە عێراقیش داوای مافە کولتووری و سیاسییەکانی خۆیان بکەن.

بەو مـانایە ئێـمـە دەتوانین ئەوها بڵـێین، کـە هەڵبـەتە مـەسـەلەی ڕێفراندۆم لە ڕووی پراکتیک و پیادەکردنیدا جارێ گفتوگۆیەکی فکری بەرفراوانی دەوێت لە ناو خەڵکی کوردستاندا، وە بزواندنی جادەی کوردی زۆر گرینگە کە بە سـەدان هەزر کـەس بێنە سـەر جـادە و بۆ ئەوەی ئەو داواکـارییـە بکرێتـە داوایەکی گـەلیی و پێـشـچـاو بۆ ئەمریکییەکان ونەتەوە یەکگرتووەکان و بۆ هەموو جیهان. ئەوەی تریشیـان لە قـۆنـاغە پـراکتیکەکـاندا ئەوکـاتە زۆر پرسیار دێتە پێشەوە وەکوو دەستنیشانکردنی سنووری کوردستان و ناوچە بەعەرەبکراوەکان و.. هتد. ئەو کاتەی کـە مـەسـەلەی ڕێفـراندۆم قـەبوڵ کـرا، ئەو مـیکانیـزمی دامـەزرانی سنوور و مـەسـەلەی قـەرەبووکـردنەوەی ئەو کەسانەی مەغدوور دەبن لەو سنوورکێشانە و شتی تریش، لێرەدا ئەمانە کۆمەڵێک میکانیزمن ئێمە لە مێژوودا بە دەستـمـانەوە هەیە لە نەتەوە یەکگرتووەکـان ئەرشیـفێکی دەوڵەمەند هـەیە لەو ڕووانەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو جۆرە گـرفـتـانە. نموونەی وەکـوو تیـموری ڕۆژهەڵات و بەڵقـان و جـێگای تر هەیە کـە ڕاگـواسـتـنی یاخـود گـۆڕینەوەی بەئازادانە (ئارەزوومەندانە) بکرێ وەکوو ئەوەی کاتی خۆی لە نێوان تورکیا ویۆنان کراوە وکۆمەڵێک شتی پراکتیکی هەیە کـە دێتـە پێشـەوە و مـرۆڤ دەتوانێ ئەمـانـە وەکـوو مۆدێلێک بەکـاربێنێ لە کـوردسـتـان بۆ چارەسـەرکـردنی هەندێک لە کێشەکان.

**یەکێک لەو بڕیارانەی کە مەجلیسی حوکم دەریکرد کە بە قەناعەتی من بڕیارێکی باش نەبوو. ڕاگەیاندنێک بوو دەربارەی سەرگومکردنی ئەو هەشت هەزار بارزانییـە کـە تێکەڵاوی کردووە لەگەڵ کۆمەڵێک شتی تر وەکوو ئەهوار و.. هتد. ئەمە خەتەرە و ناسنامەی کورد دەخاتە قاڵبێکی بزرکراو و حەشاردراو لەگەڵ قالبێکی عێراقیدا.**

**بەشی گفتوگۆ***

ـ دەربارەی ئەنجومەنی حوکم، شتێک گرینگە کە ئێمە لە بارەیەوەبیزانین ئەویش ئەوەیە کە هەر شتێک ئەم ئەنجومەنە بڕیاری لە سەر بدات ئەوا پەرلەمانی عێراق یان حکوومەتی عێراق سبەینێ بۆی هەیە بیسڕێتەوە، ئەو قسانەی کە ئێستا کراوە بەشێوەیەکی گشتی دەربارەی مەسەلەی کورد، بەو زەقییە نەکەوتۆتە ناو قسە و باسوخواس و گفتوگۆ. بەمانایەکی تر ئەوانەی کە گوتراوە تائێستا کەم یان زۆر لە پشتی پەردەیە. یەکێک لەو بڕیارانەی کە مەجلیسی حوکم دەریکرد کە بە قەناعەتی من بڕیارێکی باش نەبوو، ڕاگەیاندنێک بوو دەربارەی سەرگومکردنی ئەو هەشت هەزار بارزانییە کە تێکەڵاوی کردووە لەگەڵ کۆمەڵێک شتی تر وەکوو ئەهوار و.. هتد. ئەمە خەتەرە و ناسنامەی کورد دەخاتە قاڵبێکی بزرکراو و حەشاردراو لەگەڵ قالبێکی عێراقیدا. کاتێک کە باس دێتە سەر ئەهوار دەبێ بەیاننامەیەکی تایبەتی بۆ دەربکرێ وکاتێ باس دێتە سەر بارزانییەکانیش دەبێ بەیاننامەیەکی تایبەتی بۆ دەربکرێ، وە کوردیش لەوە کەمتر چاوەڕوان نییە. کاتێکیش کە باس دێتە سەر ڕاپەڕینی مارسی ١٩٩١ کە لە عێراق کرا، دوو دانەیە کە یەکێکیان پێی دەڵێن «انتفاضە» لە خوارووی عێراق و ئەوەی تریشیان پێی دەڵێن «ڕاپەڕین». کورد نابێ قەبوڵی ئەوە بکات هەروەکوو لە کۆنفرانسی لەندەن قەبوڵی کردووە کە بە ئیحترامەوە تەماشای ئینتیفازەی ئازاری ١٩٩١ دەکرێت. لێرەدا دەبێ هەردوو ناو بهێنرێ کە ئینتیفازە و ڕاپەڕینەکە لەوێدا یەکسانی هەیە و لەوێشدا هەردووکی هەیە. لەوێدا تەنانەت یەک وشەی کوردی هەیە کە عەرەبەکە دەبێ هەوڵبدات و تێی بگات کە ئینتیفازە بە کوردی پێی دەڵێن ڕاپەڕین. ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی حوکم بڕیارێکی عێراقییانە بوو. ئەو عێراقەی کە ئێمە دایدەمەزرێنینەوە دواییی دەمانکاتە بەشێکی زۆر کەم لە ناسنامەیەک کە لە ڕاستیدا هی ئێمە نییە. ئەگەر عەرەب ئەوەندەشی قایل نەبێ کە ناسنامەی ئێمە کۆڵەگەی تایبەتی خۆی هەیە و دەوڵەمەندی مێژوویی خۆی هەیە و زاکیرەیەکی جەماعی خۆی هەیە، ئەوا ئێمە شکمان دەبێت لە نییەتی ئەوان.

ـ ئەوەی کە ڕیفراندۆم لە سەرەوە هاتووە پرسیارێکی جوانە. ئەوەی کە من ئاگادارم هەتا ئێستا هیچ ئاماژەیەک و بەڵگەیەک نییە کە ئەمریکا ئەو فیتەی دابێ کە کوردەکان بەم کارە هەڵبستن، وە ئەگەر درابێتیش ئەوا سروشتیتر بوو کە لە ڕێگای پارتی و یەکێتی بدرابا نەک لە ڕێگای هەندێک ڕۆشنبیر و شاعیر و نووسەر، نەتایبەت لە ناوچەی سلێمانی بەشێوەیەکی پراکتیکی. بەڵام ئەگەر بێینە سەر لایەنی خودی بیرۆکەکە لە ڕاستیدا زووتر هەبووە، کۆبوونەوەی ژمارەیەک ڕۆشنبیر لە سلێمانی لە ناوەڕاستی مانگی ٧دا کراوە، بەڵام زۆر پێشتر لە وتار وکۆڕ و نامە و شتی تر باسی لێوە کراوە وەکوو مەسەلەیەکی یەکلاکەرەوە بۆ گرفتەکان. بۆ نموونە بەندە لەو نامانەی کە لە ١٠و١١ی ئەپریلی ٢٠٠٣ ناردوومن بۆ پارتی و یەکێتی لەوێدا ڕستەیەکی تۆزێک دژوارم نووسیوە بەوەی کە ئەگەر کوردەکان و ئەمریکییەکان بینا بکەن لە سەر پرۆژەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتێکی عێراقی تازە، لەوە دەترسم کە ئەمریکییەکان و کوردەکان هەم عێراقیش بە دەست نەهێنن و هەم کوردستانیش لە دەست بدەن. ئە وپرۆسە خوێناوی یە لەوە دەترسم بەوە تەواو ببێ بە شێوەیەک لە شێوەکان کە ئەگەر درەنگ نەکەوین باشە. من گومانم هەیە کە لە لای ئەمریکییەکانەوە هاتبێ. لەلای حیزبێکی کوردییەوە، من لێرەدا هیچ پشتڕاست نیم، وە هیوادارم لە حیزبێکی کوردییەوە نەهاتبێ. ئەگەر لە حیزبێکی کوردییەوە هاتبێ دەترسم کە ڕیفراندۆم قەتیس ببێ لەو قۆناغەی کە ئێستا تێیدایە و سەرنەکەوێ، ببێ بە تاکتیک، موزایدەی سیاسی، فرۆشتن لە جادەی کوردیدا، نوقتەکۆکردنەوە بۆ حیزبێک، وە یان بۆ پێشاندانی کارتێکی سوور بە عەرەبەکان بۆ ئاستی تاکتیکی کە بەڵێ ئەگەر ئێوە بەو فیدراڵییەی کە ئێمە دەمانەوێ ڕازی نەبن، ئەوا ئەوەتا کورد باسی ڕیفراندۆم دەکات. بە قەناعەتی من ئەگەر ڕیفراندۆم هەڵبژاردنێکی ستراتیژی یەکلاکەرەوە نەبێ، من یەک سەعات کاری بۆ ناکەم وە ئەو کارەش ڕەددەکەمەوە کە ڕەنگێک یان ئیتیجاهێکی تاکتیکی، حیزبی، ناوچەگەری و کەسەگەریی وەردەگرێ.

لە خزمەت ئێوەش من پێشتر گوتم کە ڕەخنە بۆ ئەو برادەرانەی کە دەستیان بەم کارە کردووە بەڕاستی ئەوەیە کە یەک هەتا دوو هەفتە چاوەڕوانییان کردبا و زیاتر بیریان لێ بکردایەوە، بۆ ئەوەی هەوڵەکە هەر لە سەرەتاوە هەموو باشووری کوردستانی بگرتبایەوە.

* ئەمە بەشێکی یەکجار کەمی گفتوگۆیەکەیە کە بە داخەوە تەنها ئەم بەشە زۆرکەمەی تۆمار کراوە.

# بەجیهانیبوون و پێناسە:

## باسێکی تیۆریکی سەبارەت بە پێوەندییەکی ئاڵۆز

ئیدریس ئەحمەدی

زیاتر لە چەند دەیەیەکە باسێکی گەرم لەمەڕ بەجیهانیبوون لە نێو زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکرێت. ئەگەر چاوێک بەم باسەدا بخشێنین کە تا ئێستا کۆمەڵێک کتێب و وتاری بەرهەم هێناوە، ئەوەمان بەدەستەوە دەدا کە بەجیهانیبوون دیاردەیەکە پڕ لە ناکۆکی(paradox). هەر لە بەر ئەم هۆیە، بۆچوونەکان لەمەڕ بەجیهانیبوون زۆر جیاوازن و لێکۆڵەران تیشک دەخەنە سەر لایەنی جیاجیا و دژبەری ئەم دیاردەیە. هێندێک لێکۆڵەرەوە تەنانەت وجوودی بەجیهانیبوون وەک دیاردەیەکی "تازە"ی مێژوویی، ئابووری و سیاسی دەخەرنە ژێر پرسیار. دەستەیەک لەم لێکۆڵەرەوانە، کە بە «گومانکارانی بە جیهانیبوون» (globalisation sceptics) لە قەڵەم دراون، بەجیهانیبوون وەک ئەفسانەیەک یان وەک شکۆدارکردنی هێژمۆنی سیاسی و کولتووریی لیبێرالیسم دوای ڕمانی یەکێتی سۆڤیەت دەبینن. دەستەیەکی دیکە لەم لێکۆڵەرەوە گومانکارانە نکۆڵی لە وجوودی بەجیهانیبوون ناکەن، بەڵام پێ لە سەر ئەوە دادەگرن کە «گلۆبالیستەکان» (ئەوانەی لە سەر ئەو باوەڕەن بەجیهانیبوون دیاردەیەکی تازەیە لە مێژووی جیهاندا) زێدەڕۆیی دەکەن لە تێڕوانینیان سەبارەت بە هێز، بەربڵاوی و ئاکامەکانی بەجیهانیبوون بۆ پێوەندییە مەوجوودەکانی کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی و نێودەوڵەتی. بە پێی ئەم بۆچوونە، کە دەکرێ وەک نوێ ـ مارکسیستی(neo-Marxist) لە قەڵەم بدەین، بەجیهانیبوون دەبێ وەک قۆناخێکی دیکەی گەشەکردنی سەرمایەداری تەماشا بکرێ، نەک وەک دیاردەیەکی "تازە". لە پاڵ ئەم بۆچوونانەدا، لەم دواییانە بۆچوونێکی دیکە لەمەڕ بەجیهانیبوون سەری هەڵداوە کە بەرپەرچی نکۆڵیکردنی گومانکاران لە وجوودی بەجیهانیبوون دەداتەوە و هەروەها زێدەڕۆیی گلۆبالیستەکانیشی لەمەڕ ئەم دیاردەیە خستووەتە ژێر پرسیار. بەڵکو، ئەم بۆچوونە هەوڵدەدا ئاڵۆزی، ناکۆکی و لایەنە جیاجیاکانی بەجیهانیبوون لەبەرچاوبگرێ و لێیان بکۆڵێتەوە. ناولێنان لەم بۆچوونە کارێکی ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک ڕوانگەی تیۆریی جیاواز بە خۆیەوە دەگرێ؛ وەک پاش ـ ستروکتورالیسم (post-structuralism)، پاش ـ مارکسیسم و وێبریانیسم(Weberianism).[1] بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین ئەم بۆچوونە لەوانی دیکە جیابکەینەوە دەکرێ بە بۆچوونی «ڕەخنەگرانە» باسی لێوە بکەین ـ ئەگەرچی ئەمە کارێکی تەواو عادڵانە نییە، چونکە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کەم ڕوانگەی تیۆری هەن کە خۆیان بە «ڕەخنەگرانە» نەزانن.

ئەم وتارە هەوڵێکە بۆ باسێکی تیۆریکی سەبارەت بە لایەنێکی دیاریکراوی بەجیهانیبوون و ئەویش دەگەڕێتەوە سەر پێوەندی نێوان بەجیهانیبوون و پێناسە (identity).[2] پێوەندیی نێوان ئەم دوانە وەک یەکێک لە ناکۆکییە سەرەکییەکانی بەجیهانیبوون دەستنیشان کراوە. ئەم ناکۆکییە بەم شێوە خۆی دەنوێنێ؛ لەلایەکەوە دەتوانین باس لە کۆمەڵێک دیاردە و پرۆسە بکەین وەک سنووربەزاندن، زیادبوونی پێوەندی لە نێوان کۆمەڵگا و هەرێمەجیاکانی جیهان، کۆچکردنی بە کۆمەڵ و بڵاوبوونەوەی دیاردەی کولتووری ـــ لە فیلم و مۆدە و "شێوازی ژیان"ەوە بگرە تا بەهای سیاسیی لیبراڵی و

**لیبرالەکان بەجیهانیبوون بە پرۆسەی جێکەوتنی جیهانگیریی «بازاڕی ئازاد» لە دوای ڕمانی یەکێتی سۆڤیەت دادەنێن و نوێ ـ مارکسیستەکانیش وەک دیاردەیەکی «تازە»ڕەتی دەکەنەوە و بە قۆناخێکی دیکەی گەشەکردنی سەرمایەداری دادەنێن.**

کولتووری مسرەفکردن (consumer culture) ــ لە ئاستێکی جیهانیدا بکەین. هەروەها لەلایەکی دیکەوە دەتوانین باس لە سەرهەڵدانەوە و بەهێزبوونی پێناسەی ئێتنیکی بکەین. بە واتایەکی دیکە، دەتوانین باس لە دوو پرۆسە بکەین کە شان بە شان و لە پێوەندییەکی دیالێکتیکی لە گەڵ یەکتردا وجوودیان هەیە. کۆمەڵناسی ئینگلیسی **رۆلاند رابێرتسن**(Roland Robertson) بە ئامانجی تیۆریزەکردنی ئەم پێوەندییە دیالێکتیکییەی نێوان ئەو دوو پرۆسە ئاماژەپێکراوە چەمکی"glocalisation"ی داتاشیوە.[3] لە کوردیدا کارێکی محاڵە چەمکێک لە بەرانبەر glocalisation ــ کە لە دوو چەمکی globalisation(بەجیهانیبوون)و lo-calisation (بەناوچەییبوون) پێکهاتووە ــ دابنێین. هەر بۆیە لەم وتارەدا من ناچارم بە دانانی خەتی تیرە[ــ ]لە چەمکی ئاماژەپێکراو کەڵک وەربگرم.

ئیستدلالی ئەم وتارە ئەوەیە کە تیۆری دژ ــ جەوهەرگەرایی (anti-essentialism) سەبارەت بە پێناسە دەتوانێت ئەو ناکۆکییەی کە لە سەرەوە ئاماژە پێکرا شیبکاتەوە. ئەگەر «بەجیهانیبوون» پرۆسەی سنووربەزاندن، کۆچ، لەیەکترنزیکبوونەوە و فرەبوونی پێوەندی لە نێوان کۆمەڵگا و کولتووری جیاواز و هتد.. بێت، ئەوکاتە گریمانەیەکی شیاو ئەوەیە کە پێناسەی ئێتنیکی لەم ڕەوتەدا لایەنێکی گرینگ و بگرە سەرەکی لە ژیانی مرۆڤدا پێکدێنێت، چونکە خاڵی سەرەکی تیۆریی دژ ـ جەوهەرگەرایی سەبارەت بە پێناسە ئەوەیە کە پێناسە لە سەر بنەمای جیاوازی پێکدێت. شیاوبوونی ئەم گریمانەیە لەوەدایە کە کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی جیا جیا لەمەڕ پێوەندی نێوان بەجیهانیبوون و پێناسەی ئێتنیکی بەو دەرئەنجامە گەیشتوون کە لە سەردەمی بەجیهانیبووندا پێناسەی ئێتنیکی لە ڕووی سیاسی و کولتوورییەوە گرینگیی خۆی لە ژیانی خەڵکدا پاراستووە و تەنانەت دەکرێ بڵێین گرینگیی پێناسەی ئێتنیکی لە زیادبووندایە.[4]

**بەجیهانیبوون یان «بەجیهانیبوون ـ ناوچەییبوون»؟**

وەک لە سەرەتادا ئاماژەی پێکرا، تێگەیشتنی جیاواز سەبارەت بە بەجیهانیبوون هەیە. هەروەها زۆربەی ئەو باسانەی کە لەمەڕ بەجیهانیبوون لە ئارادابوون تا ئێستا بە تەنیا سەرنجی ڕەهەندی ئابووری ئەم دیاردەیەیان داوە. لە لایەن تیۆریسیەنە نوێ ـ لیبراڵ و نوێ ـ مارکسیستەکانەوە، بەجیهانیبوون وەک دیاردەیەکی ئابووری بینراوە؛ لیبراڵەکان بەجیهانیبوون بە پرۆسەی جێکەوتنی جیهانگیریی «بازاڕی ئازاد» لە دوای ڕمانی یەکێتی سۆڤیەت دادەنێن و نوێ ـ مارکسیستەکانیش وەک دیاردەیەکی «تازە»ڕەتی دەکەنەوە و بە قۆناخێکی دیکەی گەشەکردنی سەرمایەداری دادەنێن. لەم دواییانەدا، هەم تێگەیشتنی نوێ ــ لیبراڵەکان و هەم تێگەیشتنی نوێ ــ مارکسیستەکان سەبارەت بە بەجیهانیبوون کەوتوونەتە بەر ڕەخنەیەکی زۆر. ڕەخنەگران لەم ڕووەوە پێ لە سەر ئەوە دادەگرن کە داشکاندنی(reduction)ی بەجیهانیبوون بە دیاردەیەکی ئابووری لە ئاکامدا تووشی تێگەیشتنی هەڵەمان دەکا کاتێ باس لە هۆکارەکانی بەجیهانیبوون دەکەین. ئەو داشکاندنە لە سەر بنەمایەکی دێتێرمینیسمی ئابووری ڕاوەستاوە؛ واتە، ئەم چەشنە لێکدانەوەیە تەنها فاکتەرە ئابوورییەکان وەک هۆکاری سەرهەڵدانی بەجیهانیبوون دەبینێ. بەپێچەوانەی ئەم دێتێرمینیسمە ئابوورییە، کۆمەڵێک نووسەر پێ لە سەر پێوەندیی دیالێکتیکی نێوان ئابوور، سیاسەت و کولتوور دادەگرن.[5]

لەم پێوەنییەدا **دایڤید هێلد** (David Held) و **ئانتۆنی ماکگرێو**(Anthony McGrew)، باس لە سەرهەڵدانی تێگەیشتنێکی دیکە لەمەڕ بەجیهانیبوون دەکەن، کە بەپێچەوانەی تیۆریی نوێ ـ لیبراڵ و نوێ ـ مارکسیستی ئاڵۆزیی، فرەڕەهەندیی و ناکۆکییەکانی بەجیهانیبوون لەبەرچاودەگرێ. وەک لە سەرەتادا ئاماژەم پێکرد، ئەم تێگەیشتنە ڕەخنەگرانەیە کۆمەڵێک ڕوانگەی تیۆریی جیاجیا بە خۆیەوە دەگرێ.

**ئەگەر ،بەجیهانیبوون، پرۆسەی سنووربەزاندن، کۆچ، لەیەکترنزیکبوونەوە و فرەبوونی پێوەندی لە نێوان کۆمەڵگا و کولتووری جیاواز و هتد.. بێت، ئەوکاتە گریمانەیەکی شیاو ئەوەیە کە پێناسەی ئێتنیکی لەم ڕەوتەدا لایەنێکی گرینگ و بگرە سەرەکی لە ژیانی مرۆڤدا پێکدێنێت.**

ئەم ڕوانگە ڕەخنەگرانەیە توانیویەتی تیشک بخاتە سەر ڕەهەندی سیاسی و کولتووریی بەجیهانیبوون. بێگومان، باسێکی فرەلایەن سەبارەت بە بەجیهانیبوون پێویست دەکات کە هەموو ڕەهەندەکانی لەبەرچاو بگرێت و لێیان بکۆڵێتەوە.[٦] بەڵام بابەتی ئەم وتارە ناچارم دەکا باسەکە سنووردار بکەم، بۆیە لێرەدا من ئەو لایەنانەی بەجیهانیبوون باس دەکەم کە پەیوەستن بە پێوەندیی نێوان بەجیهانیبوون و پێناسەوە. بەڵام وەک سەرەتایەک، هەرچەند کورت و ناکامڵ بێت، پێویستە لە سەر چەمکی بەجیهانیبوون بەگشتی بدوێین.

لەو باسانەی کە سەبارەت بە بەجیهانیبوون لە ئارادان، یەکێک لە چەمکە سەرەکییەکان بە ئینگلیسی پێی دەگوترێت interconnection کە دانانی چەمکێک لە بەرانبەریدا بە کوردی کارێکی ئاسان نییە، بەڵام مەبەست لەم چەمکە نێوکۆیی و پێکەوەگرێدانی جیهانە. ئەم نێوکۆیی و پێکەوەگرێدانەی جیهان ئاکامەکەی ئەوەیە یان ئەوە بووە کە ڕووداوی ناوچەیی، قەیرانی سیاسی و ئابووری و کارەساتی ژینگەیی لە شوێنێکی جیهاندا کار دەکاتە سەر شوێنێکی دیکە. لایەنێکی دیکەی ئەم پرۆسەیە فرەیی و خێرایی جووڵانەوەی مرۆڤ، بیر، کاڵا، زانیاری و هتد.. بووە بە سەر سنوورە جوگرافیاکاندا.[٧] بەڵام هاوکات ئاماژە بەوە کراوە کە بەجیهانیبوون هەموو جیهان ناگرێتەوە؛ واتە، بەشێکی زۆر لە دانیشتووانی جیهان بێ بەشن لە بەکاربردنی تێکنۆلۆژیی نوێ. ئەمەش هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دابەشکردنی ناعادڵانەی سامانی ئابووری و دەسەڵاتی سیاسی لە نێوان دانیشتووانی جیهاندا.[٨] ڕۆژئاوا هێشتا ناوەندی دەسەڵاتی ئابووری، سیاسی و عەسکەری جیهان پێکدێنێ. سەرباری ئەم تێبینییانە، گومانکارانی بەجیهانیبوون نکۆڵی لەوە دەکەن کە جیهان گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەسەردا هاتووە. بەڵام ئەو گومانکارانەی کە توندڕۆ نین، ددان بەوەدا دەنێن کە فرەبوون و توندییەک هەیە لە جووڵانەوەی مرۆڤ، کاڵا و زانیاری و هتد.. لە سەرووی سنووری دەوڵەتی و جوگرافیاییدا کە بەر لە چەند دە ساڵێک کەم وێنە بووە.[٩]

بە ڕای من لێرەدا گرینگە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە «فاکت» خۆی لە خۆیدا بڕیاردەر نییە لە پێوەندی لەگەڵ «ڕاستبوونی» ئەم یان ئەو تەفسیر؛ بە واتایەکی تر، دەکرێ بڵێین «فاکت» چارەسەرکەری ئەم کێشە تیۆرییانە نییە. ئەم بۆچوونە بێگومان لە تیۆرییەکی زانینی (epistemology)یەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەزموونگەریی ڕوانگەی لیبراڵ و مارکسیستی ڕەتدەکاتەوە. ئەزموونگەری تێگەیشتنێکی ساکاری هەیە لە زانین و هەربۆیە لە ئاکامدا چ لە پێوەندی لەگەڵ بەجیهانیبوون یان هەر دیاردەیەکی دیکەدا بێت، تووشی دیتێرمینیسم دەبێت. فاکت خۆی لە خۆیدا هیچمان پێ ناڵێت؛ ئەوە هەمیشە لە چوارچێوەی ڕوانگەیەکی دیاریکراوی تیۆریدایە کە «فاکت» مانای پێ دەبەخشرێ.[١٠]

لە ڕاستیدا بەجیهانیبوون کۆمەڵێک مەسەلەی گرینگی فەلسەفی و مێتۆدی زەقدەکاتەوە کە پێویستییان بە باسێکی تێر و تەسەل هەیە. من لێرەدا، لەبەر نەبوونی مەودا، تەنها دەتوانم بە کورتی هەڵوێستی خۆم لەمەڕ بەجیهانیبوون دیاری بکەم؛ هەروەک ئۆلریش بێک، دایڤید هێلد و کۆمەڵێک نووسەری دیکە، لە سەر ئەو باوەڕەم کە دەبێ تێگەیشتنێکی فرەلایەنمان هەبێت لە سروشت و هۆکارەکانی بەجیهانیبوون. هەروەها وەک هێلد و هێندێک نووسەری دیکە ئاماژەیان پێکردووە، نابێ بەجیهانیبوون، بەهەرێمیبوون(regionalisation)، بەنێونەتەوەییبوون (internationalsation)و بەناوچەییبوون دژ بە یەکتر دابنێین؛ بەڵکو دەبێ پێوەندیی دیالێکتیکی نێوان ئەمانە ببینین.[١١] واتە، دەبێ لێی بکۆڵینەوە تا بۆمان دەربکەوێ لە کوێ و چۆن ئەم پرۆسانە لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ دەبن، بەر یەکتر دەکەون و یەکتر تەواو دەکەن. بە واتایەکی دیکە، دەبێ لێی بکۆڵینەوە ئەم پرۆسانە چۆن، لە ڕەوتێکی دیالێکتیکیدا شکڵ بەیەکتر دەدەن و چۆن لە ئاکامدا هەر یەکەیان شکڵ دەگرنەوە.

یەکێک لە ڕەهەندەکانی بەجیهانیبوون وەک پرۆسەیەکی فرەلایەن و ئاڵۆز ئەوەیە کە لە لایەکەوە تێندێنسی یەکدەستبوونی کولتووری هەیە (بەتایبەتی بە هۆی تێکنۆلۆژی نوێی زانیاری و کۆمینیکاسیۆنەوە)و لەلایەکی دیکەوە هۆی سەرهەڵدانەوە یان بەهێزکردنی پێناسەی

ئێتنیکی یە. ئەمە وەک ناکۆکییەک دەستنیشان کراوە و بە پرۆسەی «لێشاو/داخران»(flow/closure) لە قەڵەم دراوە.[12] بەڵام لێرەدا نابێ ئەو جیاوازییە وەک شتێکی پتەو ببینین، بەڵکو وەک پیتێر گەیشێیر و بیرگیت مەیەر پێی لەسەر دادەگرن، دەبێ دیالێکتیکی نێوان «لێشاو»(بەجیهانیبوون)و «داخران» (بەناوچەییبوون) ببینین.

بە پێی ئەم پاشخانە، من پێم وایە چەمکی بەجیهانیبوون ــ بەناوچەییبوون بە کەڵکە بۆ لێکدانەوەی پێوەندیی نێوان بەجیهانیبوون و پێناسە. بەکەڵکبوونی ئەم چەمکە لەوەدایە دەتوانێ ئەم دوو پرۆسەیە، کە بە ڕواڵەت دژ بە یەکترن، بخاتە نێو چوارچێوەی شیکردنەوەی خۆی و، بەم شێوەیە پێوەندیی دیالێکتیکی نێوانیان بخاتەڕوو.

کۆمەڵێک تیۆریسییەن چەند دەیەیەک لەمەوبەر پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە جیهان لە بواری کولتوورییەرەوە بەرەو یەکدەستبوون بڕوات و، باس لە سەرهەڵدانی «گوندی گلۆباڵ»(global village) دەکرا. بەڵام ئەم پێشبینییانە هەموویان بە هەڵەدا چوون؛ لە جیاتی یەکدەستبوونی جیهان، پێناسەی ئێتنیکی و کولتووری گرینگییەکی زۆریان بە خۆیانەوە بینیوە و چەمکی «سیاسەتی پێناسە» (identity politics) جێ کەوتووە لە گوتاری سیاسی، میدیا و ئاکادێمیدا.[13]

لەم ڕەوتەدا پێناسەی ئێتنیکی و کولتووری وەک لایەنی گرینگی «ناوچە» وەک کاردانەوە (reaction) دژ بە پرۆسەی بەجیهانیبوون بینراون. لە لایەن ئەندامانی گرووپی ئێتنیکی و نەتەوەیی تێندێنسی یەکدەستکردنی کولتووری بەجیهانیبوون وەک مەترسییەک هەست پێدەکرێ دژ بە پێناسەکانیان.

لەم پێوەندییەدا گرینگ ئەوەیە کە پێوەندی دیالێکتیکی لە نێوان بەجیهانیبوون و پێناسەدا ببینین؛ واتە، نە تەنها پێکەوەگرێدان و نێوکۆیی لە نێوان ناوچە و پرۆسەی بەجیهانیبووندا هەیە، بەڵکو لە نێوان ئەم دوانەدا ململانێ و کێشەش هەیە کە دەبێتە هۆی کاردانەوە لەلایەن ناوچەوە و بەم شێوەیە سنووری نێوان «ئێمە» و «ئەوانی دیکە» تۆختر دەبێت. هەر بۆیە دروستترە لە باتی بەجیهانیبوون، باس لە بەجیهانیبوون ــ بەناوچەییبوون بکەین.

لێرەدا پێویستە بگوترێ کە بە یارمەتی چەمکی بەجیهانیبوون ــ بەناوچەییبوون ئێمە هەنگاوی یەکەممان ناوە بۆ شیکردنەوەی، یان بابڵێین بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو

**لەم ڕەوتەدا پێناسەی ئێتنیکی و کولتووری وەک لایەنی گرینگی «ناوچە» وەک کاردانەوە (reaction) دژ بە پرۆسەی بەجیهانیبوون بینراون. لە لایەن ئەندامانی گرووپی ئێتنیکی و نەتەوەیی تێندێنسی یەکدەستکردنی کولتووری بەجیهانیبوون وەک مەترسییەک هەست پێدەکرێ دژ بە پێناسەکانیان.**

ناکۆکییەی کە لە پێوەندیی نێوان بەجیهانیبوون و پێناسەدا دەستنیشان کرا. بەڵام بۆ ئەوەی ئەم ئەرکە بە تەواوی بە جێ بگەیێنین دەبێ هەنگاوێکی دیکەش بنێین و ئەویش بە یارمەتی تیۆرییەکی دژ ــ جەهەرگەرایی سەبارەت بە پێناسە مەیسەر دەبێت.

**پێناسە و بەجیهانیبوون ـ بەناوچەییبوون**

شان بە شانی ئەو باسانەی کە سەبارەت بە جیهانیبوون لە ئارادان، پێناسە بووەتە بابەتێکی گرینگ لە باسی ئاکادێمی و سیاسی ساڵانی دوایی. بێگومان ئەمە ڕێکەوت نییە. کۆمەڵناسی ناودار زیگمونت باومان کە وردبینییەکی تایبەتی هەیە بۆ پرۆسە ناکۆک و دژبەرەکانی سەردەمی ئێمە دەنووسێت:

> ئەوڕۆ زیاتر لە هەموو کاتێکی ڕابردوو لە سەردەمی مۆدێرندا باس لە پێناسە و گرفتی پێناسە دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، مرۆڤ لە خۆی دەپرسێت ئایا ئەم شەیداییە(obsession) [بە پێناسەوە] بارێکی دیکەی ئەو ڕێسا گشتییە نییە کە شتەکان تەنها کاتێک دەبنە هۆی سەرنج *ex post facto*ـ واتە کاتێک کە نامێنن، دەشکێن یان بێ کەڵک دەبن.[14]

پێموایە ئەم سەرنجەی زیگمونت باومان لە جێی خۆیەتی. بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا پێناسەی ئێتنیکی لە پرۆسەی لە بەین چووندایە یان نە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پەیوەستە بە تێگەیشتنمان سەبارەت بە پێناسە. لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و لە فەلسەفەدا دوو تێگەیشتنی سەرەکی هەن سەبارەت بە پێناسە کە لێرەدا بۆ ئەم باسەی ئێمە گرینگییان هەیە.

لەلایەکەوە تێگەیشتنێکی جەوهەرگەرانە و لەلایەکی دیکە نەفی ئەمە، واتە دژ ــ جەوهەرگەرایی سەبارەت بە پێناسە هەیە. دژ ــ جەوهەرگەرایی لە ڕەتکردنەوەی ئەو بۆچوونەدا کە پێناسە بە بوونی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی «جەوهەری»

یان «بابەتی» (چ لای مرۆڤ وەک تاک یان ئەندامی گرووپێک) دادەنێ، نەفی جەوهەرگەرای دەکا. دژ ــ جەهەرگەرایی پێناسە وەک شتێک دەبینێت کە لە سەر ئەساسی جیاوازیی نێوان «من» و «ئەو» و «ئێمە» و «ئەوانی دیکە» پێکدێت و دروست دەبێت.

فەیلەسووفی ئەمریکایی ریچارد رۆرتی بە بەراوردکردنێک لەگەڵ ماتماتیکدا، دژ ـ جەوهەرگەرایی شیدەکاتەوە و دەڵێت بە هەمان شێوە کە ئێمە ناتوانین بپرسین جەوهەری ژمارەی ٥ چییە، هەر بە هەمان شێوەش ناتوانین بپرسین جەوهەری ئەم یان ئەو پێناسە چییە، یان بوون خۆی لە خۆیدا چییە. ژمارەی ٥ مانای خۆی لە جیاوازی لەگەڵ ژمارەی دیکەدا وەردەگرێ، وەک ژمارەی ٤، ٦ و هتد..[١٥] بەم شێوەیە ئێمە دەتوانین هەمان تێگەیشتنمان لەمەڕ پێناسەی کولتووری و ئێتنیکی هەبێت.

بە واتایەکی دیکە، دژ ـ جەوهەرگەرایی پێناسە وەک شتێکی جەوهەری لە خۆیدا ڕەتدەکاتەوە. پێناسەی ئێمە لە سەر ئەساسی جیاوازی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا پێکدێت. کوردبوون هەمیشە نەبوونی شتێکی دیکەیە، تورک بوون، عەرەب بوون، فارس بوون و هتد..

ئینجا با لێرەدا بگەڕێینەوە سەر پێوەندی نێوان بەجیهانیبوون و پێناسە. وەک لە سەرەتای ئەم وتارەدا گوتم، ئەگەر «بەجیهانیبوون» پرۆسەی سنووربەزاندن، کۆچ، لە یەکترنزیکبوونەوە و فرەبوونی پێوەندی لە نێوان کۆمەڵگا و کولتووری جیاواز و هتد.. بێت، ئەوجا تێگەیشتنێکی دروست لەم پێوەندییە ئەوەیە کە پێناسەی ئێتنیکی لەم ڕەوتەدا لایەنێکی گرینگ و بگرە ئەساسی لە ژیانی مرۆڤدا پێکدێنێت، بە شەرتێک ئێمە ئەو تیۆرییە دژ ـ جەوهەرگەراییە پەسند بکەین کە پێناسە لە سەر ئەساسی جیاوازی پێکدێت. بە واتایەکی دیکە، بەجیهانیبوون بە نزیککردنەوەی خەڵک لە یەکتر جیاوازی ئێتنیکی بە هێز دەکا و لە ئاکامدا شکڵیان پێدەداتەوە. وەک نووسەر و ئانترۆپۆلۆژی نۆرویژی تۆماس ئێرکسێن دەڵێت، بە جیهانیبوون بە مانای سەرهەڵدانی کولتوورێکی یەکدەستی جیهانی نییە، یان بە قسەی خۆی، "[...] هەموومان وەک یەکمان لێ نایێت، بەڵکو بە شێوەی دیکە لە بەراورد لەگەڵ پێشوو جیاواز دەبین".[١٦]

**کوردایەتی و بەجیهانیبوون: لە جیاتی کۆتایی**

ئێمەی کورد لە بەر ئەوەی پێناسەی نەتەوەییمان ئینکار

**ئەو دەرسەی کە ئەم خەڵکانە لە سەرنەکەوتنی مارکسیسم وەریانگرتووە، یان دەبێ وەریبگرن، ئەوەیە کە مەسەلەی کورد ناکرێ ببەسترێتەوە بە گێڕانەوەی گەورەوە ـ جا چ مارکسیسم یان وەک لە ڕۆژگاری ئەوڕۆدا، ئیسلامیسم بێت.**

دەکرێ، تێندێنسێکی بەهێزترمان لە گەلانی دیکە تێدایە بۆ ئارەزووکردنی سیاسەتێک و کۆمەڵگایەک لەوپەڕی ناسیۆنالیسمەوە. ئەمە هەمیشە لە شێوەی خۆ بەستنەوە بە «گێڕانەوەیەکی گەورە»(meta-narrative) بووە بۆ ڕزگاری.

مارکسیسم لە ساڵانی شەستەوە تا هەنووکە یەکێک لەم گێڕانەوە گەورانە بووە کە بەشێکی زۆر لە رووناکبیر و سیاسەتمەداری کورد بڕوایان پێ بووە. ڕاستە لێرە و لەوێ تاقم و گرووپی بچووک کە زیاتر لە تەریقەتی ئایینی دەچن، هێشتا بڕوایان بە ئامانجگەرایی(teleology) کۆمونیسم ماوە و ڕزگاری گەلی کورد و ڕزگاری ژنان لە چەوساندنەوەی جینسی بە مەسەلەیەکی لاوەکی دەزانن و گرینگی دەدەن بە ڕزگاری «چینی کرێکار» لە فۆرمی دیکتاتۆریی پرۆلێتاریا و لە ئاخرین قۆناخدا «کۆمەڵگای کۆمونیستی». بەڵام زۆربەی هەرە زۆری کۆنە مارکسیستەکان وازیان لە ئۆتۆپیای کۆمونیسم هێناوە. ئەو دەرسەی کە ئەم خەڵکانە لە سەرنەکەوتنی مارکسیسم وەریانگرتووە، یان دەبێ وەریبگرن، ئەوەیە کە مەسەلەی کورد ناکرێ ببەسترێتەوە بە گێڕانەوەی گەورەوە ــ جا چ مارکسیسم یان وەک لە ڕۆژگاری ئەوڕۆدا، ئیسلامیسم بێت.

بەڵام لەبەر ئەوەی هێشتا، دوای یەک سەدە خەبات، کورد سەر نەکەوتووە لە دروستکردنی کیانێک بۆ ژیانێکی ئاسوودە وەک نەتەوەی دیکەی جیهان، مەترسی ئەوە هەیە کە ئێمە ئازادی خۆمان لە گێڕانەوەیەکی گەورەدا ببینین (ڕەنگە پێویست بە ئاماژە نەکات کە ئەوڕۆ تێندێنسێکی بەهێزی ئیسلامی سیاسی ــ بەتایبەتی لە باشووری کوردستان ــ هەیە کە دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی وەک چارەسەری کێشە بنەڕەتییەکانی کوردستان دەزانێ).

من پێم سەیر نییە «بەجیهانیبوون» ببێتە گێڕانەوەیەکی

**ڕەنگە پێویست بە ئاماژە نەکات کە ئەوڕۆ تێندێنسێکی بەهێزی ئیسلامی سیاسی ـ بەتایبەتی لە باشووری کوردستان ـ هەیە کە دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی وەک چارەسەری کێشە بنەڕەتییەکانی کوردستان دەزانێ.**

گەورەی دیکە و بەم شێوەیە ببێتە تەگەرەیەک لە بەردەم چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد. پێم سەیر نییە ئیستدلالێک لە بابەتی «لە بەر ئەوەی ئێمە لە سەردەمی بەجیهانیبوون و نەمانی سنوور و پێناسەی نەتەوەییدا دەژین، ناسیۆنالیسمی کوردی باوی نەماوە»، پەرە بستێنێت و جێ بکەوێت. ئەمەش بێگومان وەک ئەزموونی مارکسیسم لە کوردستاندا، چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد نەتەنها وەدەرنگ دەخا، بەڵکە پێشیشی دەگرێ و زیان لە مەسەلەی ڕەوای نەتەوایەتی کورد دەدا.

لەبەر ئەم هۆیانە، دەبێ ئێمەی کورد لە هەموو کەسی دیکە زیاتر هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەمان هەبێت سەبارەت بە بەجیهانیبوون. هیوادارم ئەم وتارە کورتە یارمەتیدەر بێت بە تێگەیشتنێکی ڕەخنەگرانەی لەو بابەتە.

**تێبینی:** نووسینی تێسکتێکی تیۆریکی لەم بابەتە بە زمانی کوردی کارێکی ئاسان نییە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم زۆر سوپاسی دانا سۆفی و شەماڵ بکەم بۆ تێبینییە بە نرخەکانیان لە ڕووی زمانەوە.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان**


1- Held, David & McGrew, Anthony. "The Great Globalization Debate. An Introduction", in Held, D. and McGrew, A. (eds.) *The Global Transformations Reader: An Introduciton to the Globalization Debate* (Cambridge: Polity Press, 2000), pp. 6-8.

٢- لە ڕاستیدا دانانی «پێناسە» لە بەرانبەر زاراوەی (identity)، کە ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە سەر وشەی «idem»(وەک یەک/the same) بە زمانی لاتین جێگەی باسە. لە باشووری کوردستان لە بەرانبەر identity دا «ناسنامە» باکاردێت و «پێناسە» بە مانای «تەعریف» جێکەوتووە (کە ئەویش جێگای باسە)، بەڵام «ناسنامە» دروستترە بەرانبەر بە «identity card» بەکارببرێت. لەبەر ئەوەی لە کوردیدا زاراوەیەک نییە کە پڕ بەپێستی identityی ئینگلیسی بێت، ناچار بووم کە "پێناسە" بەکار بێنم.

٣- من لێرەدا کەڵکم لە شیکردنەوەی ئەم چەمکە لەلای ئولریش بێک (Ulrish Beck) و زیگمۆنت باومان(Zygmunt Bauman)ەوە وەرگرتووە. بڕوانە:

- Zygmunt, Bauman. "On Globalization: or Globalization for Some, Localization for Some Others", in *Thesis Eleven*, Nr. 54, 1998.

- Beck, Ulrish. *Vad innebär globaliseringen? Missuppfattningar och möjliga politiska svar* (Göteborg: Daidalos, 1998), PP71-77.

4- Geschiere, Peter & Meyer Birgit. "Introduction"in Geschiere, P. & Meyer, B. (eds.) *Globalization and Identity: Dialectics of Flow and Closure* (Oxford: Blackwell Publishers, 1999).

5- Beck, Ulrish. op. cit., PP. 52-55.

- Thörn, Håkan. "Nationalstatens kris? Ekonomiska och politiska aspekter av globaliseringsprocessen" in *Häften för kritiska studier*, Nr. 4, 2000, pp.5-9.

٦- بۆ هەوڵێکی وا بڕوانە: Beck, Ulrish. op. cit.

7- Giddens, Anthony. *Runaway World: How Globalisation is Reshaping Our Lives* (London: Profile Books, 1999), pp. 1-19.

8- Held & McGrew. op. cit., p.4.

9- Nicholson, Michael."How Novel is Globalization?" in Shaw, Martin (ed.) *Politics and Globalisation: Knowledge, Ethics and Agency* (London: Routledge, 1999).

١٠- بۆ ڕەخنەیەکی بەهێزی فەلسەفی لە ئەزموونگەری، بڕوانە:
Rorty, Richard. *Philosophy and the Mirror of Nature* (Princeton: Princeton University Press, 1979).

11- Held et. al. (2000, p. 55).

12- Geschiere & Meyer. op. cit.

13- Eriksen, H. Thomas. *Små platser - stora frågor: En introduktion till socialantropologi* (Nora: Nya Doxa, 2000), pp. 340-348.

14- Bauman, Zygmunt. *Skärvor och fragment: Essär i postmodern moral* (Göteborg: Diadalos,1995), p. 105.

15-Rorty, Richard. Philosophy and Social Hope (London: Pengium Books, 1999), pp. 50-53.

16- Eriksen, H. Thomas. op. cit., p.333.


• • •

# لە گۆشەنیگای منەوە

حەمەسەعید حەسەن

**ئەو پەیڤانەی لە دڵەوە هەڵدەقوڵێن**

ئەوە شتێکی چاوەڕوانکراوە کە شۆڕسوارانی براکوژی، داڵدەی قارەمانانی ئەنفال بدەن. کەسانێک داڵدەی ئەوانەش بدەن کە گەمەیان بە (گیان)ی هاووڵاتییان دەکرد، ئیدی کەی سەیرە، داڵدەی ژنێک بدەن کە گەمەی تەنیا بە (سامان)ی نیشتمان دەکرد؟ بە ڕاست خەزرەجی کە سەرانی کورد شێلگیرانە داکۆکییان لێ دەکرد، چی بەسەر هات؟ ترسی ئەوەم هەیە جەعفەر بەرزنجیش، وەک ئەو خۆی بزر بکات و دەستی سزای نەگاتێ.

هەموو توانای هەموو دەسەڵاتێک تەرخانە بۆ بە کۆیلەکردنی تاکەکانی کۆمەڵ. حیزب کە شێوەیەکە لە شێوەکانی دەسەڵات، مێشکی ئەندامەکانی دەسڕێتەوە و دەیانکاتە کۆیلەی ئەو سیاسەتەی پێڕەوی دەکات. ئەندامی حیزب کە کۆیلەیەکی مێشکشۆراوەیە، ئینسانبوونی خۆی لە دەست دەدات و لە کارگەی حیزبدا، ئامێر ئاسا هەڵدەسووڕێت. هەر بۆیە کە حیزب جاڕی شەڕی ناوخۆ دەدات، ئەندام تەقەی خۆشی دەکات! کە بارزانی بەعس دێنێتە سەر ینک، ئەندام چەپڵەی بۆ لێ دەدات! کە دەڵێت: هەر کۆبوونەوەیەک منی لێ نەبم، تاڵەبانی دەتوانێت، بە ناوی منیشەوە بپەیڤێت، ئەندام چەپڵەی بۆ دەکوتێت! تەنانەت حیزب کە قاپیی ئامێزی پڕ لە سۆز، بۆ ئەنفالچییانیش واز دەکات، ئەندام داکۆکی لێ دەکات! کە ئەمریکا پەلاماری تالیبان دەدات و ڕێبەر لایەنی ئەمریکا دەگرێت، ئەندامی بەستەزمان سەنگەری بوش هەڵدەبژێرێت. کە ئەمریکا پەلاماری بەعس دەدات و لیدەر (Leader) لایەنی بەعس دەگرێت، ئەندامی قەڵەندەر بە سەنگەری سەددامەوە پەیوەست دەبێت! ئەگەر ئەندام کۆیلەیەکی گوێڕایەڵ نەبێت، چۆن کەسێک مافی ئەوەی دەبێت، (٢٨) ساڵ سکرتێری حیزب بێت؟ سکرتێری حیزبێکی خێڵەکی نا، هی حیزبێکی پۆستمۆدێرنی سۆسیال دیموکرات! ئێران ڕژێمێکی تیرۆریست نەبووایە، ئێستاش د. قاسملوو سکرتێری حدکا دەبوو.

لە ڕوانگەی حیزبەوە کە گاڵتە بە ئاوەزی ئەندام دەکات، ئینسان کاڵفامە و پێویستی بە ڕێنوێنی هەیە، هەر بۆیە کە سەرۆک دەستی لە دەسەڵات گیر دەبێت، تا هەناسە بدات، دەستی لێ بەر نادات، مەگەر ڕاو بنرێت. لە باشووری کوردستان نەک هەر تەنیا ڕێبەر بە درێژایی ژیانی هەر ڕێبەر دەبێت، بەڵکوو پێ دەچێت پەرلەمانتاریش تا بژی هەر ئەندامی پەرلەمان بێت!

وەک چۆن هەموو هەوڵی حیزب بۆ ئەوەیە، ئینسان بکات بە ئەندام، یان ڕاستتر، بە ئامێر، پێویستە هەموو هەوڵی ئینسانیش بۆ ئەوە تەرخان بێت، ڕێ نەدات بکرێت بە ئەندام، یان ڕاستتر، بە کۆیلە. هێندە بەزەییم بە ئەندامی حیزبدا دێتەوە، بۆکرووز لە جەرگمەوە هەڵدەستێت. ئێمە وەک ئینسانێکی ئازاد لە دایک دەبین، ئەوە حیزبە دەمانکاتە دڕندەیەکی کۆیلە.

٢٠٠٣-٥-٢٢

**بەڕێز مام**

(الإحسان بالتمام)

ئێوە وەک چاکی کوردایەتیتان لێ هەڵکردووە و ئەو ئیشە چاکەتان دەست داوەتێ، وەرن ئیشەکە بە تەواوی جێبەجێ

بکەن! گومانم لەوە نییە دەزانن، سەددام بێجگە لە ساجیدە، لای کەم سێ ژنی دیکەش شک دەبا. لە بیرمە لە قازانجی ژنان، سووکە دەستکارییەکی یاسای ڕەوشی کەسێتیتان کرد، بۆیە چاوەڕوانی ئەوەم لە ئێوەی ژندۆست هەیە، دەستی سەوزی چاکە بۆ سێ ژنەکەی دیکەشی، بۆ (سەمیرە شابەندەر، خاتوو نیزال و ئیمانی مەلا حەویش)یش درێژ بکەن!

ئێوە دەبێژن: سەددام ساجیدەی دەچەوساندەوە. ئەدی لەگەڵ سێ ژنەکەی دیکەیدا، جوان ڕەوتاری دەکرد؟ ئاخۆ نازانن سەددام هێندە لە دوا ژنی بەتەمەنتر بوو، کە نەک بە کچ، بە کچەزاشی دەشیا! ساجیدە بە جۆری گەمەی بە سامانی نیشتمان دەکرد، کە فەرمحی ژنی شای شایان، خشڵەکانی هەرزانفرۆش کرد، هێندە گران بوون، تەنیا لە توانای دایکی عودەیدا هەبوو، بیانکڕێت.

دڵنیام ئێوە گەرەکتانە بە داڵدەدانی خانمی خانمانی عێراق، دڵی دایکی هەموو شەهیدێک، بدەنە بەر تاقگەی شادی، وەلێ بۆ ئەوەی شادییەکە تا سەر بێت، تکایە ئەو دۆستە هاوبەشەی نێوان خۆتان و بنەماڵەی سەرۆکی لێقەوماو ئاگادار بکەنەوە، با بە سێ (هەوێ)کەی ساجیدە خاتوون بڵێت، چی زووترە ڕێی کوردستان بگرنە بەر!

بە مێژووتاندا دیارە، ئێوە لەو جۆرە پیاوانە نین کە لە تەنگانەدا، پشت دەکەنە ژن و منداڵی دۆستانی دێرینیان، بۆیە خاترجەمم ئەم داوایەم ڕەت ناکەنەوە. بەو هیوایەی هەموو ژنانی سەرۆکی گلاو، بێ جیاوازیکردن لە نێوانیاندا، بەم زووانە تێر بە سییەکانیان، ئەو هەوای ئازادییە هەڵبمژن کە ئێوە بە خەباتی درێژخایەنتان، بۆ کوردستانتان دابین کردووە.

جارێکیان بارزانی، بە بەر چاوی کامێراوە، دەستی دایکی شەهیدێکی ڕێی ئازادیی کوردستانی ڕادەمووسی. ئێوە ئەی تاڵەبانی، مەگەر تەنیا بە ڕێزلێنان لە خوشکی (شەهید) عەدنان تەڵفاح و هەوێکانی، تۆڵەی ئەو گۆڵە لەو سەرەکخێڵە بکەنەوە.

٢٠٠٣-٥-٢٣

**لە گۆڕەپانێکی بێ سواردا**

لەمێژە زەنگی دەرگام خامۆشە،

لەمێژە زەنگی تەلەفۆنەکەم بێ زایەڵەیە،

هاکا بەزەبری دەردی تەنیایی

زەنگی دڵیشم لە لێدان سرەوت.١

ئەگەر لە بیرتان مابێت، کۆتایی ساڵی ١٩٨٦ لە تاران، سەروەختی کۆنگرەی سەرخستنی گەلی عێراق، ینک و پدک لە ژێر گوشاری ڕژێمی ئێراندا، پێک هاتنەوە و دواتر بەرەی کوردستانییان پێکەوە نا. ئەو دوو لایەنە چونکە وا ڕاهاتوون، لەسەر خواستی داگیرکەران هێز و تواناکانیان یەک بخەن، پێ دەچێت بۆ یەکخستنەوەی دوو ئیدارەکەشیان، چاوەڕێی گوشاری ڕاستەقینەی ئەمریکا بن؛ ئاخر هەنووکە ئەمریکا داگیرکەرێکی ئێسکسووکی کوردستانە و کوردیش فێر نییە، بێ فەرمانی داگیرکەر، هەنگاوی گرنگ بهاوێت.

بە سەرکەوتنی ئەمریکا بەسەر بەعسدا، سەنگی کورد قورستر و هی داگیرکەرانی کوردستان سووکتر بوو. تورکیا چونکە هیچ بەشدارییەکی لە (ئازادکردنی) عێراقدا نەکرد، ئیدی هەرگیز ئەمریکا ئەو گرنگییەی جارانی پێ نادات، ئەمە جگە لەوەی عێراقی داهاتوو، دەبێتە دۆستێکی جێی متمانەی ئەمریکا و ئیدی ئەو زلهێزە بێ وێنەیە، بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی لەو ناوچە گرنگەدا، ئەو پێویستییەی جارانی بە تورکیا نامێنێت.

ئێران و سووریاش هەنووکە لە ترسی ئەوەی نەک دوای عێراق، سەرەی (ئازادکردن)یان بێت، بە بەراورد لەگەڵ پێش ٩ی ئەپریلدا، گەلێک سەلار و بێوەین. کەواتە کورد پێشتر، نە داگیرکەرانی هێندە لاواز بوون و نە هەلی زێڕینی واشی بۆ هەڵکەوتووە، بۆیە وەختێتی جاڕی سەربەخۆیی باشووری کوردستان بدرێت؛ وەلێ چونکە سەرانی کورد، بە گوشاری داگیرکەران نەبێت، هەنگاوی گرنگ ناهاوێژن، پێ دەچێت چاوەڕێی ئەوە بن، داگیرکەران ڕۆژی جاڕدانی سەربەخۆیی نیشتمانیان بۆ دەستنیشان بکەن! ئاخر ڕەوشەکە ناسکە و داگیرکەرانی بەشەکانی تری کوردستان باشتر دەزانن، چ وەختێک بۆ جاڕدانی سەربەخۆیی ئەو بەشەی کوردستان کە لە بن دەستیشیاندا نییە، لەبارە!

***

١ قورئان گرنگترین سەرچاوەی زمانی عەرەبییە، کورد (قورئان)ی نییە، بیکات بە پێوانە بۆ زمانەکەی، (گۆران)ی هەیە. مامۆستا گۆران، چونکە ئەو شاعیرە زمانپاراوەیە کە فێری زمانی خاوێنی کوردیی کردووین، پێویستە بەوپەڕی ڕێزەوە سەرنجی شیعرە بالاکانی بدەین و جۆری مامەڵەکردنمان لەگەڵ دیوانەکەیدا، وەک مامەڵەکردنی عەرەب بێت لەتەک قورئاندا.

(لە سەرەمەرگی هیوادا،) یەکێکە لە دەقە پیرۆزەکانی شیعری گۆران، بەهرۆزی تەوەکولی کە ئەو شیعرە بالایەی کردووە بە بناغەی گوتنەوەی بەستەی (ئەی وەی زارا)ی حەسەن زیرەکی نەمر، هاوزەمان سووکایەتی بە ئەدەب و هونەری کوردی کردووە، هاوزەمان سووک سەرنجی شیعری گۆران و گۆرانیی حەسەنی زیرەکی داوە.

ڕۆڵەی تاقانەم هیوای ژیانم
ئەی وەی زارا گیان، دیدەم زارا
ئەستێرەگەشەی بەری بەیانم
ئەی وەی زارا گیان، دیدەم زارا
هیوا ڕۆڵە ڕۆ، کۆرپەم ڕۆڵە ڕۆ
ئەی وەی زارا گیان، دیدەم زارا
ئەو کوڵمە ئاڵ و نەرمونۆڵە ڕۆ
ئەی وەی زارا گیان، دیدەم زارا

گۆران خورخورِ دەگری و (شین) بۆ (هیوا)ی کوری دەگێڕێت؛ بەهرۆزیش سەرقاڵی (شایی)یە و بەستە بۆ (زارا)ی یاری دەچڕێت! من دژی ئەوە بووم کە لە لوبنان مارسیل خەلیفە بە (تاوان)ی ئەوەی شیعرێکی لەژێر کاریگەرێتی قورئاندا نووسراوی مەحموود دەرویشی بە گۆرانی گوتبوو، بە دادگا درا، وەلێ لەگەڵ ئەوەدام، تەوەکولی بە تاوانی سووکایەتی بە هەستی گۆران و بەستەی حەسەن زیرەک کردن، دادگایی بکرێت.

***

(نە لە ئەزڤێستادا، پراڤدا هەیە و نە لە پراڤدادا، ئەزڤێستا.)[2] نە لە (کوردستانی نوێ)دا، تاڵە (نوور)ێک دەخرێتە سەر (خەبات)ی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان و نە لە (خەبات)دا باسێک لە کوردستانێکی نوێ هەیە. لە (کوردستانی نوێ) و (خەبات)دا، (نوور) تەنیا لەسەر (برایەتی) کورد و عەرەبی (عێراق)ە.[3]
٢٠٠٣-٥-٢٩

١) بە دەستکارییەوە، لە شیعرێکی (یوسف سائیغ)ەوە وەرگیراوە.
٢) ئەزڤێستا: هەواڵ. پراڤدا: ڕاستی.
٣) کوردستانی نوێ، خەبات، برایەتی، نوور (النور) و عێراق، کۆمەڵێ ڕۆژنامەی تازە و دێرین.

**لە شارێکی بێ ژندا**

تەنانەت لە ئێرانیشدا کە شمشێری ئیسلام فەرمانڕەوایە، ژن لە ژیانی سیاسیدا ڕۆڵی گرنگ وازی دەکات، وەلێ لە کوردستاندا ژن هێندە لە ناوەندی بڕیارەوە دوورە، لە وڵاتێکی بێ ژن دەچێت، کەچی بانگەشە بۆ ئەوە دەکرێت، مۆدێلی فەرمانڕەوایی تێیدا هێندە دیموکراتی و پێشکەوتووە، بافتی ئەوەیە نەک هەر لە عێراقدا پێڕەو بکرێت، بەڵکوو ببێتە نموونەیەکی باڵا بۆ هەموو وڵاتانی ناوچەکە.

لەو سێ سەد کەسەی وەک نوێنەرانی پارێزگای کەرکووک دەستنیشان کرابوون و ئەرکی هەڵبژاردنی پارێزگاریان بە دوو قۆناغ پێ سپێردرابوو، تاقە یەکێکیشیان ژن نەبوون. تەنانەت لەو لۆکاڵەدا کە پرۆسەی هەڵبژاردنی تێدا بەڕێوە دەچوو، ژن وەک تەماشاچیش، بوونی نەبوو! تۆ بڵێی کەرکووک ناوچەیەکی بێ ژن بێت؟

***

ئەو خەڵکە بە عێراق بێگانەیەی دژی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر بەعس، ڕژانە سەر شەقامەکان، دەشێت بەشێکیان کەسانی ئاشتیخواز و ئینساندۆست بوویێتن و نەیانزانی بێت، عێراقی بن دەستی بەعس، وڵاتێکە لە کۆقەبر. ئەوە سەیر بوو کەسانێک کە خەڵکی وڵاتەکە بوون و سوور دەیانزانی بەعس عێراقی کردووە بە گۆڕستانێکی فراوان، کەچی بە بیانووی داکۆکی لە ئینسان کردنەوە، دژی پەلاماری ئەمریکا بۆ سەر سەددام دەوەستانەوە!

کارێ کە سەددام بە خەڵکی نیوانی دوو زێی کرد، بە درێژایی مێژوو هیچ دەسەڵاتێکی خۆجێیی، یان هیچ داگیرکەرێکی دراوسێ و لە دوورەوە هاتوو، پێی نەکردووە، ئیدی هەر لە حەججاج و هۆلاکۆ و جەنگیز خان و تەیموری لەنگەوە، تا جەنەڕاڵ مود و تۆمی فرانکس. دەست خۆش بوش کە دژی هەموو (دنیا) وەستایەوە و بەعست ڕووخاند. دەست خۆش بلێر کە لایەنی ئەمریکات گرت. ئەگەر هەڵوێستی بوێرانەی ئەو دوو پیاوە نەبووایە، لەوانە بوو عێراق ٣٥ ساڵی دیکەش هەر لەژێر دەستی ئاسنینی بە خوێن سووری بەعسدا ناڵاندبای. بۆ من ئەوە گرنگ نییە بوش و بلێر لە دووی کام دەستکەوت وێڵن؟ ئەوەم بۆ گرنگە بەعسیان ڕووخاند، بۆیە هەق وایە پەیکەریان سەنتەری هەموو شارێکی عێراق برازێنێتەوە. ئەمریکا بە هەموو خەوشەکانییەوە کە لێیان بێ ئاگا نیم، ئەو فریادڕەسە بوو، گەورەترین خەونی خەڵکی عێراقی هێنایە دی.

ڕەفسەنجانی دەڵێت: (ئەمریکا نەوتی عێراق دەدزێت. ئەوی دەستدرێژی بکاتە سەر ئێران، دەستی دەبڕینەوە.)*

بریا بەعسیش هەر نەوتی عێراقی دزیبا، ئاخر سەددام دەیدزی و دەیدا بە چەک و نەک تەنیا خەڵکی عێراق، بەڵکوو دراوسێکانی عێراقیشی پێ قەلاچۆ دەکرد. ئەدی ئاغای ڕەفسەنجانی دەستی سەددامی بۆچی نەدەبڕییەوە، کە هەشت ساڵی ڕەبەق لە بەربینی ئێرانی گیر کردبوو؟

***

چونکە کورد پێنجیەکی خەڵکی عێراق پێک دەهێنێت، نە بە شەڕ دەتوانێت مافەکانی خۆی دابین بکات، نە بە ئاشتی. ئاخر لە سەروەختی ئاشتی و برایەتی و ڕیفراندۆم و هەڵبژاردنی دیموکراتیشدا، ژمارەی دەنگ بڕیار دەدات و کورد هەر بە پێنجیەکی دەمێنێتەوە و زۆربە هەر دەکەونەوە سەنگەری عێراقییەکەوە کە بەشێک دەبێت لە نەتەوەی عەرەب! بۆیە تاقە ڕێگا بۆ چارەسەری کێشەی کورد، جیابوونەوەیە و کورد هەرگیز هەلی لە ئێستا گونجاوتری بۆ جاڕدانی سەربەخۆیی، بۆ نەڕەخساوە.

٢٠٠٣-٥-٣١

* (٢٠٠٣/٥/٣٠ نوێژی هەینی/تاران).

**بڕۆن کێک بخۆن**

داهاتی کوردستان لەژێر دەستی ئاسنینی سەرانی دوو زلحیزبەکەدایە و بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی و پڕوپاگەندەی حیزبی دەخرێتە گەڕ. ئێستا کە زۆربەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ برسێتیدا دەجەنگن، فەرمانڕەوایان تا دێت زەنگین و زەنگینتر دەبن. دەسەڵاتدارانی کوردستانی ئازاد وەک چارەسەرێک بۆ ئەو خەڵکە برسییە نابیننەوە، هیچ نەبێت، ئەو ئەرکەش ناکێشن، لە شانشینی تەلارەکانیانەوە، پێیان بڵێن: بڕۆن کێک بخۆن!

پێش نۆی ئەپریل ئەوی باسی لە خەمی هەژاران کردبا، بە تابووری پێنجەم تێوزەد دەکرا، هەنووکە کە بەعس گلاوە، ئەوە بۆچی لایەنێک لە پێناوی بەدیهێنانی خواستەکانی لەشکری چەوساوەکاندا، یەخەی فەرمانڕەوایان ناگرێت؟ بە ڕاست کاری ئەو پۆلە حیزبەی خۆیان بە دەمڕاست و پێشڕەوی هەژاران دەزانن، چییە؟ هەژارانی کوردستان هەرگیز هێندەی ئێستا دەستکورت نەبوون، سەرمایەدارانی کوردستان هەرگیز هێندەی ئێستا دەوڵەمەند نەبوون؛ ئەگەر شنەی ئازادی ئاڵای وڵات دەشەکێنێتەوە، لە سۆنگەی چییەوەیە زەریای تووڕەی لەشکری هەژاران لە شەقام و گۆڕەپانەکانی شارەکانی کوردستاندا شەپۆل نادات؟

ئەگەر پدک و ینک بەشێک نەبوونایە لەو توێژە دەوڵەمەندەی کەمە بە ژیانی هاووڵاتییان دەکات، هەنگاوێکیان لە بەرژەوەندیی کەمدەرامەتان دەهاویشت. ئەگەر ئەو ڕەوشە ئابوورییەی هەنووکە کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، لە قازانجی دەستڕۆیشتووانی نێو دوو زلحیزبەکە نەبووایە، لەمێژ بوو، هەڵوێستی کاربڕیان نواند بوو.

جاران بە بیانووی ئەوەی کوردستان داگیر کراوە، ئەوی لە قازانجی هەژاران هاوارێکی کردبا، بەو پاساوانەی کوردستان پرۆلیتاریای تێدا نییە و کێشەی چینایەتی پێویستە دوای ڕزگارکردنی نیشتمان چارەسەر بکرێت، دەست دەخرایە بینی. هەوکە کە هەموو کوردستان بە دەست کوردەوەیە، دەزگا سەرکوتگەرەکانی ینک و پدک کە سەلماندیان پاسەوانانی ڕاستەقینەی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەمەندەکانی کوردستانن، ئەوی باس لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بکات، زمانی دەبڕن.

کەسوکار و بنەماڵەی ئەوانەی لە پێناوی ئازادکردنی کوردستاندا گیانیان بەخشی، ئەوانەی بەرگەی گوشاری بەعسیان گرت و خۆیان نەفرۆشت، ئەوانەی خەباتگێڕ بوون نەک سیاسەتباز، ئەوانەی لە تەنگانەدا، نەبوونی مووچە سەنگەری خزمەتکردنی گەلی پێ چۆڵ نەکردن، لە ئازادبوونی کوردستان، تەنیا برسێتییان پێ بڕا.

٢٠٠٣-٦-٣

**ناوبژیوانێکی بەدبەخت**

وەک عیززەدین ئەلەجیدی ئامۆزای سەددام دەڵێ پێدا ناوە، سووریای خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوە، بە زەبری سووکەهەڕەشەیەکی ئەمریکا، ژن و کیژەکانی سەددامی سنووربداش کرد و هیچ وڵاتێکی دیکەی عەرەبیش ئامادە نەبوو، مافی پەنابەرێتییان پێ بدات.[1]

بەوەدا ئێمەی کورد لە ڕەسەنترین عەرەب، عەرەبترین و بە خۆشحاڵییەوە دەرگای وڵاتی خۆمان بۆ ئەو خێزانە لێقەوماوە خستە سەر پشت، مافی ڕەوای خۆمانە، سەرۆکی داهاتووی کۆمەڵەی وڵاتە عەرەبییەکان لە ئێمە بێت. پێم وایە گۆڕەپانی (باکووری عێراق) تەسکە بۆ خەباتی ئەو هێزایەی کلیلی دەرگای کوردستانی لەسەر سینییەکی زێڕین، بۆ ئەو خێزانە عەرەبە بێ نوایە هەنارد و دڵنیاشم ئەگەر خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی کۆمەڵەی وڵاتە عەرەبییەکان کاندید بکات، سەرکەوتنی مسۆگەرە.

***

بە نسکۆی بەعس و هەڵوەشـاندنەوەی دەزگـا سەرکوتگەرەکانی، وڵاتی بێکاران تەواو ئاوەدان بووەوە. لەو لەشکرە بەرینەی کاریان لە دەست دا، تەنیا بەزەییم بەو پیرەمێردە شێخرەزاناسەدا دێتەوە، کە ساڵانێکی دوور و درێژ ئیشی ئەوە بوو، لە نێوان کورد و بەعسدا ناوبژیوان بێت. بۆ ڕێزلێنان لە ڕەنجی بەفیڕۆچووی، جێی خۆیەتی میدالی بەدبەختترین ناوبژیوان لە بەرۆکی بدەین.

***

(برایم) ئەحمەد جێدەستی خۆی بە بە ژیانی سیاسیی سەدەی ڕابردووی عێراقەوە بەجێ هێشت. (بریما)کۆف هەمیشە لەو ساتەوەختە ناسک و هەستناکانەدا کە چارەنووسی بارگیری بەعس ڕوو لە هەڵدێران دەبوو، بە هانای سەددامەوە دەهات. ناوی (بریمە)ری داگیرکەریش بە خەتی درشت دەچێتە نێو دیرۆکی عێراقەوە. ئەم هەموو ڕاوەڕێوییەم بۆیە هێنایەوە، بڵێم: ئەوانەی (برایم)یان ناوە، با سیاسەت بکەن بە پیشە، چونکە مێژوو سەلماندوویەتی کە چارەنووسیان لە بواری کاری سیاسیدا ڕۆشن دەبێت.

***

زۆر قینم لەو ڕستانەیە کە بە (بێ گومان) دەستپێ دەکەن، ئاخر لە (دیکارت)ەوە فێر بووم، هەموو شتێک بخەمە ژێر پرسیار و گومانەوە. ببوورن کە دەڵێم: هیچ گومانم لەوە نییە، لە نێو حیزبە کوردییەکاندا بە گەورە و بچووکیانەوە، تا نۆی ئەپریلش پیاوانی بەعس بە نهێنی هەبوون، ئاخر هەرگیز ڕێی تێ ناچێت، بەعس هەوڵی گەرادانانی لە نێویاندا نەدابێت.

ئێستا کە بەعس ڕووخاوە و بەڵگەنامەکان ئاشکرا بوون، بریا پدک و ینک و حیزبە کوردییەکانی دیکەش، چی زووترە بەعسییەکانی نێو خۆیان، با ئەندامی سەرکردایەتیش بن، ئاشکرا دەکرد، ئەگەرنا خۆشیان بێت یان ترش، ئەو خەتە خوارانەی نێو ڕیزە ڕێکەکانیان، هەر ئاشکرا دەبن. من گەشبینم و ئەوە بە کارەسات نازانم، ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتیی حیزبێکی کوردی، بەعسی بوو بێت، کارەسات لای من ئەوەیە، خودی سکرتێری حیزبە کوردییەکە، خەتخواری[2] بەعس بوو بێت.

***

میستەر پۆڵ بریمەر: تۆ یەکەم داگیرکەری پێشنیاری بخەمە بەر دەست. دەڵێم وەک چۆن (ئەمن)ی عێراقت هەڵوەشاندەوە، پیاوی چاک بە، بە هەمان چاو بۆ (ئاسایش)ی کوردستانیش بڕوانە، چونکە جیاوازی لە نێوان ئەمن و ئاسایشدا مەگەر بە هۆی میکرۆسکۆپەوە، دەنا تەنیا بە چاوی ڕووت نابینرێت.

٥-٦-٢٠٠٣

١) ڕۆژنامەی Expressen ی سویدی ل ٨ ڕۆژی ٥/٦/٢٠٠٣.

٢) خەتخوار کە لەسەر ڕیتمی جلخوار دامرشتووە، بە مانای خط مائل: Doubleagent دێت.

**مەلەکردن لە نێو نەوتدا**

نامۆ سامان پێم دەبێژێت:
(خۆشحاڵم لەو هیچستانەدا تۆ هەیت،
ئەگەر ڕۆژێک وەک مەسیح لە خاچ درایت،
ئەوساکە ڕۆحت لەو هیچستانەدا گوڵ دەگرێت.)

ڕزگار تاهیر مەحموود بۆم دەنووسێت:
(من زمانم نییە بۆ دەربڕینی کلمە الحق
بۆیە گوێچکەم بۆ پەیڤەکانی تۆ شل کردووە.)

نازانم چۆن پاداشتی ئەو هێژایانەی کە ڕێز لە وشەکانم دەگرن، بدەمەوە؟ وەلێ سۆزیان پێ دەدەم، سووکایەتی بە قەڵەمەکەم نەکەم.

***

عێراق لە نێو نەوتدا مەلە دەکات. ئاخۆ ئەگەر بنی عێراق زەریایەک نەبووایە لە نەوت، ئەمەریکا لەو دوورەوە، بۆ ڕووخاندنی بەعس بە ڕێ دەکەوت؟ نەوت شمشێرێکە دوو دەم، بە دەمێکیان بەعس خەڵکی عێراقی دروێنە دەکرد، بە دەمەکەی تریشی ئەمریکا عێراقی ئازادەداگیر کرد. کوردستان کە بە هۆی هەبوونی نەوتەوە داگیر کرابوو، هەر لەبەر هەمان هۆکاریش، لە دەستی بەعس ڕزگاری بوو. سەددام سەد هێندەی دیکەی بە خەڵکی عێراق کردبا، وەلێ عێراق نەوتی شک نەبردبا، ئەمریکا نە ئازادی دەکردین، نە داگیر.

دوو مانگ بەسەر ئازادەداگیرکردنی عێراقدا تێپەڕیوە و چەکی کۆکوژ نەبینراوەتەوە. دۆستەکانی ڕژێمی بەعس و ئەوانەی چاویان بە سەرکەوتنی بوش و بلێردا هەڵنایە، ئەو قەوانە لێ دەدەن. ئایا چەک هەیە کۆکوژتر لە سەددام؟ زۆر لە وڵاتانی دنیا چەکی کۆکوژیان هەیە، وەلێ چونکە لەو وڵاتانەدا سەددامێک فەرمانڕەوا نییە، ئەو چەکانە مەترسییەکی ئەوتۆیان نییە. ئەگەر هەموو کۆقەبرەکانی عێراق هەڵبدرێنەوە، ئەگەر هەموو پۆشاکەکانی بەعس لەبەر تیشکی هەتاو هەڵبخرێن، ئەوسا ئەوە لە گوماندا نامێنێت، ئەوی بەعس بە خەڵکی عێراقی کردووە، نە تورکیا بە

ئەرمەن و نە ئەمریکا بە ڤێتنام و نە خۆمێری سوور بە کەمبۆدیای کردووە. ئایا بەعس چەکی کۆکوژی هەبوو؟ تەنیا کەسانی کەمئاوەز پرسیاری وا لە کورد دەکەن، ئاخر بەعس چەندان جار چەکی کۆکوژی لە کورددا تاقی کردووەتەوە.

ئەو کەرەی بە پارەی بەفر بیکڕین ئاو دەیبات. ئەو ڕژێمەی دەمڕاستەکەی درۆزنێکی وەک سەحاف بووبێت و لەسەر بناغەی درۆ و ساختە ڕۆ نرابێت، بە هانابردنە بەر بەڵگەی ساختە و پاساوی درۆ هەرەسیش دەهێنێت. دەشێت بوش و بلێر بۆ ئەوەی (ڕەوایی) بە جەنگ لە دژی بەعس بدەن، درۆیان بۆ دنیا کردبێت، بەڵام درۆیان لەگەڵ خەڵکی عێراقدا نەکرد، وەک پەیمانیان دابوو، ڕژێمی بەعسیان ڕووخاند. بەڵگە و پاساوی وان ڕاست بووبن یان هەڵبەست، مەبەستیان پاکژ بووبێت یان پۆخڵ، بە ڕووخاندنی بەعس گەورەترین ئاواتی خەڵکی عێراقیان بەدی هێنا.

٩-٦-٢٠٠٣

**پارادۆکس**

لە کوردستان

هیچ نابینم ئاسایی

دزی گچکە

دەبێتە میوانی زیندان،

دزی مەزن بە وەزیری دارایی.

کوردستان وڵاتێکە پڕ لە ناکۆکی و پارادۆکس. داوا دەکەین کوردستان یەک ناوچەی فیدراڵ بێت و خۆمان کردوومانە بە دوو لەتەوە! یەک پەرلەمانمان هەیە، کەچی خاوەنی دوو ڕژێمی فەرمانڕەواین. پەرلەمانەکەمان تاقە پەرلەمانی دنیایە کە جێی ئۆپۆزیسیۆنی تێدا نابێتەوە! وەک چۆن شۆڕشەکانمان درێژخایەن بوون، پەرلەمانەکەشمان درێژخایەنە و تاقە پەرلەمانە کە هەمووومان دەزانین، کەی کراوەتە نێو قوتووەوە، وەلێ کەسمان نازانین کەی ئێکسپایەر دەبێت. مووچە بە دۆلار دەدەین و کڕین و فرۆشتن بە دینارە! بەهای پارەیەکی پواو کە تەنیا لای ئێمە ئەرزشی هەیە، لە ئاستی دۆلاردا کە حوکمی دنیا دەکات، بڵند دەبێتەوە! ئیسلام و خێڵ بەڕێوەمان دەبەن و وڵات بە کۆمەڵگایەکی مەدەنی نێوزەد دەکەین. ئەوی چەند ڕستەیەکی باڵدار لە زارییەوە هەڵفڕی بێت، داوای بڕینی نانی و زمانی دەکەین، کەچی پێمان وایە، ئازادیی بیروڕا دەربڕین لە هەڵکشاندایە!

ئەوە ئەمریکایە دوازدە ساڵە دەمانپارێزێت و کوردستانی بۆ (ئازاد) کردووین، کەچی دەبێژین: ئەم ئازادییە بەرهەمی خەباتی نەپساوەی حیزبمانە! گلەیی لە بەعس دەکەین کە قەلاچۆی دەکردین و لە کۆقەبردا حەشاری دەداین، کەچی خۆمان دەرهەق بە نەیارانمان، گەلێک جار بە هەمان شێواز ڕەوتارمان کردووە! ڕەخنە لە ڕژێم دەگرین کە ئەنفالی دەکردین، کەچی بۆ ڕۆنانی دواڕۆژێکی گەش، ڕاوێژ بە ئەنفالچییان دەکەین و تەنانەت پۆستی هەستناکیشیان پێ دەسپێرین!

حیزب کە دەزگایەکە بۆ خزمەتکردن بە توێژێک، یان چینێکی کۆمەڵ دێتە گۆڕێ، ئێمە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ بە خزمەتکاری حیزب دەزانین! دیواری ماڵی خۆمانمان خوار ڕۆناوە، کەچی سەرقاڵی ئەوەین، چۆن دراوسێ فێر بکەین دیواری ماڵی خۆی ڕاست ڕۆ بنێت! دژی ئەوە بووین کە دیکتاتۆر خەڵکی عێراقی ناچار دەکرد، بیپەرستن، کەچی خۆمان بەردەوام ڕێکلام بۆ تاکپەرستی دەکەین و وێنەی دیکتاتۆری کۆن دەدڕێنین و وێنەی پرۆژەی دیکتاتۆرێکی نوێ بڵند دەکەینەوە!

توند ڕەخنەی ئەوەمان لە سەرانی بەعس دەگرت، کە خۆیان بە خاوەنی عێراق دەزانی و داهاتی وڵاتیان وا دەخستە گەڕ، وەک سامانی خۆیان بێت، کەچی سەرانی خۆمانیش هەر لە هەمان گۆشەنیگاوە سەرنجی داهاتی کوردستان دەدەن و هەر بە هەمان شێوەش بە گەڕی دەخەن! لە دوای ڕێککەوتننامەی واشینگتۆنەوە کە پێنج ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، نەمانتوانیوە دوو ئیدارەکەی کوردستان یەک بخەینەوە، کەچی گلەیی ئەوەمان لە ئەمریکا هەیە، کە لە بواری چێکردنی ئیدارەیەکی کاتیدا کە عێراق بەڕێوە ببات، دەستوبرد ناکات، ئەگەرچی دوو مانگ بەسەر سڕبوونی ماری بەعسدا تێپەڕیوە!

١٢-٦-٢٠٠٣

**سڵاو لە حائیری کە خوێنی بەعسی حەڵاڵ کرد**

من بۆیە دڵم بە جەنگی ئەمریکا دژی بەعس زۆر خۆش بوو، وای بۆ دەچووم هەر کە جەنگ دەستی پێ کرد، شیرازەی عێراق تێک دەچێت، بەعس کۆنتڕۆڵ لە دەست دەدات، ڕابوون سەرهەڵ دەدات و ڕاپەڕیوانی باشووری عێراق تۆڵەی قوربانییە لە ژمارە نەهاتووەکانیان و تەمەنی لە

سایەی بەعسدا لەکیسچوویان، لە بەعسییەکان دەکەنەوە و یەک یەک بە سزای ڕەوای خۆیانیان دەگەیەنن.
ڕابوون لەبەر هەندێک هۆکار سەری هەڵنەدا، کە بە لای منەوە گرنگترینیان ئەوە بوو، بەعس لە ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ دا، هێندە دڕندانە دەستی لە خەڵکی باشوور وەشاندبوو، وای تۆقاندبوون، نائومێدی کردبوون و لە کنیان هەرەسی ڕژێمی سەددام، کەوتبووە خانەی مەحاڵەوە.
شیعە دوو مەرجەعی باڵایان هەیە، حائیری و سیستانی، کە ئەمیان لە قوم و ئەویان لە نەجەف دادەنیشێت. ماڵی ئاوا حائیری لە قومەوە، لە ٢٠٠٣/٦/١٠ دا، فەتوای کوشتنی بەعسییەکانی، (بێجگە لەوانەیان کە لە پێناوی بژێویدا بە بەعسەوە پەیوەست بوون و بەشداری هیچ تاوانێکیان نەکردووە،) داوە و خوێنی حەڵاڵ کردوون.
من لە ژیانمدا نە کەسم کوشتووە، نە کەسم بە کوشت داوە، نە کەسم گرتووە، نە کەسم بە گرت داوە. کە بە منداڵی چۆلەکەم کوشتووە، بە گەورەیی تووشی ژانی ویژدان بووم. من گەرچی مشک و مێشوولەی لێ بترازێت، لەگەڵ کوشتنی هیچ زیندەوەرێکی دیکەدا نیم، وەلێ لایەنی ئەو فەتوایەی حائیری دەگرم و دەستخۆشی لێ دەکەم و هیوادارم شیعە پێڕەوی بکەن و عێراق لە بەعسی خاوێن بکەنەوە.
من خوازیارم لە عێراقی داهاتوودا، سزای لە سێدارەدان هەڵبگیرێت و ئینسان باڵاترین سەرمایە بێت و بچووکترین مافی پێشێل نەکرێت، وەلێ پاش قەڵاچۆکردنی بەعسییە تاوانکارەکان، ئەوانەی دەستیان بە خوێنی بەشێک لە خەڵکی عێراق سوور بووە و ژیانیان لە بەشەکەی دیکەشی تاڵ کردووە.
بە لای حائیرییەوە بەعسی دوو جۆرن، تاوانکار و بێ تاوان، لای من هیچ بەعسییەک بێ تاوان نییە و ئاواتەخوازم ئەو بەعسییانەشی کە ڕاستەخۆ بەشداریی کوشتنی کەسیان نەکردووە، بە پێی تاوانەکانی دیکەیان سزا بدرێن، ئاخر بەعسی ئەگەر کەسیشی نەکوشتبێت، ئەوا خەڵکی بە گرت و بە کوشت داوە. من کە کوشتنی دڕندەش بە تاوان دەزانم، بەعسی کوشتن بە کارێکی ئینسانی دەبینم. شەڕی نێوخۆی کوردستان، شەڕێکی ناڕەوا بوو، شەڕێک بوو هیچ لایەک تێیدا لەسەر هەق نەبوو. شەڕی نێوخۆی عێراق، شەڕی خەڵکی عێراق دژی بەعس، ڕەواترین شەڕ و پیرۆزترین خەبات و مرۆڤدۆستانەترین چالاکی یە.
ئەو فەتوایەی حائیری لایەنێکی گەشی دیکەشی تێدایە، چونکە دەستتێوەردانێکی ڕاستەوخۆی گەورەی ئێرانە لە ئیشوکاری نێوخۆی عێراقدا، بە هیوام ئەمریکا هێندە تووڕە بکات، تا ئەو ئاستەی بوش بڕیاری داگیرکردنی ئێرانیش بدات، ئەگەرنا جێی داخە هیچ دەلاقەیەکی دیکە شک نابەم، تیرۆژی مژدەی ئازادبوونی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لێوە بێتە نێو ژووره تاریکەکەمەوە.
١٣-٦-٢٠٠٣

**شاعیرێکی ڕاستگۆ**

نووری حەیران یادی بە خێر، دەیگوت:
نازە خانم
ئەی لە سەدا هەشتای ژیانم.
من چونکە بەشێکی گرنگی ژیانم بە نووسین بەخشیوە، کەم و زۆر خوێنەرم سەرسام کردووە. وا باوە ئەگەر خوێنەرێک بە نووسەرێک سەرسام بێت، داوای ئیمزای لێ دەکات، من هەندێک لە خوێنەرانم، هێندە پێم سەرسامن، بێجگە لە ئیمزا، داوای قەرزیشم لێ دەکەن!

***

ئەگەر یادەوەری ناپاکیتان لێ نەکات، ئەوا لە بیرتانە کە نەوشیروان مستەفا دەیگوت: لەبری ئیبراهیم خەلیل، دەستمان بەسەر هەولێردا گرتووە، ئەگەر سەرانی پارتی داهاتی گومرگی ئەو بازگەیەمان لەتەکدا بەش نەکەن، ئەوا مەگەر لە تیڤیدا هەولێر ببینن. ینک و پدک، تا ئیبراهیم خەلیل نەکەوتە ژێر چەکمەی مارێنزەوە، بڕیاری یەکخستنەوەی دوو ئیدارەکەی هەرێمی کوردستانیان نەدا!
زۆرن ئەوانەی پێیان وایە، شەڕی ناوخۆی دوای ڕاپەڕین، لە ئەنجامی دابەشکردنی فیفتی فیفتییانەی دەسەڵاتەوە سەری هەڵدا. وا باوە هەموو گەلێک سوود لە ئەزموونی خۆی و گەلانی دیکەش وەردەگرێت، کەچی کورد نەک هەر سوود لە ئەزموونی گەلانی دیکە نابینێت، بەڵکوو هیچ لە ئەزموونی (خۆ)شییەوە فێر نابێت و دیسان دەگەڕێتەوە سەر دابەشکردنی فیفتی فیفتییانەی دەسەڵات، ئەو کۆڵانەی ئەزموونی دوێنێی خۆمان سەلماندوویەتی، بە بنبەست دەگات.

***

لەم وڵاتە، لەسەر هەر بستە زەمینێ
لەژێر هەر گەزە ئاسمانێ

مەترسە، کەمێک سەر داخە و
تاجەگوڵینەکت دانێ!

بەعس چل ساڵی ڕەبەق، لە نۆی حوزەیرانی ١٩٦٣ وە، تا نۆی ئەپریلی ٢٠٠٣، دەیگرتین و دەیکوشتین و دەیکردین بە ژێر خۆڵەوە. پەشێو زۆر شیعری لە (سەربازی ون) جوانتری نووسیوە، وەلێ دەستی ناوبانگی هیچ شیعرێکی، ناگاتە داوێنی دەنگدانەوەی سەربازی ون. ئێستا دوای هەڵدانەوەی کۆقەبرەکان، ئەستێرەی ڕاستگۆیی پەشێو، لە جاران گەشتر خۆی دەنوێنێت و هەڵۆی هۆنراوەی سەربازی ونیش، لە جاران بەرزتر دەفڕێت.

٢٠٠٣-٦-١٤

### قاتری هەموو بارێک

شەرتە کەر بم، بارەگوێزم لێ بنێن، خڕەی نەیێ
با دەمێ، زۆروکەمێ، وەک بێ غەمێ بۆ خۆم بژیم*

پدک مار نیە، زوو زوو کاژ فڕێ بدات، ئێستاش هەر هەمان کەوای ١٩٤٦ی پۆشیوە. پارتی حیزبێکە بە عێراقی لە دایک بووە و ئێستاش هەر عێراقییە. ئامانج لە شۆڕشی ئەیلوولیش، (دیموکراتی بۆ عێراق و حوکمی زاتی بۆ کوردستان) بوو.

ینک لایەنێکی هێندە کوردستانی بوو، باسکردن لە هاوخەباتی نێوان چەوساوەکانی کورد و عەرەب، لە نێو ڕیزەکانیدا یەکێک بوو لە تابووەکان و دەکەوتە خانەی عێراقچێتییەوە، عێراقچیش ئەگەر تیرۆر نەکرابا، ئەوا ترۆکردنی مسۆگەر بوو. تەنانەت کۆمەڵە، یان دروستتر، فەرەیدوون عەبدولقادر، ساڵی ١٩٨١ نامیلکەیەکی بە ناوی: (پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستان)ەوە بڵاو کردەوە، تێیدا جەختی لەسەر ئەوە دەکرد، ئەوی کوردستانییانە بیر نەکاتەوە، خزمەت بە دەسەڵاتی عێراقی داگیرکەر دەکات.

ئەو لایەنە تەواو کوردستانییە، ئێستا کە سەد و هەشتا پلە بای داوەتەوە و حەیران بۆ باڵای بەرزی عێراق دەچڕێت، نووزەیەکی نارەزایی دەربڕینم، لە ئەندامێکییەوە، نەژنەوتووە! ساڵی ١٩٩٦ لە ساتیرەشیعرێکدا جیاوازییەکانی نێوان (پدک) و (ینک)م بەسەر کردبووەوە، یەکێک لەو جیاوازییانەی کە ئەوسا باسم نەکردبوو، ئەوەیە: کازێک هەبوو، نازانم، ئێستاش هەر ماوە، یان نا؟ وا بزانم ناوی نایترۆجین بوو، نە دەسووتا و نە یاریدەی سووتانی دەدا، (پارتی)ش نە دەگۆڕێت و نە ملکەچی یاسای گۆڕانە! وەلێ یەکێتی زوو زوو گۆڕانی بەسەردا دێت و ماشێنێکە، لەناکاو هێندە تیژ پێچ دەکاتەوە، ژیانی هەموو سەرنشینەکانی دەکەوێتە مەترسییەکی ڕاستەقینەوە.

بۆیە بەو دێڕەشیعرەی جوانەی بێکەس دەستم پێ کرد، تا باس لە جیاوازییە لێکچوونێکی، نێوان قاتر و ئەندامی وریای حیزب بکەم. قاتر هەر بارێکی لێ بنێیت، بێ ئەوەی پرسیار سەبارەت بە ناواخنی بارەکە بکات، بۆ هەر کوێت بوێت، دەیبات، ئەندامی وریای حیزبیش، بارەکە هەرچی بێت و بۆ هەر کوێ بێت، هەر دەیبات، وەلێ سەرەتا سەبارەت بە ناواخنی بارەکە و شوێنی مەبەست، پرسیار دەکات!

٢٠٠٣-٦-٢١

* دیوانی بێکەس، محەمەدی مەلا کەریم ل ١٦٦ چاپی سێیەم ١٩٨٦.

### It´s Too late!

کۆمەڵێک بێسەواد تەنیا لەبەر ئەوەی کۆمپیوتەریان کڕیوە و فۆنتی کوردییان دابەزاندووە، خۆیان لێ بووە بە نووسەر! بەرهەمی بێبڕشتی ئەو خاوەن کۆمپیوتەرانە، شیاوی سەبەتەی بەرماوەکانە، نەک بڵاوکردنەوە.

کۆمەڵێک کۆلکە نووسەر و فەریکە ڕۆژنامەوان تازەکی باس لە نادیموکراتیبوونی پدک و ینک دەکەن! تازەکی ئەو قسانە دەجوونەوە، کە من لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە، لە (پاشای عەرشی کەلاوە)وە و پێشتریش، کردوومن. بە هەموو ئەوانەی تازەکی ڕەخنە لە دوو زلحیزبەکەی باشووری کوردستان دەگرن، تازەکی لاسایی من دەکەنەوە، دەڵێم: It´s Too late! بافتی باسە ئەو کۆلکە و فەریکانە،

هەمان ئەو دەربڕین و ڕستە و پەرەگرافانە دەڵێنەوە، کە من لەمێژە گوتوومن، کەچی هێندە دەستپیسن سەرچاوەی قسەکانیان دەستنیشان ناکەن!

هەندێک نووسەر هەمیشە نامە بۆ سەرانی پارتی و یەکێتی دەنێرن و پێشنیاریان دەخەنە بەر دەست. سەرانی ئەو دوو لایەنەش، هەرگیز گوێیان لێ ناگرن و قەت وەڵامیان نادەنەوە! بەو نووسەرانە دەڵێم: هیچ ئومێدێکتان بەو دوو لایەنە نەبێت و بە تەواوی دەستیان لێ بشۆن! ئەو دوو حیزبە، بە مێژوویاندا دیارە، دوو داڵن، چاوەڕێی ئەوە مەبن، داڵ ببێت بە هەڵۆ! قسەی خۆتان لە گاشەبەرد مەدەن!

***

بەعس ئەو هەموو زوڵمەی لە خەڵکی عێراق دەکرد و لە

هەموو ناوەڕاستی عێراقدا، هیچ مەلایەکی، هیچ مزگەوتێک نەیدەگوت: لەل! ئاخر هەموو مزگەوتەکانی ناوەڕاستی عێراق، توند توند کلکیان لەگەڵ مونەزمەکاندا گرێ دابوو. ئەمریکا ساڵی ١٩٩١ لە ترسی ئەوەی نەک مزگەوت جێی بگرێتەوە، مونەزمەی نەڕووخاند. وا دیسانەوە مزگەوت و مونەزمە یەکیان گرتووەتەوە و سەرقاڵی شەڕێکی خۆپسێنن، کە ئەگەر شتێکی لێ بکەوێتەوە، تەنیا ئەوە دەبێت، داگیرکەر درەنگتر عێراق جێ دەهێڵێت.

٢٠٠٣-٦-٢٣

**دوو گەردەلوول لە یەک فنجاندا**

ئەو شەڕە دەنووکانەی لە نێوان (هاولاتی) و (کوردستانی نوێ)دا ڕوو دەدەن، ڕەنگدانەوەی ئاژاوەی نێوان دوو خێزانی سەر بە هەمان بنەماڵەن، نەک شەڕی نێوان دوو جیهانبینی جیاواز. هەموو ئەو بەستەزمانانەشی لە سەروەختی ئەو شەڕە دەنووکانەدا، لایەنی هاولاتی دەگرن، کەسانێکی گومناون و هەلپەرستانە لە دووی ناوبانگێک وێڵن، کە بەو شێوازە هەرزانە، مەحاڵە پێی بگەن.

خوێنەر لەوە وریاترە، بە دێوجامەی ئەو گوڵمەزانە کە هاولاتی ناو بە ناو دەیاننێتەوە، فریو بخوات. ئەگەر ناکۆکییەک لە نێوان هاولاتی و کوردستانی نوێدا هەبێت، ئەوە دووکەڵی ئاگری ناکۆکی نێوان دوو باڵە دەستڕۆیشتووەکەی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە. هاولاتی لەمێژە خۆویستانە و بە مەبەستی قازانجی تایبەتی، لەو دیو شووشەیەکی تەڵخەوە، کە هێدی هێدی ڕوون و ڕوونتر دەبێتەوە، دەستی لەگەڵ باڵێکی بەهێزی نێو (ینک)دا تێکەڵ کردووە.

ئەو یەکێتییەی بە (سرکە)یی لە دایک بووە، تا نۆی ئەپریلیش لای هاولاتی (شەراب)ێکی بێ خەوش بوو! هاولاتی ناتوانێت خەو بە کوردستانێکەوە ببینێت، ینک تێدا فەرمانڕەوا نەبێت. ڕەخنەی هاولاتی لە پێناوی ئارایشتکردنی ڕووخساری دزێوی (ینک)دایە، نەک بەو مەبەستەی خەڵک خەو بە کوردستانێکی جوانی بێ یەکێتییەوە ببینن. هەوڵی هاولاتی بۆ ئەوەیە مامری ینک تەنیا هەر هێلکە بکات، نەک ڕیقنەش. شۆڕشگێرانی کوردستان خەو بە نیشتمانێکی جوانترەوە دەبینن، نیشتمانێ کە تەنیا دوای هەرەسی ینک و هاوچەشنەکانی پێی شاد دەبین.

لای ئێمە، کوشتن سزای کەسێکە، خەریکی ڕووخاندنی ورەی ئەندامی حیزب بێت و کارێک بکات، ئەندام متمانەی بە حیزب نەمێنێت و لێی بکشێتەوە. من ئەم ڕاستییەم زانیوە و بەردەوام هەوڵیشم بۆ ئەوە بووە، خەڵک خاوەنی خودی خۆیان بن و بۆ خۆیان بژین و خۆیان بۆ حیزب بە کوشت نەدەن. جیاوازیی سەرەکی نێوان من و هاولاتی ئەوەیە، من لە هەوڵی ئەوەدام، متمانەی ئەندام بە حیزب لەق بکەم، وەلێ هاولاتی خەمی ئەوەیەتی و ترسی ئەوەی لێ نیشتووە، متمانەی ئەندام بە حیزب لەق ببێت.

ینک هەمیشە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێو ڕیزەکانی، هانای بۆ زەبروزەنگ بردووە. کێشەی لەگەڵ هەر لایەنێکی کوردیشدا هەبوو بێت، بۆ یەکلاییکردنەوەی، بە زمانی گوللە پەیڤیوە. ینک بە درێژایی تەمەنی، هەمیشە گەمەی بە سامان و ژیانی هاوولاتییان کردووە و هەرگیز هێندەی ئەم دوو سێ مانگەی ڕابردوو، دیموکرات و دلۆڤان نەبووە. ئەگەر ماستەکە موویەکی تێدا نییە، لە پای چی هاولاتی جاران خۆی لە هەڵە، دەستدرێژی، پێشێلکاری، تاوان و ناپاکییەکانی ینک نەبان دەکرد و تازەکی خەنجەری هەڵکێشاوە؟

٢٠٠٣-٦-٢٨

•••

**حەمەسەعید حەسەن خەڵات دەکرێت**

کۆمیتەی کارگێڕی فۆندی یەکێتیی نووسەرانی سوێد ٢٠٠٣/٦/٤ بڕیاری دا، بڕی (١٦٠)هەزار کرۆنی سوێدی کە دەکاتە بیست هەزار دۆلار، بە حەمەسەعید حەسەن ببەخشێت. نووسەر ئەو (ستیپێندیوم)ەی لەسەر کتێبی (زەردەخەنەی هەنسک) کە دوا بەرهەمی چاپکراوێتی و بریتییە لەو ڕەخنە و لێکۆڵینەوە ئەدەبییانەی لە چوار ساڵی ڕابردوودا، سەبارەت بە ئەدەبی هاوچەرخی کوردی نووسیونی، وەرگرت.

شیاوی باسە نووسەر ساڵی ١٩٩٨ لەسەر کتێبی (شیعر و تەور) بڕی (١٣٠) هەزار کرۆن و ساڵی ٢٠٠١ لەسەر کۆمەڵە ساتیری (هونەری ڕاوەژن) بڕی (٦٠) هەزار کرۆنی پێ بەخشراوە.

****

# فەرهەنگێکی قانوونیی عەرەبی ـ کوردی، فەڕەنسی ـ ئینگلیزی

د. نووری تاڵەبانی

ئەرکی پێشخستنی زمانەکەمان بە تەنیا ناکەوێتە ئەستۆی شارەزایانی کوردی. بەشێکی زۆری ئەم ئەرکە بەرەو رووی رۆشنبیرانی کورد دەبێتەوە بەگشتی، هەر یەکە لە چوارچێوەی زانستی خۆیدا.

لە هەموو زمانێکدا بەتایبەتی لەو زمانانەدا کەوا سەدان ساڵە پەروەردە وخزمەت دەکرێن، دوو جۆرە فەرهەنگی زمان هەن، یەکەم: فەرهەنگێکی گشتی کە زۆربەی زۆری وشەکانی ئەو زمانەی تێدایە، دووەم: فەرهەنگێکی بابەتی کە پێوەندییان بە بابەتێک لە بابەتەکانی زانستەوە هەیە. ئەم جۆرە فەرهەنگانە پێیان دەگوترێت «فەرهەنگی پیشەیی». ئامادەکردنی ئەم جۆرە فەرهەنگانە بەرەو رووی پسپۆڕانی ئەو بەشە زانستییە دەبێتەوە.

لە ساڵانی پاش پەنجاکانەوە، چەندان مامۆستا و شارەزایانی کورد خزمەتێکی گەورەیان کردووە بە زمانەکەیان، ئەویش بە ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە وشە و زاراوانەی کە پێوەندییان بە شارەزاییەتیی تایبەتی خۆیانەوە هەیە، بە هۆی گۆڕینی هەندێک کتێبی قوتابخانە و ئیدیکەوە بووبێ بۆ زمانی کوردی، یان بە هۆی ئامادەکردنی فەرهەنگێکی تایبەتییەوە بووبێ، هەریەکە بە پێی توانست و شارەزایەتی خۆی ڕەنجی کێشاوە.

ئەوەی لە بارەی ئەو فەرهەنگە قانوونییەوە پێویستە بگوترێ ئەوەیە، لە ساڵی ١٩٧٤دا کە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکێکی زانستی لە لەندەن بووم، ناوناوە، چاوم بە زانای گەورەی کورد خوالێخۆشبوو مامۆستا «تۆفیق وەهبی» دەکەوت. زۆرجار باسی زمان و فەرهەنگی کوردیمان دەکرد، جارێکیان پێمی گوت بۆچی خەریکی وشە و زاراوەی قانوونیی کوردی نابیت، ئامادەیی خۆشی نیشاندا بۆ یارمەتیدانم لەم بارەیەوە. قسەکانی ئەم زانا گەورەیە هانی دام بۆ دەستپێکردن بە کۆکردنەوەی وشە و زاراوەی قانوونیی کوردی و هەوڵدان بۆ دانانی فەرهەنگێکی قانوونیی کوردی.

بێگومان کاری وا کارێکی وا هاسان نییە ئەگەر ئەوە بخەینە پێش چاومان کە وشەی گونجاوی قانوونی لەگەڵ ئەو مانایانەی ئێستا کە لە کاروباری قانوونیدا بەکاردێن، زۆرکەمن و بەکارنەهێنراون. هەروا تەرخانکردنیان بۆ ئەو مانایە شتێکی هاسان نییە، بەڵای کەمەوە ماوەیەکی باشی دەوێت تاکوو خەڵکی، تەنانەت قانوونزانانیش لەگەڵیا ڕابێن، چونکە پێشتر بە وشەی عەرەبییەوە ڕاهاتوون و هەموو ڕۆژێ بەکاری دەهێنن. بۆیە دەڵێم ئەم کارە دوێنێ بکرابایە چاکتر بوو تاکوو ئەوڕۆ بکرێ، چێترە ئەوڕۆش بکرێ تا سبەینێ. ئەگەر دەرگایەکی زانستی و ئەکادیمی کوردی ئەم کارەی کردبا، نەک تەنیا لە بواری قانوونیدا، بەڵکوو لە هەموو بوارە تایبەتییەکانی دیکەی زانستدا، کارەکە گەلێ باشتر دەبوو. بەڵای منەوە وشەی کوردی بەگشتی و وشەی زانستی بەتایبەتی، پێویستە لەلایەن یان لە ژێر چاودێری دەزگا زانستی و ئەکادیمییەکوردییەکانەوە ئامادە و بڵاوبکرێتەوە، ئەگینا هەریەکە دەکەوێتە دانان و داڕشتنی ئەو وشانە بە پێی بۆچوونی خۆی.

لێرەدا پێویستە باسی چالاکی ئەو لێژنەیە بێنینەوە یاد کە بە ناوی «لێژنەی زاراوەی کورد» لە سەرەتای حەفتاکاندا لە «کۆڕی زانیاری کورد» پێکهات و هۆشیارانە دەستی کرد بە ئامادەکردن و سازکردنی زاراوەی کوردی و، لە ماوەیەکی کورتدا توانی کۆمەڵە زاراوەیەکی هەمەچەشنە بخاتە بەر دەستی پسپۆڕ و زانایانی کورد، «بە هیوای ئەوەی لێیان بکۆڵنەوە و هەرچی پێشنیارێکیان هەیە بۆ گۆڕین و ڕاستکردنەوەیان پێی ڕابگەیەنن». بەداخەوە ئەم لێژنەیە بۆی نەلوا لە سەر بەجێهێنانی ئەم ئەرکە پیرۆزەی خۆی بەردەوام بێت، بەڵام ئەم کۆمەڵە زاراوەی بڵاوی کردنەوە تا ڕادەیەک بوونە بنکەیەکی سازکردنی زاراوەی یەکگرتووی کوردی. منیش لە ئامادەکردنی ئەم فەرهەنگەدا گەلێک سوودم لێوەرگرتوون.

هەرچەندە لە ئامادەکردنی ئەم فەرهەنگەدا هەوڵی ئەوەم داوە وشە و زاراوەی کوردیی ڕەسەنی قانوونی بدۆزمەوە، بەڵام ناچاریش بووم هەوڵی وەرگێڕان و داڕشتن و

دروستکردنی وشە و زاراوەی کوردی پەتی بدەم، ئەگەر وشە و زاراوەی پێویستم نەهاتەبەردەست، بێ ئەوەی لە وەرگێراندا خۆم ببەستمەوە بە زمانێکی تایبەتی. بەڵام دەستکاری هەندێ وشە و زاراوەی دیکەم نەکردووە کە لە بنچینەدا کوردی نین. هۆی بژارنەکردنی ئەم بەشە لەو وشە و تێرمە ئەوەیە کە ئێستا بوون بە بەشێک لە زمانەکەمان و ڕۆژانە بە شێوەی خۆیان یان بە گۆڕینێکی کەمەوە بەکاریان دەهێنن. بەشێک لەم وشانە لە شەریعەتی ئیسلامەوە بۆمان ماونەتەوە وەکوو: (شەرع، وەقف، تەلاق، نەفەقە، میرات، وەسیەت...) کە لەبەر ئەوەی دەمێکە جێگیر بوون لە زمانەکەماندا، دەستێوەردانیان کارێکی سووک و هاسان نییە. پاشان نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە ئێمەی کورد پێوەندییەکی مێژوویمان بە فەرهەنگی ئیسلامەوە هەیە و بەشێکی گەورەی ئەم فەرهەنگە بەرهەمی مێشکی زانایانی کوردە. بەشداریکردنی زانایان و مەلایانی کورد لە کۆنەوە بۆ پێشخستنی ئەم شەریعەتە و زمانەکەی کە زمانی عەرەبی یە، لەهی بەشی زۆری گەلانی موسوڵمانی دیکە دیارترە. تەنانەت ئەو وشانەیش کەوا پێوەندییان بە شەریعەتی ئیسلامییەوە نییە، لە بەر ئەوەی دەمێکە کەوتوونەتە سەر زار و ڕەگیان داکوتاوە و چەسپاون، گۆڕینیان ڕاست نییە. ئەوەی لای هەموو زمانزانێک ئاشکرایە ئەوەیە کە وشەی عەرەبی لە زمانی کوردیدا ــ بێ بژارکردنیان ــ گەلێک کەمترە لەو وعە عەرەبییانەی کەوتوونەتە ناو زمانی گەلانی دراوسێمان، پاش پوختەکردنەوەشیان وەکوو زمانی فارسی و تورکی.

لە هەڵبژاردنی هێندێک وشەی پێوەندیدار بە کار و باری بازرگانی و هەندێکی دی لە بواری سیاسیدا، پەنام بردۆتە بەر هەندێ وشە و زاراوەی لاتینی و فەڕەنسی و ئینگلیزی، چونکە لە زۆربەی زۆری زمانانی ئەوڕۆی ئەم جیهانەدا بەکاریان دەهێنن. لە ڕاستیدا بەکارهێنانی ئەم جۆرە وشانە لە زمانەکەماندا دەبێتە هۆی نزیکبوونەوەی لەو زمانانە کە لە بنەڕەتدا بێ پێوەندی نین لەگەڵ زمانی کوردیدا. بەم جۆرە زمانەکەمان پێش دەکەوێت و دەوڵەمەندتر دەبێت بە وشەی تازە و زاراوەی نوێ، وەکوو: بەلانس، دیمۆکراسی، سۆسیالیزم، بورژوازی، پۆلیس، کۆمپانیا...، ئەم کۆمەڵە وشانەیش وا لە کوردیدا بەکارمان هێناون گەلێک کەمترن لەو وشە و زاراوە ئینگلیزییانە کە لە زمانی فەڕەنسیدا هەن، هەروەها لەو وشە لاتینییانە کە لە زمانی ئینگلیزییدا ماونەتەوە خۆ ئەگەر ئاوڕێک لە زمانانی گەلانی دراوسێمان بدەینەوە و بێ ئەوەی زمانی عەرەبیشیان لێ دەربکەین، دەبینین پڕن لە وشەی فەڕەنسی و ئینگلیزی، بێ دەستکاریکردنیان یان بە دەستکاریکردنێکی کەمەوە.

لە وەرگێڕاندا خۆم نەبەستووەتەوە بە زمانێکی تایبەتییەوە، وەکوو زمانی عەرەبی، بەڵکووو هەوڵی ئەوەم داوە بگەڕێمەوە سەر بنچینەی وشەکە. ئەوەی لای قانوونزانان ئاشکرابێ، ئەوەیە، زۆربەی وشە و زاراوە قانوونییەکان لەلایەن قانوونزانە میسرییەکانەوە لە زمانی فەڕەنسییەوە وەرگێڕاونەتە سەر زمانی عەرەبی. ئەم کارەیش دەمێکە کراوە، واتە پاش داگیرکردنی میسر لە لایەن ناپلیۆنی یەکەمەوە لە ساڵی ١٧٩٨ەوە دەستی پێکراوە. جگە لەمەیش بنەما و بنەڕەتی قانوونەکانی عێراقیش هەر دەگەڕێتەوە سەر قانوونی فەڕەنسی، ئەوجا بۆ ئێمەیش نەگەڕێینەوە سەر بن و بنەوانی وشەکە و لە سەرچاوەکەیەوە ماناکەی وەرنەگرین؟ هەمان قسە لە چاو هێندێک وشەی دیکەشەوە ڕاستە کە لە زمانی ئینگلیزی یان لە زمانێکی دیکەوە وەرگیراون. **بۆ نموونە وشەی خودی «قانوون» خۆی وشەیەکی یۆنانی کۆنە و لە «کانینیمۆس»ی ئەو زمانە وەرگیراوە و ئێستایش وشەی «کەنۆن» لە قانوونی کلێسەدا بەکاردێت.** کەچی لەبەر ئەوەی هێندێک وایان دەزانی پێویستە بەرامبەرێکی کوردی بۆ بدۆزینەوە، وشەی «یاسا»ی تورکی مەغوولیان لە جیاتی بۆ بەکار هێناوە کە ئێستا بە هەڵە خەریکە جێگیر بێت. کاتی خۆی چەند جارم لە مامۆستا تۆفیق وەهبی بیستووە کەوا پەشیمانە لە بەکارهێنانی وشەی «یاسا» لە فەرهەنگەکەیدا. مامۆستا برایم ئەحمەدیش لەگەڵ هەمان بۆچووندا بوو، بەکارهێنانی وشەی «قانوون»ی بە ڕاست دەزانی. لەو بارەوە ڕا و بۆچوونی چەند زانا و زمانەوانی تریشم وەرگرتووە، وەکوو مامۆستا ئەحمەد هەردی، د. جەماڵ نەبەز و کاک محەمەدی مەلا کەریم و کەسانی تریش کە هەموویان بەکارهێنانی وشەی «قانوون» پەسند دەکەن، نەک وشەی «یاسا»ی مەغوولیی تورکی. لێرەدا هەر بۆ بیرهێنانەوە دەڵێم، لە زمانی تورکیدا جگە لە وشەی «یاسا»، وشەی «ئەنە یاسا»یش بۆ «دەستوور»بەکاردێن، واتە «دایکی قانوون». لە بابەت هەڵبژاردنی وشە و زاراوەی ئەم فەرهەنگەوە تەنیا ئەوەم هەڵبژاردوون کە پێوەندییان بە جۆر و بابەت و مەبەستی ئەم فەرهەنگەوە هەیە کە فەرهەنگێکی قانوونی یە.

زۆرجار هێندێ وشەیش پێویستیان بە ڕوونکردنەوە هەبووە، بۆیە هەوڵی لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی ماناکەیم بە چەند ڕستە و دەستەواژەیەکی قانوونیی کورت داوەتەوە، کە ئەو جۆرە لێکدانەوەیەیش لە فەرهەنگدا، بە شێوەی گشتی ناکرێت، بەڵام لێرەدا پێویست بێ بکرێت.

لێرەدا پێویستە وەرامی پرسیارێک بدەمەوە و ئەویش ئەوەیە ئەگەر ئەم فەرهەنگە کوردی یە، بۆچی بەزمانی عەرەبی ـ کوردی، فەڕەنسی ـ ئینگیزی یە، نەک کوردی ـ عەرەبی؟

پێشتر بەشێک لە وەرامی ئەم پرسیارەم دەستنیشان کردووە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتریش دەڵێم ، بەشی زۆری وشە کوردییەکان پێشتر بە مانا تایبەتیە قانوونییەکانی بەکار نەهێنراون. خوێندەواران، بەتایبەت قانوونزانانیش تەنیا وشە عەرەبییەکان دەزانن و هێشتا شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە بەرامبەرەکەیدا بە زمانی کوردی پەیدا نەکردووە. مەبەستی سەرەکی لە دانانی وشە و زاراوەی قانوونی کوردی ئەوەیە ئەگەر زمانی کوردی لە کۆلیجەکانی قانوون و دادگاکانی کوردستاندا بەکار هێنرا، قانوونزانانی کورد بۆ بەکارهێنانی وشە و زاراوەی کوردی دادەمێنن. لەگەڵ مانای وشەکە بە عەرەبی، بە فەڕەنسی و بە ئینگلیزیش ماناکەیم بۆ داناوە لەبەر دوو هۆ: یەکەم بۆ شارەزاتربوون لەو دوو زمانە لە بارەی زمانی قانوونییەوە؛ دووەمیش بۆ دەرخستنی مانا دروستەکانی ئەو وشانە، چونکە وەک لە سەرەوە باسم کردووە، نەمویستووە خۆم بە مانا عەرەبییەکەی وشەکەوە ببەستمەوە، بەڵکوو بگەڕێمەوە سەر بنەڕەتەکەی.

هەر بۆ نموونە: وشەی «پارێزەر» کە دەمێکە بۆ «مەحامی» بەکاردێت، وەرگێڕاوی دەقاودەقی ئەو وشە عەرەبییە یە، کەچی لە زمانەکانی تردا تێرمی تری بۆ بەکاردێن کە باشتر دەگونجێ لەگەڵ ئەرکی سەر شانیان. هەر بۆیە وشەی «دادیار»م بۆ پێشنیار کردووە، کە بە مانای «دۆستی داد» دێت، لە سەر چەشنی «ئەندازیار» کە دەمێکە بەکاردێت. بۆ «حاکم»یش پێشنیاری «داوەر»م کردووە کە لە «داددەر»ەوە هاتووە، بەڵام «داوەر» لە سەر زار سووکتر و ئاسانترە، وشەی «پارێزگا» کە ئەویش لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە و لە زمانی کوردیدا هیچ مانایەکی تایبەتی نییە، وشەی «ئوستان»م بۆ پێشنیار کردووە، کە وشەیەکی هیندوئورووپی یە و، دەتوانین بەکاری بێنین لە جیاتی پارێزگا و بڵێین ئوستانی کەرکووک و ئوستانی دهۆک.. بۆ پارێزگاریش وشەی «ئوستاندار». بەم جۆرە چەندەها وشەی عەرەبیی تریش بە دەقاودەقی وەرگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی، بێ ئەوەی لە زمانی کوردیدا ئەو مانایەببەخشن کە لە عەرەبیدا هەیانە، وەکوو «پەیمانگا» بۆ «مەعهەد» کە لە کوردیدا ئەو مانایەی نییە، کەچی وشەی «ئەنستیتووت» کە تێرمێکی جیهانی یە، پڕ بە پێستی ئەم وشەیەیە و هەموو کەسێکیش هەتا ئەگەر بێگانە بێت، لێی تێدەگا. وشەی «کۆڕ»یش کە دەزانین کاتی خۆی مشتومڕێکی زۆری لە سەر کراوە و مامۆستا تۆفیق وەهبی و چەندەها شارەزایانی تریش وتاری ڕەخنەیی توندیان لە سەر بڵاوکردۆتەوە، دەکرێ وشەی «ئەکادیمی» لە جیاتی بۆ بەکاربێنین کە ئەمیش تێرمێکی جیهانی یە. لەو باوەڕەدام چاکترە خۆمان نەبەستینەوە بە وشە عەرەبییەکەی «ئەلمەجمەع» کە لە زمانی کوردیدا بەرامبەرەکەی بۆ دروستکراوە، بەڵام لە چوارچێوەی ئەم وشە عەرەبییەدا.

ئەم فەرهەنگە یەکەمین تاقیکردنەوەیە، بۆیە بێ گومان بێ کەموکوڕی نییە. سەرەتای ئەنجامدانی کارێکی زانستی یە، کە لەساڵی ١٩٧٩ەوە ورده ورده دەستی پێکراوە. بەڵام لەبەر ئەوەی هەنگاوی یەکەمینە، لەوبارەیەوە پێویستیمان بە هاوکاری و یارمەتیدان و ڕێگەنیشاندانی هەموو شارەزایانی زمانەکەمان هەیە، بەتایبەتی قانوونزانان و شارەزایانی زمانی کوردی و بێگانەش. تەنیا تکام ئەوەیە لە ڕەخنە گرتندا خۆنەبەستنەوە بە زمانی عەرەبییەوە. بۆ نموونە: بۆ وشەی «مدعی عام»، «دادیاری گشتی»م پێشنیار کردووە کە لە زمانی فەڕەنسییەوە وەرگیراوە، واتە «محامی الحق العام»، بەڵام لە عەرەبیدا بە دەستکارییەوە کردوویانەتە «مدعی عام».

لێرەدا جگە لە یادکردنەوەی مامۆستا و زانای گەورەی کورد خوالێخۆشبوو «تۆفیق وەهبی بەگ» بۆ ڕاوێژ و یارمەتییە بە نرخەکانی لە سەرەتای دەستپێکردنم بە دانانی ئەم فەرهەنگە، دەبێت سوپاسێکی بێ پایانی دۆستە ئەدیب و و زمانزانانی دیکەش بکەم لە کوردستان و لە دەرەوەی کوردستاندا بەرامبەر بەو هەموو یارمەتییانەیان کە هەرگیز لەبیر ناچن.

ئەم فەرهەنگە قانوونییە لە سەر CD Rom ئامادەیە بۆ چاپکردن. وابزانم یەکەمین فەرهەنگی قانوونی یە بە زمانی کوردی، کە ئومێدەوارم جێگای خۆی لە ناو کتێبخانەی کوردیدا بکاتەوە. ■

# گۆڕە بەکۆمەڵەکانی عێراق

د. عەزیز ژیان

پاش ڕووخانی ڕژێمی سەددام حوسێن، وا چاوەڕوان دەکرا کە هێزەکانی ئەمریکی و هاوپەیمانەکانی جێگاکانی شاردنەوەی چەکی کوشتاری گشتی ڕژێمی بەعسی عێراق بدۆزنەوە و بەڵگەی تاوانباری ئەو ڕژێمە بخەنە بەرچاوی هەموو کەس، بەڵام دیتنەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و هێنانەدەری تەرمی هەزاران ئینسان لەناو ئەو گۆڕانەدا، ڕوانگەی کۆمەڵگای جیهانی گۆڕی و سەرنجی خەڵکی لە چەکی کوشتاری گشتی ڕاکێشایە سەر ئەو تاوانە بێ سنوورانەی سەددام، کە دەگەڵ تاوانەکانی ڕژێمی ئاڵمانی فاشی و خیمێرەی سووری کامبۆج بەرانبەرە.

دەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی سەددام، هەزاران ژن و پیاوی دڵ بریندار کە لە ساڵەکانی ڕابردوودا کەسوکاریان گیرابوون و بێسەروشوێن چووبوون ڕژانە کووچە و کۆڵانەکانی بەغدا و لە هێزەکانی ئەمریکی داوای یارمەتیان کرد بۆ دۆزینەوەی کەسوکاری ونبووەکانیان.

هاوکات لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی شوێنی قوربانییەکانی ڕژێمی بەعسی عێراق لەلایەن پارتی و ڕێکخراوەکانی دژی سەددام پێکهات. هێزەکانی ئەمریکیش دەگەڵ ئەو لێژنەیە هاوکاریان دەست پێکرد. لێژنەکە داوای لە هەموو گەلی عێراق کرد هەر ئاگادارییەکی لەو بابەتەوە هەیانە بیدەنە نوێنەرانی لێژنە. زۆری نەکێشا ئاگادارییەکی زۆر بە نرخ درا بە لێژنەکە.

لەلایەکی ترەوە، هێندێک لەو کەسانەی کە بە زۆر یان لە ترسی گیانی خۆیان، دەگەڵ بەعس هاوکاریان کردبوو و هەروەها هێندێک بەعسیی پەشیمانیش ئاگادارییەکی زۆریان دا بە بەرپرسانی ئەمریکی. بەم جۆرە گەلێک جێگەی گومانلێکراو دەستنیشان کرا و کاری دانەوەی زەوی و دۆزینەوەی قوربانییەکانی ڕژێمی بەعس دەستی پێکرد. دەماوەی دوو مانگدا، ٦٥ گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزراوە کە ژمارەی تەرمەکانی لە سێسەد هەزار تێپەڕیبوو.

نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی جیهانی پارێزەری مافی مرۆڤ دەگەڵ دەیان ڕۆژنامەنووس و وێنەگر گەیشتنە سەر ئەو گۆڕە بە کۆمەڵانە و بە سەدان وێنە و فیلم و نەواریان هەڵگرت.

بەرپرسانی لێژنەکە دەڵێن لە ناو ئەم گۆڕانەدا، لە منداڵی بچووک ڕا بگرە هەتا ژن و پیاوی گەورە و پیر دۆزراونەتەوە. لە لێکۆڵینەوەی تەرمەکاندا وا دەردەکەوێ کە هێندێک کەس بە گولله کوژراون. ئەوانە زۆربەیان لە پشتی سەر ڕا گوللەیان وێکەوتووە، هێندێکیش هەر بە زیندوویی دە قوڵکە هاوێژراون و بە بۆڵدزێر خاکیان بەسەرداکردوون.

چەند کەسێک لە بەعسییە پەشیمانەکان بە بەرپرسە ئەمریکییەکانیان ڕاگەیاندووە کە زۆربەی ئەو کەسانەی دەو گۆڕانەدا دۆزراونەوە بەبێ لێپرسین و محاکەمە کوژراون و زۆربەیان پێش چاڵکردن لە برسان و لە ترسان مردبوون. ئەو شاهیدە بەعسییانە کە نایانەوێ ناویان ئاشکرا بکرێ گوتوویانە لە ساڵی ٩١ڕا تا ساڵی ٩٤، بەعسییەکانی موخابەراتی دەگەڵ گاردی جەمهووری هێرشیان دەبردە سەر شار و لادێیەکان، خەڵکیان دەگرت و دە زیل (کامیۆن)ی بە چادرداپۆشراوی جەیشدا ڕایان دەگواستن بۆ کەمپە تایبەتییەکان کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکرابوون. قوربانییەکان بۆ ماوەیەک دەناو ئەم کەمپانەدا بەبێ نان و ئاو ڕادەگیران. هەر دەو ماوەیەدا لە نزیک ئەو کەمپانەدا، بە بۆڵدزێری جەیش چاڵی گەورەیان هەڵدەکەند، ئەمجار بە کامیۆنی کۆمپرێسی خەڵکەکەیان دەهێنا سەر چاڵەکان و دەیانخستنە ناو گۆڕەکان و گاردەکانی چەکداریش بۆ کۆتاییهێنان بە هاواری خەڵکەکە بە ڕەشاش گوللەبارانیان دەکردن. هێندێکیش گوولەیان وێ نەدەکەوت و هەر بە زیندوویی بە بۆڵدزێر خاکیان بە سەردا دەڕشتن.

شاکر یەکێک لە ئەندامانی لێژنەی لێکۆڵینەوە دەڵێ: وادەردەکەوێ کە هیچ شار و گوندێکی عێراق لەو کوشتوبڕینە بێبەش نەبووە و پرۆژەی ئەو کوشتارە گشتییە سنووری بۆ نادۆزرێتەوە، بەڵام تائێستا لەو گوندانەی دۆزراونەتەوەئەوی هەرە گەورەیان بۆ قوربانیانی کورد بووە. شاکر بۆ سەلماندنی قسەکانی چەند گۆڕی بەکۆمەڵ بۆ وێنە باس دەکا: ١- لە نزیک شاری نوگرە سەلمان تەرمی ٢٥ هەزار کورد لە ژێر خاک دۆزراوەتەوە، ٢- لە دەرەوەی شاری ناصریە تەرمی ٥ هەزار کورد دیتراوەتەوە و ٣- لە دەرەوەی شاری هیت، تەرمی هەزاران کورد لە ژێر خاک هێنراونەتە دەرەوە.

بەرپرسانی هێزی ئەمریکی و نوێنەرانی لێژنەی لێکۆڵینەوە لە سەر ئەو گۆڕانە حازر دەبن و تێدەکۆشن لە ڕووی جلوبەرگ و شتی ناو گیرفانی کوژراوەکان، ناوونیشانیان دیاری بکەن. هەموو ڕۆژێ هەزاران ژن و پیاوی کەسوکارکوژراو دێنە سەر ئەو گۆڕانە، لە ناو تەرمەکاندا دەگەڕێن، دەگرین و لە خۆ دەدەن و بۆ دۆزینەوەی تەرمی کەسوکاریان داوای یارمەتی دەکەن.

بورهان ئەندامێکی دیکەی لێژنەی لێکۆڵینەوە دەڵێ: گۆڕی بەکۆمەڵ تەنیا شێوەیەک نەبوو بەعسییەکان بۆ کوشتنی خەڵک بەکاریان دەهێنا، ئەوان تەرمی کوژراوی زۆر کەسیان دەچۆمی دیجلە و فورات داویشت. ئەم تەرمانە دەگەڵ شەپۆلی ئاو دەڕۆیشتن و لە جێگای دوور

لە خــواروی دیجلە و فــورات دەدۆزرانەوە، بەڵام کــەس نەیدەوێرا باسی دیتنەوەی هەزاران تەرمی قــەراغ ئاوەکان بکا.

شێوەیەکی دیکەی لەناوبردنی خەڵک ئەمە بوو کە دەست و لاقی زیندانیان دەبەست و سواری هیلوکۆپتێری گاردی جەمهووریان دەکرد و لە ئاسمانی چیاکانی حەمرین بەریان دەداوەخــوارێ تا تەرمــەکــەیان ببێتە خواردنی حەیوانە لاشخۆرەکان. بەعسییەکان ئەم شێوە کوشتنەیان لە جەیشی دیکتاتۆرەکانی شیلی و ئارژانتین ڕەچاوکردبوو.

هەمــوو نوێنەرانی پارتی و ڕێکخــراوەکــان لە ســەر ئەو باوەڕەن کــە ئەوەی هــەتا ئێــستــا دیتــراوەتەوە بەشێکی زۆر کەمە لە هەموو جینایەتەکانی بەعس. ئەوانە دەڵێن ژمارەی هەمــوو قــوربانییــەکــانی ڕژێمی بەعس دیاری ناکرێ بەڵام تێکۆشــان بۆ پەردەلابردن لە ســەر ئەو تاوانە بێ سنوورانە بەردەوامە و درێژەی دەبێ.

ئەحــمــەد هادی خــاوەنی ڕۆژنامــەی ***الزمان*** کە لە بەغدا دەردەچێ دەڵێ: ئەو قوربانییانەی هەتا ئێستا دیتراونەتەوە وەک نووکی ئەو ســەهۆڵانەیە کــە لە دەریاکــانی قــوتبــیــدا دەبیندرێن و بەشی گــەورەیان لە بن ئاوە. بە بڕوای ئەحــمــەد هادی نابێ هەر لە ساڵەکانی ٩٠ بڕوانینە کوشتــارەکانی بەعس بەڵکوو دەبێ بڕوانینە ٢٥ ساڵ حکوومەتی سەددام کە پایەکانی لە سەر تەرمی خەڵک و لەناو خوێنی خەڵک بوو. ئەو ڕۆژنامــەوانە کــە خــۆی دەگــەڵ لێــژنەی لێکۆڵینەوەی قوربانییەکانی ڕژێمی بەعس هاوکاری دەکا، دەڵێ: ژمارەی قوربانییانی ٢٥ ساڵ حکوومەتی سەددام پێویستە بە میلیۆن باس بکرێ نەک بە هەزار. ئەحمەد هادی بۆ سەلماندنی باوەڕی خۆی دەڵێ ئەوا هەر ئەورۆکە لە شاری بابل کۆمەڵەگۆڕێک دیتراوەتەوە کە ١١٥هەزار تەرمی تێدابووە. لە شاری شنافیە کە ٢٠هەزار کەسی لێ دەژی کۆمەڵەگۆڕێک دیتراوەتەوە کە ٨٥ هەزار کەسی تێدا چاڵ کراوە.

ئەحمەد هادی دەڵێ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا دەگەڵ ڕیسواییەکی گەورەی دژی مرۆڤ ڕووبەڕوون و ئیعتیباری نەتەوەیەکگرتووەکان بەرانبەر بەو تاوانە بێ سنوورانە دەکەوێتە ژێرپرسیار. بە بڕوای ئەم ڕۆژنامەوانە سەددام و پیاوکوژەکانی بەعسی نابێ بدرێنە دەست دادگای جیهانی جینایەتی شەڕ، بەڵکوو دەبێ بدرێنە دەست خەڵکی عێراق و لە ناو عێراقدا دادگایی بکرێن. چونکە بە بڕوای ئەو، دیپلۆماتەکانی ڕۆژئاوا کە بە سەدان لە بەغدا دەژیان لە هەموو پیاوکوشتن و تاوانە بێ سنوورەکانی بەعسی ســەددام بێ خــەبەر نەبوون و لە بەر ســوودی ئابووری چاویان قوچاندووە و دەنگیان لێوە دەرنەهاتووە. دەوڵەتەکانی فەڕانسە و ئاڵمان کە پێش شەڕەکە، لە ڕژێمی سەددام پشتگیرییان دەکرد هەرگیز پێیان وانەبوو بەم جۆرە پەردە لە سەر جینایەتەکانی ڕژێمی بەعس لادەچێ و بەشێک لە تاوانەکان دەکەوێتە سەر ئەستۆی ئەوان.




مانوئێل مارتولێر ڕۆژنامەوانی بەناوبانگی ئیسپانیۆلی پاش چاوپێکەوتنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان، لە ئەحمەد هادی دەپرسێ: ئەوانەی لایەنگری سەددامن و هێرش دەکەنە سەر هێزەکانی ئەمریکی چ کەسانێکن؟

ئەحمەد هادی دەڵێ: بۆ گەلی عێراق ڕوونە ئەوانە عێل و تایفەی سەددام و پاشماوەی گاردی جەمهووری و بەعسییە تاوانبارەکانن، بەکرێگیراوەکانی بەناو فیداییش دەگەڵ وان هاودەستن.

سەددام پێش ڕووخانی ڕژێمەکەی پارەیەکی زۆری خەرجی ئەوانە دەکرد. هێندێک کەس دەڵێن جێ دەستی دراوسێکانی عێراقیش دەو ئاژاوەدا دەبینرێ. هەروەها ڕێکخراوی تێرۆریستیی ئەلقاعیدەش لەو فرسەتە سوود وەردەگرێ و گرووپە تێرۆریستەکان دەنێرێتە عێراق بۆ پیاوکوشتن و ئاژاوەنانەوە. بەڵام گەلی عێراق چاوەڕوانی بەدیهاتنی ڕژێمێکی دیمۆکراتیکە کە بە بەشداری هەموو لایەنە سیاسی و ئایینی و نەتەوەیی ناو عێراق پێکبێ و ئاژاوە و خوێنڕشتن کۆتایی پێبێ.

**سەرچاوەکان**


١- ڕۆژنامەی ئێل موندۆ (El Mundo)، ١٠ی جولای ٢٠٠٣ مادرید.
٢- ئێل پایس (El Pais)، ٧ی نووتی ٢٠٠٣ مادرید.

# ئیسلامی سیاسی

شنه هیدایەتی

لەبەر مەترسی پەرەسەندنی ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو چەند دێڕەی خوارەوەم وەک بۆچوونێک لە پێوەندی دەگەڵ دامەزراندنی دەسەڵاتی دین بە سەر کۆمەڵگادا نووسیوە. هاوکات هەوڵم داوە هەڵسەنگاندنێک بەکەم دەگەڵ مۆدێرنیتەوەک بۆچوونێک لە کۆمەڵگای مەدەنیدا. هەروەها باسەکە وەک نموونەیەک لەو دەسەڵاتە، دەکێشرێتە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران و کردەوەکانی بەگشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی.

ئیسلامی سیاسی یانی تێکەڵاوی دین دەگەڵ سیاسەت، ئیسلامی سیاسی جووڵانەوەی سیاسییە لە ژێر ئاڵای ئیسلام بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی، دابەزاندنی یاسای ئیلاهی و دەسەڵاتی شەریعەت.

ئەو حەرەکەتە، دژی دەسەڵاتی غەیری ئیلاهی یە، لە هەموو شێوەکانی خۆیدا. جا ئەو حاکمییەتە دەسەڵاتی پادشایی بێت یان دەسەڵاتی کۆماری و گەلیی. ئەو دەسەڵاتە ئیلاهییە باوەڕی بە جیاوازی سیاسەت و دین نییە و، دژی هەر شێوە دەسەڵاتێکی گەلیی و دیمۆکراتیک و سیکۆلارە. دانانی قانوون و یاسا لەلایەن ئینسانەوە تەنیا کاتێک ڕەوایە کە ئەو یاسایانە دەگەڵ یاساکانی دینی بێنەوە.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا کاتێک هەستی سەربەخۆیی لە دژی داگیرکەران لە نێو نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتدا دەستی پێکرد، جووڵانەوەی پانئیسلامیزم بە مەبەستی دروستکردنی شێوەیەک لە حکوومەتی ئیسلامی هاتەکایەوە. هەروەها ئیسلامی سیاسی وەک دژکردەوەیەک لە هەمبەر هاتنی ئیدەئۆلۆژیی مۆدێرن بۆ پاراستنی سیستمی سوننەتی هاتۆتەکایەوە. پێشەنگەکانی ئەو حەرەکەتە سەید جەماڵەددینی ئەفغانی لە ئێران و عەبدۆ لە میسر بوون. پاشان لە هیند و پاکستان مەولانا مەودوودی، لە میسر سەید قوتب (کە لە ساڵی ١٩٦٨ ناسر ئیعدامی کرد) و لە ئێران شێخ فەزلوڵڵا نووری و ئایەتوڵڵا خومەینی. خاڵی وەکیەکبوونی ئەو چەند عالمە ئیسلامیانەی ئاخر، دژایەتی دەگەڵ غەرب و دیاردەمۆدێرنەکانی بووە.

هەروەها پەرەسەندنی ئیسلامی سیاسی لە دونیای مۆدێرندا دەگەڕێتەوە سەر دەورانی شەڕی ساردی دونیای دوو بلۆکی. لەو سەردەمەدا ئیسلامی سیاسی وەکوو ئامرازێک بۆ پێشگیریکردن لە کۆمۆنیزمی بلۆکی شەرق و سۆڤیەت هاتە ناو ئاجێندەی سیاسی ئەمریکا وئورووپای غەربییەوە. ئەویش بریتی بوو لە دروستکردنی کەمەربەندێکی سەوز لە دەوری سۆڤیەت، کە لە ئەفغانستان ڕا دەستی پێکرد بەڵام پلانەکە تەنیا لە ئێران سەری گرت و حکوومەتی ئیسلامی دامەزرا.

یەکێکی دیکە لە هۆیەکان، پەرەسەندنی فەقر و نابەرابەری یە لە وڵاتانی ئیسلامیدا کە خەڵکی ئەو وڵاتانە ئەوە لە چاوی غەرب بەتایبەتی ئەمریکا دەبینن. هەروەها نەدیتنەوەی ڕێگا چارەسەرییەکی عادڵانە بۆ مەسەلەی فەلەستین کە ئاوی لە ئاشی ئیسلامی سیاسی کردووە و تیرۆریزمی کردۆتە روکنی سەرەکی بۆ خەبات لە دژی ئەو نابەرابەرییە. سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی لە وڵاتانی ئیسلامیدا، شێوەیەک بەربەرەکانی یە لە دژی کارکردی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیی ڕۆژئاوا کە لەو وڵاتانەدا نەبوونی و هەژاریی و نابەرابەری بە خۆیەوە هێناوە.

لە ماوەی ٢٠-٢٥ ساڵی ڕابردوودا بووە کە جووڵانەوە جۆربەجۆرەکانی ئیسلامی خۆیان سازمان داوە. لەو

ماوەیدایە کە چەند حەرەکەتی سیاسیی ئیسلامی لە باکووری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورۆ لە هەمووی ئەو وڵاتانەی کە موسوڵمان نشینن، یان کەمایەتی بەرچاوی موسوڵمانیان تێدادەژی، وەخۆ کەوتوون. خاڵی وەکیەکبوونی ئەوانە دژایەتی یە دەگەڵ مافەکانی ژن، وە بەگشتی دەگەڵ هەموو دیاردەیەکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا. مەبەستیان دامەزراندنی یاساو دابونەریتی کۆمەڵگای سوننەتی پێش مۆدێرنیتەیە.

ئیسلامای سیاسی دەورانی ئێمە وەکوو دیاردەیەکی تازە لە دەورانی شەڕی ساردا شکڵی گرتووە کە لە ساڵی ١٩٧٩دا حکوومەتی ئیسلامی لە ئێران وەکوو دەورێکی تازەی دەسەڵاتی سیاسی دین بە نێوی حاکمییەتی ویلایەتی فەقیه دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت. دامەزرێنەری ئیسلامی سیاسی و نیزامی ویلایەتی فەقیه لە ئێران ئایەتوڵڵا خومەینی بوو، کە دەسەڵاتی ئیلاهی لە سەر مەبنای ئیمامەت لە ئێران دانا. ئاغای خومەینی لە کتێبی ویلایەتی فەقیه دا دەڵێ: دەوڵەتی دینی شۆرای کامیلی ئیدارەی ئینسانە لە بێشکەوە تا گۆڕ، کە بەختەوەری دونیا و ئاخیرەت و یاسا و دابونەریتی ژیانێکی یەکسان و تەواوی تێدایە کە هەموو بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، سیاسی و نیزامی تێدا گونجاوە.[1]

لە بەر غەیبەتی ئیمامی دوازدەی شیعەکان بەرپرسایەتی بۆ دامەزراندنی ئەو قانوونە ئیلاهییانە دراوە بە نوێنەری ئیمامی دوازدە کە وەلی فەقیهە. ئاغای خومەینی دەڵێ: حکوومەتی ئیسلامی یانی حکوومەتی ئەحکامی فیقه و شەریعەت.[2] ویلایەتی فەقیه لە سەر سێ ئەساس دامەزراوە:

١- شەریعەت قانوونی کامیل و تەواوی بەڕێوەبردنی دونیایە.

٢- پێویستبوونی حکوومەت بۆ بەڕێوەبردنی شەریعەت و ئیدارەکردنی دونیا.

٣- حاکم دەبێ قانوونزان و فەقیه بێت (واتە شارەزای یاسای ئیلاهی بێت).

یەکێک لە وەزیفە هەرە سەرەکییەکانی ئەو حاکمییەتە، پەروەردەکردنی ئینسانی کامیل و فازلە. ئینسانێک کە قانوونی و نموونەی قانوون و ڕاپەڕێنەری بێ ئەملاوئەولا و بەڕێوەبەری قانوون بێت. خومەینی لە کتێبی سەحیفەی نووردا دەڵێ: بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات یەکێکە لە حوکمە هەرە گرینگەکانی ئیسلام کە پێوسیتترە لە بەجێگەیاندنی نوێژ و ڕۆژوو و حەج![3] هەروەها دەڵێ: حکوومەتی ئیسلامی، فەلسەفەی بەکردەوەی بەرەنگاربوونەوە دەگەڵ موشریکین وکافران و نەیاران لە دەرەوە و ژوورەوەی وڵات دیاری دەکات.[4]

ئامانجی سەرەکی حکوومەتی ئیسلامی گەڕاندنەوەی کۆمەڵگەیە بۆ دەورانی پێش مۆدێرنیتە و زیندووکردنەوەی دابونەریتی کۆن کە کۆمەڵگەی مۆدێرن وەلای ناون.

ئێستا با مێژووی مرۆڤایەتی هەڵسەنگێنین کە بە دوو دەورە دابەش دەکرێت: دەورانی مۆدێرن و دەورانی سوننەتی کە ئیسلامی سیاسی بەتەمای گەڕاندنەوەی کۆمەڵگەیە بۆ ئەو سەردەمە.

کۆمەڵگای سوننەتی بریتی یە لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو کە ئابوورێکی سادە و بەستراوەی هەیە. بناغەی کۆمەڵایەتی لە سەر پێوەندی عەشیرەیی و بنەماڵەیی داندراوە. کۆمەڵگایەکی بە تەواوی پیاوسالاری یە. بۆچوونەکانی ئوستوورەیی و جادوویی یە، کۆمەڵگە سروشتی و وەرزێری یە، بەرهەمهێنەر و بەرهەمخۆر یەکە. بەڵام کۆمەڵگای مۆدێرن کۆمەڵگایەکی تێکنۆلۆژی یە، سروشت لە تێکنیک جیاکراوەتەوە، بە پێی لێهاتوویی و زانست کار دابەش کراوە، زانست بە سەر کۆمەڵگەدا زاڵە، فرە بەرهەنهێنەرە، بەرهەمهێنەر و بەرهەمخۆر لێک جیادەبنەوە، کۆمەڵگە پێچەڵپێچ و پێشکەوتووە، تاکەکان لە جێگای باوباپیرانی خۆیان هەڵدەقەندرێن و وەدوای کار دەکەون بە پێی زانست و پسپۆڕی خۆیان. خەڵک ڕوو لە شارەکان دەکەن.

بە بۆچوونی ماکس وێبر: عەقڵ بە سەر دەزگای حکوومەتیدا حاکمە، بیروباوەڕەکان عیلمی دەبن و ئیمان بە زانست دێنن. تونیس کۆمەڵناس دەڵێ: کۆمەڵی سوننەتی هەرەوەزی یە، کۆمەڵی مۆدێرن سەرمایەداری یە، ئەمیان هیرارشی یە، ئەوەی ئێستا دێموکراتیا یە، کۆمەڵی سوننەتی مەزهەبی یە، کۆمەڵی مۆدێرن زانستی یە.

لە کۆمەڵگەی سوننەتیدا تاک وجودی نییە، بوونی تاک بە کۆمەڵ بەستراوەتەوە ، بۆچوونەکان جەماوەرین، تاک هەر لە ناو کۆمەڵدا بایەخی هەیە، کۆمەڵ یانی جەماعەت، بەپێچەوانەوە لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا تاک دەخوڵقێت، تاک سەرچاوەی ڕاستییەکان و پێکهێنەری بایەخەکانە. هیچ بوونەوەرێک بە ئەندازەی تاک بایەخی نییە، بۆچوونی تاکا دەستی قەدری لێدەندرێت، بۆخۆی شێوەی ژیانی خۆی و

ئایینی خۆی دیاری دەکات، تاک بۆ خۆی بڕیاردەرە، لە کۆمەڵگای سوننەتیدا بڕیار بۆ تاک دەدرێ و لە ناو کۆ (جەمع)دا ون دەبێت.

کۆمەڵگای مەدەنی لە سەر بناغەی نەزم و تەرتیب و یاسا دامەزراوە. هەرێمی دەوڵەت لە هەرێمی خسووسی جیا دەبێتەوە، تاکەکان بە پێی بۆچوون و لێکدانەوەی خۆیان وەدوای قازانج و بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی و پەروەردەیی خۆیان دەکەون و دەوڵەت پارێزەر و ئاگاداری ئەوانە. لە کۆمەڵگای مەدەنیدا ئازادی بە تەواوی مانا هەیە هەم بۆ تاک و هەم بۆ کۆمەڵ، ئەرکی دەولەتی مەدەنی لەناوبردنی کەند وکۆسپەکانی سەر ڕێگای ئازادی یە.

ڕووناکبیری، ئیدەئۆلۆژی، ئازادی، لیبرالیسم، سکۆلاریسم، دێمۆکراسی، پلۆرالیسم، شۆڕش کە بە وتەی «ئانتۆنی گیدێنز»ی کۆمەڵناس بریتی یە لە گۆڕینی ستروکتوری کۆمەڵگە، کە هەموویان دیاردەی مۆدێرنن!

دین وەکوو ئیدەئۆلۆژی حکوومەتی، دیاردەیەکی نوێ یە. لە ئیسلامی سیاسیدا بەیارمەتی ئەو ئیدەئۆلۆژییە کۆمەڵگای مۆدێرن دەگەڕێننەوە پێش دەورەی مۆدێرنیتە و دەکرێتە ئامرازی حکوومەت. حکوومەتەکانی دینی بە درێژایی مێژوو حکوومەتی غەیری دێمۆکراتیک بوون و هەن، دین ودێمۆکراسی دەگەڵ یەک ناخوێننەوە، دێمۆکراسی دیاردەیەکی مۆدێرنە.

ئیسلامی سیاسی خوازیاری دەسەڵاتی موتڵەقی تاکەکەسی یە و، ئەو شێوە دەسەڵاتەش دژی دێمۆکراسی یە. هەربۆیە هیچ حکوومەتێکی دینی کە لە ئەسڵی دەسەڵاتی موتڵەقی تاکەکەس پەیڕەوی دەکات (دانی دەسەڵات بە یەک کەس بە نێوی ئیمام یان وەلی فەقیە یان خەڵیفە) ناتوانێ دێمۆکراتیک بێ.

نموونەی غەیری دێمۆکراتیکبوونی حکوومەتی دینی، کۆماری ئیسلامی لە ئێرانە. ئەو ڕژێمە هەوڵدەدات بە شێوەی توند وتیژ تەواوی کۆمەڵگە والێبکات کە وەک یەک بیربکەنەوە، وەک یەک بدوێن و، بۆچوونی جیاواز نەبێت. کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتی بە سەر ئێراندا، بە مەبەستی سەرکەوتنی سیستمەکەی، لە سێ شێوەی ناسراو کە تایبەتمەندیی سیستمی تۆتالیتەرە، کەڵکی وەرگرتووە: یەکەم لە بەینبردنی مافی حقووقی و قانوونی ئینسانەکان. دووەم کوشتنی ئەخلاق لە تاکدا و، سێهەم کوشتنی تاکێتی و کەسایەتی، هەروەک ئارنێت کاسیێر دەڵێ: سیستەمی تۆتالیتەر وەک مارێکە کە لە پێشدا

**ئیسلامی سیاسی خوازیاری دەسەڵاتی موتڵەقی تاکەکەسی یە و، ئەو شێوە دەسەڵاتەش دژی دێمۆکراسی یە. هەربۆیە هیچ حکوومەتێکی دینی کە لە ئەسڵی دەسەڵاتی موتڵەقی تاکەکەس پەیڕەوی دەکات (دانی دەسەڵات بە یەک کەس بە نێوی ئیمام یان وەلی فەقیە یان خەڵیفە) ناتوانێ دێمۆکراتیک بێ.**

نێچیرەکەی فەلەج دەکات پاشان لە ناوی دەبات.

بە پێی ئەو لێکۆڵینەوەیە ئاشکرایە کە ڕژێمی ئیسلامی لە ئێران کە ئەو چۆنایەتییانەی تێدا بەدیدەکرێ سیستمی حکوومەتی تۆتالیتەرە. ڕیفۆرمیستەکان لە ئێران ساڵەهایە هەوڵدەدەن بە شێوەی ڕیفۆرم کۆمەڵگەی ئێران بگۆڕن، بەڵام بوونی ویلایەتی فەقیە و دەسەڵاتی موتڵەقی وەلیی فەقیە تەگەرەی هەرە سەرەکین لە ڕێگای گۆڕانکارییەکاندا. بۆ دێمۆکراتیزەکردنی ئێران دەبێ سەرجەم نیزامی ویلایە تی فەقیە بگۆڕدرێت. ئەو سیستمە، سیستمی پێش مۆدێرنیتەیە کە دەگەڵ مۆدێرنیزم و دیاردەکانی بوزووچرێش ناکرێت.

لەو ڕژێمەدا کە بە تەواوی نوێنەرایەتی پیاوسالاری دەکات، نیوەی کۆمەڵگە واتە ژنان بە ڕەسمی و بە پێی شەرع و یاسای ئێران، بە نیوە ئینسان دەژمێردرێن، هەم لە میراتوەرگرتن و هەم لە شایەتیداندا. هەر بەو پێیەش لە هەموو بوارەکانی ژیانی بنەماڵەیی و کۆمەڵایەتی، ئابووری، پەروەردەیی و سیاسیدا جیاوازییەکی زۆر و ناعادڵانە دەرهەق بە ژنان دەکرێت. ئەو جیاوازییە لە کاتی نووتفەبوون لە زگی دایک ڕا دەستپێدەکات. بە پێی ماددەی ٤٨٧ی قانوونی سزای ئیسلامی ئێران، سزای لەباربردنی منداڵ ئەگەر کوڕ بێت سزای تەواوە و ئەگەر کچ بێت نیوە سزایە.[٥] هەر بەو پێیە کە ژن بە ڕەسمی کراوە بە نیوەمرۆڤ، بە زۆری بەمێرددانی ڕەوایە. هاوکات مافی تەلاقوەرگرتن و تەلاقدانی نییە. ژن سەرپەرشتی ئەو منداڵانەی کە لە باوەشی خۆیدا پەروەردەی کردوون نایدرێتێ. لە کاتێکدا پیاو بۆی هەیە چوارژنی هەبێت. ژن ئەگەر تۆمەتی زینای لێ بدرێت و چوار پیاو شایەتی ئەو زینایە بدات مەحکووم بە بەردەباران دەکرێت. تەنانەت ئەو بەردانەی کە بە ژنەکە دادەدرێت دەبێ چکۆڵەبن بۆ ئەوەی ژنەکە زوو نەکوژرێت و زەجر و شەکەنجەی تەواو ببینێت.[٦] ژن بەبێ ئیزنی مێرد بۆی نییە سەفەر بکات و تەنانەت ئیزنی چوونەدەر لەماڵەوەی نییە. پیشەی وەک ئیمارەت و قەزاوەت بە ژنان نادرێت.

تیرۆریزم یەکێک لە میتۆدەکانە کە ئیسلامی سیاسی بۆ لەناوبردنی موخالیف و دژبەرانی خۆی بە کاری دێنێت. کۆماری ئیسلامی ئەو میتۆدەی کردۆتە سیاسەتی دەوڵەتی. بە پێی ئاماری حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٩٨٠ تا ١٩٩٢ەوە زیاتر لە ٢٦٢کەس لە نێودارانی سیاسی و ناسراوانی کورد و ئێرانی تیرۆر کردووە کە لەوانە ١٦٥ کەسیان ئەندامی حیزبی دیمۆکرات و چەند نەفەریان ئەندامانی کۆمەڵەن.[7]

هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی بۆ لەناوبردنی جووڵانەوەی هەقخوازانەی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئیمام خومەینی فەرمانی جیهادی لە دژی گەلەکەمان دا. زۆر بە کورتی ئاماژە بە چەند ڕووداو دەکەم: قەتڵ و عامی بەکۆمەڵی خەڵکەکەمان لە قارنە و قەڵاتان، ڕەشەکوژی لە شاری نەغەدە، ئیعدامی بەکۆمەڵی لاوانی کورد لە سەقز، تۆپبارانو ئاگربارانی شارەکانی سنە و مەهاباد، ئیعدامی ٥٣ کەس هاوکات لە لاوانی شاری مەهاباد و ئیعدامی بەکۆمەڵی زیندانییانی سیاسی کورد بە ناوی (مفسد فی الارض) کە ئێستاش هەر بەردەوامە. لە کردەوەکانی دەرحەق بە گەلانی ئێران بە ڕاشکاوی دەتوانم بڵێم کە ئێران کراوەتە زیندانێکی گەورە بۆ ٧٠ میلیۆن ئینسان کە تێیدا ڕۆژانە بێ حورمەتییان پێدەکرێت و ماف و کەسایەتییان پێشێل دەبێت.

یەکێک لە کردەوە هەرە دزێوەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە لاوانی کورد بەتایبەت و لاوانی ئێران بە گشتی بڵاوکردنەوەی بەنگ(نارکۆتیک)ە بۆ لەبەینبردنی بەتەواوی لەش و دەروونی لاوەکانمان. زۆر بەداخەوە وەدەستهێنانی هێرۆیین لە قوتابخانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کڕینی جگەرە هەم هاسانترە و هەم هەرزانتر!

ئیسلامی سیاسی لە ئێران دەستی زۆری هەیە و هەبووە لە دروستکردن و بەچەککردنی تاقمە ئیسلامییەکانی باشووری کوردستان. کردەوەکانیان دەرحەق بە گەلەکەمان لە سەر حیسابی کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێ بنووسرێت.

هەبوونی نەخش و ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی لە دروستکردن و پەرەپێدانی تیرۆریسمی نێونەتەوەییدا ناسراوە. بۆنموونە حیزبوڵڵای لوبنان کە بە ئاشکرا سازکراوی دەستی ئێرانە و تاقمەکانی دیکەی تیرۆریستیش وەک: حیماس، جیهادی ئیسلامی لە یارمەتی ماددی و مەعنەوی ئێران بێبەش نین و، گومان لەوە دەکرێت کە ئێستا بوویێتە بنکەیەک بۆ پەنادان و زیندووکردنەوەی ئەلقاعیدە و لقەکانی لە خاکی ئێران.

بەکورتی، ئیسلامی سیاسی بۆچوونێکی کۆنسێرواتیڤە کە دەیەوێ کۆمەڵگە بگەڕێنێتەوە بۆ پێش کۆمەڵگەی مۆدێرن. تاک مانای نییە و پێکهێنەری ئۆمەتە، دژی نەتەوە و نیشتمانپەروەری یە. زۆر دژی مافەکانی ژن و هەموو دیاردەیەکی پێشکەوتووی ئینسانی یە. بۆ وەدەستهێنان و ڕاگرتنی دەسەڵاتی خۆیلانگریی زەبروزەنگە و، سیستمێکی فکری تۆتالیتەرە. مافی ئازادی و ئازادبیرکردنەوە لە مرۆڤ دەستێنێتەوە. تیرۆر و ڕەشەکوژی وەکوو میتۆدی دەسەڵات بەکاردێنێت و، هەربۆیە مەترسییەکی مەزنە بۆ کۆمەڵگای مەدەنی و پێشکەوتوو.

ئیسلامی سیاسی لە کاتی کەمهێزی و بێدەسەڵاتیدا باسی حاکمییەتی خەڵک و دیمۆکراسی دەکات و، کاتێک بە دەسەڵات گەیشت گەل دەبێتە سەغیر و، ئەوانیش وەکوو وەلی فەقیە ویلایەتیان بە سەردا دەکەن، بۆنموونە وتەکانی ئیمام خومەینی لە نۆفل شاتۆی فەڕانسە و کردەوەکانی پاش بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە ئێران.

هەربۆیە گەلی کوردمان لە هەموو بەشەکانی کوردستان پێویستە بە وشیارییەکی تەواوەوە هەڵسوکەوتەکانی حیزب و کۆڕ و کۆمەڵ و تاقمە ئیسلامییەکان هەڵسەنگێنن. کۆماری ئیسلامی ئێران هیچکات لە هاوپەیمانی و هاوکاری حکوومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و سەرکوتکردنی گەلەکەمان و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیمان خۆی نەپاراستووە. هەربۆیە ئەرکی نیشتمانی هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردی یە، کە لە هیچ بارودۆخێکدا قاتلانی نەمران دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و هەزاران خەباتگێڕی دیکەی کورد، وەک دۆستی خۆیان نەبینن!

**پەراوێزەکان:**

١) اکبر گنجی، تلقی فاشیستی از دین و حکومت، چاپ نهم، ص ٧٦.

٢) سەرچاوەی پێشوو، ص ٧٧

٣ و ٤) سەرچاوەی پێشوو، ص ٧٨.

٥) **مهرانگیز کار**، حقوق زن در ایران، مجله *جامعه سالم*، شماره ٣٨.

٦) **شجاع الدین شفا**، *توضیح المسائل* ـ پاسخهائی به پرسشهای هزارساله، چاپ سوم (در قطع جیبی)اردیبهشت ١٣٧١، ص ٦٧١.

٧) سایتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان:

www.pdk-iran.org/ Victims of Iranian State . Terrorism


وتووێژێك

# سەبارەت بە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی

**لەگەڵ**

## مامۆستا د. ساڵح ئیبراهیمی

ئامادەکردن: س. چ هێرش



د. ساڵح ئیبراهیمی

**● مامۆستا، خۆشحاڵم لەوەیکە بە خزمەتتان گەیشتم و هەروەها سپاستان دەکەم بۆ ئامادەبوونتان لەم وتووێژەدا... پرسیارەکەم لە سەرەتا دا پرسیارێکی گشتی یە و، پێمخۆشە سەبارەت بە وەزعییەتی ئەدەبی و زمانی کوردی هێندێک زانیارییمان بدەیەی.**

■ ئەڵبەتە ئەمنیش کاک هێرش تەشەکورتان لێدەکەم و لە دوورەوە شانازی بە ئێوەوە دەکەین کە لەو وڵاتە غەریبییە کۆڵتان نەداوە و لە ئاوارەییشدا دەکۆشن کە فەرهەنگی کورد ببوژێننەوە و ڕایبگرن بە نووسین بە مەجەلەیەکی گەورە و بڕ بەهای وەک گزینگ. وە پیرۆزباییتان پێ دەڵێم کە خزمەتێکی ئەوها بەرچاوتان هەیە بۆ میللەتە لێقەوماوەکەمان.

وە ئەمما سەبارەت بە زمان و فەرهەنگ و ئەدەب و هونەری کوردی، بە ڕاستی لەو زمینەیەشدا ئەمن هەر تەشەکورت لێدەکەم کە ئەو مەجالەتان داوە بە من کە قسە بکەم و هەرچەند قسەکانی من ناقابیلن و بۆ ئەوە نابن کە ئاوا گرینگی پێبدەن. هەر وەک دەڵێن: «باران ئەگەر بباریٚ، بە سەر زەوی شۆریشدا بباریٚ هەر گوڵ دەڕوێنیٚ» و، ئێوەش ئاوا لوتفی خۆتان نیشان داوە و منیش موتەقابیلەن تەشەکورتان لێدەکەم.

ئێمە ئەگەر بڕێک تەماشای فەرهەنگەکەی خۆمان بکەین، دەبێ هێندێک لە سەرەتاوە قسە بکەین، چون کورد دەڵێ گیا لە سەر بنجی خۆی شین دەبێتەوە. دیارە ئێمە ئەگەر بنج و بناوانەکەمان لە ماوەیەکدا کە موشەخەسە و تاریخ نووسیویەتی و قسەی لێوەدەکا بیڵێین، باشتر مەسەلەکە دەردەکەوێ. بەو پێیە دەبێ عەرزت بکەم ئەمن، کتێبێکم چاو پێکەوت بە ناوی«مزگانی نەزانی کوردی» کە دوکتور سەعید خانی کوردستانی نووسیویەتی (خودا غەرقی ڕەحمەتی بکا). سەرەتایەکی بۆ نووسیوە کە بە عەقیدەی من، ئەو سەرەتایە بە یەکێک لە شاکارەکان دەزانریٚ و پیاو دەبێ ئیستیفادەی لێ بکا. بەڵام ئەسڵی کتێبەکە تەرجەمەی ئینجیلە بە شێعر گوتوویەتی و کتێبەکە لە ساڵی ١٣٠٩ی هەتاوی لە تاران چاپ بووە. من ئەو کتێبەم هەیە. ئەو لە زیمنی بەحس کردن شتێکی زۆر سەیر دەگێڕێتەوە و دەڵێ: لە حدودی قەڕنی دەهەمی پێش میلادی مەسیح، کابرایەکی زانا بە ناوی «ماسی سۆراتی» هاتووە شێوە خەتێکی بۆ کوردان داهێناوە کە ئەو شێوە خەتە هەر ئەو مەخاریج و ئەلف و بێیەیە کە ئەوڕۆ ئێمە تەلەفوزی پێدەکەین، مەتالیبی خۆی پێ نووسیوە و کوردەکانیش بەو خەتی شێوە ماسی سۆراتی یە شتیان نووسیوە. مەرحوم **ئایەتوڵڵا مەردوخ** یش عەینی ئەوەی لە تاریخەکەی خۆیدا باس دەکا و تەئکیدی لە سەر دەکا و دەڵێ لە پاشان وردەوردە لەو مەنتەقەی کە کوردی تێدا دەژیا، خەتێک داهات بە نێوی خەتی مێخی، ماوەیەک کوردەکانیش هەر وەکوو فارسەکان، شتی خۆیان بە شێوەی خەتی مێخی دەنووسی. لە پاشان کە ئیسلام داهات، خەتی کوفی لە ئەسەری حەرەکەتی ئیسلام و قورئان بوو بە باو، کوردەکانی خۆشمان وەکوو باقی میللەتەکانی مەنتەقە، نووسراوەکانی خۆیان بەو خەتی کوفییە دەنووسی. ئەگەر ئێمە تەماشا بکەین هەر لەو زەمانەدا یان لەو قۆناغانەدا، کابرایەک کتێبێکی نووسیوە، هەروەکوو دوکتور مونتەسەر باسی دەکا و دەڵێ: ئەمن کتێبێکم خوێندەوە و ئەو کتێبە ابن وحشیە نووسیبووی بە ناوی رموز ***الاقلام***، ابن وحشیە خۆی هەم زمانی عەرەبی زانیوە و هەم زمانێکی دیکەی هەبووە مادەری کە کتێبی

کوردی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی. لە کتێبی **شوق المستهام رموز الاقلام** دا، دوکتور مونتەسەر نەقڵی لێ دەکا مەقالەیەکی نووسیوە کە لە *مجله العربیەی* ژمارەی ٢٠٠، لە ساڵی ١٩٧٥ لە کوێت چاپ کراوە. هەروەها کەسانی دیکەش لەو زەمینەیدا قسەیان کردووە و دەڵێن ئەو ابن وحشیە ئەو کتێبەی زۆر مەشهوورە کە لە ئاخری کتێبەکەدا دەڵێ: کتێبێکی کە لە زمانی کوردیدا تەرجەمەی کردووە بە عەرەبی (سەبارەت بە ئاوناسی و زەمینی بەیار) بووە.
ئەگەر ئێمە برێک بێینە دواترەوە، تەماشا دەکەین شێعرێک یان مەنزوومەیەک پەیدا بووە کە مەرحوم ئایەتوڵڵا مەردوخ و ڕەشید یاسمی و هێندێک لە زانایانی دیکە و لەوانە ملک الشعرا بهار و دوکتور سەعید خانی کوردستانی، ئەو شێعرەیان بە ناوی چامەی هورموزگان کە باسی جەنگی قادسیە دەکا، تەئیید کردووە. ئەمین زەکی بەگ لە یەکێک لە نووسراوەکانی خۆیدا، بە نەقڵ لە مینۆرسکی دەڵێ: ئەو شێعرە بۆتە ئەدەبی مەکتووب یانی بەو مانایە لە کتێبدا ڕاجع بە مەوباریزانی سوننی لە سەفحەی یازدە لە پەراوێزی ١٨دا، ئەو شێعرە سەپت بووە (پایکولی: لە باشووری شاری سلێمانی بەردەنووسراوێک هەیە کە ڕاولینسۆن، ساڵی ١٨٣٦ و هێرتسفلد ١٣-١٦١١ی زایینی شوێنەواری پایکولی یان داوەتە بەر سەرنج و گوتوویانە ئەو بەردەنووسراوە بە خەتی پەهلەویی ئەشکانی و ساسانی یە. وە لە ساڵی ١٩١٠ی زایینی لە دێی هەزارمێرد ـ ی سلێمانی چەند لەتە چەرم دۆزراوەتەوە کە لە وانە چوار بەند سروود بە زمانی کوردی پەتی و بە خەتی پەهلەوی نووسراوە و ئەو چوار بەندە چامەیە بە چامەی (هورموزگان) ناوبراوە و هێرش و بێ ڕوحمی عەربی بۆ سەر خەڵکی کوردستان نیشان داوە).[1] جا ئەگەر ئەمە ڕاست بێ ـ بە عەلاوەی خەتی ماسی سۆراتی کە لە پێشدا هەبووە و ابن وحشیە تەسریحی کردووە ـ نیشان دەدا کە ئەدەبی کوردی بەر لە ئیسلام هەبووە.
ئەگەر دیسان برێکی تر بێینە دواترەوە، تاریخێک هەیە بە ناوی ***تاریخ گزیدە***، کە دەڵێ وەختێک عومەری ئیبنی خەتتاب خەلیفەی دووهەمی ئیسلام هات خەڵکی ئەو وڵاتەی کە ئێستا پێی دەڵێن ئێران موسوڵمان بکا، لەشکرەکەی هاتووە دەوری (قەزوێن)یان گرتووە ـ دیواری ئەو شارەش قەڵاقەڵا بووە بۆ ئەوەی دوژمن نەتوانێ بیگرێ ـ خەڵکەکە لە سەر دیوارەکانەوە دیفاعیان کردووە و لەشکری ئیسلامیش ویستوویانە دیوارەکە بڕۆخێنن و بێنە نێو شارەکە، دوای ماوەیەک کە ماندوو بوون و پێیان نەکراوە، لەشکری ئیسلام گوتوویە ئێوە موسوڵمان بن و جزیە بدەن، ئێمە کارمان پێتان نییە، ئەوانیش گوتوویانە نەخێر، ئێمە نە جزیە دەدەین و نە موسوڵمانیش دەبین، ئێوە بەگەڕێنەوە مەککە تا لە شەڕی ئێوە نەجاتمان ببێ. ***تاریخی گوزیدە*** ئەمە بە نێوی شێعری پەهلەوی ناو دەبا، بەڵام ئەمن بۆ خۆم و، هێندێکیش لە موحەقیقین لەوانە: خوالێخۆشبوو مامۆستا **جەمیل ڕۆژبەیانی** کە یەکێک بوو لە زانایانی کوردستانی باشوور، لامان وایە و واشە، کە ئەو شێعرە دە هەقیقەتدا بە زاراوەی کوردیی گۆرانی یە. عیبارەتەکەشی بە تەغییراتێک، کە کابرای فارس نەیزانیوە چاپ کراوە و دەستاودەست بووە، ئەوەیە کە دەڵێ:

نە موسولمان بیم، نە جزیە دیم
بشین ئۆ مەککە شین کەی مە برەهین

ئەگەر ئێمە جوان مولاحەزە بکەین کەلیمەی بشین یا بشی، وشەیەکە ئەگەر لە باری تەتەووراتی زمانی کوردییەوە دیقەتی لێ بکەین گرینگە(لە وەختێکا ئەمن لە دەورەی فەوقی لیسانسا دەرسم دەخوێند، لە ڕێژیمی ڕابردوودا نەیان دەهێشت کتێبی عەرەبی بێنە ئێران، ئێستە دێڵێن) ئەو وەختی ئەمن چەند جۆر کتێبی عەرەبیم خوێندەوە کە سەبارەت بە مەولانا خالیدی نقشبەندی قسەیان کردووە. ئەو ئینسانە گەورەیە کە تاریفی پێغەمبەر دەکا لەوێ شین بە کاردەبا و دەڵێ: وە سێزدە هەنی ئەو خۆر جەبینە، ڕاهی بی شین وە مەدینە. شین یانی ڕۆیشتن( جەمعە)، جا هەر ئەو بشین ئۆ مەکە شین کەی مە برەهین، کە بەر لە ئیسلام بەکار براوە، مەولانا خالید بە کاری بردووە. وەڵێ دەوێدا نوکتەیەک دێتەپێشێ کە مەولانا خالید دەبوو بیگوتایە: شی= ڕۆیی، بەڵام واژەی شین ی بە جەمعی موزەکەری غایب گوتووە لە بەر عەزەمەتی پێغەمبەر، یانی چوون و ڕۆیشتن. ئەگەر ئێمە بێینە خوارترەوە، تەماشا دەکەین خودی بابا تاهیری عوریان یش، کە بە شەهادەتی ئەوانەی شێعرەکانی ئەویان خوێندووەتەوە، کە هەموو بە لەهجەی گۆرانین و ئامێتەیە لەگەڵ لوڕی، بەکاری هێناوە. بەداخەوە هێندێک لەبرادەرانی ئێرانی نەیانتوانیوە شێعرەکانی بخوێننەوە وەکوو وەحیدی دەستگردی و ئەوانە، چون تێی نەگەیشتوون بیخوێننەوە شێعرەکەیان گۆڕیوە؛ کە ئەڵبەتە ئەوەش خراپە دەست دەکاری خەڵکی وەردەی، بەهەرحاڵ ئەویش بشین یا شی و ئەو جۆرە واژەی بەکاربردووە، هەروەها دواتریش حەکیم مەولەوی کورد، ئەویش بشی و

بشینی بەکاربردووە و دەڵێ:
دیدەی سەر ئەر شی دیدەی سەر کافین(یانی ئەگەر بینایی چاو ڕۆیی)..
ئێستاش کوردانی باکوور دەڵێن: بشێنە، شاندی، شاندک، کە ئەو واژەیە بەر لە ئیسلام تا ئێرە، تەتەووری زمانی کوردی نیشان دەدا.
ئێمە بڕێکی دی دێینە دواترەوە تەماشا دەکەین ئینسانێکی گەورەی وەکوو خانای قوبادی پەیدا بووە کە ئیفتیخاردەکا بە زمانەکەی خۆی و دەڵێ:

هەرچەن مەواچان فارسی شەکەرەن
کوردی جە فارسی بەل شیرینتەرەن

پاشان دەڵێ:

بە لەفزی کوردی، کوردستان تەمام
پێش بوان مەحفووز، باقی والسلام

ئەم دوو شێعرە ئەمە نیشان دەدا و، لە عەینی کاتیشا نوکتەیەک، دەڵێ و نوکتەکەش ئەمەیەکە بەر لەوەی دارولفنون لە ئێران و لە عالەمی ئیسلام و لە کوردستان دایر ببێ بەو سەبکە تازەیە کە ئێمە خوێندوومانە، خەڵک لە پێشا لە مەکتەبەکانی مزگەوت، لە حوجرەی فەقێیان دەرسیان دەخوێند. ڕوحانییەت بەتەوری کولی لە تەواوی مەناتیقێک کە تێیدا ژیاون چ لە مەناتیقی کوردنشین چ لە مەناتیقی غەیرە، کە دەرسیان بە تەلەبە و فەقێیان داوە، لە نێو حوجرەی مزگەوت و لە نێو فەقێیاندا، مەلا بە زمانی کوردی مەتنە عەرەبییەکەی شیکردووەتەوە، یان شەرحی داوە، وە لە عەینی حاڵدا شێعری شاعیرانیان بە شفاهی (کە ئەو وەختی مەکتووب و مەتبووع [چاپکراو] کەم بووە)، بە فەقێیان گوتووەتەوە. جا، ئەو شێعرەی خانای قوبادی کە دەڵێ: بە لەفزی کوردی کوردستان تەمام /پێش بوان مەحفووز باقی والسەلام، یانی پێش ئەوەی دارلفنون لە دنیای ئیسلام بە وجود بێ، شێوە زمانی گۆرانی کە کاهێ پێی دەڵێن هەورامانی (بۆخۆم عەقیدەم وایە هەورامانی ئێستە لەهجەیەکە لە گۆرانی) لە سەرتاسەری کوردستان تەدریس کراوە.

ئێمە گەر تەماشای تاریخ بکەین، ٥٠٠ ساڵ بەر لە ئەردەڵانەکان، باجەڵانەکان لە مەنتەقەی زەهاو تا دینەوەر و ئەو ناوچانە حکوومەتیان کردووە، دیارە ئەو وەختی حکوومەتەکە مەحەللی بووە، لە نێو ئەوانەدا شاعیرانێک پەیدا بوون، یەکێک لەوانە «وەلی دیوانە»یە، یەکێک لەوانە «خانای قوبادی»یە، کە لە حەقیقەتدا ئەوانە وەختێک لەو مەنتەقەدا نفوزیان بووە، زمانی کوردی ڕەواجی گرتووە، هەروەها یەکێک لەوانە مەلا پەرێشانی لوڕە. بۆ مەلا پەرێشان، ئێمە لە تاران کۆنگرەیەکمان دانا بە نێوی «کۆنگرەی ڕێزدانان لە مەلا پەرێشان و ڕیجالی دینەوەر» کە لەوێدا مەلا پەرێشان وەک خەڵکی دینەوەر ناسێندرا، بەڵام لە کۆنگرەدا برادەرێک کە خۆی خەڵکی لورستان بوو، گوتی دیوانی مەلا پەریشان بە کوردی لە لورستان چاپ بووە و ئێمەش لێی حاڵی دەبین. بۆ نموونە مەلا پەرێشان کە دەڵێ: من ژ بسم الله، من ژ بسم الله/ ئیبتیدا مەکەم من ژ بسم الله، ئەمن هەر ئەو واژەیە دەکەمە میلاک، مەلا پەرێشانی دینەوەری یا مەلا پەریشانی لوڕ، (ژێ) ی بەکاربردووە، جەنابت وەک ئینسانێکی ئەهلی قەلەم ئەوەی چاک دەزانی کە لەو مەنتەقەدا زۆر کەم ژێ بە کاردێن، بەڵام تەماشا دەکەی ژێ لە نێو کرمانجدا زۆر بە کاردێ و، ئەوە نیشان دەدا کە ئەدەبی گۆران وەختی خۆی، تەواو لە کوردستاندا بە گوێرەی ئەو قسەیەی خانای قوبادی گوتوویەتی، تەدریس کراوە.

دیسان ئەگەر ئێمە بڕێک دواییەکەی تەماشا بکەین هەلومەرج و شەرایەتێک هاتە پێشێ، کە ئەدەبەکە بێ لە کوردستانی شیمالیدا خۆی نیشان بدا، لە کوردستانی شیمالی کەسانێک وەک عەلی تەرەماخی(بە داخەوە لە کتێبەکاندا بە هەڵە بە عەلی تەرمووکی ناوبراوە) و مەلا خەلیلی سیرتی، دەرسیان بە زمانی کوردی بە فەقێیان گوتووەتەوە و تەنانەت مەلاخەلیل (کتێبی ***تەسریفی زەنجانی***) بە کوردی تەدریس کردووە. وە واسیلی نیکیتین لە ***کورد و کوردستاندا*** نەقڵ دەکا کە دیوانی عەلی حەریری بە زمانی کرمانجی کەوتووەتە دەست. جا تەماشا دەکەین دوای ئەو، مەلا ئەحمەدی باتێ، فەقێ تەیران، مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی زهوریان کردووە، لە پاشان ئەو ئەدەبە هاتووەتەوە ناوە ڕاست، یانی لە کوردستانی ناوەڕاست شاعیرانی وەکوو نالی، حاجی قادری کۆیی، مەحوی، وەفایی و... سەریان هەڵداوە.

ئەدەبی کوردی تا ئەم مەجمووعەیە سەرچاوەی گرتووە، ئەمە حاڵەتێکی تەتووری زمانی کوردی یە کە ئەڵئان گەیشتووەتە ئەو حاڵەتە کە ئێمە بۆ نموونە مەجەلەی *گرشەی کوردستان*، *ئاوێنە* و سروە بەم شێوە زمانە دەردەکەین و، ئێوەش لێرە گۆڤاری گزینگ و مەجەلەکانی دیکە چاپ دەکەن..

**● ببەخشە قسەکەت دەبڕم ئەو شتەی جەنابت فەرمووت کە**

**سەرچاوەی ئەدەب یان باشترە بڵێین شێعری کوردی لە مەلا پەرێشان ڕا دەستی پێکردووە.. ئایا ئێمە دەبێ بە چ پێوانەیەک ئەو مەسەلەیەی ساغ بکەینەوە؟**

■ دەبێ ئەوەت عەرز بکەم کە من عەقیدەیەکی دیکەم هەیە کە دەڵێن وەختێک مەغوولەکان هاتوون ئەوەندەیان کتێب خستووەتە نێو چۆمی دیجلەوە کە دیجلە ڕەش هەڵگەڕاوە، وە سەعدی شینی بۆ گێڕاوە. ئەمن لەو باوەڕەدام کە بە زمانی کوردی کتێب هەبووە، ئەدەبی مەکتووب بە زمانی کوردی هەبووە بەڵام ڕەنگە چاپکراو یا مەتبووع نەبووبێ، کە مەغوول و ئەوانە لەبەینیان بردووە. وە لە پاشان وردە وردە شەرایەتێکی دیکە هاتووەتە پێشەوە کە شاعیرەکان هەر ئەو ڕێبازەیان گرتووە کە پێش ئیسلام و دوای ئیسلامیش هەبووە کە بێجگە لە شفاهی بە شێوەی کەتبیش بووە. ئەڵبەتا بەعزە ناوچەیەک کە حوکمی خۆماڵییان هەبووە، عەشایرەکان کە خۆیان عەلاقەیان بە فەرهەنگ و ئەدەبی مەحەللی هەبووە نەوعێک خۆوێژیان ڕاگرتووە، وەکوو چۆن ئەوڕۆ حکوومەتەکان شاعیریان هەیە یا بەتەوری کوللی ڕەوشەنفکر دێن کۆنفرانسیان بۆ دەدەن، شێعر بخوێننەوە، قسەی خۆیان بکەن، بۆ ئەوەی فەرهەنگی ئەو مەنتەقە، ئەو میللەتە، زیندوو بمێنێتەوە؛ ئەو وەختەش، حاڵەتێکی ئاوا بووە بەڵام مەنتەقەیی. ئەو سەرەک هۆزانە، ئەو خۆوێژانەیان مەسەلەن وەک عەلی بەردەشانی و زۆری دیکە ڕاگرتووە کە شتی زۆر جوان و نایابیان خوڵقاندووە کە لە مەنتەقەی موکریان بە ناوی (بەیت)ناودارە و، جەنابت ئاگاداری و پێویست نییە تەوزیحت بۆ بدەم. دیارە واقیعیەتێک ئەوە بووە، کە من قورئانم تەرجەمە کرد بە کوردی، چاوم لێکرد مەسەلەن، من کە بۆ خۆم لە دانیشگا تەدریس دەکەم، دەبینم کەسێک یا زانینخوازێک دێ کە خەڵکی سوسەنگێردە کە ئەوانەش هەر لوڕن یا خەڵکی ئیسفەهانە لەهجەی هەیە، بەڵام ڕۆژنامەی کەیهان یا کەیهانی هەوایی دەخوێنێتەوە یان لە ڕادیۆ کە قسە دەکرێ یا ئەو زمانەی کە کتێبی پێ دەنووسرێ و پێی دەڵێن زمانی ئەدەبی لێی تێدەگا. شاعیرانی ئێمەش وەکوو نالی و مەحوی و مەولەوی و ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی و مەلای گەورە و ئەو ئینسانە گەورانە، کە شێعریان گوتووە، شێعرەکە بووەتە زمانی کوردی، ئێمە کە دەنووسین لە هەقیقەتدا لەوانە ئیستیفادە دەکەین کە زمانی ئەدەبییان بۆ ئێمە دروست کردووە.

بەڵام بەداخەوە دەبێ گازندە بکەم و بڵێم: نازانم بۆچی فارسەکان و تەنانەت کوردەکانیش کە بە فارسی شێعریان وتووە، لە فیردەوسی یەوە بگرە تا سەعدی، حافز، نیزامی گەنجەوی کوڕی ڕەئیسەی کورد، هومامی تەورێزی و مەلا محەمەد شەریف شێخی مەغریبی(کە بە زمانی پەهلەوی یا ئازەری کۆن شێعری وتووە)، هەموویان بە یەک شێوە زمان شێعریان بە فارسی وتووە. بەڵام شاعیرە کوردەکانی ئێمە، بە چەند شێوەزار شێعریان وتووە، بۆ نموونە: مەلا پەرێشان، خانای قوبادی، بێسارانی، مەولەوی کورد، غولامڕەزا ئەرکەوازی، سەرهەنگ ئەڵماس خانی کەنۆڵەیی، میرزا شەفیع کولیایی، کۆماسی، سەییدی هەورامانی، تورکەمیرە، میر نەورۆز، مەلا ڕۆستەمی ئیلامی، میرزا عەبدولقادر پاوەیی، سەییدساڵح ماهیدەشتی، سەی یاقو و مەلا مەنوچێهری کولیوەندی بە شێوەزاری گۆرانیی هەورامانی شێعریان وتووە، ئەمە لە بەشی کوردستانی باشووری سەر بە ئێرانی ئێستا. لە بەشی کوردستانی باکووریش کەسانێ وەک: عەلی حەریری، عەلی تەڕەماخی، حەکیم ئەحمەدی خانی، فەقێ تەیران، مەلای باتێ، مەلای جزیری و... بە شێوەی کرمانجی کوردیی باکووری شێعریان وتووە. لە کوردستانی ناوەڕاستیشدا، کەسانێ وەک: نالی، حاجی قادری کۆیی، مەحوی، سالم، کوردی، زاری، وەفایی حاجی خەلیفە مەلا محەمەد(بەها)، شێخ عوبەیدیلای نەهرێ، سیف القضات و... بە شێوەزاری سۆرانی شێعریان وتووە و، زمانی کوردییان کردۆتە سێ شێوە زار، تۆ بڵێی شاعیرەکانی کوردیش، وەکوو حیزبە کوردییەکان نەیانویستووە یان نەیانتوانیوە یەک بگرن و یەک شێوە بۆ زمانی کوردی داڕێژن، کەوا ئێستا ئێمەی کورد، زمانەکەمان ئاوای لێقەوماوە، تازە سەرەڕای ئەوە، هەندێ بە لاتینی و هەندێکیش بە شێوە خەتی ئیعراب بە حوڕوف دەنووسن و کتێب لە چاپ دەدەن. هیوادارم زانایان و پسپۆڕان و خاوەندەسەڵاتانی کورد، هەرچی زووترە، ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکەن.

● **ئەوە هیوای هەموومانە، مامۆستا لە سەرەتاوە دەبوو ئەو پرسیارە بکرێ ئێوە لە کام دانیشگا دەرس دەڵێنەوە؟**

■ لە دانیشگای ئازادی ئیسلامی و دانیشکەدەی علوومی قەضایی و خەدەماتی ئیداری لە تاران خەریکی دەرس گوتنەوەم.

● **قوربان.. جەنابت زەمانێک گۆڤاری گرشەی کوردستانت دەردەکرد، دەکرێ لەو بارەدا هێندێک تەجرەبە و زانیاری**

**خۆتان بۆ باس بکەی.**

■ ئێوە بۆ خۆتان چاکتر شارەزان ومختێک ڕێژیمی مەنحووسی سەڵتەنەتی لە بەین چوو، بە سەرنجدان بەوە کە ئازاد بووین لە دەس ئەو ڕژێمە، چوومە وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی ئێران و شێعرێکی حافزم گرت بە دەستەوە و نووسیم :

سالها دل طلب جام جم از ما میکرد

وانچه خود داشت ز بیگانه تمنا میکرد

ئەمن خواهیشت دەکەم ئێوە لە باتی ئەوە کە دنیای غەرب یان لە دنیای دیکە ئەنستیتووی کوردی و کورسی کوردشناسیمان بۆ دابنێن، لە وڵاتەکەی خۆمان بۆمان دانێن، ئیجازەمان بدەن مەجەللە و ڕۆژنامەمان بە زمانی کوردی هەبێ، ئەوانیش ئیجازەیان دا و ئەمنیش مەجەللەیەکم بە ناوی (گرشەی کوردستان) دەرکرد. وەلێ بەداخەوە ئێمە کە کەم تەجرەبە بووین، هەرچەند ئەمن ماشێنێکی شەوەرلێتم هەبوو فرۆشتم و خەرجی ئەوەم کرد، لەبەر ئەوەی لە تارانا کەسانێک نەبوون کە لە باری فکرییەوە و لە نەزەری مەقالەنووسییەوە کۆمەکمان بکەن و یاریدەمان بدەن، بەداخەوە لە مەنتەقەشا شەڕ بوو، چاپ نەماندەتوانی بڵاوی بکەینەوە و بیفرۆشین و لەوێش کەوتینە تەنگانەوە، دوای ۹ ژماران ئەمن مەجبوور بووم بی بەستم.

● **چەند وەخت بە چەند وەخت دەردەچوو؟**

■ لە هەوەڵێ ڕا قەرار وابوو حەفتانە دەربچێ، دوایی ببێتە مانگانە..

● **ئەمن بۆ خۆم چەند ژمارەم لێ دیبوو، هەرچەند بە وردی ناتوانم بێمەوە سەری بەڵام وابزانم زیاتر ئەدەبی بوو..**

■ دەمەوێ لەوبارەدا ئەوەت عەرز بکەم کە گرشەی کوردستان لە ۱-۳-۱۹۸۱ لە تاران دەرچوو(ڕەشەمەی ۱۳۵۹)، وەلێ ئەمن کە تەماشام کرد کە تەنیا باڵم، ناتوانم هەموو شتێک بنووسم ناعیلاج لایەنی ئەدەبیم زیاتر پێدا، باری هونەریم زۆرتر کرد، ئەوجار چون کەسیش نەبوو، ئەمن گاهێ شەپۆلم دەنووسێ گاهێ زریانم دەنووسی، یانی بە نێوی موستەعارم دەنووسی تا خوێنەر نەڵێ ئەوە هەر یەک نەفەر دەینووسێ. لە ئاخرییەکاندا کاک ئەحمەدی قازی (کە ئێستە سەرنووسەری سروە یە و زمانێکی خاریجی دەزانێ) هات کۆمەکم پێ بکا، کاک سەلاح سۆران کە شاعیرێکی بەرزی وڵاتی خۆمانە، ئەوانە لوتفیان کرد بەڵام ئیدی گرشە لە ڕەمەق کەوتبوو و نەمتوانی ئیدامەی بدەم.

● **چ ساڵێک تەواو بوو؟**

■ ساڵی ٦٢(٨٣) ...

● **لە توێی فەرمایشتەکانتدا، باسی مەولانا خالیدی نەقشبەندیت کرد، زۆرجار ئەو پرسیارە بۆخۆشم دێتە گۆڕێ کە نەخشی تەریقەتەکان وەک قادری و نەقشبەندی لە کوردستاندا، لە باری ئەدەبی و بەتایبەت لە بواری شێعرەوە بەرچاو بووە، ئێوە چۆنی بۆ دەچن و ڕاتان لەو بارەدا چییە؟**

■ مەولانا خالید زیمنی ئەوەیکە ئینسانێکی گەورە و نابیغەی زەمانی خۆی بووە، بە کوردیش شێعری گوتووە، دیارە بە زاراوەی گۆرانی، وە لە ساڵی ٢٥-١٣٢٤ کۆچی، سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی دیوانی مەولانا خالیدی چاپ کردووە، ئەوە نیشان دەدا هەر بە دەستی تورکێکی عوسمانی لە سایەی بەرەکەتی پیاوێکی وا گەورە شێعری کوردی چاپ بووە. ئەوە بۆ خۆی گەورەترین نەخشە کە ئەو کابرایە هەیبووە کە ئەوەندە شعووری بووە بە زمانی کوردی شێعری گوتووە. جا چون مەوریدی ئیحتیرامی ئەوانیش بووە، ئەوان بۆخۆیان شێعرەکەیان بۆ چاپ کردووە.

ڕۆژێک ئەمن لەگەڵ ئەوانەی ئەهلی قەڵەمن لە تاران بەحسی ئەوەم کرد گوتم مەولانا خالیدی نەقشبەندی و ئەمسالی کاکە ئەحمەدی سلێمانی بەڕاستی نەخشێکی زۆر گرینگیان بووە، وەک دەزانی کاک ئەحمەدی سلێمانی باوکی سەرمەشقی بۆ داداوە: ڕەئس= سەرە، عەین= چاوە، بەدەن= قاڵبە، ئیسم=ناوە...، یانی پێی گوتووە ڕۆڵە ئەگەر تۆ گەیشتییە پلەیەک لە عیلم و عیرفان و حیکمەت و فەلسەفە، دەتوانی پێ بە پێی زمانی قورئان و زمانی عەرەبی(ئەڵبەتە زمانی سەددامی مەنزور نییە)، دەتوانی بە زمانی کوردیش بنووسی و خەڵکیش فێر بکەی و خۆشت فێر بی. ئەو ئینسانە گەورە گەیشتووەتە پلە و مەقامێک کە خۆت دەزانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بە هەر کەسێک گەیشتووە قسەیەکی ناوەتە پارسەنگی، وەختێ دەگاتە کاک ئەحمەدی سلێمانی دەڵێ: خۆزگەم بە سەگی قاپییەکەی ئەحمەدی کاکی.. ئەوە عەزەمەتی ڕوحی ئەحمەدی کاکی یە کە ئەو بەو هەموو جنێو فرۆشییە، ئاوا تاریفی دەکا. وە ئێمە لە کتێبدا دەخوێنینەوە و ئەلئان ئەمن کتێبێکم هەیە وەزارەتی خاریجەی جەمهووری ئیسلامی مونەتشیری کردووە، (گوزیدەیەک لە ڕەوابتی ئێران و عوسمانی پێشوو)، لەوێ لە ژمارە سێیەکەیدا دەڵێ: نارنجۆکێک لە ژێر پێی خەلیفەی عوسمانی مونفەجیر بوو، گوتی: نا نا، نارنجۆک ئەمن نابڕێ چونکە گوللەبەندی کاک ئەحمەدی

سلێمانیم هەیە. ئەو ئینسانە گەورە هەزاران نامەی بۆ خەڵک نووسیوە، خەڵکی فێرە عیلم کردووە، فێرە ئەخلاق کردووە، ئەمما لە عەینی حاڵا ئەو شەریعەتی ئیسلامی بە فارسی نووسیوە، یانی ئیستلاحاتی مەنتیق، فەلسەفە، کەلام، حەدیس، قورئان هەمووی هێناوەتە سەر فارسی.. ئەمن گلەییم لە برادەرانی ئەهلی قەڵەمی فارس کرد، کە ئێوە ئەمسالی دوکتور موعین، ئەمسالی دوکتور سەفا، دوکتور رەزا شەفەق، بەحسێکیان راجع بەم پیاوە نەنووسیوە: کە بابە دەستت دەرد نەکا کە خزمەتت بە زمان و ئەدەبی فارسی کردووە. مەسەلەن کەسێکی وەک شەرەفخانی بدلیسی تاریخەکەی خۆی بە فارسی نووسیوە، خزمەتی بە ئەدەبی فارسی کردووە. جا، ئەوەیە ئێمەش واقیعەن دەبێ لە فکری ئەدەبەکەی خۆماندا بین، ئەدەبی خۆمان ببوژێنینەوە، ئەوە ئەرکێکی دینی و ئیسانی و ئەخلاقی یە.

**● مامۆستا سەرنجتان داوە بەشی زۆری شێعر، یانی ئەوەی هەڵقوڵاوی هەست و ڕووح بێ بە شێعر دەربڕاوە بەڵام نامە نووسین یا بە عەرەبی بووە یان بە فارسی، بە نەزەرت ئەوە هۆی چ بووە؟**

■ بە عەقیدەی من عیللەتی زۆرە..

**● بۆ نموونە مەولانا خالید بۆخۆی شێعری بە کوردی گوتووە بەڵام نامەکانی یان بە عەرەبی یە، یان بە فارسی...**

■ بەڵێ هەروەک گوتم بەر لەوەی دارالفنون دایر ببێ و بەم شێوەی ئەمڕۆ کە دەچنە زانکۆ و تەدریس دەکرێ، دەرس خوێندن لە مزگەوت و حوجرەدا بووە، ئەگەر تەماشا بکەین حاجی قادری کۆیی، حەکیم ئەحمەدی خانی، حەکیم مەولەوی، نالی و کێ و کێ، حەتتا هەژار و هێمنیش لە حوجرەی فەقێیان خوێندوویانە. ئەوە نیشان دەدا کە دەرسەکەیان بە کوردی بۆ شەرح کراوە و شی کراوەتەوە، وەلێ چون ئەسڵی مەتنەکە ڕوحی مانای قورئانی بووە بەو زمانە تەدریسیان کردووە بۆ پەرەدان بە زمان و ئەدەبی عەرەبی، ئەمما چون شێعر ئەکسەرەن حیفزیان کردووە، مەتن مەگەر بۆ ئیمتیحان نەبێ کەس لەبەری ناکا، کابرا بۆیە بە کوردی شێعری گوتووە کە دەستاودەست بگەڕێ و زمانی زگماکی نەفەوتێ...

**● مامۆستا، لە ڕەوتی مێژووی ئەدەبی کوردیدا، تا ئەو جێیەی کارتان کردووە، ئێمە دەتوانین کام شاعیری کورد یان کام سەردەم دابنێین و بە بەڵگە بیسەلمێنین کە فلانکەس هەوەڵین شاعیری کوردە؟**

■ هەروەک گوتم، ئەو چامەی بە نێوی هورمزگان هەیە و سەبتیش بووە، ئێمە دەتوانین بە عینوانی ئەوەڵ شێعری کوردی بیڵێین، وەلێ چون ساحێبەکەی موشەخەس نییە ناتوانین بیدەینە پاڵ شاعیرێک. لێرەدا ئێمە ناچارین تەحقیقێکی زیاتر بکەین، بەداخەوە تائێستە مەجالی ئەوەمان نەبووە دەرەتانی ئەوەمان نەبووە، بە دووی ئەدەبەکەی خۆمان کەوین. وەلێ ئێستا کە قەڕنی عیلمە قەڕنی تەرەقی و بووژانەوەی فەرهەنگ و زانستە، لەسەرمان واجبە کە بە دوویدا بگەڕێین و تەحقیق بکەین. ئەمما یەک واقیعیەت هەیە، ئێمە کە دەچینە نێو باغچەیەک، تەماشا دەکەین پڕپڕە لە گوڵ، هەر گوڵێک بۆنێکی خۆی هەیە، لە ئەدەب و شێعریشدا وایە، شێعری هەر شاعیرێک دەتوانێ بۆن و تامی خۆی هەبێ.

**● ئەوەی کە جەنابت گوتت و وەک یەکەم شێعر ئیشارەت پێکرد، لە کام سەدەدا بووە؟**

■ بەو پێیەی کە مەلیکولشوعەرای بەهار لە سەری ڕۆیشتووە، یەکەم کەس ئەو لە سەری ڕۆیشتووە، لە پاشان ئەشخاسی وەک دوکتور سەعید خانی کوردستانی، ڕەشید یاسمی و ئایەتوڵڵامەردووخ (خودا غەرقی ڕەحمەتی کا) ئەوانەش لە سەری ڕۆیشتوون (هەروەک پێشتر ئیشارەکرا، راولینسون و هێرتسفلد ئەو بەردەنووسە کوردییەیان دیوە)، وەختێک بووە کە جەنگی قادسییە ڕوویداوە، ئەو جەنگەش لە زەمانی عومەری خەتتاب دووهەم خەلیفەی ئیسلام ڕوویداوە، شاعیریش گلەییەکەی لەوە بووە کە ئەو عەرەبانە هاتوون و ئەو مەنتەقە کە مەنتەقەی کورد بووە، دەستووریش هەر وابووە، مەسەلەن ئەگەر هەر شتێکیان وەگیر بکەوێ بیکەنە هی خۆیان و تالانی بکەن و بکوژن و ببڕن.، شاعیریش ئاه و نزوولەی خۆی بەو شێعرانە بەیان کردووە.

**● مامۆستا پێت وانییە لە زەمانی گوتنی ئەو شێعرەڕا تادەگاتە سەدەی هەشتەمی مانگیی وانە تا زەمانی مەلایەرێشان، جۆرە بۆشاییەک هەبێ، دیارە لە مەودای ئەو ڕەوتەدا تەنیا بابەتاهیر هەڵکەوتووە کە دەکرێ حیسابێکی بۆ بکرێتەوە، باشە ئەو مەوداییەی پێش و پاش باباتاهیر چۆن لێکدەدرێتەوە و ئێوە نەزەرتان چییە؟**

■ ئەمن بۆخۆم عەقیدەم وایە کە هەبووە و بۆشایی نییە. چون بۆ نموونە کە لە مهاباد دەمخوێند مەلایەکی چاک هەبوو لەوێ، ئەلمانییەکان هاتبوون و بە مزگەوتەکاندا دەگەڕان، ئێمە لە فەقێیەتیدا دەرسی ئوستورلاب مان

دەخوێند، دەرسی ئوستورلاب بریتی بوو لە ئەستێرەناسی و شتی وا، عیلمێک بوو لە ئیسلامیشدا قسەی لێدەکرا، ئەوانیش هاتبوون سەفحەیەکی برینجییان سازکردبوو وەکوو دەوری، با بڵێین گەورەتر وەک مەجوعمەیەک، مەلا گەورەکان کە ئەو عیلمەیان دەزانی، کامیلەن شتەکەشیان نیشان دەدا، مەلای گەورە، مەلا عەلی قزڵجی دەڵێ لە حەوت ئەستێرە قسەیان دەکرد. ئەو وەختە کە ئەو ئەلمانییانە هاتن، ئەو سەفحە برینجییەیان لەو مەلایە کڕی بە سەد تمەن کە ئەو کاتی زۆر بوو. هەروەها دەگەڕان و کتێبیان لە کتێبخانەکاندا هەڵدەگرت. لە برادەرێکم بیست گوتی کاتێک شابەختی، هاتە نێو جوانڕۆییەکان کە لەگەڵ پەهلەویدا شەڕیان دەکرد، لە ماڵە یەکێک لە خانەکانی جوانڕۆ میوان دەبێ، هەروا کە بەحس دەکەن، دەڵێ وەڵڵا ئەمن کتێبێکم هەیە تاریخە، لە ڕۆژی بابادەمەوە تا ئەمڕۆ هەمووی تێدا باس کراوە و بە شێعریشە. شابەختی دەڵێ قوربان ئەمن پێمخۆشە ئەو تاریخەی ببینم. ئەویش دەیداتە دەستی. ئێستە کەس نازانێ ئەو کتێبە لە کتێبخانەی شابەختیدا ماوە، نەماوە، بزربووە، چی لێ بەسەرهاتووە؟ من دەتوانم بڵێم هەزاران کتێبی وا، خاریجییەکان بردوویانە و ئێمە دەستمان پێیان ڕاناگا. نموونەی ئەوە هەمان بێسارانی یە(کە ئێمە کۆنگرەیەکمان بۆ گرت لەوێ، زیکری خێری ئێوە و گزینگیش کرا کە تێیدا برای ئازیز کاک ئەنوەر سوڵتانی مەقالەیەکی لە سەر نووسیوە) کە لە کتێبخانەی لەندەن دایە. ڕەنگە هەزاران کتێبی وا هەبێ...

**● ببوورە ئەو کتێبەی وا لە پێشمە و بۆشت ئیمزات کردووم بە نێوی *زیندوی کوری بێدار*(حی بن یقظان)[۲]، ئەگەر دەکرێ کورتەیەکی لێ باس بکەن..**

■ ئەو کتێبە، حیکایەتی دورو درێژی لە سەرە، بەڵام دەمەوێ لە چەند جوملەدا، کورتی بکەمەوە، سێ دانیشمەندی گەورە، ئیبنوسینا، ئەبوبەکری ئیبنوتوفەیلی ئەندەلۆسی و شێخ شەهابەدینی ئیشراق(شێخی مەقتول)، ئەوانە کاریان لەسەر کردووە، بە ناوی خیلقەت، ئایا بەشەر چۆن بە وجود هاتووە، سەیری تەکامولی چۆن بووە؟ نەزەریاتی موخالیف و موافیقیان هێناوە، ئاخری گەیشتوونە ئەو سەرەنجامە کە ئایا بەشەر خۆی لە خشەی دار و ئەوە فێری زمان بووە، فێری قسە و تەجرەبە بووە یان وەحی ئاسمانی بووە؟ هاتوونە سەر ئەو نەزەرە کە وەحی ئاسمانی دەخیل بووە. ئەمن ڕیوایەتی ئەو کتێبەم لە **ئەحمەد ئەمین** کە لە میسر نووسیبووی وەرگرتووە کە ڕیوایەتی جۆراوجۆری هەیە. پاشان لەگەڵ برادەران لە تاران بەحسم کرد و گوتیان تۆ ئەو ڕیوایەتە ئەنجام بدە و بە ڕەنگی بۆت چاپ دەکەین. ئەمنیش هاتم دەگەڵ دوکتور کەریمی بێ ئازاری شیرازی (کە کتێبەکەی لە عەرەبی ڕا وەرگێڕاوەتەوە)، هاوکاریمان کرد و ئەوەمان نووسی وەلێ خۆم ئیجازەیان دام پێش وتارێکی بۆ بنووسم، وە لە عینی حاڵ واژەنامەیەکیشم بۆ نووسی و چاپ کرا. ئەمما من هەر لەو گیروداردا بەڕاستی تەمەشام کرد لە توانا و وزەمدا هەیە، هاتم قورئانم بە زمانی کوردی تەرجەمە کرد، کە ڕۆژنامەی *کەیهان* و *ئیتلاعات*یش تەبلیغیان کردبوو، کە بە زمانی کوردی چاپ دەبێ. لە ساڵی ۱۳٦۷ی هەتاوی کە چاپی یەکەم بڵاوکرایەوە تا ئێستا (۱۳۸۳/٦۳۰) حەوت جار لە چاپ دراوەتەوە. ئەڵبەتە ئەوەش بڵێم، ئەمن قورئانم تەنیا تەرجەمە کردووە و تەفسیرم نەکردووەتەوە.

**● دەستتان خۆش بێ، ئێستە با بێینەوە سەر باسی ئەدەبی کوردی، بە نەزەری ئێوە وەزعی ئەدەبی کوردی بە تێکڕایی لە زەمانی پاشایەتی و بەتایبەت ڕەزاشا چۆن بوو.**

■ ئەوە باسێکی دوور و درێژی دەوێ، بەڵام ئەگەر تەماشا بکەین وەختێکی ڕووسەکان هاتنە ئێران و دوایە ئالمانەکان هاتن لە جەنگی بەینولیلەلی ئەوەڵ، میرزا عەبدولرەزاقی بەدرخان دێتە شاری (خۆی)، لە وێ مەدرەسە(فێرگە)یەکی دروست دەکا، لەو مەدرەسەیەدا عیدەیەک شاگرد دەنێرێتە ئەو مەدرەسەیە، لە حەوشەی مەدرەسەکەدا دەرمانگایەکیان بۆ دروست دەکا، لەوێ بە لیباسی کوردی و بە زمانی کوردی دەچن دەرس دەخوێنن، وە لە موحەقیقینی ناوداری ڕووسەکان ئیستیفادە دەکەن بۆ پێکهێنانی ئەلفو بێی کوردی. دوای ئەوە لە زەمانی سمایلاغای سمکۆی مەزن دا (خودا غەرقی ڕەحمەتی بکا)، سمکۆ لەگەڵ عەبدولرەزاقی بەدرخان (وەکوو کتێب دەنووسێ) مەجەلەیەکیان دەرکردووە بە نێوی مەجەلەی *کوردستان*، دوایە کە عەبدولرەزاق خان مەجبور بووە بڕوا، خودی سمکۆی مەزن بە وەسیلەی عەللامە مەلا محەمەدی قزلجی(تورجانی زادە)و عەللامە ئەحمەدی تورجانی زادە کە ئەویش هەر برای ئەو بووە (کە دواتر کرا بە ئوستادی دانیشگای تەورێز و یەکێک لە کەسایەتییە ناودارەکانی کورد بوو)، ئەوانە ڕۆژنامەیەکیان بە زمانی کوردی(بە ناوی ڕۆژی کورد و شەوی عەجەم) دەرکرد. ئەو ڕۆژنامەیەی ئەوان دەریان دەکرد دەڵێن سمایل ئاغا دەستووری دابوو چەند ژمارەی بۆ بێنن.. سمایل ئاغا عادەتی وابوو، بەیانان هەتا لە

ماڵەوە بەرقەنەی نەخواردبا، نەدەهاتە لای میوانەکانی، وەلێ ئەو ڕۆژە کە دەزانێ مەلا ئەحمەدی تورجانی زادە، لە لایەن مەلا محەمەدەوە چووە ڕۆژنامەکان بێنێتەوە، ئەوڕۆژە دەچێتە لای میوانەکان و دەستوور دەدا بە سەرەک هۆزەکان کە گوایە ۱۰۰ نەفەر لەوێ دەبن، هەرکام ڕۆژنامەیەکیان لە بەر دەست دابنرێ، پاشان خۆی لیرەیەک لە سەر ڕۆژنامەکە دادەنێ و ڕوو لە سەرەک هۆزەکان دەکا و دەڵێ ئێوەش دەبێ لیرەیەک لە سەر ڕۆژنامەکان دابنێن، ئەوانیش لە سەری دادەنێن، دوایە دەڵێ ڕۆژنامەیەک کە بۆ ئەوەڵجار بە زمانی کوردی دەربچێ دەبێ بە لیرە و تەلا بیکڕی. (ئەمە قسەی خودی عەللامە ئەحمەدی تورجانیزادە بوو کە بۆ منی گێڕاوەتەوە). لەوکاتەوە تا ساڵی ۱۹٤۳ هێندێک ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کوردی وەک *نیشتمان*، ڕۆژنامەی *کوردستان*، *هەڵاڵە* و... دەرچوون، هەڵبەتا لە مەناتیقی کوردنشیندا زمانی کوردی تەدریس کراوە و پەرەی گرتووە. من خۆم یەکێک لەوانە بووم کە بە زمانی کوردی خوێندوومە. وەلێ دوای شەهیدکردنی پێشەوا و یارانی، وەختێک من لە سابلاغ(مەهاباد)بووم، بە چاوی خۆم دیتوومە کە جەندرمە و ئاژانی ڕێژیمی حەمەڕەزاشای پەهلەوی، لە ماڵان دەگەڕان و هەرچی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردیان دیبایە خڕیان دەکردنەوە و لە مەیدانی چوارچرا دەیان سووتاندن..

● **بۆ ئەوەی لەبیرم نەچێ، ئایا ئەو ڕۆژنامەیەی زەمانی سمایل ئاغای سمکۆ ئێستە بڵێی مابێ؟**

■ بەڵێ، لە تەورێز دانیشجوویەکی خۆمان ژمارەیەکی بۆ ناردم، ئەڵبەتە کۆپییەکەی بۆ ناردم (لە *گرشەی کوردستان* دا ئیشارەم پێکردووە). وابزانم لە کتێبخانەی میللی یان کتێبخانەی دانیشگالە تەورێز هەیە، هەروەها ئەمن کە بۆ خۆم مامۆستا ئەحمەدی تورجانی زادەم دی (خودا غەرقی ڕەحمەتی بکا)، فەرمووی: «ئەمن کە لە زەمانی حەمەڕەزاشادا ماوەیەک ئاوارە بووم و ناردمیانە ئیسفەهان و زۆر شوێنی دیکە، دوایە کە زانیان من خوێندەوارم، هێنایانم بمکەن بە موعەللیم و لە وەزارەتی فەرهەنگی ئەو زەمانی کاریان دامێ. مەئموورێ وەخت بە منی گوت بڕۆ ئەو کتێبخانەیە کە پڕە لە ڕۆژنامە و مەجەلە و، تۆ کە ئەهلی عیلمی جودایان بکەوە.. گوتی وەختێک من چوومە ئەوێ، تەمەشام کرد ئەو ڕۆژنامانەی کە من و کاکم لە زەمانی سمایل ئاغای سمکۆدا مونەتەشیرمان کردبوو هەمووی لەوێیە، ئەگەر ئەوەی نیشانی مەئموورینی شای دەدەم و بڵێم ئەوەیە دێن دەمگرن، بۆیە چووم گوتم قوربان ئەو تەپوتۆزە نارەحەتم دەکا و ناتوانم، ئەمن موعەللیمێکم دەرسم بدەنێ. ئەوە بوو دوای ئەوە منیان ناردە دانیشگای تەورێز و بووم بە ئوستاد». ئەوە نیشان دەدا کە ماوە و نەفەتاوە بەڵام یەکێکی دەوێ کە وەدوای کەوێ.

● **مامۆستا بڵێی چەند ژمارەی لێ دەرچووبێ؟**

■ وەڵڵا، لە هەقیقەتدا ئەودەمی لە بیرم نەبوو لە مامۆستا تورجانی زادە بپرسم کە چەند ژمارەی لێ چاپ بوو، بەڵام کلیشەی ژمارەیەکی ئەوە لە (گرشەی کوردستان)دا چاپ بووە، بەڕاستی لەوە زیاتر چی دیکەم نەدیوە.

● **ئەگەرچی ساڵانێکی زۆر بە سەر کۆچی دوایی مامۆستا حەسەنی قزڵجی تێپەڕیوە، بەڵام هەروەک یادکردنەوەیەکیش بێ، جێی خۆیەتی بپرسین کە ئێوە چەندە لەگەڵ ناوبراو تێکەڵاویتان هەبوو، بەتایبەت سەبارەت بە ژیان و بەرهەمەکانی وی چ زانیارییەکتان هەیە؟**

■ هەروەک خۆتان دەزانن، مامۆستا میرزا حەسەنی قزڵجی دوای ئەوە لە غوربەت هاتەوە تاران، زۆر لوتفی لەگەڵ من پەیدا کرد و دەهاتە ماڵی من و زۆر پێکەوە دەبووین و، تەنانەت «ناسر»ی کوڕم بەماشێن دەیهێنا و دەیبرد. هەر ئەو خۆشەویستییە وای کرد تکای لێبکەم دانیشێ و خەریکی کاری عیلمی بێ و خۆ لە حیزبی تودە و کیانووری بدزێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوە ڕۆژنامەی *مەردوم* ی بە کوردی دەنووسی و چاپی دەکرد و دڵی زۆر بەوە خۆش بوو، دەفتەری حیزبی تودەی بە جێ نەهێشت تا گرتیان و لە زیندان وەفاتی کرد. ئێستا تاریخی وەفاتەکەیم لەبیر نییە، بەڵام لەلای خۆم نووسیومە. کاتێ لە زیندان بوو نەیاندەهێشت کەس بچێ بە لایدا و سەری لێبدا، بەڵام دوای ناشتن گوتبوویان کە لە فلان قەتعە لە (بەهەشتی زەهرا) نێژراوە. مامۆستای ڕەحمەتی بێجگە لە پێکەنینی *گەدا*، کتێبێکی لە بابەت دەستوور و گرامێری زمانی کوردی نووسیوە و چاپیش کراوە. دیارە بە دەیان وتاری لە ڕۆژنامەی مەردوم و لە ڕادیۆی پەیکی ئێران و ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا چاپ و بڵاو بۆتەوە و هەروا بۆ کۆڕی زانیاریی کوردی لە بەغدا وتاری زانستییانەی نووسیوە.

بەڕێز و سپاسەوە.

۱) دانشنامه مزدیسنا، واژەنامه و توضیحی آیین زردشت، دکتر جهانگیر اوشیدری، چاپ دوم ۱۳۷۸ شمسی، چاپخانەی سعدی، نشر مرکز تهران، ص ۱۹۲.

۲) زیندوی کوری بیدار (حی بن یقظان)، نوسراوی: کوری توفەیل ئەندەلوسی، وەرگیر بو کوردی: محەمەد سالح ئیبراهیمی (شەپول)، وەرگیرانی: عەبدولکەریم بی ئازار شیرازی، چاپی یەکەم: ۱۳۷٤، دفتر نشر فرهنگ اسلامی.

# لاهووتی کرماشانی

## ئەمجار وەک شاعیرێکی کوردی وێژ

ئەنوەر سوڵتانی ـ هاوینی ۲۰۰۳

لە ژمارەکانی پێشووی گزینگدا، تەورجەمەی دوو وتارم لەمەڕ ژیانی لاهووتی کرماشانی شاعیری شۆڕشگێڕی کورد بڵاوکردەوە؛ یەکەمیان ژیننامەی لاهووتی بوو بە قەڵەمی خۆی (گزینگ، ژمارە ۲۸) و، دووهەمیان وتارێکی نووسەری ئێرانی «سەعید نەفیسی» لە سەر لاهووتی (گزینگ، ژمارە ۲۹).

لە بڵاوکردنەوەی وتارەکان و هەروەها نووسینی وتارێکی پێشووتر ــ کە وەک پاشکۆی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی پەیام چاپی لەندەن بڵاوکرایەوە،[1] ئامانجم ئەوەبوو بیسەلمێنم کە ئەبولقاسم لاهووتی نەک هەر کورد بووە و بە کوردی دواوە، بەڵکوو بە کوردیش شێعری گوتووە بەتایبەت لە سەردەمی ژیانیدا لە کرماشان؛ بەڵام لە بەر هەر هۆیەک ئاسەوارە کوردییەکانی لە بەر دەستماندا نەماون و فەوتاون.

دوابەدوای بڵاوبوونەوەی وتارەکان چاوم بە دوو کتێب[2] و هەندێ وتار لە پێوەندی دەگەڵ ژیانی لاهووتی کەوت کە لەم دوایيانەدا بڵاوبوونەتەوە و هەرکام لە شوێنی خۆیاندا رِوونکەرەوەی لایەنێک لە لایەنەکانی ژیانی ئەو قارەمانە مەزنەی مێژووی کورد بوون، بەتایبەت ئەو وتارانەی وا کاک «محەمەد عەلی سوڵتانی» و کاک «کاوەی بەیات» لە وەڵامی یەکتردا نووسیان و لە گۆڤاری ***دنیای کتاب*** دا بڵاویان کردەوە[3] و هەروەها وتارێکی نەمر مامۆستا «حەسەنی قزڵجی»یش.[4]

هەر لەو ماوەیەدا کاک محەمەد عەلی سوڵتانی بەرگی سێهەمی کتێبی «حدیقه سلطانی» بڵاوکردەوە کە، وەک بەرگەکانی پێشوو، تایبەتە بە شێعری شاعیرانی ناوچەی کرماشان.[5] لەم بەرگەدا شێعرێکی کوردیی لاهووتی چاپ کراوە کە پەسندێکی بە بەڵگەیە بۆ ئەو بۆچوونەی کە لاهووتی بە کوردیش شێعری گوتووە و دەکرێ چاوەڕوان بین درەنگ یا زوو شێعری دیکەشی لێ بکەوێتە دەست.

دوابەدوای بڵاوبوونەوەی حدیقەی سوڵتانی، مامۆستای گەلێک بەڕێز محەمەدی مەلاکەریم بە نامە بۆی نووسیم کە شێعرێکی کوردی دیکەی لاهووتی بە ناوی «ئەبولقاسم خان»ەوە لە ژمارەی ۲۵ی ساڵی پێنجەمی گۆڤاری **ژین** چاپی ئەستەمبووڵدا بڵاو بۆتەوە. بە یارمەتی بەڕێز کاک سەباحی غالب، تکام لە بەڕێز دوکتۆر «جەبار قادر» کرد کۆپییەکی شێعرەکەم بۆ بنێرێت کە ئەویش بە دڵاواییەوە قەبوڵی کرد و فۆتۆکۆپییەکی بۆ ناردم. بە داخەوە چاپەکەی گۆڤاری **ژین** هەندێک کاڵ و کەمڕەنگە و بەشێکی لە خوێندنەوە نایەت، گەرچی دوکتۆر جەبار ئەرکی ئەوەی کێشابوو بەشێکی بە دەستخەتی خۆی بنووسێتەوە بەڵام دیسانەکە ناتەواوی هەر تێدا ماوە.[6]

بە دەرکەوتنی ئەو دوو شێعرە، من «حەجم بۆ هاتە سەر لەج»! واتە ئەوەی وا بە سوغرا و کوبرای مەنتیقی دەبوو بیسەلمێنم: دەستاوێژی بێگومانی بۆ پەیدا بوو. ئیتر لاهووتیی کوردی کوڕی کورد، دوو شێعری کوردی کەوتە بەر دەستمان و ماڵی حەلاڵ گەیشتەوە دەستی خاوەنی. لاهووتی ئیتر هێلکەی دۆڕاو نییە و لە ماڵی دراوسێوە هاتۆتە باوان! ئەم وتارە بۆ ناساندنی دوو شێعرە کوردییەکەی لاهووتی نووسراوە.

شێعرەکان دوو ناوەرۆکی گەلێک جیاوازیان هەیە و هۆی ئەو جیاوازییانەش ئاشکرایە دەبێ لە تەئریخی نووسینیاندا بدۆزرێتەوە و بە قۆناغەکانی ژیانی لاهووتییەوە پێوەند بدرێت.

شێعری یەکەم تەئریخی بە سەرەوە نییە بەڵام بە حیسابی ناوەرۆک و هەروەها ئەو شارەزاییەی کە ئێمە لە قۆناغەکانی ژیانی لاهووتیمان هەیە (بڕوانە: ژیننامەی شاعیر لە سەرەتای دیوانی چاپی ئەحمەدی بەشیری دا)،[7] دەتوانین دڵنیابین کە هی سەردەمی ژیانی لە کرماشان و تەنانەت هی ساڵانی فەقێیەتی و دەروێشییەتی واتە ساڵانی

پێش ۱۹۰۲ و ڕۆیشتنی لە کرماشان بێت.

ناوەرۆکی شێعرەکە دەتوانین بڵێین ئایینی ــ دەروێشی ــ ئەخلاقی یە و، تێیدا لاهووتی بانگاشەی بڕوای ئەو سەردەمەی ژیانی خۆی دەکات کە ئیسلامەتی و بڕوا بە خودا و پێغەمبەر و قورئانە، بەڵام لایەنگریی ئایینی ئەهلی حەق، گەوهەری سەرەکی شێعرەکەیە و ڕێزگرتن لە «**کەلام**» لووتکەی بۆچوونیەتی.

ڕووی ڕواڵەتی شێعرەکە لە سلێمان خانی زەنگەنەی مووسا نارنجی یە، کە بەداخەوە نەمتوانی زانیارییەکی لە سەر بزانم بەڵام تاڕادەیەکی زۆر دڵنیام کە دەبێ کەسایەتییەکی خەڵکی ناوچەی کرماشان و ئیماندارێکی ئەهلی حەق بووبێت کە نامە یا «نامە شێعری» بۆ لاهووتی نووسیبێت و ئەویش بەم شێعرە وەڵامی دابێتەوە (بڕوانە پەراوێزی ۳).

شێعری دووهەم هی سەردەمێکی درەنگترە و وا دەردەکەوێت کە لە سەردەمی ژیانی شاعیر لە ئەستەمووڵ گوترابێت: دەزانین کە لاهووتی لە قۆناغی ژیانی ئەستەمووڵ و دەرکردنی گۆڤاری *پارس* دا، ئێرانیچییەکی دەمارگیر بوو، کە بیری لە ژیانەوەی دەسەڵاتی ئیپراتۆریەتی ئەکمەنی (هەخامەنیشی) و تاجی کەیان و ئێرانی گەورە دەکردەوە.

«ئێرانی گەورە»ی لاهووتی دەبوایە لەلایەن گەلانی هەمە چەشنەی بە ڕەگەز ئارياییەوە خزمەتی بکرایە و کوردیش یەک لەوان بوو. لاهووتی بە ڕاشکاوی دژ بە ناسیۆنالیسمی کورد دەوەستا و ئەوە شتێکی شاراوە نییە. ئەو، شەڕە جەنگی سمایل ئاغای سمکۆی کرد و بە چەک دژ بە ڕاپەڕینەکەی وەستا. نیشانەی ڕوونتر بۆ هەڵوێستگرتنی لاهووتی دژ بە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد ئەو وتارەیە کە لە ساڵی ۱۹۲۳دا لە سۆڤیەت نووسی و لە بەر ڕووناکایی سیاسەتی ئەودەمەی سۆڤیەتدا ڕایگەیاند کە «بزاڤی نەتەوەیی کورد.. لەلایەن ئینگلیزییەکانەوە جۆش دەدرێ» بۆچوونی خۆشی لێ زیاد کرد کە: «کورد هیچکاتێ مێژوو و کولتووری نەتەوەی خۆی نەبووە».[8]

کاتێ ئەو بۆچوون و هەڵوێستگرتنانە لەگەڵ ناوەرۆکی شێعری دووهەم پێکەوە دادەنێین جیاوازییەکیان لە نێواندا نابینین. لێرەشدا، وەتەن بۆ لاهووتی ئێرانە و شاعیر ئارەزووی مردنی خۆی دەکات بۆ ئەوەی گوایە «کورد بێدار نییە» و «لە نەژادی خۆی خەبەردار نییە» و «لەبەر غەفڵەت مەیلی بە نیفاق بووە» و «لە بێ دانیشی [لەگەڵ ئێرانییەکاندا] بێ ئیتیفاق بووە».

لاهووتی خەمی ئەوە دەخوات کە کورد و لوڕ و فارس لە یەکتر جیابوونەتەوە و بەتایبەت کوردان ــ کە بە «دڵی ئێران»یان ناودەبات بە بۆچوونی ئەو، دەبێ هەوڵ بدەن لەگەڵ ئێرانییەکاندا یەک بگرن و فریوی فیتی دوژمنان نەخۆن ــ ئەو دوژمنانەش عەرەب و ڕۆمی واتە تورک و ڕۆژئاواییەکان. دوا پەیامی شێعرەکە ئەوەیە کوردان «زەمزەمەی نیفاق فەرامۆش بکەن» واتە کۆتایی بە بزووتنەوەی نەتەوایەتی خۆیان بهێنن و لە ناو ئێرانییەکاندا بتوێنەوە کە عەینوبیللا لەگەڵ بۆچوونی ناو وتارەکەی ساڵی ۱۹۲۳یدا هاو شێواز و هاوتەریبە. لە وێدا لاهووتی ناسیۆنالیسمی کوردی بە دەستکردی بێگانە دەزانێ[9] و ئێرانییە دەمارگیرە ناسیۆنالیستەکانیش بۆی دووپاتدەکەنەوە. بە گوێرەی ئەو، کورد لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانە هەیە، دەبێ تەنیا بیر لەوە بکاتەوە چۆن بگەڕێتەوە باوەشی «ئێرانی مەزن» و ئەگەر هات و بیری لە چارەنووسی سەربەخۆی نەتەوەکەی کردەوە، ئەوا نەزان و غافڵ و فریودراو و دارەدەستە. دیارە ئەم «تاوانانە!» بۆ کورد شتێکی نوێ نین و ئێمە بە درێژایی ماوەی خەباتمان بۆ سەروەری گەل و وڵات، لەم قسە پڕوپووچانەمان کەم نەبیستووە.

بەم پێیە، گومان لەوەدا نامێنێ کە «ئەبولقاسم خان»ی شێعرەکەی گۆڤاری *ژین* هەمان میرزا ئەبولقاسم خانی لاهووتی یان «لاهووتی خان»ە و لێرە بە دواوە دەبێ مێژووی ئەدەبی کوردی ناوی لاهووتیش وەکوو یەکێ لە شاعیرانی کوردی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم تۆمار بکات. کاک محەمەد عەلی سوڵتانی لە سەرەتایەک بۆ شێعرە کوردییەکەی لاهووتی دا نووسیویە:

"قائانی زەنگەنە»، گوڵشەنی زەنگەنە»، «ڕەشیدی یاسەمی گۆران»، حوسەینقولیخانی سوڵتانی کەڵهوڕ» و «وەحدەت» کە ڕۆڵەی عێل و تایفەی کرماشان بوون، لەگەڵ هەموو ناو و ئاوازە و مەزنایەتی مەقامی ئەدەبی و زانستییاندا، تەنانەت تاقەفەردێکیان بە زمانی زگماک لە دوای خۆیان بە جێ نەهێشت... بەڵام لاهووتی عینایەتی بەو مەسەلەیە هەبوو».[10]

ئەوەش دەقی هەردوو شێعرەکان کە عینوانی یەکەمیان بە فارسی نووسراوە:

**شێعری یەکەم:**

**در جواب سلیمانخان زنگنه موسی نارنجی**

نوتق و کـــــەلامــــــەن، .........
ئیفتیخار شەخس، نوتق و کەلامەن
کەلام، وەدیعەی حەیی عەللامەن
شێوەی خاسانەن، نە بەهر عامەن
کەلام، وەدیعەی جان ئەفەرینەن
کەلام، ئیلهام روحولئەمینەن
نە هەر کەلامێ نەغز و سەواوەن
کەلام بێ حیکمەت، زایە و خراوەن
کەلام خەواس، غەیرلە عەوامەن
عەوام کەی قابیل نوتق و کەلامەن؟
مەردومی عەوام زەربولەسەلەن
مەعنای «کەلئەنعام»، بەل هەم ئەزەلەن
کەلام ئینسان بایەد مەتین بو
عاقل پەسند بو، حیکمەت قەرین بو
پەیغەمبەر کە تاج «لەولاک»ش بەردەن
وە کەلام ئیسبات نبووەت کەردەن
وە کەلام مووسا، نە فرعەون پیش بی
وە خەلق بیگانە، وەخودا خیش بی
کەلام بی باعیس ئیجاد بەشەر
کەلام بی موعجیز پاک پەیغەمبەر
نەبی وەت: «فەخر مەکەم وە کەلام
کەلام ملووک، ملووکولکەلام»
خەلق کەلام کەرد چون حەیی سوبحان
ئی مەنسەبی خاس، دا وە سولەیمان
رەسم سانی یە ئیسمش بی پەیدا
«تنزل الاسماء و من السماء»
هاوار هەمسەران! هەم دیوانە بیم
دیوانەی کەلام ئی فەرزانە بیم
لە نو چون تووتی نوتقم خامووش بی
شەکەرفشانی وێم فەرامووش بی
یە، کەلام نیەن، سیحر حەلاڵەن
چەشمەی تەسنیمەن، ئاو زولاڵەن
ماشەڵلا ژی نوتق سولەیمانیە
لەی ئاغایە، لەی سوڵتانیە
لەی دورئەفشانی، لەی خوەش کەلامی
سەعدی سانی، سانی نیزامی
عەیب نیەن کە بی، بیابان نشین
نە فەخر لە مەکان و من المکین
ژەوبوونە سەحرا کەردەن وە یانە
تا بزانون گەنج ها لەو ویرانە
«لاهووتی» بەس کە دورئەفشانی یە
مەدح و مەنقەبەت سولەیمانی یە

* * *

**شێعری دووهەم:**

**بۆ نەژادی کورد**

لە دەردا وەتەن جەرگم بریانەن
هەناسەم سەردەن دیدەم گریانەن
ژ کورەی سینەم شەرار مەخێزۆ
لە کانی چاڤم خووناو مەرێزۆ
تەوام بمرم لەم داخ و دەردا
لەم خوار و زاری، لەم بەردالبەردا
ئیران نەژادان وە دوو ڕەنگ نەبوون
وەها مویتەلای عار و نەنگ نەبوون
هەیداد هەی بیداد، کورد بیدار نیەن
لە نەژادی خوەوە خەوەردار نیەن
فەلەک ئەرکانت ژ هەف جودا بوو
چەرخت چەنبەر بوو کاخت فەنا بوو
تا کەی بە نیکان جەفا مەکەری
تاکەی پەردەی بەخت پاکان مەدەری؟
ئەم قەوم غەیوور چلۆن بێ یار بوون
وەکو ئەسیران زەلیل و زار بوون
ئیران شەهەنشای هەموو دنیا بی
حوکمەش لە هەموو عالەم ڕەوا بی
عەدل و مەرحەمەت، لوتف و شەفقەت
ئینساف و ئیحسان، دین و مرووەت
عیلم و شوجاعەت، قانوون و کەرەم
جوود و سەخاوەت، شمشیر و قەڵەم
وەفا و مەحەببەت، میهمان نەوازی
لە ڕووی حەقیقەت، نەکو مەجازی
حیلم و حەوسەلە، بەخشش وە ژێردەس
وەها کو ڕاحەت مەژیا هەرکەس
ڕاست و ڕاستپەرست، دوژمن درو
حەق و حەقشناس، حەقبین و حەقجو
زاڵم فەنا کەر، درو ڕیسواکەر
دەرد مەزڵوومان وە عەدڵ دەوا کەر
مەخسووسەن سفات ئەهل ئیران بو
قەت مەشهوور وە ناڤ وان دلیران بو

حەتا کو بیەن یەک دڵ و یەک جان
عالەمشان ئاوەرد وە ژێر فەرمان
ئاخر لە غەفلەت، مەیل وە نیفاق بوون
لە بی دانیشی، بی ئیتیفاق بوون
هەرکەس ژ غەفلەت، ژ ڕێکی ڕاکەرد
فەلەک چەمعشان ژ هەم جودا کەرد
لەوڕا کو نەما ئیتیفاقشان
بیە مایەی نەنگ ئەم نیفاقشان
لە شەڕا عەرەب، لە زوڵما رومیان
کرتن بە زیللەت، کوللێک بوزورگان

ئیران هەمیشە میری مەکەردا
لە مەیدان شەڕ شیری مەکەردا
لەوڕا کو بەهەم ببوون بەدخواهان
ئەسیر بوون بە دەست هەنێک روباهان
وەکوو جسمێکا ژ هەم جودا بوو
بەندبەندش لەهەم، سیوا سیوا بوو
هەروەها ئیران موتەلاشی بوو
قیسمەت قیسمەت بوو، وە جیا واچوو
وەها زەلیل بین ئیران نەژادان
کورد و لور و فارس نیکو نیهادان
کو نەسل خوەیان فەراموش کەردەن
لە جەهلا حەرفی دوژمن گوش کەردەن
ئیران بە مەسەل وەکوو جیسما بوو
کورد و لوڕ و فارس، لە وی ئەعزا بوو
ئەگەر ژ بەدەن ئەعزا جودا بوو
ئەڵبەت ئەو بەدەن مەحو و فەنا بوو
مەخسووسەن کوردان قەلبی ئیرانەن
توخماتی کەیان، نەسلی شیرانەن
ئەگەر چەند ڕوژی زار و زەبوون بوون
ئەسیر وەدەستی دوژمنی دوون بوون
دی بکەن لە نەو یەک، ئیتیحادی
... ئیران ... نەژادی [؟]
دا خوەیان لە ئەم بەندە رەها کەن
هەم تورک، هەم عەرەب، لە خەوفا ڕاکەن
کوردان بەم شەرەف، بەم قەدیمیا
چلۆن فەخر دەکەن بەم یەتیمیا؟
سا ئیستە بەی میهرە لەم دەردا[؟]
کەس وەها نەژاد خوە کەم نەکەردا
وەها ئەسارەت پاگیرشان بوو
گویا پەی خوەیان لەویرشان بوو

کورد هەر ئیرانی، ئیران هەر کوردن
کورد بە لۆغەت وە مەعنای (گورد)ن
لە ئیرانیەت فەرد واحیدەن
تاریخ دنیا هەموو شاهیدەن
هاوار هەی کوردان هەی نامداران
هەی قەوم قەدیم ئیران مەداران
ئەم ئەسارەتا دەردی نیفاقەن
دەردا ئەسارەت دەواش تفاقەن
هاوار هەی کوردان، هەی وەبەخت وینان
دوژمن فەن و فیت وەمەکەی ویان
بۆ فەنای ئەم قەوم هەشت هەزار ساڵە
دوژمنان ئەیکەن خاڵە و ناخاڵە
کوردان منداڵان خاکی ئیرانەن
«مەدی»نەژادان، دوودەی کەیانەن
هاوار هەی کوردان هەی نەسل شیران
توخمات کەیان دوودەی دلیران
واتەی لاهووتی هۆش و گوش بکەین
زەمزەمەی نیفاق فەراموش بکەین
ئەگەر مەخوازین نەجاتتان بوو
ئیتیفاق مایەی حەیاتتان بوو
لاهووتی خان

**پەراوێزەکان:**

١) **نەنوەر سوڵتانی**، *مێلکەی دۆڕاو* ـ پوختەی باسێک لە سەر ژیانی ئەبولقاسمی لاهووتی، پاشکۆی ڕۆژنامەی پەیام، چاپی لەندەن، ژمارە١، جولای ١٩٩٧.

٢) *ئەبولقاسمی لاهووتی*، «کورد و کوردستان»، دوکتۆر **جەبار قادر** لە ڕووسییەوە کردوویە بە کوردی و پێشەکی بۆ نووسیوە، چاپەمەنی و کتێبفرۆشی گلارا (ڕۆتردام)، هۆڵەندە، ١٩٩٨.

هەروەها: **کاوە بیات**، «کودتای لاهوتی ـ تبریز، بهمن ١٣٠٠»، نشر شیرازە، تهران، ١٣٧٦ [١٩٩٧].

٣) **کاوە بیات**، *در کرمانشاە چە گذشت؟ و آنچە در کرمانشاە نگذشت*؛ هەروەها: **محمد علی سلطانی**، *پاسخ بە نقد و آنچە در کرمانشاە گذشت و نگذشت*، مجلە دنیای کتاب، شمارەهای ٩ و١٠ تا ١٧ و ١٨، سال پنجم، مرداد.ماه ١٣٧٩ بە بعد [ساڵی ٢٠٠٠]، تهران.

٤) **حەسەنی قزڵجی**، لاهووتی شاعیری بە ناوبانگی کورد، گۆڤاری هیوا، ١٩٤٩، چاپکردنەوەی خەسرۆ پیربال، گۆڤاری هاوار، ئاڵمان، ژمارە ١٤، ساڵی ٢٠٠٣.

٥) **محمد عەلی سلطانی**، حدیقە *سلطانی*، جلد سوم، چاپ اول، نشر سها، تهران، ١٣٧٩[٢٠٠٠، صفحە ٦٧ تا ٧١]، بەداخەوە کاک محەمەد عەلی سەرچاوەی دۆزینەوەی شێعرەکەی لاهووتی ڕانەگەیاندووە.

٦) *ئەبولقاسم خان*، گۆڤاری ژین، چاپی ئەستەموڵ، ژمارە ٢٥، ساڵی پێنجەم، لاپەڕە ١٨ تا ٢١.

٧) دیوانی لاهوتی، بە کوشش احمد **بشیری**، انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٥٨.

٨) سەرچاوەی ژمارە٢. ل ١٩ و ٤٠.

٩) هەمان.

١٠ سەرچاوەی ژمارە ٥.

# ئانا لیند
# و
# کێشەی کورد



■ بۆ ڕێزگرتن و یادی هەمیشە زیندووی گوڵی پەرپەربووی لە خوێندا شەلآڵ «ئانا لیند»، کە لە ڕۆژی ۱۰ی سێپتامبری ۲۰۰۳ لە دوکانێکی شتومەکفرۆشی (شاری ستۆکهۆڵم) کەوتە بەر شاڵاوی تێرۆریستێکی چەقۆکێشی نەناس و بەداخەوە بەهۆی برینی قووڵ و دژوار ڕۆژێک دواتر لە نەخۆشخانەی کارۆلینسکای ستۆکهۆڵم بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە ژیان کرد.. ئەو چاوپێکەوتنە یادگارییەی خوارەوە پێشکێشی خوێنەرەوانی گزینگ دەکرێ. وێڕای سوپاسێکی زۆریش بۆ کاک ناسری سینا(بەڕێوەبەری بەشی کوردی ڕادیۆی زایەلە) کە بە دلۆڤانییەوە ئیجازەی بڵاوبوونەوەی لە گزینگدا ڕەت نەکردەوە. (گزینگ)

وەرگێڕ:
ناسری سینا

**❑ ئەو چاوپێکەوتن و سەردانە لە ڕۆژی ۱۰ی ئۆکتۆبر ۲۰۰۱ لە شوێنی کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم بە بۆنەی چوارەمین ساڵی دامەزرانییەوە بەڕێوەبراوە، کە ئانا لیند بۆچوونەکانی خۆی لە سەر مەسەلەی جیهانی و بەتایبەتی کێشەی کورد و بارودۆخی کوردستان دێنێتەگۆڕێ.**

**نەدیم داغدەڤیرەن، بەرپرسی کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم:**
کەسێک لێرەیە کە هاوکات هەم نوێنەری حکوومەتی سوێدە و هەم کاتێ لەگەڵ چەند گەنجێکی کورد لە تورکیە بە تەلەفۆن قسەم دەکرد بەناویش دەیانناسی: ئانا لیند، ئەمە بەڕاستی سەیرە! (ئانا لیند پێدەکەنێ) چۆن شتی وادەبێ؟ وەزیری دەرەوەی وڵاتێکی دووری وەک سوێد!
من هەروەها ئانا لیندم بە دووهەم کەسی سوێدی ناودێر کرد کە کوردەکان بە ناو دەیناسن: ئولۆف پالمێ و ئانا لیند (ئانا لیند پێدەکەنێ) ئەمە شانازی یە و گەلێ پێی خۆشحاڵ بووم.
کەوابێ ئانا لیند تۆ بە ئەرکی حکوومەتیتەوە وەک وەزیرێکی سوێدی، لەلایەن ئێمەی کوردەوە ئەو پەڕی ڕێز و ئیحترامت هەیە، هاوکاتیش دەمانەوێ وەک خوشکی خۆمان ناودێرت بکەین (ئانا لیند و بەشدارانی تر پێدەکەنن).
بە خێر بێی ئانا لیند!
**ئانا لیند:** زۆر سوپاس!

ئەدیم: سوپاس بۆخۆت.

**ئانا لیند**: گەلێ سوپاس بۆ ئەو وشە دۆستانەیە. پێم وایە گەلێ سەرنجڕاکێشە من لێرەم. هەروەها چەند جارێک بە تەنیشت بینای کتێبخانەدا تێپەڕیوم بەڵام ئەو چەند جارە کەمەی هاتووم کراوە [ئاواڵە] نەبووە. بەڵام گەلێ جار حەزم کردووە و ئاواتم خواستووە بێمە ئێرە و ئێستا فرە خۆشحاڵم ئەو هەلەم بۆ ڕەخساوە.

من وەک وەزیری کاروباری دەرەوە گەلێ کارم لە سەر کێشەی کورد و بارودۆخی کوردان کردووە. بەڵام دەبێ باسی هەندێ بیرەوەری تایبەتی خۆشم بکەم کە چۆنچۆنی بۆ جاری یەکەم لە گەڵ بارودۆخی کوردان ئاشنا بووم.

یەکەم پەیوەندیم بە کوردانەوە کە شوێنێکی قووڵی لە سەرم دانا، هی سەردەمی مێرمنداڵیم بوو. لەگەڵ دایک و باوکم دەمانەویست سواری ئۆتومبێل بین و بچینە سەفەرێکی دوور، باسی ئەو سەفەرە دەکەم کە خەڵک بە دڵخوازی خۆی موسافیری سەر جادەشی سوار دەکرد. ئێمەش دوو موسافیری سەرجادەمان لەگەڵ خۆ هەڵگرت کە دەرکەوت دوو گەنجی کورد بوون. بڕیاربوو کە سەفەرێکی زۆر درێژ لەگەڵ خۆمان بیانبەین. لە ئۆپسالاوە هەتا ئومێئۆ. بەڵێ لەم سەفەرە درێژەدا بوو کە منی مێرمنداڵ بۆ جاری یەکەم چەند کەسێکم بینی ڕاستەوخۆ ستەمیان لێکرابوو و دەیانتوانی باسی زوڵم بکەن. ئەمە شوێنێکی فرە قووڵی لە سەر من دانا. ئەوان هەروەها دواتر باسی ئەو نووسەرەیان کرد ــ جا ئێوە کە لێرەن دەتوانن بڵێن ئاخۆ ڕاستە یان درۆ ــ کە ئەوکات لای من زۆر خۆشەویست بوو، پاشار کەماڵ، خۆی کوردە. من هەروەها دێتەوە بیرم کە ئەوان سترانێکیان گوت کە خۆش خۆش تێیدا دوویات دەکراوە: دالانا، دالانا، دالانا. جا چونکە دایک و باوکم خەڵکی (دالارنا = Dalarna)ن، گۆرانییەکەیان زۆر کەوتە بەر دڵ. نازانم وایە یان نا، بەڵام دەیانگوت ئەو گۆرانییە کوردی یە (پێکەنینی خەڵک). دوایەش تامی خواردنی کوردیمان کرد! ئەمە یەکەم دیدارم بوو. بەڵام ئا ئەم گێڕانەوە تایبەتییەی لە زوڵم بیستم، هەرگیز فەرامۆشی ناکەم.

ئەوەی بۆ دووهەم جار شوێنی تایبەتی لە سەر دانام چاوپێکەوتنم بە ن«الین باکسی» یەوە بوو. هەر نالین خۆی نا، بەڵکوو گشت بنەماڵەکەی. ئەوان باسی وەزعی خۆیان و بەسەرهات و پێشینەی خۆیان و هەلومەرجی کوردەکانیان بۆ کردم.

سێهەم شت دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی هەشتاکان، واتا ١٩٨٨، کاتێ وێنەی بۆمبارانی شیمیایی گوندە کوردییەکانی باکووری عێراقم لە ڕۆژنامەکاندا دیت، دێتەوەبیرم کە بە دیتنی وێنەکان یەکجار تێکچووم و شۆک گرتمی. بەڵام دواتر کاتێ بینیم ڕووداوەکە لە سەر لاپەڕەی دەنگوباسەکان بە جارێکی ون بووە، زۆرتر شۆک گرتمی ــ ڕاپۆرتی ئەو شتەی ڕوویداوە بکرێ، بەڵام دواتر هیچ نەقەومێ، هیچ قسەیەکی لە سەر نەکرێ، هەروا بە یەکجاری ون بێ!

ئەمە بۆ من وەک وەزیری دەرەوە زۆر سروشتی یە، چونکە ئێمە گەلێ باسی مافی مرۆڤ دەکەین و بەڕێوەشی دەبەین کە سەرنجی بارودۆخی کوردەکانیش بدەین. ئەوکاتەی باسی ئەندامێتی تورکیە لە یەکێتی ئورووپادا دەکرا ئەمە نەتەنیا گرینگ، بەڵکوو زۆریش جێی موناقەشە بوو. ئێمە لەلایەن سوێدەوە گوتمان کە بێگومان تورکیە ناتوانێ ببێتە ئەندامی یەکێتی ئورووپا، بێتوو پێش هەر شتێک ئەو مافە دیمۆکراتییە سیاسییانە، بۆ کوردەکانیش ڕەچاونەکا.

من توانیومە لەم پەیوەندییەدا پێشکەوتنێک ببینم. ئەو کاتەی من بۆ جاری یەکەم چاوم بە «ئیسماعیل جەم» وەزیری دەرەوەی تورکیە کەوت و ئەو مەسەلەیەم لەگەڵیدا باس کرد، جوان دێتەوە بیرم کە ئەو هەر نەیدەویست تەنانەت ناوی کوردیش بێنێتە سەر زمان و بە دەمی خۆی ئەم وشەیە بڵێ. کاتێ ئەو، پاشی چەند ساڵ گەڕایەوەسوێد، چەند کتێبێکی کوردیی بۆ هێنام و گەلێ باسی کێشەی کوردی دەکرد.هاوکاتیش لە دیداری بەرامبەری خۆمدا لە تورکیە، کاتێ لە ئانکارا چاوم بە سیاسەتوانان و ڕێکخراوەکان کەوت و باسی وەیان کرد کە چۆن داوای چاکسازی دەکەن و دەیانەوێ لە پارلەماندا دەنگ بۆ چاکسازی بدەن و لەم هەفتانەی دوایشدا بینیمان کە دەنگیان دا، بەڵام هاوکاتیش توانیم چاوم بە نوێنەرانی ڕێکخراوە سیاسییەکان و ڕێکخستنەکانی مافی مرۆڤ بکەوێ کە باسی وێنەیەکی تەواو جیاوازیان لە ژیانی

رۆژانە دەکرد. لە پارلەماندا شتێک دەکەن کەچی زۆربەی جاران لە ژیانی رۆژانەدا شتێکی بە تەواوی جیاواز روودەدا.

ئێمە توانیمان ئەو شتە لەوەی «محەمەد ئوزوون» یشدا ببینین. هاوکات کە دەڵێن دەبێ یاسادانانەکانمان کراوەتر بن. هەرچەند کتێبەکانی محەمەد ئوزوون لە ناو ئەو کتێبە کوردییانەدا بوون کە وەزیری دەرەوەی تورکیە جارێک بۆی هێنام بەڵام هاوکاتیش دوای ماوەیەک هەر ئەو کتێبانە لە تورکیەدا کۆکرانەوە! من نەمتوانی وازی لێ بێنم و لە دوایین مەحکەمەیدا لە بەهاری رابردوودا کتێبەکەی(گرانات ئێپلێ = شکۆفەکردنی هەنار)م لە سەفەرێکی یەکێتی ئورووپادا بۆ ئەمریکا و کەنەدا لەگەڵ خۆ برد. گوتم من دەبێ ئەم کتێبە هەر بخوێنمەوە بزانم ئاخر چی تێدا نووسراوە کە ئەوەندە مەترسیدارە. ئەوەندەی من تێگەیشتبووم تورکیە دەیگوت پەسنی تیرۆریسمی تێدا دراوە، بەڵا کاتێ خوێندمەوە دیتم (شکۆفەکردنی هەنار) پەسنی مرۆڤایەتی یە، نەک شتی تر.

هەرچەند ئێمە لە سوێددا زیاتر باسی تورکیە دەکەین، بەڵام ئەوە بەس تورکیە نییە کە بارودۆخی (کوردەکان) لەوێدا دژوارە. من چاوم بە زۆر کەس کەوتووە کە نیگەرانن ئاخۆ لە باکووری عێراق [باشووری کوردستان]دا چ روودەدا بێتوو گەمارۆی ئەنجومەنی نەتەوەکانی لە سەر لاچێ. هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەنجومەنی نەتەوەکان بەرپرسییەکی گەورەی هەیە لەوەدا کە چاودێرییەکی وا بکا هێمنایەتیی کوردەکان دەستەبەر بکرێ. ئێمە وەک سوێد پشتیوانی دەکەین لەو خۆئیدارەکردنەی کوردی لە باکووری عێراق [باشووری کوردستان]دا و خۆشحاڵین بەوەی دەبینین پرۆسەی بەدیمۆکراتیبوون لەوێ دەستی پێکردووە.

هاوکاتیش دەمەوێ هانی هەمووی ئێوە کە لێرەن و پەیوەندییەکتان بەو دەسەڵاتەی باکووری عێراق [باشووری کوردستان]ەوە هەیە بدەم، کەوا تکایە ئەو دەسەڵاتدارانە بەردەوام و بەهێزەوە بۆ بەربەرەکانی دژی قەتڵی نامووسی تێبکۆشن.

ئێمە وەک حکوومەتی سوێد گەلێ یارمەتیی ئینسانیمان گەیاندووە بە باکووری عێراق [باشووری کوردستان] و، لە داهاتووشدا لە سەر ئەم کارە بەردەوام دەبین و هیوادارم بتوانین پێشکەوتنێکی باش لەوێ ببینین.

بەداخەوە دەبینین زوڵم (دەرهەق بە کوردان) لە ئێرانیش هەروا بەردەوامە. لە سووریەش، وەزعی کوردەکان جودا نییە و هەموو ئەو کوردانەی لەوێن بێ پێناسەی دەوڵەتین. بەڵام با من دەستەبەری ئەوە بکەم کە ئەو پشتیوانییە هەروا لە دەستووری کاری حکوومەتی سوێددا دەمێنێتەوە و ئێمە هەم لە سوێد و هەم لە یەکێتی ئورووپادا بەردەوام هەوڵی بۆ دەدەین.

دەمەوێ لەم دەرفەتە کەڵک وەربگرم و چەند وشەیەکیش لە سەر وەزعە گشتییەکە بدوێم.تۆ (روو لە نەدیم دەکا) باسی «ئولۆف پالمێ»ت کرد. من ئەو رۆژانە هەندێ جار گەلێ نیگەران و نارەحەت دەبم کاتێ باس لەوە دێتەگۆڕێ کە سیاسەت پاش یازدەی سێپتامبر چۆن تووشی ئاڵوگۆڕ بووە. هەندێ کەس بە پەژارەوە و هەندێکی تریش بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە دەڵێن کە سەر لە ئاخر دیتمان سیاسەتی دەرەوەی سوێدیش پاش یازدەی سێپتامبر گۆڕاوە. بەڵام من دڵنیاتان دەکەمەوە کەوا نییە. ئاشکرایە کە ئێمە بەو هاوکارییە جیهانییەی دوای یازدەی سێپتامبر دژی تیرۆریسم هەیە سیاسەتێکی نوێ لە جیهاندا دەبینین. ئەمەش زۆر ئاسایی یە. بەڵام لە سیاسەتدا سێ پێچکەی تر هەن، ئیزن بدەم بڵێم سێ کۆڵەکەی تریش هەن کە وەک خۆیان ماون. یەکەم خەبات بۆ مافی مرۆڤە. لێرەدایە دەبێ بڵێم کە ئێستا رێزگرتن لە مافی مرۆڤ زیاتر لە پێشوو گرینگی هەیە. ئێمە دیتوومانە کە وڵاتانێک وەک ئیسرائیل، تورکیە و رووسیە چۆن ئێستا دەیانەوێ ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتەکەیان بە ناوی تیرۆریست پاساو بدەنەوە. تیرۆریسم نابێ هەرگیز وا پێناسە بکرێ. ئێمە دەبێ لە خەباتی خۆماندا بۆ وەدەستهێنانی مافی مرۆڤ هەروا بەردەوام بین.

دووهەم ئەوەی پێیدەڵێن دیالۆگ لە نێوان کولتوورەکاندا. من دوێنێ راپۆرتێکم دی کە دەڵێ سوێد لە ناو ریزی ئەو وڵاتانە دایە کە پاش یازدەی سێپتامبر زۆرترین هێرشی تێدا کراوەتە سەر موسوڵمانان. ئەمە بەراستی دڵتەزێنە. من لە شاری نیشۆپینگ دەژیم. هاوینی رابردوو

کۆنسێرتێک لە دەرەوەی نیشۆپینگ کرا، کە نازیستەکان سازیان دابوو. جا بۆیە زۆر مەنتیقی یە تۆمەتی نازیستبوونم لێبدەن، کاتێ نازیستەکان لە دەرەوەی شارەکەی من کۆنسێرت چێ دەکەن.
گشتمان دەزانین کە وێکچوونەکانی ناو ئایینەکانی جیهانیی ئیسلام، یەهوودییەت و مەسیحییەت لە ڕاستیدا زۆرترن لە جیاوازییەکانیان. هەموو ئایینەکان دەتوانن ببنە بەڵگە، هەم بۆ چارەسەریی ئاشتییانە، هەم بۆ توند و تیژیی. تیرۆریستەکان دەتوانن هەم لە ناو مەسیحییەتدا هەبن، هەم لە ناو یەهوودییەتدا، هەمیش لە ناو ئیسلامدا.
هەر ئەوە نیشاندەدا کە گرینگتر ئەوەیە کە زانیاریمان زیاتر بکەین و بزانین کە ئەگەر بێتوو ئاگادارییەکان زیاتر بکرێن ئەوا بە شێوەی دیالۆگی نێوان کولتوور و ئایینە جیاوازەکان بۆمان دەگەڕێتەوە. ئێمەش دەمانەوێ لە سەر ئەو مەسەلەیە کار بکەین، هەم لە سوێددا و هەم لە یەکێتی ئورووپادا، یەکەم پرۆژەی گەورەش لەم پێناوەدا گەنجەکان و فێرکاریی دەگرێتەوە. واتا لە دوو ئالییەوە، هەم گەنجەکانی ئورووپایی زێدەتر کولتووری ئیسلام بناسن، هەم گەنجە موسوڵمانەکان زانیاری زیاتر لە سەر کولتووری ئورووپایی پەیدا بکەن. هەروەها بۆ ئەوەی بێتەوە بیرمان کە ئەمرۆ لە ئورووپادا ئیسلامیش هەیە.
پێچکەی سێهەم خەباتە بۆ جیهانێکی دادپەروەرانە. لێرەدا هیچ بۆمن گرینگ نییە کە دوژمنانی پالمێ ئەمرۆ چەندە بەهێزەوە خەباتی خۆیان درێژە پێدەدەن، کاتێ ئەوان ئەمرۆ هەوڵی ئەوە دەدەن هەلومەرجەکە بقۆزنەوە و تۆمەت لە پالمێ بدەن. بەپێچەوانەوە من بەردەوام دەبم لەوەی کە یەکجار زۆر شانازی بکەم بەوەی پالمێ کردی: بەرامبەر کودەتای پینۆشە لە شیلی، ئیدانەکردنی ڕژێمی فرانکۆ لە ئیسپانیا، یان هەڵوێست گرتن لە هەمبەر چوونی سۆڤیەت بۆ ناو چیکۆسلۆڤاکی.
دەمەوێ بێژم ئەوەی پالمێ کردی ئەوەبوو کە ئەو بەڕاستی پێشەنگ بوو. چونکە بەر لە کۆتایی شەڕی سارد، زۆر کەم بوون ئەوانەی دەیانوێرا لە هەڵوێستگرتنەکانیاندا ئەوەندەی «ئولۆف پالمێ» ئاشکرا و بێ پێچ و پەنا بن. ئەمرۆ ئیدی پاش تەواوبوونی شەڕی سارد، زۆر ئاساییتر بۆتەوە بەڵام پالمێ کارێکی مەزنی کرد و من هەروا شانازی پێوەدەکەم و گەلێ تووڕەدەبم بەو مێژوونووسینە درۆزنانەیەی جاروبار ئەمرۆ دەکرێ.
بۆ کۆتایی هێنان بە وتەکانم، با بێمەوە سەر باسە سەرەکییەکەی کە من بۆچی لێرەم. واتا سوپاسی کتێبخانەی کوردی بکەم بۆ کاری گەلێ ڕێکوپێک و گرینگی لە سوێد، کە هەم کوردەکانی نیشتەجێی ئێرە و هەم ڕێکخستنە سوێدییەکان، هەر هەموویانی خۆشحاڵ کردووە. هەروەها دەمەوێ سوپاسی مانا نێونەتەوەییەکەی بکەم: بە کردنەوەی کتێبخانەی نوێ لە باکووری عێراق[باشووری کوردستان]، بە موناقەشە و هەوڵدان بۆ کردنەوەی کتێبخانەیەکیش لە دیاربەکر لە تورکیا، هەروەها بۆ ڕایەڵەجیهانییەکەی پەیوەندیی. من هەروەها زۆر خۆشحاڵم بەوەی «نەدیم» وا خەریکی کۆکردنەوەی باس وخواستەکانی پارلمانی سوێدە لە سەر کێشەی کورد لە نێوان ساڵانی ٧٩ و ٢٠٠١. بیستوومە کە چەندین هەزار لاپەڕە دەگرێتەوە و، ئەمە نیشاندەدا کە کێشەکە چەندە لە لای پارلمان و حکوومەتی سوێد گەورە بووە.
وە لەبەر ئەوەی ئەمرۆ جێژنی چوارساڵەی کتێبخانەی کوردی یە، با لە دەرفەت کەڵک وەرگرم و ئەو کتێبە کوردییانەی ومختی خۆی لە «ئیسماعیل جەم»م وەرگرت ـــ کاتێک لێرە بوو (پێکەنینی خۆی و بەشداران) پێشکەش بە کتێبخانە بکەم. بەڵام بەر لەوەی ئەم کارە بکەم چونکە ئەمرۆ جێژنی چوارساڵەی کتێبخانەیە با هەموومان پێکەوە چوارجاران هاواری بژی بۆ کتێبخانەی کوردی بەرز بکەینەوە:
هەربژی! (بەشداران وێڕای ئانالێند دووپاتی دەکەنەوە) بژی! بژی! بژی! (چەپڵەڕێزانی خەڵک).

• • •

**تێبینی:** کاسێتی ئەم ڕێوڕەسمە لە لایەن حاجی کاردۆخی، بەرپرسی رادیۆ ناوچەیی ئاشتی لە ستۆکهۆڵمەوە پێشکەشی ڕادیۆ زایەڵە کراوە.

## مالئاوایی مامۆستا «شوکر مستەفا» لە جیهانی ئەدەب و ڕۆشنبیریی



مامۆستا شوکر مستەفا، نووسەر و ڕۆشنبیری نێوداری کورد لە ڕۆژی ١٨ی مانگی سێپتامبری ٢٠٠٣، لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر بە هۆی نەخۆشیی دڵ کۆچی دوایی کرد و هەر لەو شارەش بە خاک ئەسپێردرا.

مامۆستا شوکر لە ساڵی ١٩٢٩ی زایینی لە کوێرە گوندێکی ناوچەی (قەرەحەسەن) هەڵکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی کەرکووک لە دایک بووە. مامۆستا شوکر، هەروەک بۆخۆی لە زۆربەی دانیشتن و وتووێژ و نووسینەکانیدا ئاماژەی پێکردووە، دەورانی منداڵیی و لاوێتییەکی زۆر ناخۆش و پڕ لە چەرمەسەری تێپەڕ کردووە و، وەک زۆربەی منداڵانی ئەو سەردەمەی کوردستان لە حوجرەی فەقێیان فێری خوێندن و نووسین بووە و پاشان لە پرۆسەی ژیاندا خۆی پێگەیاندووە و بووەتە ئەو کەڵە نووسەرەی کە مایەی شانازی گەلەکەیەتی.

لێرەدا، بە دوو نووسراوەی هەڵبژاردە ــ یەکیان بەشی ئاخری پێشەکییەکەی مامۆستا هێمن موکریانی، بۆ قەڵای دمدم (نووسینی: عەرەب شەمۆ، شوکرمستەفا کردوویە بە کرمانجی خواروو، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥) و، دووهەمیشیان چەند بڕگە لە وتووێژی خودی مامۆستا شوکر (ڕامان، ژمارە٢٣، ساڵی دووەم/ ئایاری ١٩٩٨) کە تێیدا لە ژیان و بەسەرهاتی خۆی دەدوێ ــ یادی ئەو نووسەرە ئەمەگدارە بۆ هەمیشە لە دڵدا زیندوو ڕادەگرین. ڕەوانی مامۆستا شوکر شاد و گلکۆکەی پڕ لە گوڵ بی. (گزینگ)

## یەکێک لە ئالاهەڵگرانی زمانی ستاندارد[1]

هێمن موکریانی

«...لە پێشدا گوتم من لە خوێندنەوەی خەتی ڕووسیدا کۆڵم و چیرۆکەکەی مامۆستا عەرەب شەمۆم نەخوێندۆتەوە. جا بۆیە ناتوانم لە سەر شێوەی نووسینی ئەو چ قسان بکەم. بەڵام ئەوەکەی مامۆستا شوکر مستەفام چەند جار خوێندۆتەوە و بەڕاستی چێژم لێ وەرگرتووە.

عەیبی کار لەوەی دایە ئێمە تا ئێستاش زمانێکی ستانداردمان نییە کە کەس نەتوانێ لێی لادا. هەروا بە هاسانیش ناتوانین ئەم زمانە پێکبێنین و خۆمان لە پاشاگەردانی ڕزگار بکەین. ماوەیەک هێندێک لە نووسەرە زاناکانمان بە کردەوە بۆ ئەم کارە بەنرخە تێدەکۆشن.

دەوێرم بڵێم مامۆستا شوکر مستەفا یەکێک لە ئالاهەڵگرانی ئەم خەباتەیە و لەڕیزی پێشەوە دایە، مامۆستا وەک پیاوێکی زانا دەستی لە تەعەسوبی ناوچەگەری هەڵگرتووە و لە نووسینەکانی خۆیدا هەوڵدەدا لە هەموو شێوەکانی زمانی کوردی کەڵک وەربگرێ و بە بڕوای من لەم کارە پڕ سوودەدا سەرکەوتووە.

مامۆستا تێدەکۆشێ کام وشە ڕەسەن و سووک و ڕەوانە و کام کینایە لە سەر زاران خۆشە بەکاری بێنێ. لە بەکارهێنانی وشەی داتاشراوی ناڕەسەن و دزێو و ناشیرین خۆ دەپارێزێ. زۆر شارەزای ڕێزمانی کوردی یە و لە ژێر ئەنسیری زمانی بێگانەدا نانووسێ.

مامۆستا خوێندەوار و ڕووناکبیرە، زۆر گەڕاوە، گەلێکی خوێندووەتەوە. زەحمەت و کوێرەوەری کێشاوە و ئەزموونێکی تەواوی وەسەریەک ناوە. لە سایەی ئەم ئەزموونەدا گەیوەتە ئەم قەناعەتە کە هیچ شێوەیەکی زمانی کوردی با زۆریش دەوڵەمەند و پڕ وشە بێ بە تەنێ ناتوانێ ببێ بە زمانی ئەدەبی نەتەوەکەمان. جا بۆیە ئەم ڕێبازەی گرتۆتەپێش کە لە پێکهێنانی زمانی ستانداردی کوردیدا بەشدار بێ. سەرەڕای ئەوانە هەرگیز وەک پیاوێکی لە

خۆبایی لە نووسینەکانی خۆی دڵنیا نییە و بە شوورەیی نازانێ ڕاوێژ بە دۆستـان و نیزیکانی خۆی بکا. ئەوەش ئاکارێکی باشە و پیاو دەگەیەنێتە ئامانجی خۆی. مامۆستا شوکر لەمێژە بە نووسەرێکی سەرکەوتوو ناسراوە، بەڵام بە بڕوای من لە نووسینی ئەم چیرۆکەدا خۆی گەیاندووەتە ترۆپکی هەرە بەرزی ئەدەبی کوردی. لە پێشدا گوتم ئەم چیرۆکە لە چاو نێوەرۆکەوە لە ئەدەبی کوردیدا ئەگەر بێ وێنە نەبێ کەم وێنەیە. ئێستاش لە خۆم ڕادەبینم بڵێم لە چاو ڕواڵەت و فۆرمیشەوە هەر وایە.»

## بووم بە میوانی خەرابات

مامۆستا شوکر مستەفا

### ئەدەبیاتی منداڵان

دنیای منداڵان دنیایەکی زۆر ناسکە هەروەک بلووری لالە دەچێ... هەموو ڕۆژێ خاوێنکردنەوەی دەوێ، لێیگەڕێی زوو بڵغ دەگرێ، زوو پەڵەی وێ دەکەوێ. کە پەرداخی دەکەی، وریابە، قامک و سەرئەنگوستی بەرنەکەوێ، دەنا شوێنەواری سەر ئەنگوستی لە سەر چاپ دەبێ... ڕۆژگارێ، کە دەرز[دەرس]م بە منداڵان دەگوتەوە، خولیای لە دڵ و دەروونی منداڵ نزیکبوونەوەم لێ ببوو بە مەراق، وەک دەڵێن ئەمنیش منداڵ ببوومەوە، حەزم لێ بوو، وەک ئەوان بکەم، هەڵبەزم، دابەزم، بقیرێنم، بزریکێنم، هەموو شتێ بکەم بە ئی خۆم وەک گورگی برسی پردەمە هەموو شتێک، حەزم لێ بوو، وەک درندەی هار هەڵکەمە هەرکەسێکی توخنی شتەکانم کەوێ، حەزم لە خەون و خەیاڵ، لە فڕین و باڵگرتنەوە، لە چوونە بن ئاو، وەسەر بڵیندایی کەوتن و لە سەرڕا خۆهەڵداشتنەخوار و چی و چی دەکرد....

لە ماوەی پێنج ساڵاندا پێنج منداڵی جوانکیلە و ئێسکسووکم بوون، چواریان کیژ و پاشینیان نێرینە... دەیجا، وەرە لە فێرگە منداڵ و لە ماڵەوە منداڵ، ناچاریش بووم، ئەرکی بەخێوکردنیشیانم لە ستۆگرت، دایکیان نەدەپرژایە هەموو کارێکی نێوماڵ و منداڵ بەخێوکردن.

... ئەوەی منداڵی ئەوڕۆ دەیزانن لە کێشی ئەقڵی مندا نییە، ئەمن لە کوێ دەتوانم خۆ لە قەرەی چیرۆکی بۆ منداڵی ئەمڕۆ بدەم؟! منداڵی ئەمڕۆ لە سەدان سەرسپی وەکوو منیان بردیتەوە. خۆ وەنەبێ ئەمنیش ناو بە ناو خۆ بە منداڵێکی سەر سپی نەزانم، بەڵام هەیهوو.. من لە کوێ منداڵی ئەمڕۆ لە کوێ؟ کورە خۆم لە بەرابەریان بە پاشکەفتی دەزانم...


### دنیای مەلایەتی

من پێموایە، مرۆ پێش وەی ببێ بە مەلا، بە ئاسنگەر، بە شووفێر، بە سەرکۆمار، بە هیتلەر، بە عیسا، بە مووسا، بە قارەمان، بە خوێری و بە بوودەڵە، بۆخۆی لە بنچینەدا ماکێکی دە شادەماردا دەگەڕێ. یەک لەو خاسیەتانەی تێدا پتر فرازی دەبێ.. منیش پێش وەی فێرە خوێندنەوە و نووسین بم، دایکم دەیگوت گۆیا بە دەنکە شقارتە خەتخەتۆکەم کێشاوە. ناشکوری نەبێ خۆ خوێندەوارێکی لە خۆم زیاترم لە ناو خێزانەکەمدا نەدیت... دوکانی بەکر و دوو قالب سابوون.. بەڵێ بابم چەخماخساز بوو، خەڵکی سلێمانی بوو، بەڵام بە ڕەحمەت بێ، زوو چاوی لەم دنیا مەینەتییە لێکنا.. ئەمن تازە چاوم پشکووتبوو، نۆ مانگان بووم بابم قەلفری بۆ کرد..

خولاسە، لە تەمەنی چوار پێنج ساڵیم ڕا، دایکم لە خزمەت مەلا ئایشەخانی سەر بە ماڵە خانەقای سەید ئەحمەد، لە بەر خوێندنی نام. مەلا ئایشەخان نیوەی قورئانی، بە حینجە و سایە فێرکردم، ئەو دواکەی خۆم فێری بووم. کە فێر بووم، ئیدی نەدەچوومە حوجرەی مەلا ئایشەخان،، وەڵلا ڕووپیەکیشی هەر لەسەرمان مابوو، ئی دوامانگی لە کن خوێندنم، خواردمان و ئێستا و ئەوسا چاوی پێ نەکەوت. ناوبەناویش مەلا تووک و نزای لە هەتیوە تاقانەکەی دایکم کە منی کولێرەخۆر بووم، دەکرد. بەخۆشی دەیگوت دەک مەجرۆ و موزتەحیل بی.. بەڵام سەیر ئەوەبوو تەقەی سەرم لە قورئان دەهات. نەشم دەزانی بە زمانی عەرەبی یە.. زۆرجار بەدەنگیش دەمخوێند، ئاشقە دەنگی خۆم بووم.. چەند جارێکیش لە سەر مردوو، لە ژوورێکی تاریکدا تا سبەیانێ قورئانم خوێند، بریا نەم خوێندبایە، دەم و لووتم تێکەڵ و پێکەڵ دەبوو.. بە خۆشم نەمدەزانی ـ ئەلعەیازوبیللا ـ چ دەفڵتێنم، تەمز ئەمەش لە ترسا بووە..

هێندێ جاریش بە دەنگی بەرز زاتم وەبەر خۆم دەدا.. چەند جارێکیش ویستم بەم شێوە هەڵێم. گوتم کورە عەیبە لە منت نەکەوێ، کرێتە، فهێتە.. ئەدی قورئانخوێنی چیت؟!

بیستبووم ئەگەر مردگ لە ناو تابووتا زۆر ماگەوە، ڕاست ئەبێتەوە و لە گوێچکەی مەردم ئەنوێ.. گوایە زۆری حەز لە کرکرەی گوێچکەیە.. بۆ ئەوەش، قورئانخوێن دەبێ زووزوو




مامۆستا شوکر و خاووخێزانی له ئەستەمبووڵ (١٩٦٠)
[وێنە: سایتی کەرکووک کوردستانە]

باداتەوە سەر ئایەتولکورسی خوێندن، بۆی ببێ بە تەلیسم.. بێ لەوەش، جێژنان دەچوومە سەر قەبران، بە عانەیەک یاسینم لە سەر گۆڕی مردووی خەڵک دەخوێند و هێندێ جار گوێشم دەکرد بۆ ئەوەی فریای عانەیەکی دیکە بکەوم، زۆرم لێ دەقووچاند و هێندێ جاریش، بنیادەم چۆن پارووی گەرم لە زاریدا بێ و بۆی قووت نەچێ، بەو دەردە دەچووم. خێومردوو چوزانێ... نەخێر، ڕۆژێکیان، خاڵم فەرمووی ــ کە بە ئەسڵ ڕەنگە کاکەیی بن، چونکە تیرەی دایکم عابابازە، خەڵکی باوە و باوەمردە و باوەگەڵدی و قوڵدەرسی خوار سلێمانی یە، کە خەڵکی ئەم دێهاتانە سەر لە بەریان کاکەیین.. جا توخودا یەکێ خەڵکی ئەم هەمکە «باوە»یانە بێ چۆن کاکەیی نییە؟! دایکم تا مردیش سوێندی بە باوەیادگار و دایەڕێزوار دەخوارد.. نەزرگای دایە ڕێزواریش لە ڕۆژهەڵاتی گوندی کەوەڵەی شێخ عەبدوڵڵا سەید عومەری خانە بوو... ــ فەرمووی، لەم چەنانە شوکرم دیوە لە ناو داربەندی گۆڕەکەی حاجی فەرهادی مزگەوتی منارە نەخشییە لە کتێب و تۆمار و بەیازەکۆن گەڕاوە.. وادیارە وە تەنیا بە قورئان خەتمکردن دڵی دانەکەوتووە، وا خاسە لە خزمەت مەلا محەمەد تورکمان (حوجرەی لای مزگەوتی شۆرحەمام) لە بەر خوێندنی دانێنەوە، با لە سەر خوێندنی خۆی پێوەچێ، سا بەڵکوو بەختی سوار بێ، یاربێ، دەسی وەقڵف مراد باوە سوحاقەوە وێ، دوارۆژ بوێ وە مەلا دوانگزە عیلم. دایکم نەختێ مزەمز و مینگەمینگی کرد، کوڕ جارێ مناڵە، کێ ئەیگەیەنێتە شۆرحەمام.. نەخێر خاڵم پێی داگرت، ئیلکەم و بیلکەم هەر ئەوێ بخوێنێ.. بردمیانە خزمەت مەلا محەمەدی تورکمان. لەوێ بە تورکی «ئینشای بچووک» و «ئینشای گەورە» و «ئەحمەدی» و دیوانی «فضولی» و داستانی «کەرەم و ئەسڵی»، دیوانی «عاشق غەریب» و دیوانی «یۆنس عەمرە» و «مەسنەوی» مەولانای ڕۆمی[٢] و «حەمزەنامە» و داستانی «کوێرئۆغڵوو» و، بە فارسی «ئەیشودە» و «سمایلنامە» و «سەرەنجام» و «گوڵستان» و «بوستان» و پەندی عەتتار[٣] و «ئەسکەندەرنامە» و بڕێ لە «شانامە» و نامەی کوڕی نامە و، بە عەرەبی «مەقاماتی حەریری» و «قەسیدەی بوردە» و «سیرەی ئیبنوهیشام» و «گەشتی ئیبنوبەتووتە»م سەر لە بەر بە مەعناوە خوێند. مامۆستا مەلا محەمەد زۆری دنە دەداین، تورکیی لاتینیش فێربین، دەچووینە کن عەبباسی حیلمی، لە قۆریە، غەزەتەی قەرەگوێز، مەلای مەزبوورە و داستانەکانی «ئارسین لۆبین»مان لێ دەکڕی و دەمانخوێندەوە.. تورکی بە پیتی کۆن و نوێیەوە چاک فێربووم. چەن جارێک کاغەزیان بە لاتینی پێ نووسیم بۆ تۆقات و ئایدن و قۆنیە...

بەفارسیش فێری «امیر ارسلان نامدار» خوێندنەوە ببووم، زۆرجار دەچوومە گەڕەکی (ئاخور حوسێن) لە ماڵی خاڵم، ماڵی کوڕەکانی محەمەدەفەندی ئەمیرئەرسەلانم بۆ دەخوێندنەوە زۆریان کەیف پێ دەهات. مام قادرێکی بە ئەسڵ خەڵکی ورمێ هەبوو، تورکمان بوو، فارسیشی چاک دەزانی، زۆرجار بۆ ئەویشم دەخوێندەوە، دەیگوت، بەرخورداربی. خەڵکی کەرکووک، خۆتان دەزانن لە سەر سێ شەپۆلە زمان داخێون: کوردی و عەرەبی و تورکی..

ئەمن پاش سێ و چوارساڵان خاڵم بە دایکمی گوت، شوکە برای هەن، ئەوان هەقدارین، وەستا فەرەجی برای حاڵ و باڵی زۆر خۆشە، با بچێتە پاڵ برای خۆ، هەرچەند[دایکم] لەو قسەیەی خاڵم زۆر دڵگیر بوو، بەڵان پاشانەکێ، ڕازی بوو، بەردمیان، بەرەو ڕووی وەستا فەرەجی برامیان کردمەوە. وەستا فەرەج وەجاخکوێر و [ژنەکەی]

ئەستێوربوو، ژنەکەی تورکمانێکی دنیادیدەی سێ شووکردووی قەرتی زۆرزانی حەکایەت و داستان لەبەر بوو.
هەردووکیان زۆریان پێویست پێم بوو: فەرەجی برام بۆ بەردەستی دوکان و خاتوو «سێلفی»یەش بۆ بەردەستی نێومال. هەر لە سبەینێرا تا پاش نێوەڕوانێ درەنگ سەگەسەگەی شاگرد چەخماخسازیم پێ دەکرا، پاش نیوەڕوانیش «سێلفی»یە خاتوون، نەک هەر کاری خۆی، کە نە دەبڕاوە، ئی دەر و دراوسێشی پێدەکردم. هەڵی دەنام، دەیگوت «عەفارم، جانو یەنگیل دی»(ئافەرم گیانت سووکە).
کاری بازاڕی پێدەکردم، حەوشە ماڵین، ئاوڕشێن، پێخەو وەسەربان خستن، ئینانە خوار و چی و چیی دیکەی پێنەدەکردم؟! لە ساڵی ١٩٣٩دا کاکم بۆ بەسرە، بۆ ماڵی عەبباسی برامی بردم، بەغدام دیت، بەسرەم دیت، دنیایەکی سەیر بوو... لە قەپێلکی بەرتەسکی ناوچەی قەرەحەسەن و شاری کەرکووک بۆ یەکەم جار وەدەرکەوتم.
لەو سەفەرەدا زۆرم شت بە مێشک و دڵ و دەروونەوە نووسا. شەڕی گەورە دەستی پێکرد، گرانی و قاتی و قڕی، بێ نانی، بێ کارو کاسبێتی، بەجارێ بڕستی لە پیشەگەر و ناوبازاڕ بڕی. هیچ کەرەستەیەک بە دەست نەدەکەوت..
خەڵک کەوتنە نانی جۆ و مزاش خواردن، بە خورما چاخواردنەوە، ماڵی فەرەجی برام بژێوی دایە کزی، گوتیان بڕۆ عەمەلە[فەعلەیی] بکە، نان پەیداکە، چووم بووم بە عەمەلە، ڕۆژێ بە چل فلس.. تانکییە زەلامەکانی نەوتی کەیوانیان بە خشتی سوورەوەکراو و چیمەنتۆ، لە ترسی بۆمبای هیتلەر قایم و تاقەت دەکرد.
ئەمن بە تاسی گەورە گەورە چەو و چیمەنتۆم بە پلیکانەی ٨٣ پلەدا وەسەردەخست.
بەڵام هەر حەوتوویەکم کار پێکرا. بڕست و پرزەم لە بەر برا، نەخۆش کەوتم، ڕیوەڵەیەکی باریکەڵە بووم، لووتت گرتبام ڕۆحم دەردەچوو. پیاوی کاری ئیرغات و میرغات نەبووم.
نەخێر گوتیان، وەگەڕێ پەنا داڵگت، گەڕیامەوە لای داڵگم. خۆ ئەو هەر وەجارێ پەرێشان و بەلەنگاز بوو.. بەڵێ ڕاستە شووی بە سەرکارێکی ماڵی سەید ئەحمەدی خانەقا کردبوو، کە خزمی فەقێ خوسەینی مەنتک بوو، بەڵام بزگوریان لە ماڵێدا نەبوو. نانی شەوێیان نەبوو..
خولاسە چوومەوە. زڕبابەکەم زۆری خۆش دەویستم هەروەک عوسمانی کوڕی دەینواڕیمێ. داستانی ئەمیر ئەرسەلانم بۆ دەخوێندەوە، بۆ خۆشی زۆر دنیادیتە و چاوساغ بوو. شەڕی ڕووسانی کردبوو، حەکایەت و داستانی زۆر لەبەر بوو.
ڕۆژێکیان بردمیە خزمەت مامۆستا مەلا سەعدوڵڵای کوڕی مەلا محەمەدەمینی هەوایی زادەی بە ئەسڵ خەڵکی دووشیوانی لای مەخموور. لە خزمەت مامۆستا مەلا سەعدوڵڵا، لە مزگەوتی سەید نوورەددین، لە گەڕەکی شۆریجە بووم بە فەقێ. لە بینا و مەقسوود و ئەجروومییە و سەمەدییە و ئونموزەج و تەسریفی زنجانی و تەسریفی مەلا عەلی و ئیزهاری بەرکۆیی و کافیە و شافیە لە نەحو و سەرفدا و، وەزع و ئیستیعارە لە بەیان و، ئیساغۆجی و فەنناری لە مەنتیق و، (فتح القريب) و (فتح المبين) لە شەرع و، پاشان هەر لە جامیی شەرحی کافیەوە تێهەڵچووم. لە سیوتییەوە سەرم دەرێنا.
ماوەیەکیش لە خزمەت مەلا سەید ئەحمەدی جەبباری و مەلا عەبدوڵڵای بڵاوە و مەلا عەلی لەیلانم خوێند. لە سەماعی مامۆستا مەلا ڕەزای واعیز، لە دوورەوە و سەماعی مامۆستا مەلا عەبدولەجیدی قوتب و مامۆستا مەلا ئەحمەدی مەلا حەکیم، یادیان بەخێر و گۆڕیان پڕ نوور بێ و مەلا حاجی عومەر گونبەت بەهەشتیدا شەڕەفیاب بووم... ئەوە هەوارێکی ژیانی حوجرە و فەقێیەتیم.
... زۆرجار قسەکانم، لە خزمەت مەلا و فەقێیاندا، تاڵ بوون و بۆیان قوت نەدەچوو،، دەمم لە فەلسەفە دەدا، لەو قسانە دەگەڕام، حەللاج و فەزلوڵڵای نەعیمی و عیمادەددینی نەسیمی ئازەربایجانیی خوداناسی لە شەرع یاخی بە شێعر گوتبوویان... زۆری نەخایاند، نێوم زڕا، بە ناخودا و «ملحد» و «زنديقی» نێوم کەوتە نێو ناوانەوە، هەرچی منیش بووم، تەمز بە دوای خودای ڕاستەقینەی خۆمدا، بە دوای حەقیقەت و مەعریفەت و تەریقتدا دەگەڕام؟!
لە خودایەک دەگەڕام، ئەو دنیایە بە جۆرێکی ئاقڵانەتر داڕێژێتەوە، نەک تەنها هەر بە خوایشت و ئارەزووی من، بەڵکوو بە خوایشتی ئینساف و داد و دڵاوایی و دەهەندەیی و لوتفێکی فراوانتر.. زمانی حاڵم دەیگوت:

اگر دستم رسد بر چرخ گردون
ازو پرسم که این چونست و آن چون
یکی را دادهای صد ناز و نعمت
یکی را قرص جو آلوده در خون

لە تاو هەژاری و ڕووتی و دەجاڵی و دەربەدەریی و لە قوون دەرکەی ماڵە برا و ماڵە خاڵ و ماڵە زڕباب بە کولەمەرگی گوزەراندن، بە لاس و پەلاسیدا دەچووم.. زۆرم خەون

**... دیارە گەشت و گەڕانی زۆریش دەوری خۆی لە دەوڵەمەندکردنی رۆشنبیریی و زماندا زۆرە. ئەمن یازدە جاران سەفەری تورکیا و سوریا و لوبنان و ئورووپای خاوەرم کردووە. لەو گەشتانەدا زۆر شت فێربووم.**

بەوەوە دەدیت، ئەمنیش بابێکم هەبا، برایەکی وەکە خۆم گچکۆڵەم هەبا، خۆشکێکی جوانکیلەی نەشمیلانەی ئێسکسووکم هەبا... چم نەبوو.. ببووم بە کابرایەکی سەرکێش و کەڵەوەکێش و سەرەڕۆ و یاخی، بە ئاشکرا دەنگی ئیعتیرازم لە هەموو کەم و کوورییەک، نامەعقوولییەکی ئەو دنیایە بڵند دەکرد. زۆرجار لە مزگەوتیان وەدەردەنام، جنێویان دامێ، تفیان لێکردم.. ئەوەتا ئێستاش هەر وەدووی خوای خۆم و ئایینی خۆوەم..

بەختێ مە ژ بۆ مە را ببت یار
جارەک ببتن ژ خواب هوشیار؟
رابت ژ مە ژی جیهان پەناهەک
پەیدا ببتن مە پادشاهەک
شیرێ هونەرا مە بێتە دانین
قەدرێ قەلەما مە بێتە زانین
گەر دێ هەبویا مە سەرفرازەک
صاحیب کەرەمەک، سوخەن نەوازەک
نەقدێ مە دبو ب سککە مەسکوک
نە دما وەهـ بێ رەواج و مەشکوک

ئیدی ئەوەبوو، ناچار لە دەست مەلا هەڵاتم، سەری خۆم هەڵگرت، بەغدا رێت بێ، جا پاشانەکێ دێینەوە سەروکاری ئەم باسە.

لەو خوێندنی فەقێیەتیدا وەڵامی هیچ پرسیارێک، لەمەڕ زۆر شتان وەگیر نەکەوت. سۆفیەتی و مەولانای رۆمیم زوو فریا کەوت. شێخی سەنعان، بایەزیدی بوستامی چابوو بە فریامەوە هاتن..

ئاخرییەکەی خۆم لە وانیش قوتار کرد، بووم بە میوانی خەرابات (کەداوا، یا خەراب ئاوا؟).

**«شەرتە کەر بم بارە گوێژم لێ بنێن خەرەی نەیێ»** خۆزگە وام کردبا.. نەخێر تووشی خەییام و حافز و عوریان[بابەتاهیر] بووم، قەدەرێکیش بە هەوای هێدگارد و سارتەرەوە تاسام و مەست بووم،پاشان مارکسم بە هاناوە هات، تا ئێستاش لەو پیرە بەولاوە کەسی وام وەگیر نەکەوتووە، لە میش پایدۆست کەم و ملی یەکێکی چاتر بگرم... بەدبەخت خۆم.. دەردەکەم هەرئەوەیە سەرکێشم، دیلێتی بیر و بڕوای لە ژیان بە دەر و سەردەم بەسەرچووم بۆ قوت ناچێ...

**سەرچاوەی نهێنییەکانی زمانزانیی**

من بۆ خۆم لە گوندێکی ناوچەی (قەرەحەسەن) لە دایک بووم، تا تەمەنی شەش ساڵیم لە گوندی «مامەشە» (مەحمەشە)، لە گەڵ دایکێکی گەنجی بێوەژندا، بە تەنها بەسەربردووە، هەر لە منداڵیرا بە حەکایەتی دێو و درنج و جندۆکەکانی چەمی «کارێز» و «قەرغەچا» و «رۆخانە» و «جەوڵ ناساز» و «خەلیفە باپیر» و «گردەشێخەیی» و «گردەخوێری» و «سوێلدز» و «جافەران» و «سەگرمە» گۆش کراوم.. زۆر وشە و قسەم لە دایکمەوە فێربووم. پێم وابوو کەس ئەوەندەی دایکم شت نازانێ، کەس ئەوەندەی دایکم جوان نییە، کەس ئەوەندەی دایکم دەنگخۆش نییە، ئەڵلاوەیسی چاک دەگوت، دایکم زۆر شتی دەزانی، لام وابوو زمانی دێو و درنج، جندۆکە و مێردەزمە و دارودرەختان، تەیروتوو، جروجانەوەر، هەمووی دەزانی، ئەدی ئەمن چۆنیان فێر بووم!.. سوێندی دەخوارد ــ تمەز خەونی دەدیت ــ لە شایی جندۆکانی چەمی کارێز شایی رەشبەڵەکی لەگەڵ شای جندۆکان، شای پەرییان کردووە...

... دایکم هەر بۆ دڵدانەوەم، فێرە مەتەڵ و حەکایەت و نوکتە و گۆرانی و هەڵبەستی زۆری کردبووم، ئێستاش رەنگە زۆریانم لەبەر مابن.. هێندێ جار بێ وەی بە خۆم بزانم، دێنە نێو نووسینمەوە، خولاسە زۆر شت فێر ببووم...

... کاتێ قەرەج لە دەوروبەری گوند و شار هەڵیان دەدا، دەچوومە زگیان، گوێم لە قسەیان دەگرت، وە «ئەڕا، ئەڕا» گەپیان دەکرد ــ لە بیرت نەچێ گەپکردن بە مانا قسەکردنیش و گاڵتەکردنیشە.

... دیارە گەشت و گەڕانی زۆریش دەوری خۆی لە دەوڵەمەندکردنی رۆشنبیریی و زماندا زۆرە. ئەمن یازدە جاران سەفەری تورکیا و سوریا و لوبنان و ئورووپای خاوەرم کردووە. لەو گەشتانەدا زۆر شت فێربووم. بە سەرانسەری کوردستانی تورکیادا گەڕاوم، ١٨ شاری گردەبڕی تورکیا کوردن و کوردستانە، ئەمەش هەروا بە قسە نییە. ... لە سەفەرەکانمدا کوردی بەدلیس، سێواس، باتمان، بینگۆل (هەزارەکانی)، تونجەلی (درسیم)،

دیاربەکر، ئەرزەڕۆم، ئورفا، حەکاری، ماردین، مەرعەش، غازی عەنتاب، وان، قارس، ئەلعەزیز، مووش، ئاگری، ئەرزنجان و سەرد ــ م دیتن.. کۆچەریی عالیخانی، کیکی، ئانقۆسی و مامەسێنی و حەیدەرانلووم دیتن.. چوومە حەڵەب، ئەسکەندەروون، قامیشلی، ئاسوودە و تربەسپیان .. لە وارشۆ، سۆفیا، بوخارست، زوغروب، بوداپێست لە کورد گەڕام، هێندێکم دیتەوە.. زۆریان ئی ئێران و تورکیان. کێهە کار خوێروو و سەختە ئەوە دەکەن. لە شاری بوخارست سنەییەکم دیتەوە، بووکە، بووکە و ئەوەسە و ئەمەسەی خۆی لە بیر نەکردبوو، دەیگوت پێڵەواریم.. بەڵێ ئەمانە سەرچاوەی زمان فێربوونم بوون.

**شارەزایی لە لەهجەکانی زمانی کوردی**

ئەمەم لە زۆر سەرچاوە و بناوانەوە وەگیرکەوتووە. یەکەم: هەر لە منداڵیرا حەزم دەکرد هەموو زمانانی دنیا بزانم.. پاش وەی هەستی کوردایەتیم، کە لە ساڵانی ٤٢ەوە پتر لە خۆدا سۆسەم دەکرد، گەیبوومە قنیاتێ کە زمانی کوردی بە هەموو زاراوەکانییەوە زمانی ڕاستەقینەی کوردە.. بە لوڕی و کەڵهوڕییەوە، بە گۆرانی (هەورامانی، دمبلی) (زازایی، ماچۆ، باجەڵانی، شەربەکی)یەوە.. هەروەک کراس و کەوێم دەهاتە پێش چاو، کە دەبێ یەخە و قۆڵ و گیرفان و بەریک و بەرۆکیان هەبێ، یان وەک بنیادەم ، سەرو چاو و گوێ و زار و لاق و دەست و هەموو ئەندامێکی هەن، زمانی کوردیش بێ ئەم زارانە تەواو نییە و کەت و کەلە.. مەبەستم ئەوە نییە زمانی کوردی بەو زارانە بە تەقەڵی درشت و ناقۆڵا جووتبەقێ کرێ، نەخێر، دەبێ چۆن قۆڵ و گیرفانی کەوێ، لە تەختە بافت(نەسیج)ەکەی خۆی بێ و تەقەڵی زۆر وردی بەحەڵ دیتەی پێوە بدروێ، ئەوهاش وش و ڕستی زارە کوردییەکان دەبێ لە ڕایەڵ و تان و پۆی زمانەکە بێ. دەبێ جوانیش تەون بکرێ، سفت و سۆڵیش بچندرێ. ئەتۆ دیقەت دایتە نووسینی مام هەژار و مام هێمن، کوردییەکەیان چۆن وەک چێشتی مجێور لێکردووە، زۆر جوانیشیان لێ هاتووە؟ ... تەحا لە هونەری هەژار دەکەین و، ڕەوانی و پەتیەتی و ڕەنگینی و سادەگی نووسینەکەی لێ بووە بە نەخش و، هەر خۆی زانیویە چ هونەرێکی نواندووە؟! مام هێمنیش هەروای کردووە، مام هەژار کوردی مام هێمنی پێ ڕەوانتر بوو، دەیگوت لێی فێر بن... کوردییەکەی لە بووکی مەهاباد و ئەوەکەی من لە ئی شەرەفکەند و تەرەغە دەچێ...

**مام هەژار کوردی مام هێمنی پێ ڕەوانتر بوو، دەیگوت لێی فێر بن... کوردییەکەی لە بووکی مەهاباد و ئەوەکەی من لە ئی شەرەفکەند و تەرەغە دەچێ...**

هێندێ دەڵێن زمانی یەکگرتووی نووسینی هونەرمەندانەی کوردی هێشتا چاوی نەپشکوتووە، هەرکەسە ئەوەکەی خۆی پێ چاترە.. وە نییە. خۆ هەموو کەسێ ڕەنگە لەبەر خۆوە، هۆنەر یا گۆرانیبێژی چاک و سترانبێژی چا بێ، بەڵام هەموو حەزدەکەین وەک شڤان پەروەر و سەید عەلی ئەسغەر بن، شێعر وەک «نالی» و «گۆران» بڵێین، نەک لاساییان بکەنەوە، بەڵکوو هەر بەو توان و هونەرئاراییەوە خۆیان هەڵدەنەوە و ئەوانیش مۆرک و شەقڵی خۆیان دە گوێدێران ڕاگەیێنن.. نەخێر، زمانی ئەدەبیی نووسینی کوردی زۆر پێشکەوتووە، بەڵام هێشتا هونەرمەندی زبەردەست زۆر نەبوون، خەمت نەبێ، دەست لە بەرۆکی یەک بەردەین، لە سەر هیچ و لە هیچە و بۆ ماڵی دنیا و بۆ ناو و شۆرەت بە شەڕ نەیەن و چەند ساڵێک تەبایی و برایەتی ڕاستەقینە باڵی بە سەر کوردستاندا بگرێ، حکوومەت و یاساپەروەریی حوکم و فەرمان بێ، بە تەواوەتی لە عەرەبیش و فارسیش و تورکیش چاتر دەبێ.. کە دەنووسی.. ئەگەر بە سەلیقەبی، هەموو زارەکوردییەکان فێربی، ئەتۆ کە پێنج لەهجە ــ کوڕە پێنجی چی، وەڵڵا پەنجاش دەبێ ــ لە بەر دەستدا بن بۆ هیچ دانامێنی...

• • •

**تێبینی گزینگ:**

١) سەردێری هەردوو نووسراوەکان لەلایەن گزینگەوە داندراون و، هەروەها نووسراوەکەی *ڕامان*، وێڕای ڕاستکردنەوەی هەڵەکان، بە شێوە ڕێنووسی گزینگ، بڵاوکراوەتەوە.

٢) کتێبی «مەسنەوی»، فارسی یە و دەبوایە بکەوێتە ڕیزی کتێبە فارسییەکان.

٣) عەتتاری نیشابوری کتێبێکی بەو ناوە نەبووە، ڕەنگە مەبەست کتێبی *الهی نامە* بێ. کتێبەکانی عەتتار بریتی بوون لە: دیوانی عەتتار، تذکره الاولیا، منطق الطیر، اسرارنامە، الهی نامە، مصیبت نامە، خسرونامە.

یادی یاران:

# چەند نامەی ئەدەبی

**لە: جەمیل ڕۆژبەیانی، هەژار، هێمن**

**بۆ: محەمەدی قازی، نافیع مەزهەر، د. عەزیز**

(١)

نووسەری هێژا! ئەدیبی مەزن، وەرگێڕی خامەڕەوان!
یادگاری بنەماڵەی زانستیی سەدان ساڵە کاکە محەمەدی قازی
ڕۆژباش، سڵاو..

هیوام شادی و کامەرانیتە. ئەو ڕۆژانەم لە یادە کە لە (شرکە) سێ قۆڵی: (جەنابت، کاک ئیبراهیمی یۆنسی، منی برا بچووک) دائەنیشتین و بە قسەی خۆش و داخ و ئاخی سیاسییەوە کاتمان ڕائەبوارد.. هەروا لە یادمە ئەو ڕۆژە ڕەشەی کە خانمت لە سەر فەرشی نەخۆشیی ڕاکشابوو، قسەی لەگەڵ ئێمە دەکرد و لە ناکاو گیانی سپارد.

ئەوەیشم لە بیرە کە شەوێ لە ماڵی جاف شایی و هەڵپەڕکێ بوو، تۆی بە زەوق و ڕوحسووک چوویە دەستی کچە جوانەکەی داودبەگەوە و لێت پرسی:
ـ «ئەرێ تۆ ناوت چییە؟
ـ سەرگوڵ..
ـ کورە من گێژم! خۆ دەبوو هەر بەو جوانییەتدا بزانم تۆ سەرگوڵی!»

خوا ڕووی ئاخوند وەکوو ڕیشیان ڕەش بکات ئێمەیان هەموو لە یەک دابڕی.

یادی کاک برایم خانی یۆنسی، هەمیشە لە دڵمایە، سەدان جار خۆم کردووە بە ماڵەکەیا، قاوە، چا، نانم خواردووە. بە هیوام خۆی و خانمی و کوڕەکەی لە خۆشیدابن.

برادەرانێ کە کتێبەکەی «باسیل نیکیتین»ی ئێوەیان خوێندۆتەوە لە سوید و ئەڵمانیاوە ــ(هەرچەند من کتێبەکەی ئێوەم نەدیوە)، داوایان لێ کردووم: نامەت بۆ بنووسم، تکات لێ بکەم کتێبەی «تۆما بوا»ش [تەرجەمە بکەی] کە بە فەرەنسی نووسیویە و دووجار بە عەرەبی و کوردی تەرجەمە کراوە بە ناوی «ژیانی کوردەواری»، بەڵام خوێندەواران لایان وایە تەرجەمەکان تەواو نین، هەروەک ئەو تەرجەمە عەرەبییەی «باسیل نیکیتین» خراپترین تەرجەمە بوو.

جا تکایە بە خامە گەوهەرڕێژەکەت، بە شێوە فارسییە جوانە پاراوەکەت، ئەو کتێبەش بە فارسی تەرجەمە بکەی. بەو هیوایەی گەنجانی کورد هەردوو کتێبەکەت تەرجەمەی کوردی بکەن. جا منیش تکای خۆم دەخەمە پاڵ تکای ئەوان و داوا ئەکەم کتێبخانەی کوردی بە تەرجەمەی ئەم کتێبە، وەکوو کتێبەکەی باسیل نیکیتین، برازێنیەوە.

لە پایانا لە بیرت نەچێ (قوڵە نە دەتری بە زۆریان دەتران)، جەنابت یەک سات بەم قسەی پێشینیانە بێکەنیت.
ئیتر زۆرتر بمێنی هەمیشە هۆش و ئاوەزت هەر چالاک بێ.
بژی بۆ برای دڵسۆزی دێرینت.

محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی، بەغدا ــ مەجمەعی عیلمی ١٩٩٥/١/١٠

(٢)

**کاکە نافیع گیان قەزات گرم**

لە کوردەواری خۆمان ئێژن بازێ کەس دەبنە ئەولیا، ئەمما خۆیان نازانن. بەمانە ئێژن شێخی قون ڕەش، وتویانە شێخ نەیان وتووە فرشتە. کەچی ئەم ئەنیسی مەهابادی یە لە من بووەتە فرشتە، ئەشلێ لە خەم و خەفەتا برژاوم، کەوابوو فرشتەی برشتەیە.

منێکی لە کەرەج قەتیس ماو، لێقەوماو، دەرودەرەتان نەماو، ئۆقرە لێهەڵگیراو، بۆ دوو دەنک کوردی سادە بە هەوادا ئەچم، نییە کەس باوەڕبکا، کە لەپڕ دیوار بقەڵشێتەوە و بە دەردی حیکایەتی ئاسیەی ژنی فیرعەون و سارا و مەریەم، ئەنیسی بکا بە ژوورا و بڵێ ئەی هەژار مـژدەت لێ بێ دیوانی نافیعم بۆ هاوردووی تەماشای کە و بیروڕای خۆت دەربڕە و بم دەرەوە. کەس نا قنچکە!! تۆ بێژی بڵێم باوە لاوە من چە ڕام ئەکەوێ بە چاوی هەڵسەنگاندن بڕوانمە شێعری نافیع، هەرگیز!! دەرفەتە و هەڵکەوتووە. بەڵێ بەڵێ تۆ جێی بێڵە جا بزانە من چی ئەکەم.

خوا بتحەسێنێتەوە ئەوی لە عاسمانم ئەویست لە عەرزم دەستکەوت. شانم لێ داخست و سەر لە بەری دیوانەکەم خوێندەوە. ببوومە دەروێشی کۆنە چیرۆکان، گا پێدەکەنیم گا دەگریام. بەڕاستی لە شتێ سەرم سوڕما!! خوایە تۆبێژی ئەو مەلایکەتەی قوڕی خەڵک دەشێلێ و لەکارگای گۆزە ودیزەی خوادا کارگەرە هاتبێتەخوار لە نزیک جێ ماڵەکەی باپیری نافیع کە شێخی بەرماڵ بووە ــ یان لە شەڕەفکەندی بە قوڕداگیراو، پڕی بە دوو چنگ گڵدا کردبێ، هەریەک گڵکەند تۆزێ میزی پیاکردبێ و بە قاچە چڵکنەکانی شێلابێتی و نافیع و هەژارێکی لێ دروسکردبێ و سەروتفێکی خواحافیظی بە ناوچاویاندا دابێ. یان بە قەولی کتێبی «قصص الانبیا» ئێمەیش وەکوو بابەدەم سەرو سیواکێکیان لە پاشمان ڕۆکردبێ تا وشک ئەبینەوە کونەکە نەبێتەوەیەک!! بە خوا هیچ دوور نییە وابێ. ئەزانی بۆ؟ چونکە تا لە وڵات بووین، بە داخێکەوە چزابووین. کە دەربەدەریش بووین و کەوتینە وڵاتی گەرمیان کە من لە دیوانەکەتم ڕوانی زۆر سەیرە هەر بە شوێنێکا ڕۆیشتووین ــ قانع، میرزا ئەورەحمانی بانەیی، مفتی پێنجوینی، بەنگینە، حەتا مامۆستا ئەحمەد شوکری برینپێچ کە بە وتەی خۆی پانسەدهەزار بەیتی لە یەک مەوضوعدا نووسیوە، گشتیان هەواڵی منیش بوون. هەزاران قسەو باسی ئەوانم لایە. ئەمەیش حەقم نییە بێژم هەژار واتە نافیع و نافیع هەژارە، تەنیا فەرقێ کە هەبوو ئەویش بە ڕواڵەت، نە بە گەوهەر، هاتنەوەی تۆ بۆ سەقز بە سەرکزی و چوونی من بۆ ناو عەرەب بە قاچاخی و بە دزی، تۆ لێرە جوێنت بە فارسی ئەبیست من لەوێ بە عارەبی تێیان ڕادەخوریم. واتا بڕانەوەی تەمەن و زەمانی پیریشمان هەر وەک یەکە. باوەڕکە هەرچی دیوانەکەتم خوێندەوە وێنەی نەحسی خۆم لە ئاوێنەی ژەنگاوی و قوڕ تێهەڵسواوی جەنابی موبارەکدا ئەدی. ئەو ژیانی بێ نانی، بێ ..انی، بەدبەختی، سەرسەختی، لە ترساهەڵاتن لە برساهەڵاتن، ماڵان گەڕی، سەگ پێوەڕین، جڕین ، زەڕین، تڕین، فەعلەل و تەفەعلەل. هەر دەڵێی من و تۆ سێوێکین و بە دوو قاش کراوین. دەک خوا بە زیادی نەکا لەم سێوە کرمۆڵ و تاڵ و تفتە. کاکە نافیع گیان توخوا بمبەخشە ئەگەر چەن قسێکی بێ تام بکەم. من لام وایە تۆ بەرانبەر بە ژیانی کۆمەڵایەتی. سەقز نەخوازە ئێستە کە پیریش بووی لە بەر شێخ و مێخ وتێخ و مەلاو بەلادەروێش و حەلوەلا، شێعرە خۆشەکانی زەمانی جوانیت شاردوونەتەوە تەنیا چەند غەزەلێکت ئاوەکی بوون دڵ و چاوی هەژاری ڕوون بکەنەوە. سەد بریا هەزار ڕوباعی خەییامییانەت وەک ئەو سێ ڕوباعییە نووسیبا.

قانع باسی تەرجەمەی قورعانەکەتی بۆ گێڕابوومەوە ئەلکوتێنەر و مەلکوتێنەر!!! هەزار جارم پێ دوویات کردووەتەوە. بێ چاوەکەم هەرچی گوتووتە مەیشارەوە ئەم داستانی ژیانەیشت ورد و درشت بە پەخشان یادداشت بکە. کاکە گیان شاعیر و نووسەر بەدبەخت یا خۆشبەخت بن، قەرزی گەلیان لە سەرە، ئەشێ فەرهەنگیان پێش بخەن. ئەشێ فێری زبانی خۆیان بن. بە کوردی بنووسین میراتێکی باش بۆ دواڕۆژی گەل بەجێبێڵین. بەڵام هەزار بار فارسی بنووسین فارس مەمنوونمان نابێ.

توخوا تۆ سەری ئەو هەژاری سەرڕوتاوە داستانی ژیانت بنووسە و بە کوردی بینووسە. غەزەل مەزەل، قسەی قۆڕ و بن شـڕت هەرچی هەیە بیخە پاڵی ئەو تۆبەنامە و تۆبەکارییانەوە. ئیشەڵڵا خوا لە بەهەشت سەد و چل حۆریت دەداتێ وەک شوانی بۆ قلە ڕۆژ تا ئێوارە دەیانبەیەلەوەڕ. نافیع گیان توخوا بمبوورە زۆرم چەنەبازی کرد چبکەم بە دەس خۆم نییە قەت دڵم بڕوا نادا بە ریشێکەوە بێیتە بەرچاوم تەزبێحێکی تڕن بە دەستەوە ورتەورتی وێرد خوێندنت بێ.[1]

**هەر بژی بۆ برای هەژارت** ٦٣/١١/٢١

٣

**برای خۆشەویست کاک عەزیز[٢]**

لەمێژە نامە پرسۆزەکەت و دیارییە جوانەکەتم پێگەیشتووە، بەڵام بە داخەوە نەمتوانیوە جوابت بۆ بنووسمەوە. ئێستا لە کۆبوونەوەدا مامۆستا دکتور ناجی عەبباس نامە تازەکەتی پێ نیشان دام. ویستم بەوکورتە نامە جوابت بدەمەوە. کاکی خۆم بە سەری تۆ من جوابی بەرەو موکریانی هەژارم نەداوەتەوە تا بۆت بنێرم. بیستوومە شاعیرێک جوابی داوەتەوە و بە ناوی منەوە بڵاوی کردووەتەوە، خۆم نوسخەم نەدیوە.[٣] بزانە ناتوانی پەیدای بکەی و بۆمی بنێری.

**برات: هێمن** ١٩٧٥/١٢/٢٥

**برای خۆشەویستم کاکە عەزیز**

نامە جوانەکانت گەیشتوون زۆر سوپاست دەکەم. بەداخەوە دەستی ڕاستم دێشێ و ناتوانم بنووسم و دەبێ لێم ببووری.

نامەکەی دواییت گەیشت و دیاریشی دەگەڵ بوو. من جگە لە قەڵەم و کتێب دیاری وەرناگرم. دیارییە جوانەکەتم دا بە ئاوارەیەکی دیکە. لە بیرمە لە نامەیەکتدا پرسیبووت عەلیخانی ئەمیری کێ یە؟ عەلیخان کوڕی فەرەجخان و نەوەی عەبدوڵاخان ئاخر ئەمیر و حاکمی بنەماڵەی بداغ سوڵتانە تەنیا کوڕێکی لە پاش بەجێماوە، کە پێویست ناکا ناوی بەرم بۆخۆت هەوڵ بدە بیناسی. تۆ نامەم هەر [بۆ] بنووسە بەڵام چاوەنواڕی جواب مەبە. کە من ناتوانم بنووسم، نەخۆشم. گەرمترین سڵاوت پێشکەش دەکەم تکا دەکەم هاوکاری پتری ئاوارەکانی ئەولای بکەی.

**برای پیرت: هێمن**، ٧٨/٩/٢٦

• • •

١) **تێبینی مامۆستا نافیع مەزهەر**: ئەم نامە بە وەسیلەی ئەنیسی ناردبووی، ئەنیسی ئەسڵەکەی هەڵگرتبوو بۆ خۆی. باقی نامەکەی کۆپیە نەیگرتووە، حەیف نەمزانی چی تری نووسیوە.
سەید نەجمەدینی ئەنیسی لە رادیۆ تەلەوزیۆنی مەهابادا کار ئەکات لە رژێمی کۆن و تازەدا هەر بووە و هەیە.

٢) دوکتور عەزیز فەیزنەژاد، یەکێک لە کەسایەتییەکانی بنەماڵەی فەیزوڵڵابەگی یە و ئێستا دانیشتووی ئاڵمانە. شیاوی گوتنە کە نامەکان لەلایەن بەڕێزیانەوە بۆ گزینگ نێردراون.

٣) مەبەست ئەو پارچە هۆنراوەیە کە بە بۆنەی گەڕانەوەی مامۆستا هەژار، دوای ئاشبەتاڵی ١٩٧٥بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات گوتراوە.. پارچە هۆنراوەکە ئاوا دەست پێدەکرێ:

نۆرەمە بتدەمە بەر تەوس و پلار
ئاش بە نۆرە دەگەڕێ مامە هەژار

## شێعرێکی بڵاونەکراوەی مامۆستا هێمن

دیاری: هەمزەی بایزیدی مەنگوڕ (لەندەن)

### مانگی قوونهەڵکڕێنە*

هەوڵێ مەدە میوان نەڕۆن
نە برینجی شک دەبەی نە ڕۆن
میوان قاقڕبوو تێر ناخۆن!
کوا ڕۆژی بێنە بێنەیە؟
مانگی قوون هەڵکڕێنەیە!

پێتوایە میری کارتاژی
ڕاتگرتوونە تولە و تاژی
سەگت لە پشتەوە ناژی
کوا ڕۆژی بێنە بێنەیە؟
مانگی قوون هەڵکڕێنەیە!

نەدار و دەستەوەستانی
کار و کاسپێکی نازانی
لە خۆڕا دەکەی میوانی
کوا ڕۆژی بێنە بێنەیە؟
مانگی قوون هەڵکڕێنەیە!

باوێشکت دێنێ بۆ چەوری
ببارێنی وەکوو هەوری
ئاغایەتی نەما دەوری
کوا ڕۆژی بێنە بێنەیە؟
مانگی قوون هەڵکڕێنەیە!

دەرۆم دەرۆم ناخۆم نانت
بەتاڵە کەللە و گیرفانت
بەسەرچوو دەور و زەمانت
کوا ڕۆژی بێنە بێنەیە؟
مانگی قوون هەڵکڕێنەیە!

• • •

* لە وڵاتی ئێمە لە ناوچەی مەنگوڕان بە مانگی ئاخری زستانێ دەگوترێ مانگی قوونهەڵکڕێنە ــ هـ. بایزیدی.

# کۆچی دوایی ئیدوارد سەعید



د. ئیدوارد سەعید
(١٩٣٥-٢٠٠٣)

**،ئیدووارد سەعید،، نووسەر و ڕەخنەگر، ڕۆشنبیری بەناوبانگ و لایەنگری مافی فەلەستینییەکان ـ مامۆستای ئەدەبیاتی بەراوردکاریی زانستگای کلۆمبیای نیۆیۆرکی ئەمریکا ـ ڕۆژی ٢٥ی سێپتامبری ٢٠٠٣ لە تەمەنی ٧٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.**

**ئیدوارد سەعید لە ساڵی ١٩٣٥ لە ئۆرشلیم (فەلەستین) لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی عەرەبی مەسیحی لە دایک بووە. ساڵی ١٩٤٧ وێڕای بنەماڵە چووەتە قاهیرە. پاشان لە کالێجی فیکتۆریا و مەدرەسەی مانت هێرمانی ماساچۆسێتی ئەمریکا درێژەی بە خوێندن داوە(١٩٥١). دوای وەرگرتنی لیسانس(١٩٥٥) لە زانستگای پرینستۆن، دەچێتە زانستگای هاروارد و پاش وەرگرتنی پلەی ماجێستێر(١٩٦٠)، هەر لەو زانستگایە پلەی دوکتۆراش وەردەگرێ(١٩٦٤)، کە لەوکاتەوە تا ئەو ڕۆژەی ماڵئاوایی لە ژیان دەکا، لە زانستگای کلۆمبیای نیۆیۆرک خەریکی لێکۆڵینەوە و دەرسگوتنەوە دەبێ. ئیدوارد سەعید، گەلێک بەرهەم و کتێبی پڕ بایەخی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا نووسیوە، کە گرینگترینیان کتێبی: *ڕۆژهەڵاتناسی* یە.**

**ڕۆژهەڵاتناسیی: ئیدوارد سەعید**

«لەگەڵ ئەوەشدا، ئینسان دەبێ لە خۆی بپرسێ کە لە ڕشتەی ڕۆژهەڵاتناسیدا کام یەک لەو دوو بابەتانەی ژێرەوە خاوەنی گرینگییەکی زۆرترن: کۆمەڵە بیرو بۆچوونێکی گشتی کە کۆمایەک کەرەسەی ڕۆژهەڵاتناسانەیان دەبەرگرتووە؟ ــ وە سەبارەت بەوان بەبێ ئینکار دەکرێ بگوترێ کە بە بیرۆکەگەلی پشتبەستراو لە سەر بانتربوونی ئوروپایی، نەژادپەرستی، ئیمپریالیزم و شتی لەو چەشنە ڕەنگێندراون؛ زنجیرەیەک بیروبۆچوونی خاو و مەییو سەبارەت بە **ڕۆژهەڵات** کە شێوەی کارێکی تاکانەی ئامانجخواز و نەگۆڕیان بە خۆوە گرتووە؟ ــ وە یان ئەوەیکە کۆمەڵەیەکی زۆر ڕەنگاوڕەنگی بەرهەمگەلێک کە بە هۆی تەقریبەن ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرانی جۆراوجۆر نووسراون و هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەگەل هەر کام لەوان دەتوانێ وەک بوارێکی تایبەت بێ کە نووسەرەکەی سەبارەت بە بابەتی **ڕۆژهەڵات** دەستی بۆ قەڵەم بردووە؟ بە مانایەک، ئەو دوو بوارە جۆراوجۆرە، یەکیان گشتی و یەکیان تایبەتی، لە واقیدا دوو ڕوو یا لایەنی ماددەیەکی یەکسانن: لە هەر دوو بوارەندا مرۆڤ دەبێ دەگەل پێشقەڕاولانی ئەو ڕشتەیە وەک ویلیام جۆنز (William Jones)، یان هونەرمەندانی مەزن وەک نێروال و فلوبێر ڕووبەڕوو بێ. وە بۆچی ئیمکانی نەبێ کە ئەو هەر دوو ڕوو یان لایەنانە لە پاڵ یەکتر و یان یەکیان لە دوای ئەوەی دیکە، ببینین؟ ئایا ئەگەر تەنیا بەبەردەوامی دەگەڵ یەکێک لە لایەنە زۆر گشتییەکان و یان بەپێچەوانە، زۆر نەختەییەکانی بابەت، سەروکارمان هەبێ، تووشی مەترسیی لاڕێبوون نابین (بەوردی هەر ئەو لاری و لاڕێبوونەی کە **ڕۆژهەڵاتناسیی** ئاکادێمیک هەمیشە تووشی بووە)؟

... تەجروبە شەخسییەکانی خۆم لە سەر ئەو بابەتانە بەشێک لەو بەڵگانەن کە منی هێناوەتە سەر نووسینی ئەو کتێبە. ژیانی فەلەستینییەکی عەرەب لە وڵاتی ڕۆژئاوا، بەتایبەت لە ئەمریکا، خەفەتهێنەرە. لێرە تەقریبەن جۆرە پێکەوەسازانێکی گشتی لە ئارادایە کە لە باری سیاسییەوە «ئەو» وجودی نییە؛ وە کاتێکیش ئیجازەی پێ دەدرێ، یا بە شێوەی «ئافەت»ێکە یان «ڕۆژهەڵاتییەک»! تاروپۆی تاوانگەلی نەژادپەرستانە، کلێشەگەلی فەرهەنگی، ئیمپریالیزمی سیاسی و ئیدەئۆلۆژییەکانی دژی ئینسانی سەبارەت بە عەرەبان و موسوڵمانان، بەڕاستی زۆر بە هێزە. گوشاری ئەو تار و پۆیە یە کە هەر فەلەستینییەک، وەک تاقە چارەنووسی ئاماڵ سزادراوی خۆی هەستی پێدەکا. گوتنی ئەو نوکتەیە بۆ وی دەردهێنەرە کە هەرگیز هیچیەک لەو مامۆستایانەی کە لە ئەمریکا لە سەر بابەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاردەکەن، یانی هیچکام لە **ڕۆژهەڵاتناسان**، لە باری فەرهەنگی یان سیاسییەوە بە تەواوی هەستەوە دەگەڵ عەرەبان هاودڵییان نەکردووە: بێگومان جۆرە هاودڵییەک لە پلەکانی خوارەوە هەبووە، بەڵام ئەو هاودڵییە هەرگیز نەگیشتووەتە پلەیەکی «شیاوی قەبوڵ» ـ ئەوجۆرەی کە ئەمریکاییە لیبراڵەکان دەگەڵ سەهیۆنیزم دەیکەن».*

* لە کتێبی (شەرق شناسی [Orientalism]، ادوارد سعید، ترجمه دکتر عبدالرحیم گواهی)، وەرگیراوە. گزینگ



ج. م. کۆئێتزه

# خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل(٢٠٠٣)

# و

## خەڵاتەکانی دیکە

ئامادەکردن: هێرش

ئاکادێمیی سوێد، لە ڕۆژی ٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٣، نێوی«ج. م. کۆئێتزه» نووسەری ئەفریقای باشووری بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل(٢٠٠٣) ڕاگەیاند.

وەرگری خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل (٢٠٠٣) «جان ماکسوێل کۆئێتزه»(John Maxwell Coetzee) لە ساڵی ١٩٤٠ لە شاری کیپتاونی ئەفریقای باشووری لە دایک بووە. لە لایەن دایکوباوکیەوە لە مەدرەسە (فێرگە)یەکی زمانی ئینگلیسی دەبەر خوێند نراوە. لە ساڵی ١٩٥٧ تا ١٩٦٢ لە زانستگای کیپتاون ڕشتەی زمانی ئینگلیسی تەواوکردووە و، پاشان بەرەو وڵاتی ئینگلستان کۆچی کردووە و وەک بەرنامەداڕێژی کامپیوتێر خەریکی کارکردن بووە. دواتر لە ساڵی ١٩٦٩ پلەی دوکتۆرای لە زانستگای ئاستینی تێکزاس وەرگرتووە. کۆئێتزه، لە ساڵی ١٩٨٣دا، پلەی پرۆفیسۆری ئەدەبیاتی لە زانستگای کیپتاون وەرگرتووە و هەر لەو زانستگایەش تا ئێستا خەریکی کار و دەرسگوتنەوەیە.

**بەرهەمەکانی جان ماکسوێل کۆئێتزه:**

ــ ساڵی ١٩٧٤، بە نووسینی یەکەمین بەرهەمی خۆی بە نێوی Dusklands (سەرزەویی زەردەپەڕ)، پێ دەنێتە دنیای نووسینەوە.

ــ ساڵی ١٩٧٧، دووهەمین ڕۆمانی وی بە نێوی In the Heart of the Country (لە دڵی وڵاتدا) بڵاودەبێتەوە.

ــ ساڵی ١٩٨٠ ڕۆمانی Waiting for the Babarians(لە چاوەڕوانیی بەربەرەکاندا) دەخرێتە بازاڕەوە کە دەبێتە هۆی بە ناوبانگبوونی وی.

ـ ساڵی ١٩٨٣، Life and Times of Michael k (ژیان و بەسەرهاتی میکایل ک)، ئەو کتێبە باسی منداڵێکی نەقوستانی دەورانی دۆزەخیی تۆتالیتاریسمی ئەفریقای باشوور دەکات. ئەو ڕۆمانە ئیلهامی لە کافکای وەرگرتووە و هەر ئەو کتێبەش دەبێتە هۆی وەرگرتنی خەڵاتی بووکێر(Booker)، لە وڵاتی ئینگلستان.

ــ ساڵی ١٩٨٦ ڕۆمانی Foe (دوژمن)، ئەو کتێبە داڕشتنەوەی سەرلەنوێی «ڕۆبینسۆن کرۆزۆئە»یە بە شێوەی شێعر.

ــ ساڵی ١٩٩٠ ڕۆمانی Age of Iron (تەمەنی ئاسن)، ئەو ڕۆمانە باسی پیرێژنێکی لە حاڵی گیانەڵڵادا دەکا کە لە شاری کیپتاون، ژیانێکی پڕ لە ژان و کوێرەوەری و چەرمەسەریی دەباتەسەر.

ــ ساڵی ١٩٩٤، The Master of Petersburg(قارەمانی پێترزبورگ).

ــ ساڵی ١٩٩٧ بیۆگرافی خۆی بە نێوی Boyhood (دەورانی منداڵیی) نووسی.

ــ ساڵی ١٩٩٩، ڕۆمانیDisgrace (ڕەنجان) نووسی.

ـ بەهاری ٢٠٠٣، Elizabeth Costello: Eight Lessons (ئێلیزابێت کۆستێللۆ: دەرسی هەشتەم)ی بڵاوکردەوە.

جان ماکسوێل کۆئێتزه، کاری نووسینی لە ساڵی ١٩٧٤ دەست پێکرد. بەڵام لە ساڵی ١٩٨٠دا بە نووسین و بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی Waiting for the Babarians(لە چاوڕوانی بەربەرەکاندا) ناوبانگی دەرکرد.

کۆئێتزه یەکەمین نووسەرە کە بۆ جاری دووهەم لە ساڵی ١٩٩٩، بە خاتری ڕۆمانیDisgrace (ڕەنجان) خەڵاتی بووکێر دەباتەوە، هەروەک جاری یەکەم کە بە خاتری نووسینی ڕۆمانی In the Heart of the Country (لە ناو دڵی وڵات) لە ساڵی ١٩٧٧ ئەو خەڵاتەی بردەوە.

«**هۆراس ئێنگدال**» سکرتێری هەمیشەیی ئاکادێمیی سوێد دەڵێ کە بەخشینی ئەو خەڵاتە بە کۆئێتزه کارێکی هێندەش سەخت و گران نەبووە:

«ئێمە پێمانوایە کە بەرهەمە ئەدەبییەکانی کۆئێتزه، بایەخی ئەوەیان هەیە بمێننەوە و لە داهاتووشدا لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیان لە سەر بکرێ کە بە بۆچوونی ئێمە، بەرهەمەکانی وی، بەشێکن لە میراتی ئەدەبیی ئێمە».

کۆئێتزە، بە نووسینی ڕۆمانی Dusklands (سەرزەویی زەردەپەڕ)، پێکهاتوو لە دوو کورتە چیرۆک پێ دەنێتە جیهانی نووسین و داهێنانەوە، بەلام شەش ساڵ دەخایەنێ تا بە نووسینی ڕۆمانی Waiting for the Babarians (لە چاوەڕوانیی بەربەرەکاندا) نێوی بکەوێتە ناو نێوانەوە و لە بازاڕی کتێبی جیهانیدا نێودەربکا. ئەو کتێبە بەسەرهات و سەربردەی قازییەک باس دەکا کە وردەوردە ئامانج و مەبەستی دەسەلاتداران دەخاتە ژێر پرسیارەوە. هەر ئەو کتێبە دەبێتە هۆی ئەوە کە کۆئێتزە خەلاتی ئەدەبیی «ئاژانسی هەواڵ»ی ئەفریقای باشووری بباتەوە، کە گرینگترین خەلاتی ئەدەبیی ئەو ولاتەیە.

کۆئێتزە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٨٣ بە خاتری نووسینی کتێبی Life and Times of Micael k(ژیان و بەسەرهاتی میکایل ک)، خەلاتی بووکێر دەباتەوە کە (بێجگە لە ئەمریکا) تایبەتی ولاتانی ئینگلیسی زمانە . ئەو کتێبە باسی لاوێک بە نێوی «میکایل ک» دەکا کە دەیەوێ دایکی لە شۆڕش و بگر و هەڵلاکانی شارستانی نەجات بدا.

مەسەلەی ئاپارتاید و نەژادپەرستی لە ئەفریقای باشووری و شەڕ و کێشەی هەڵقولاو لەو مەسەلەیە ناوەرۆکی زۆربەی نووسینەکانی کۆئێتزە پێکدێنن.

باسی مەسەلەی سیاسی و گێرە و کێشەکانی شەخسی و کۆمەلایەتی، لە تایبەتمەندییە شازەکانی زۆربەی بەرهەمەکانی کۆئێتزەن کە زیاتر لە ڕۆمانەکانی In the Heart of the Country (لە ناو دڵی ولات) و Foe (دوژمن) و، بەتایبەت لە کتێبی Disgrace (ڕەنجان)دا ــ کە چیرۆکەکەی لە یەکێک لە مەزرا دوورەپەرێزەکانی ئەفریقای باشووری ڕوودەدا و باسی مەسەلەگەلی شەخسی و سیاسی دەکا ـ ڕەنگیان داوەتەوە.

(ئیلیزابێت کۆستێللۆ: دەرسی هەشتەم)، تازەترین ڕۆمانی ماکسوێل کۆئێتزە یە، کە لە مانگی سێپتامبری ئەوساڵ (٢٠٠٣) دا بلاوبووەتەوە، کە دیسانیش لە ڕیزی خەلاتوەرگرانی بووکێردا نێودێر کراوە.

ئەندامانی هەمیشەیی ئاکادێمی(١٨ کەس)ی سوێد کە بەخشینی ئەو خەلاتەیان بە جان ماکسوێل کۆئێتزە ڕەوابینیوە دەڵێن ئەوە بە خاتری تایبەتمەندییە شازەکانی کۆئێتزە لە بەرهەمەکانیدا بووە، واتە: «دارشتنی باشترین پەیڤینی کاراکتێرەکان و شیکردنەوە و خستنەڕووی کەسایەتییەکان بە شێوەیەکی دەرەوشاوە». ئەوان هەروەها ڕایانگەیاندووە کە کۆئێتزە «ڕوانگەیەکی گوماناوی و ڕەخنەگرانەی بەتایبەت سەبارەت بە عەقلانیەتی سەرەڕۆیانە و ڕەوشتی ڕواڵەتگەرایانەی شارستانیەتی ڕۆژئاوا» هەبووە و هەر ئەوەش وایکردووە کە نێو و پلەی کۆئێتزە لە ناو نێودێرانی ئەو خەلاتەدا، زیاتر پڕ ڕەنگ ببێتەوە.

بایەخی خەلاتی ئەدەبیی نۆبێل سەرەڕای بەدەستهێنانی شۆرەت و ناوبانگ لە ناو کۆڕوکۆمەڵی جیهانیدا، بڕی یەک میلیۆن و سێسەد هەزار دۆلاریشە، کە دەتوانێ ببێتە سەرمایەی گەلێک کار و پرۆژەی خێرخوازانە و ئینساندۆستانە.

کۆئێتزە چوارەمین خەلاتوەرگری ئەفریقای باشووری یە، کە لە ماوەی بیست و سێ ساڵی داهاتوودا ئەو خەلاتەی وەرگرتووە.

شیاوی گوتنە کە خەلاتی ئەدەبیی نۆبێل، وێڕای خەلاتەکانی دیکە، لە ١٠ی دیسامبر کە هاوکاتە دەگەڵ ساڵرۆژی مەرگی «ئالفرێد نۆبێل»، بە پێی ڕێ و ڕەسمێکی شایانە لە شاری ستۆکهۆلم، لە لایەن پادشای سوێدەوە پێشکێش دەکرێ.

Dagens Nyheter. Fredag 3 Oktober 2003.
www.nobel.se
www.bbc.co.uk/persian

• • •

## خەلاتوەرگرەکانی دیکەی نۆبێل
### ڕشتەی فیزیک (٢٠٠٣)



١) لە ڕاستەوە: Anthony J. Leggett (ئانتۆنی لێگێت) لەدایکبووی ١٩٣٨، خەڵکی ئینگلستان و مامۆستای زانستگای ئیلینۆیزی ئەمریکا.

٢) Vitaly L. Ginzburg(ڤیتالی گینزبورگ) لەدایکبووی ١٩١٦، خەڵکی ڕووسیا و مامۆستای ئەنستیتووی فیزیک ــ مۆسکۆ.

٣) Alexei A. Abrikosov (ئالێکسی ئابرۆکۆسۆڤ) لەدایکبووی ١٩٢٨، خەڵکی ڕووسیا و بەڕێوەبەری لابراتواری میللی ئارگۆنەی ئەمریکا. ئەو خەلاتە «بە خاتری هاوکاریی دەستپێشخەرانە سەبارەت بە تیۆری "superconductors and superfluids"(بەرقی ئەوپەڕ گەیێنەر و ئەوپەڕ ڕەوان)»، بە شێوەی سێ قۆڵیی بە سەر ئەو سێ زانایەدا دابەش دەکرێ.

## ڕشتەی فیزیۆلۆژی یا دەرمان (٢٠٠٣)



١) Sir Peter Mansfield (سیر پیتەر مەنسفیلد)لەدایکبووی ١٩٣٣، خەڵکی ئینگلستان و مامۆستای زانستگای نۆتینگهام.



٢) Paul C. Lauterbur (پاول لائوتێربور)لەدایکبووی ١٩٢٩، خەڵکی ئەمریکا و مامۆستای زانستگای ئیلینۆیزی ئەمریکا. ئەو خەڵاتە «بە خاتری کەشف و دۆزینەوەی کامێراموّدێرنەکانی مێشک (کامێرای وێنەهەڵگرتنەوە لە مێشک) بەو دوو پسپۆرە دەدرێ.

## ڕشتەی ئابوور(٢٠٠٣)



١) Clive W. J. Granger (کلیڤ گرانجێر) لەدایکبووی ١٩٣٤، خەڵکی ئینگلستان، مامۆستای زانستگای ساندیاگۆی کالیفۆرنیا_ ئەمریکا.



٢)Robert F. Engle (ڕۆبێرت ئێنگل) لەدایکبووی ١٩٤٢، خەڵکی ئەمریکا و مامۆستای زانستگای نیویۆرکی ئەمریکا. ئەو خەڵاتە «بە خاتری شێوەی شیکردنەوەی زەمانبەندی وەک ئامرازێکی گرینگ بۆ پێشبینیی ئابوور و لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە دارایی بازاڕ»، بەو دوو زانایە دەدرێ.

## ڕشتەی شیمی/ کیمیا(٢٠٠٣)



١) Roderick Mackinnon (ڕۆدێریک مەکینئۆن) لەدایکبووی ١٩٥٦، خەڵکی ئەمریکا و مامۆستای زانستگای ڕاکفلێری نیۆیۆرکی ئەمریکا.



٢) Peter Agre (پیتەر ئاگر) لەدایکبووی ١٩٤٩، خەڵکی ئەمریکا و مامۆستای زانستگای جان هۆپکینزی شاری بالتیموری ئەمریکا.

ئەو خەڵاتە «بە خاتری هەڵنانی ڕازی چۆنیەتی چوونە ژووری ئاو و خوێ بۆ ناوەوەی سلۆلەکان و هاتنەدەرەوەیان»، بەو دوو پسپۆرە دەدرێ.

www.dn.se
www.nobel.se



## خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل (٢٠٠٣)

خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی ساڵی ٢٠٠٣، لەلایەن ئاکادیمی نۆرویژەوە، بە «شیرینی عیبادی» (خەڵکی هەمەدان، لەدایکبووی ١٩٤٧) قازی و مامۆستای زانکۆی تاران _ ئێران درا. بە پێی بڕیاری کۆمیتەی نۆبێلی ئاشتی، خانمی عیبادی ئەو خەڵاتەی «بە خاتری چالاکیی ئازایانە و بوێرانە لە بواری مافی مرۆڤ و دیمۆکراسی» دا، پێ بەخشراوە.

لێرەدا، بۆ خۆ پاراستن لە گوتە و مەتڵەبە دووپاتەکراوەکان، بە پێشکێشکردنی وتووێژێک کە تانگای بێرتمێ Tanguy Berthemet لە لایەن فیگارۆ وە، لە گەڵ خانم عیبادی کردوویە، قەناعەت دێنین و، چۆنیەتی داوەریکردن لە سەر بەخشینی ئەو خەڵاتە بە خوێنەروان دەسپێرین:

### ئیسلام ناکۆکییەکی لە گەڵ دیمۆکراسیدا نییە*

**فیگارۆ:** ئێوە گوتووتانە کە ئارەزووی دیمۆکراتیزاسیۆنی کۆمەڵگەی ئێرانیت هەیە. بە بیر و بۆچوونی ئێوە، چاککارییە دەستاولەجێیەکان کە دەبێ لە ئێراندا بکرێن کامانەن؟

**عیبادی:** کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێ وەک وڵاتانی دیکەی دیمۆکراتیک بێتە گۆڕان. گۆڕانکاریی لە قانوونی هەڵبژاردن (کە لەلایەن شۆڕای نیگەهبانەوە کۆسپێکی لە بەرنبەردا بۆ دانراوە) ئەو هەلەی بۆ خەڵک دەڕەخسێنێ کە نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن. بەڵام گۆڕانکاریی بنەڕەتی دەبێ لە قانوونی جەزا و قانوونگەلی خاوخێزان بەدیبێ. دەبێ تەمەنی باڵغبوونی کچان و کوڕان بۆ سەرووتر بچێ و قانوونی لەمەڕ برین و قرتاندنی ئەندامی لەش و ئازاردان بگۆڕدرێ. ئەو کارە کۆمەک بە ئازادیی ژنان دەکا کە هەمیشە ماتۆڕی دنەدەری ڕیفۆرمەکان بوون و بەبێ وان هیچ کارێکیش سەرناگرێ. نابێ فەرامۆش بکرێ کە ئەورۆ ٦٣٪ی سەرجەمی خوێندکارانی ئێرانی کچن.

**فیگارۆ:** پێتوایە کە ئەو گۆڕانکارییانە لە چوارچێوەی کۆمارێکی ئیسلامیدا دەگونجێن؟

**عیبادی:** بەپێچەوانەی ئەوەیکە لە ڕۆژئاوا خەیاڵ دەکرێ،

ئیسلام ناکۆکییەکی لەگەڵ دیمۆکراسیدا نییە و لەو بارەیەوە وەکوو دینە مەزنەکانی دیکەیە. ئاڵۆزیی لە خودی ئیسلام نییە بەڵکە لە تەعبیرگەلێکە کە لەلایەن گروپ و کۆمەڵە پیاوسالار و ویشکەڕۆیەکان دەکرێ. سەبارەت بە ژنانیش ئەو ئاڵۆزییە هەیە، ئازادی ئەوان بەر لە هەر شت بە لێحاڵیبوونی دروست لە مافی وان لە دیندا پێوەندی هەیە. چونکە ئیسلام نە دژی ژنانە ونە دژی دیمۆکراسی یە.

**فیگارۆ:** ئێوە خوازیاری پێکهاتنی چ چەشنە دەوڵەتێک لە ئێرانن؟ دەوڵەتێکی جیا لە عورف یان جودایی تەواوی دین لە دەوڵەت؟

**عیبادی:** ئەوە کارێک نییە کە من بتوانم لە بارەیدا بڕیار بدەم. ئەوەی ئەمن دەمەوێ ئەوەیە کە ئێرانییەکان گەرەکیانە، دەبێ بتوانن بە شێوەیەکی ئازاد ئەوەی دەیانەوێ هەڵیبژێرن، ئەگەر ئەوان بڕیاری پاراستنی کۆماری ئیسلامییان دا، ئەوە بە چەشنێکی ئازاد مافی خۆیانە.

**فیگارۆ:** ئەو خەلاتەی بردووتەتەوە، وەچ و ئیعتیبارێکی پڕ لە زایەڵە(دەنگدانەوە)ت پێ دەبەخشێ، ئایا پێت خۆشە، بۆ چوونە ناو سیاسەتەوە لەو ئیعتیبارە کەڵک وەرگری؟

**عیبادی:** هەرگیز، ئەمن هیچکات ناچمە ناو گۆڕەپانی سیاسییەوە، کەسێک کە لە پێناو باشترکردنی مافی مرۆڤ تێدەکۆشێ، بە کردەوە لە ئاست حکوومەت دادەندرێ، مافی مرۆڤ کارێکی دژی دەسەلاتە، بۆیەشە کە من وا فکردەکەمەوە پارێزەرانی مافی مرۆڤ دەبێ لە چەشنە پاراستەیەکی سیاسیی نێونەتەوەیی بەرخوردار بن.

**فیگارۆ:** بە نەزەری ئێوە، ئایا گۆڕانکاریی لە ئێراندا لە بەستێنی شۆڕشێکی دیکە تێدەپەڕێ؟

**عیبادی:** یەقین ئاوا نییە. دەورانی شۆڕشەکان بەسەرچووە. نابێ فەرامۆش بکرێ کە شۆڕشی ئێران بەر لە هەر شت ڕاپەڕینێکی دیمۆکراتیک بوو کە بە مەبەست نەگەیشت و دە قورێ چەقی. ئێستا دەبێ هەموو شتێک بە شێوەی ئاشتییانە و هێمنانە جێبەجێ بکرێ.

**فیگارۆ:** ئەو خەلاتە چ شتێکی ئێوە دەگۆڕێ؟

**عیبادی:** ئەوە بەڕاستی بۆ من ڕووداوێکی ناخافڵ بوو، ئەمن تەنانەت نەمدەزانی کە نێوم دە لیستەی نێودێرانی ئەو خەلاتەشدایە. ئەوە پاداشێکی گەورە بوو بۆ هەموو ئەو ئێرانییانە و تەواوی ئەو کەسانەی کە لە پێناو مافی مرۆڤدا خەباتیان کردووە. لە ئێران ئەو کارە خاڵی دەستپێکردنەوەیەکی دووبارە بۆ هەمووان بوو و هەموو پێویستییان پێی هەبوو. سەبارەت بە خۆم خەلاتەکە شتێک ناگۆڕێ، ئەوەنەبێ کە هەستی بەرپرسیارەتیم زۆرتر دەکا و ئیمکان و بوارەکانی داراییشم زێدەتر دەکا کە تائێستا نەمبوو.

**فیگارۆ:** لە حاڵێکدا کە لە فشار و گوشار لە ئێران شتێک کەم نەبووەتەوە، ئایا لەوە ناترسێی کە ئەو خەلاتە خۆت و بنەماڵەکەتان دە خەتەرباوێ، شتێک وەک ئەو مەترسییانەی کە بۆ خانم «**ئونگ سان سوکی**» وەرگری خەلاتی ۱۹۹۱ی بێڕمە، بەدیهات؟

**عیبادی:** پێموانییە، ڕێژیمی ئێران هەرگیز بەو جۆرە لەگەڵ دژبەرانی خۆی ڕەفتاری نەکردووە و ئەو وەزعەش ناگۆردرێ [وای لێ نایە]. بەلام سەبارەت بە خۆم دەبێ بێژم کە خەبات و بیر و بۆچوونەکانی من لە ئێران بە باشی ناسراون.

**فیگارۆ:** لە گەڵ تەواوی ئەوانە، حزوری بێ حیجاب و ڕووسەریی ئێوە لەوڕۆژانەدا لە تەلەڤیزیۆنەکان کە لە ئێرانیش بینراوە، ئایا هۆی گرفتارییە دۆغرییەکانت بۆ پێکناهێنێ؟

**عیبادی:** لە ئێران حیجاب و ڕووسەری بۆ ژنان زۆرەملی (ئیجباری)یە. ئەمن ڕێز بۆ قانوونگەلی ولاتەکەم دادەنێم بەلام لێرە لە ئورووپا مەسەلەکان جیاوازن و من چەشنێک ڕەفتار دەکەم کە ئەشێ بیکەم. ئارەزوومەندم کە بە تەواوی ئەو پێچ و پەنایانەش ڕێوڕەسمی بەخشینی خەلات لە ولاتی من لە تەلەڤیزیۆنەکاندا بلاوبکرێتەوە.

**فیگارۆ:** بەو دواییانە لە فەرانسە دوو کچە شاگردی دەبیرستانیی کە بە دەلیلی وەلانانی حیجاب لە مەدرەسە دژایەتییان کردووە، دەرکراون.

**عیبادی:** ئەمن شتێک لەو بابەتە نازانم. مەدرەسە شوێنێکە کە دەبێ تێیدا ئازادی دەرس بدرێ. بەلام لەوبارەدا وا نەکراوە. مرۆڤ دەبێ ئازادی ئەوەی هەبێ هەر جۆرێک دڵی دەیەوێ بگەڕێ، بە کلاو یان بێ کلاو.

• • •

* ئەو وتووێژە، ڕۆژی ۱۰ ئۆکتۆبری ۲۰۰۳ لە پاریس لە گەڵ *فیگارۆ* ڕۆژنامەی بەیانیی فەرانسە ئەنجام دراوە و ئەوەی لێرەدا هاتووە، وەرگێراوی دەقە فارسییەکەیە کە لە *کەیهان*(لەندەن)، ژمارە ۹۷۸، پنجشنبە ۱ تا چهارشنبە ۷ آبان ۱۳۸۲دا چاپ کراوە.

# خوێندنەوەی ڕەنگ
## لە تابلۆکانی حەکیم دا!!

هاشم کۆچانی

کاتێک گەشتەکەم بە ئەلبوومە کتێبییەکەی حەکیم دا تەواو بوو، بەشێکی تابلۆکانیم لە هزردا مانەوە.

هاوکات لە کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنەوە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی عێراق پیشان دەدەن. ئەمە دەوڵەتە یان دوورگەی گۆڕستانە؟. خێزانەکان بەدووی ئێسک و پروسکی خۆشەویستەکانیاندا عەوداڵن. دایکێک وێنەی کوڕە بیست ساڵییەکەی بەرزکردۆتەوە و ئایەتەکانی دڵی خۆی دەگێڕێتەوە:

"سپێدەی بەیانی بوو ساڵی ١٩٩١ هاتن گوتیان بۆ پێنج دەقیقەیەک دەیبەین و کارێکمان پێیەتی. ئیتر ببڕای ببڕ نەمانبینییەوە.. لە دڵەوە دەداتە پڕمە گریان، ئێستاش ئەم کیسە ئێسقان و خۆڵەم بۆ ماوەتەوەو دەڵێن تەرمی ئەوە بەو پەتەش دەستەکانیان لەپشتەوە بەستبوو".

چەپکێک ئێسک و پروسکی تر لە کێسەیەکدا خرکراوەتەوە پێنج شەش هەڵماتێکیش بەسەر کێسەکەوە دانراون. تەرمی منداڵێکە لەکاتی گوللەبارانکردن لەگەڵ کەسوکاریدا ئەو هەڵماتانەی لە گیرفاندا بووە.

١٨٢ هەزار ئەنفالکراوەکانی کوردستانم بیرهاتەوە، کە لە ناویاندا براو ئامۆزاو دەیان کەسوکاری منیان تیایە. منیش لەگەڵ دایکە جنوبنشینەکەی عێراقدا گریام، ئاخر بۆ قڕکردن و کوشتاری بە کۆمەڵ و زیندەبەچاڵکردن کوردو جنوبنشینەکانی عێراق یەک گەلن.

کە چاڵە پڕ لە کەللەسەرو خەرمانە ئێسقانەکانم بینی شەرم دایگرتم لەوەی کە ئینسانم و لە سەردەمی ئەنفال و ئەمجۆرە حوکمڕانانەدا دەژیم. شەرم دایگرتم لەوەی کە بەڕەسمیی و دوور لە خواستی خۆم لە ناسنامەکەمدا ناوی ئەو دەوڵەتەی تیایە کە ئەم بانتاوانانەی بەرهەمهێناوە.

جارێکی دی گەڕامەوە سەر تابلۆکانی حەکیم و لە تابلۆی "ترس" وردبوومەوە. ڕەنگەکانی تابلۆکە کەوتنە ئاخافتن .. کەللەسەرەکانی بوونە تۆپەڵە ڕووناکیی و تەقینەوە.. ڕووناکییەکان بەسەر بەرماڵە دوکەڵاوییەکانەوە سەمادەکەن، سەمای مەرگ. مەرگێک دەفەی سنگی بەرزدەکاتەوەو ئامێزی گلەیی بۆ ئاسمان والآ دەکات:

"خوایە گیان بۆ وایان لێکردین.. " خوایە گیان بۆچی زیندەبەچاڵکردنی ئێمە کرا بە دەروەازەی گەیشتنی عەرەب بە "وحدە و حریە و اشتراکیە"!!!.

حەکیم لەم تابلۆیەیدا کە لە ئەنفالەوە هەناسەی هەڵگرتووە ڕووناکی دەخاتە دیالۆگ و دووکەڵ دەکاتە پاشخان و کەلەسەرەکان بە پەیکەر بە ڕوومان‌دا.

"ڕەنگ " یەکێکە لەو کۆنسێپتە فەرهەنگی و هونەریی و فکرییانەی کە لە کولتووری ئێمەدا پێویستی بە ئاوڕدانەوەو لێکدانەوەو پێناسەکردنێکی نوێ هەیە. "ڕەنگ" لای ئێمە لە مانا وەستاوەکانیدا قەتیس دراوە. لە فەزاو بۆشاییە ئازادەکانی خۆیدا ناخوێندرێتەوە.

ئازادی، یەکسانی، خۆشەویستی، مەرگ، ئیدنتیتێت، شەڕ، گەڕانەوە، غوربەت و... هتد، تەوەرە سەرەکییەکانی کاری حەکیم پێکدێنن.

کێشە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی کوردیشی وەک تاک و وەک گروپ ئامێتەی ئەو تەوەرانە کردووە. لە هەمان کاتدا ژمارەیەک لە تابلۆکانی بۆ کێشە سیاسیی و کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانی مرۆڤی کورد تەرخانکردووە، کە سەرجەم چەرچکردنەوەی زاکیرەن بۆ تێڕامان لە ئایندە.

ڕەهەندی گۆشەکان و قوڵایی فەزاو گونجاندنی ڕەنگەکان لە زۆربەی کارەکانی حەکیمدا گەلێک خوێندنەوەی بە جیاو لێوردبوونەوە هەڵدەگرن. لەو شوێنانەشدا کە شڵەژانی ڕەنگ و شپرزەیی ڕووناکی و تارمایی سێبەرمان پیشان دەدات، دەمانباتە سەر کەلاوەکانی ئەنفال و شەڕی قڕکردن.

داهێنانی هونەریی بە گشت لقەکانییەوە لەدەرەوەی فەزاو پانتاییە سنوور بۆکێشراوەکاندا کاردەکات. ئەمەش خەسڵەتی هەرە بە جیاهەڵکەوتووی کاری داهێنانە.

لە شانۆدا شەپۆلە مۆزایکییەکانی تێکست و مۆسیقاو شیعرو سەماو بزاوت و دنگ دەبینین لە میلۆدییەکدا پێکرا دەکەونە دیالۆگ و ژیان لە ئاستێکی بالآتردا دەنوێنن و، خەمە گەورە ئینسانیی و فەلسەفییەکانی مرۆڤیش دەردەخەن.

له سەماو مۆسیقاشدا، گۆشە جوانەکانی ژیان، سروشت، مرۆڤ و ئازادیی، له دزێوییەکان جیادەکرێنەوە.
شیعریش دنیایەکە، منداڵەکانی بە گومان دەپێچێتەوەو، فێرە لاساریی و ئۆقرە نەگرتنیان دەکات، تا کەڕووهەڵنەیەنن.
له هونەر و داهێناندا، وشەکان، هەر ئەو وشانەن کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرێن. بەڵام لەم ئەتڵەسی داهێنانەدا کاریان لەسەر دەکرێت، یان لە ڕەوتێکی ناسوونەتیدا بەرهەمدەهێنرێنەوە. هونەر لە واقیع یاخی دەبێت و کار بۆ گواستنەوەی کتومتی واقیع ناکات و ئەو کارە بۆ ئامێری کامیرا بەجێدێڵێت. هونەر لە ئاستێکی باڵاترو بە جەوهەرترو بە مانایاکی ترەوە واقیعە سوونەتییەکە هەڵدەوەشێنێتەوەو سەرلەنوێ دەیخوێنێتەوە، بۆ جوانکردنی ژیان و بەهادارکردنی مرۆڤ، پرسیارمان لا دەوروژێنێت.. پێم وایە هونەر بە درێژایی مێژووی خۆی لە ئاستی جیاجیاو بە ئەندازەی جۆربەجۆر زیاتر یاخی و کەمتر دەستەمۆ بووە، ئەمەش وایکردووە کە ببێتە یەکێک لە سەرچاوەکانی چەکەرەکردنی ڕەخنەو دەربڕینی ڕەخنەگرانە.
هونەری شێوەکاری ئۆڤیانوسێکە زۆر لە ڕەگەزەکانی تری هونەر، وەک شیعرو سەماو شانۆو مۆسیقا لە ڕۆحی خۆیدا هەڵدەگرێت و دەیانخاتە مولاقاتێکی پڕ لە هۆگری ئەوتۆوە کە ئۆقرە بە یەکدی ببەخشن. تۆ دەتوانی لە چنگێ ڕووناکیدا سەمای منداڵێک ببینیت یان دوو داری عاشق یەکتر لە ئامێز بگرن و بە هەناسە قژی یەکدی دابهێنن. دەشکرێت لە بناری شەپۆلەکانی دووکەڵدا تاڤگەیەکی زیوین ببینی.
هونەری شێوەکاری بە سروشتدا ڕۆدەچێت و لە قوڵایی ئەودا کڵافەکانی ڕووناکیی و ڕەنگە نەناسراوەکانی نسێ دەدۆزێتەوەو، دەکەوێتە چنین و ڕستنی خەونەکانی مرۆڤ.
هونەری شێوەکاری پێمان دەڵێت وریابن تووشی "ڕەنگکوێری" نەبن، نەدار سەوزە و نە ئاسمان شین. لە نێوان شینایی ئاسمان و سەوزایی زەویدا، "ڕەنگ"ەکانی تر بدۆزنەوە "ڕەنگ" لە شەپۆلەکاندا.. یان لە باریندا یان لەناو لەپی بورکان و لە بۆشاییە قوڵەکانی ئاسماندا.
هونەری شێوەکاری ئەوەمان پێ دەڵێت کە "ڕەنگ"ە "نەناسراوەکان" لە ڕەنگە "ناسراوەکان" زۆرترن. ئێمە دەبێ بەدوایانەوە بین و بیاندۆزینەوە و لە هیچ زەمین و زەمانیکیشدا ناگەین بە دوا ڕەنگ. ڕەنگ دۆزینەوەیە، دۆزینەوەو بەردەوام دۆزینەوە، چونکە ڕەنگ نە سەرەتای هەیەو نە کۆتایی.
"ڕەنگ" بۆ خۆی مەملەکەتێکە بێ جوگرافیایەو بۆ دۆزینەوە ناشێ.. هەق وابوو وشەی ڕەنگ لەهیچ زمانێکدا "کۆ" نەکرایەتەوە: ڕەنگ هەم تاکە و هەم کۆ.
حەکیم پیاوێکە لە مەملەکەتی ڕەنگەوە هاتووە... کارەکانی تێکەڵاوییەکن لە هەوداکانی ڕەنگ و کارکردن لە پانتاییە ڕووناک و خۆڵەمێشییەکاندا.
من لێرەدا دان بەوەدا دەنێم کە شارەزاییم لە فەلسەفەی ڕەنگ و ئەو دەستوورەشدا نییە کە یاساکانی ڕەنگ پێناسە دەکەن. بەڵام شەیدای ڕەنگم و هەر لە منداڵییەوە هەستێکی تایبەتم سەبارەت بە ڕەنگ و ڕووناکیی و سێبەرو بنار لا دروست بووە. دوور نییە ئێوەش وابن. گەر سەرنجی ئەدەبی فولکلۆریمان بدەین بۆ جوانی و دزێویی کەسێک یان شوێنێک پەنا بۆ ڕەنگ براوە..تەنانەت بۆ پێناسەی خوراک و جل و بەرگیش بە هەمان جۆر.
لە چەند تابلۆیەکی تردا گەڕاوەتەوە بۆ مێژوو، لەوێڕا قەڵای دمدم و دوانزە سوارەی مەریوانی هێناوەو توانیویەتی بە مەرجەکانی هونەر مێژوو تەوزیف بکات و دوولۆنی مێژوو جوگرافیامان بۆ بکێشێت.

**قەڵای کەرکووک**

نازانم ئێستا چی لەو قەڵایە ماوەتەوە کە تابلۆکەی بۆ کێشراوە. ٢٤ ساڵە قەڵای شارەکەمم نەبینیوە. بەڵام وێنەی ئەو پەنجەرەو دەروازەو دارتەلانەی لە زەینمدا ماون، لە تابلۆکەی حەکیمەوە نزیکن.ئەم تابلۆیە بۆ من کۆدی زاکیرەو "هۆرەی" گەڕانەوەیە بۆ عەیامی بەر لە بوومەلەرزەکە.

**پیاوێک**

پیاوێکی نابینا بە کەواو چاکەت، یان کراس وچاکەت و جامانەیەکی کەرکووکیانەوە. مەنجەڵێکی نۆکی کوڵاوی لەبەردەمدایە و پاڵی بە دیوارێکەوە داوە.
ئەم تابلۆیە پاقلەفرۆش و لەبلەبی فرۆش و گوڵڵەبەرۆژە فرۆش و شێت و نابیناکانی کەرکووکی هێنایەوە یادم، بە خەلیلە شێتی شۆڕیجەیشەوە.
ئەو پیاوە خەمبارە نابینایە خۆی پرسیارە. خەڵکی شارێکە بەسەر دەریایەکی نەوتەوەیە ، کەچی ئەم پیاوە بە تاقەدارێک دەچێت لە گۆڕستانێکی سەحرادا وشک بووبێتەوە.
دیوارەکەش .. دیوارەکانی ئەو دەمە، ئێمەی منداڵانی وێندەر، تاقە ڕۆژنامەیەک بوو کە سانسۆری بەسەرەوە نەبوو. حزبەکان دروشمەکانی خۆیان بەسەرەوە دەنووسی. لاوانیش لاسارییەکانی گەنجێتی. لە بەشێکی دیوارەکەدا نووسراوە٧+٧= بێ وەڵام ماوەتەوە.کاتی خۆی تاقە وەڵام بۆ ئەو پرۆسە ماتماتیکییە ١٤ بوو. هەر وەڵامێکی تر بۆ نموونە ٨+٦= یان ٢٠-٦= کە ئەمانیش هەر ١٤ دەکەن.

وەلامـدەرەوەکـەی تووشی سـزای توند دەکـردەوە تەنانەت خودی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەش قەدەغە بوو.
بە هێما ساکارو خەمەکانی ئەم تابلۆیەوە زەمەنێکی نێو سەدەیی سەرنج دراوە.
لە کارەکانی حەکیمدا دەموچاوەکان بدوێنە دەیانناسیتەوە: ئەوی ڕۆژی درەنگانێ زەردەی خـۆر لە ئاوابووندابوو، وەک ساوا عەجوولەکەی جاران ئەو تۆی لە ئامێز گرت و لە چاوەکانیدا هەناسەی دابڕان دەبریسکانەوە. تۆش بۆنی هەورییە شێدارەکەی ئەوت لە دڵتدا پێچایەوە... دایە گیان بە دوعا.. ماڵئاوا.
ئەم دەمـــوچاوانە بۆ من هێندە ئاشنان دەڵێی خـــۆمم تەماشای خۆم دەکەم.
ئەوی دی بە عاشقە نەگەڕاوەکەی گوتبوو.. ناکرێ ئەم سەفەرە نەکەی؟
کە بردیان تەنیا خواو گاڵۆک و بەرماڵێکی پێبوو.. تا پایینی گوندەکەش چاومان لێبوو.
دەموچاوەکان ئاشنان .. باڵاکان گەرمیانی و هەناسەکان کوێستانی، ئێسقانەکانیش دوا هاواری ڕۆخی مەرگ.
حەکیم هەوڵیداوە وەرزەکان لە "مرۆڤ" دا کۆبکاتەوە. لای ئەو مرۆڤ سەنتەر پێکدێنێت.
بلوێرژەن بلوێر لێدەدات، ڕووبار لە خـوڕە ناوەسـتێ، لە پەنای دیوارەکـانـدا ئامـــرازەکـانی ترس دیارن.. لای دار توووەکەی دەروازەی دێش، شوێن پێی فەیلەقەکانی مەرگ.
ڕەنگ پڕە لە تەزوو، موچڕکە، مانای لەبننەهاتوو.
ڕەنگ دەکـرێت پۆستـەرێک بێت و بەلانسی سـانسـۆر تێکبـدات و پۆلیس نارەحـەت بکات، یان دەوڵەت تووشی هیستریا.
لە هەمـوو جیـهـاندا ڕەنگی گڵـۆپ و ئاماژەکانی ترافیک "سـەوزو سـوورو زەردن" کـەچی لە دەوڵەتی تورکـیـادا سەوزەکە کراوە بە شین. دەزانن بۆ؟:
- ڕەنگەکانی ترافیک کە کۆدەکرێنەوە پێکرا ئاڵای وڵاتێک پێکدێنن تورکـیـا ناتوانێت دانی پیادا بنێت. بەشـێک لە ئیدنتیتیتی نەتەوەیەک پێکدێنێت تورکیا ڕقی لێیەتی.
دەشکرێ "ڕەنگ" کچ و کوڕێکی عاشق بن و وەک دوو لەتە مانگ ڕووت وقـووت بە پەلکەزێڕینە خۆیان پێچابێتـەوەو شۆربووبنە ناو حەوزێکی پڕ ئەستێرە.
جار جارە شیعرێک دەخوێنینەوە دەڵێین خۆزگە شیعرەکە لێرەدا کـۆتایی بهـاتبـاو ئەو دێرانەی لەگـەڵ نەبان. یان شـیـعرێک دەبینین دەزانین ئەم قـەسـیـدەیە تەواو نەبووەو پێویستی بە کار لەسەرکردن هەیە.
لەبەشێک لە تابلۆکـانی حـەکـیـمـدا تێبـینی ئەو جـۆرە قەسیدانە دەکەم.

ئایاری ٢٠٠٣

# گوڵی سەربەست...

هیوا گوڵ محەممەدی

بە هێـوری و لەسـەرەخـۆ ڕووی لە خـەڵکەکـە کـرد و گـوتی: دەڕووخێ، خـەمتـان نەبێ.. کەس گوێی لێ نەبوو، یان باشـتر بڵـێم کەس گـوێی خۆی نەدایێ و قـسـەکـەیان بە هێند نەگرت. کەچی ئەم هەموو ڕۆژێ هەر لە بەیانییەوە دەهاتە دەرێ و گوێی هەڵدەخست بۆ بیسـتنی هەواڵەکە. زۆر دڵنیـا بوو.. بە خۆی دەگـوت: دەڵێن پەتی زۆرداری لە قـایمیـدا دەپچـڕێ.. هەر زاڵمـێک زەواڵـێکی هەیە.. خـوا لە سـوڵتـان مـەحـمـوود گەورەترە.. ئەم قسانە لەخۆڕا نەگوتراون. میلۆنان ساڵە ئێمە دێین و دەڕۆین، بە بچـــووکی دێین وبە بچـــووکی دەڕۆین. بە دڵـێکی بێگەردەوە دێین و بە کـۆڵـێک دەردو خـەم و ڕقـــەوە دەڕۆین.. ڕووداوەکـانی ژیانی پڕ لە ژان فـێـریان کردووین کـە داهاتوو لە گـرەوی ئەمـڕۆ دانێن.. ئەم زۆرداره، ئەم زاڵمـە، نە یەکەم خوێنمژە و نە دواپین، بۆیە هەر دەڕوا... خەمی من ئەوەیە کە دەبێ چەند ساڵی تر بە دەس ئەوەی دوای ئەم دێت بناڵێنین. جارێ با ئەمـەیان بڕوا، دەڕوا، دەڕوا.. خـەونم دیوە، لە دنیـای خـەونێکی گـەلێک قـورسـا، بینیم کـە چۆن پەتیـان لە مل کـــردبوو.. دوور لە ڕووتان هەوسـاریان کـــردبوو.. منداڵە وردیلەکـان، ئەو منداڵانەی کـە لە وێنەکـانی دەترسـان، دەیان کێشا...
لە بیـرتان چووە دەیگوت خـۆتان شـێت کـەن، تەنیـا کـەیفم بە شێتان دێت. کاتێ ئێوە هەر هەمووتان شێت بن، من بە ئارامی نان دەخـۆم، لەبیـرتانە هەر ئەوانەی دەیانگوت دەنگتـان نەیە، ڕەئیس تووڕە دەبێ و دەتان کـاتە لاسـتیـک، ئێـسـتـا لە لای سەرەوەن و دەڵێن بێدەنگ بن با دیمۆکراسییەکەمان تێکنەچێ... لەبیرتانە هەموو ساڵێ لە وەرزی پووشپەڕا ئاگرێ لەم مەڵبەندە دەس لە بەندە بەردەدا و بە قـرچەقـرچی دڵی دایکانی جـەرگ سووتاوی ئەم مـەڵبـەندە قـاقا پێدەکـەنێ.. لەبیـرتانە منیش دەمگوت خۆتان دەمەزەرد بکەنەوە و کورەی ڕقی پیرۆزتان تاو

بدەن تا لە ناکاو بیسووتێنن.. لەبیرتانە کە چۆن پۆل پۆل لێرەوە گەورە و بچووکمانی دەبرد و هەتا ئێستاش کەسیان نەگەڕاونەوە.

بە دەنگی بەرز گوتی: پێوەندی بیری نەوەکانتان بدەن بە گیانی شۆڕەسوارانی کاروانی سەربەخۆی ژیان، ڕۆڵەکانتان بلاوێنن بە خۆشەویستیی نیشتمان..

ئەوەی لەلایەوە دانیشتبوو، هەستا و ڕۆیشت.

ــ ئەم کابرایە کای کۆن بە با دەکا، دەڵێی لە گوێی گادا نوستووە، ناوی خەڵک هێنان باش نییە، ناچاری بوو، تۆزێک هاوکاریمان کرد، ئیتر نایبڕێتەوە، ئەمانە دەستیان نارەوا، ئەوانیتریش لە بیریان کردووە...

قسەکەشی ڕاستە، کاتێک ناوی سیروان پێشی گیرا، چیا و سۆزان دابەشکرا، جیاوازی نێوان جاش و باش نەما، قسەکانی من دەبێ کێ کڕیاری بێ...

ئێستاش خەمتان نەبێ، دارستانە سووتاوەکان دەبووژێنەوە، گوڵی سوور و جوان لەو سەر یالانە دەشنێنەوە..

بەدەم خەیالاتەوە، بەرەو سەر گۆڕی جگەرگۆشەکەی کەوتەڕێ..

سەیرێکی گۆڕستانەکەی کرد..

ــ سەیر کەن بە قەد دە ساڵ شەڕی ولاتپارێزی لێکمان کوشتووە! لە جیاتی کوردستان، کوێستانمان ئاوەدان کردووەتەوە! سەیر کەن چەن جوان دەس لە ملانی خۆشەویستییان ــ خاکی پیرۆزی نیشتمان ــ بوونە، ئەو نیشتمانەی بۆ ئازادی و ئاوەدانی خۆیان بۆ کرد بە قوربانی..

لێرەدا کەس دژ و، کەسیش کێشەی ڕەنگی نییە، کەس بۆ ماڵ و مەنسەب پەرۆش نییە، بنوون ئازیزانم بنوون، چونکە ئێوە بە پیرۆزترین ئاواتەوە ڕاکشاون.. منیش هەر بە تەمای وەدیهاتنی ئەو ئاواتەتان ڕووم لە ڕۆژهەلاتە، دەستم لە داوێنی تیشکی زێڕینی بیری یەکپارچەیی ولاتە..

سەیرێکی ڕووباری لای گۆڕستانەکەی کرد، ئاوەکە لە ڕۆیشتنا بوو، بێدەنگ و بێ هاژ وهووژ، نە شەپۆلێکی هەبوو نە گێژاوێک.

ــ تۆ ئەی ڕووباری ماندوویی نەناس، لە بیرت دێ لە کەیەوە بەڕێوەی، تۆ دەزانی بۆ کوێ دەچی، ئەی دەزانی دوا مەنزڵت کوێ یە؟.. ئێمەش وەک تۆین، زۆر لەمێژە بە بێدەنگی لە کارواندایین.. دەنگی ئێمە چرکەیەک بۆ ڕەشەباکان ڕفاندیان. مەنزڵگەمان چیایەک بوو، ڕماندیان. پشووی ئێمە دراستان بوو، براندیان. حەزەکانمان ئەستێرە بوون هەوریان بە سەردادان.. ڕێبوارێکی مەنزڵ دوورین، هەرچەند هۆیە و هەواری کۆچەریمان دەبینین بەلام ڕێک نەکەوتووین لە کام ڕێوە بۆی سەرکەوین.

مەلێکی جوان بە دەنگێکی نەرم و نیان لە سەر داربەڕوویەکی دەروازەی گۆڕستانەکە دەیجریواند. سروودێکی کاتی گەنجێتی بیرکەوتەوە.. «ئەی کوردینە ئەی مەردینە، با دەس لە ناو دەس نێین هەموو..»، هەیداد! تەمەنی هۆنراوەکە زۆرە بەلام گوتنەوەی هەر بۆ ئێستایە.. سەیر کەن چۆن گۆڕستانەکەش دابەشکراوە.. ئەمە گۆڕی کوڕەکەی منە، ئەوەش گۆڕی کوڕی دراوسێکەمانە، کە لە یەک ڕۆژدا ئیعدام کران و داواکەشیان ئازادی ولات بوو.. کەچی لێرەدا ڕەنگەکانیان جیاوازن، لێکیان دوورخستوونەتەوە، زۆر لێکیان دوور خستوونەتەوە.. نارەوایە.. نارەوایە.

ئێمەش وەک ئەو چۆمە واین، تاکوو تێکەڵ بە دەریا نەبین بێ شەپۆلین. دەبێ وەک ئەم دار بەڕوویە هەموو چڵ و پۆپەکانمان گرێدراوی ڕیشەکان بێ. وەک ئەو مەلە یەک گۆرانی بۆ سەربەستی بلێینەوە..

سەری بە سەر گۆڕی شۆڕەلاوە ڕاکشاوەکەی شۆڕکردەوە، بە هەست خەمبار و بە ئەقڵ شادمان بوو، شادمان.. چونکە تاقانەکەی لە پێناو نیشتمان خۆی قوربانی کردووە.. خەمبار، چونکە بیر و هیوای قوربانییەکەی ڕەنگ کراوە..

لە سەر گڵکۆکە، گوڵێکی گەش سەری لە خاک دەرهێنابوو، جاروبار شنەی شەماڵی خۆشەویستیی کوردستان دەیلەرانەوە.. بە دیتنی گوڵەکە گەشایەوە.. نەمگوت: «گیانی پاک و پیرۆزتان ــ ئەی گیانبەختکردووانی ولاتی خۆشەویستی لە بەهاری ئەوینی داهاتوودا، دەبووژێتەوە و گوڵی ڕێز و سەروەریی لە یەخەی گۆڕی بەرز و پیرۆزتان دەدەن..».

بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

ــ گوڵی سەربەستی، گوڵی سەربەستی.. ئاسوودە دەبین لە زوڵم و پەستی... ■

شێعری: حەمە شوان شەریف

## ڕۆزیا کچم ڕۆژهەڵاتی

کات ڕۆحێکی زیندووە لە هەناسەی چاوەڕوانیدا
بەفر باڵای شێعرێکە بۆ خۆزگەکانی تەمەن.
ڕۆزیا کچم...
دڵت بچکۆڵەیە هێندەی موشتت
نازانم..
ئەو هەموو فرمێسکانە چۆن لە چاوانتا جێگەی دەبێتەوە!
ڕۆزیا ماڵت پڕکردین لە دەنگی گۆرانییەکی بنچەمێ
بە تەنیایی بەتهێشتینەوە لەم دۆزەخی بێ ماچەدا
من و کەناری ماڵ ئەرخەوانی
هەتاو دەدوێنین و بۆ باران دەژین
ڕۆزیا..
با ژوورەکەمانی پڕکرد لە سەمای سۆز
کردینیە دونیایەکی پڕ لە گوڵە ڕۆزا و دەمەشێر و
پەنجەکانی خانمی بەر سێبەر و هەتاوی ژێر هەوری
وەستاو
ڕۆزیا بە تۆوە
ڕووباری ڕوون ئایندەمانە و شەپۆل سەرخەوێکی هێمنە لە
شەوێکی نووستوودا.
ڕۆزیا... ماڵەکەمان دوو گریانی جۆراوجۆری کردۆتەخۆ
دەڵێی باوکت ناناسی!
باوکت لقێکە لە درەختی خەفەت
هەورێکە بێ پاڵتۆ
ڕۆشتنێکە بێ ئاوڕدانەوە
بەفرێکی ساردە لە ناو پەرداخی کلۆڵیدا
باوکت چیرۆکێکی «مۆپاسان»ە و
هەناسەکانی دایکت بەبێ گەردییەوە دەنووسێتەوە.
ڕۆزیا... بمبوورە لە شەوێکدا بە ماچێ لە خەوم کردی
پێویست وابوو بەر چەند ژمارەیەکی سپی بارانی دەمم
بکەویت
کچێ... باوکت.. دایکت
لە مەملەکەتێکی پڕ لە چرای بێ نەوتا سەریان بە قۆزاخە
دەنرا
لە ئێستاوە تۆش دەبینم
سێبەری تەمەنێکی تووڕەی
دەتەوێ کاروانی پێکەنین بە زەوی بە سەر چێنی
تۆ لە ئێستاوە چ واتایەک لە گریانەوە فێربوویت
خۆ هێشتا چیرۆکێکی شێرزاد و شێعرێکی مەهابادت
نەخوێندۆتەوە
تا وەک باوکت لە ژووری گوماندا بزر بیت
ڕۆزیا بیرت دەکەم
تکایە ڕۆحت لە هەر جێگەیەکی ئەم دونیایە دایە
ئەم نامە شێعرییەی باوکت بخوێنەوەوە
تا پیری ناوی نەخستۆتە قەفەزی خۆیەوە.
دەترسێم کچم
هەنگاوەکانت پێچەوانەی من بن
باوکت هێمنە
زۆر جار بە باران دەم و چاوی دەشۆرێ و
بە هەتاو وشکی دەکاتەوە
بەڵام غوربەت
گیرفانەکانی پڕکرد لە هەراسانی

چاوەکانی پڕ کرد لە چاوقەڕوانی
چەند جارێکی تر دەترسێم کچم
ببێتە دەستگیرانی غوربەت و کچەکەشتان ناو بنێن گریان
ئەو دەمە
دەبێ بە گریانی ڕۆزیا نامەت بۆ بنێرم لەو دەمەیدا
تەمەن پیرم دەکا و دەبمە باوە پیارەی غەریبی
ڕۆزیا بیرت دەکەم
بە قەد ئەو نیشتمانە گەورەی چوار دەست لە تەشتێکی
بچکۆڵەدا بە ئاوی زێراب دەیشۆن
دوو دستی خۆشمان دوو چاوە هەڵماتە سوورەکانی
هەڵدەکۆڵن
بیری دایکیشت دەکەم، کچم
دەترسێم لە ڕۆژگار
نائومێدیم بۆ بکاتە پیاڵەیەکی زەرلی و بە چای شیرین
بیخۆمەوە
من سێبەری تکام ڕشتە ناو ژوورێک پێکەنینەوە
تا بەفری هەناسەیان لە گۆڕاندا بێ

بۆ تاوێکیش گوێیان نەگرت
ڕۆزیا...
دوو ئامۆژگاریم هیە
پانتۆڵەکانی دونیا پڕ بوون لە گومان پرچی سروشت ڕۆژێ
دە تاڵی لێدەوەرێ
ئاگاداری «شێرکۆ» نیت شێعرێکی بۆ خوا نووسیوە
ئاین پەروەرەکان سۆراخی کوشتنی بە خەزا دەزانن
ڕۆزیا موسیبەتە چوونەدەرەوە
لە کاتی بارانێکی تووڕەدا تۆ بێ چەتر بیت
باوکت چەترێکی بوو لە Bonn
لە گۆڕەپانەکانی بتهۆڤندا لێی جێما
لەو ساتەوە چەتری نەکڕیوە،
باوکت تەنیا باران پاکی دەکاتەوە.
کراسێکی خەفەتی لە دایکیەوە بە میراتی بۆ ماوەتەوە
بۆیە سێبەری دایکییەتی بە هەمیشەیی
ڕزۆیا... دایکت
درەختێکە لە هەور کچی هەتاوی دراوسێمانە.
کچمان ڕۆزیا...
ئومێدمان ئەوەیە خۆشەویستی بکەیتە شەپۆلێکی
هەمیشەیی لە دڵتا و گڕ لە باڵی درۆ بەردەی
ڕۆزیا دەترسێم هەنگاوەکانت پێچەوانەی با بن
با نەفەسێکی درێژەی باوکتە
با ئازیزترین هاوڕێی تەنگانە بووە بۆ باوکت
با لە کۆڵانەکان هەڵیدەگرتمەوە و مەزاری دایکم دەیبردم
نەوەک هەرزەیی زەفەر بێنێ و لە ئێوارەیەکی ڕەساسیدا
خۆم بکوژم
ڕۆزیا ئێوارەیەک ڕوخسارم پڕ بوو لە باڵای خەم
با بە گەڵا داپۆشم
دەنا ڕەق دەبوومەوە و تۆش ئاشنای ئەم دونیایە نەدەبووی
نوقڵی نێو دەمی بابە
قیبلەنومای چاوم.. کچەکانی ڕۆژهەڵاتی
ئوەشم خۆیش دەوێ و وەک
ڕۆزیا بیرتان دەکەم.

سوید

شێعری: هیوا شەمسی بورهان

**خۆزگە**

گەرچی سیسرە بێدەنگ نابێ
بەڵام تاریکی ئارامە
ئەگەرچی دیوم بێدەنگە
بەڵا دڵم نائارامە
خۆزگە بە تاریکی کەم!
ئەوشۆ تامەزرۆی ئەو چۆمەم
کاتێ دەستم لە سینگی دا
لێوم نا سەر چاوی ڕوونی
فێنکایەک تا سەر ئێسکان مێروولەی کرد.
تامەزرۆی ئەو سەیرانەم
لە نێو پارکی مانگەچرا
لە فێنکایی چیمەنێکی ترڕا کردم
ئەوشۆ هەزار خۆزگەم بە تاریکی
چون تامەزرۆی هیچ شت نییە.

تاران ٢٠٠١

**ژەنگاوی**

ئەی گاسنی، بەرداسنی، هەزارساڵە!
هەر لەو دەمەی نووکت شکا
دوودڵ ماوم چیت لێ بکەم
سەرەنیات کەم، برەنیات کەم؟
نوێت کەمەوە؟
یان مۆمت لێ بهاڵێنم؟
بەداخەوە نە هێن کۆنی
وەکوو بەردێک لەمێژینە
لە مۆزاندا ببیە درۆشم!
نە هێن تازەی
وەک مناڵێک ژێر و وریا
گڕوگاڵ کەی..
چیت لێ بکەم؟
هەرچی شوێنە لێیان گرتووی
ئەی گاسنی ژەنگ هەڵگرم
چیت لێ بکەم؟

تاران ١٩٩٦

# بەڵێ ئێمە زیندووین

مریم هۆڵە



ئەوە کاتێکە کە نەهەنگەکان پێیانوایە دەورەیان داوی
هەڵیانلووشیوی و هیچت لێ نەماوەتەوە
کەچی تۆ فانووسێکت لە ناو ڕێخۆڵەکانتدا هەڵکردووە
کە پێتوایە بژیوی منداڵەکانت دەدا
تا کۆتایی ژیان
وە هەمووی ئەوانە خەیاڵگەلێکی هیچ و پووچن
جەندەکی مەزهەبیت
لەلای گەسکی خۆرکەلێدراو
پالکەوتووە
بیرەوەرییە تاڵەکانی تا قورقوڕۆچکە خواردراوەکان
مەستی مەست
سوورکە دە شەڵواری فەقیرت گەرای داناوە
ئێستا تەنگەت بە نینۆکە لاکلێدراوەکان شل کەوە
تا شل بێتەوە تەواوی ئەو زستانەی
کە فێمینیستەکان پیساییان تێ هەڵسووە
ئەوە کاتێکە کە دوورەپەرێزیی
تاقمێکی ناخۆمانەیە
کە لە شەقامی مەرگدا گاڵتەت پێدەکا
وە تۆ ناچاری وەهابجووڵییەوە
کە قانوون جووڵەت هەست پێنەکا
ئازادی گیان! جۆرێک نەفەس بکێشە
تەنیا لە لووتەوە
کە هەوا هەستنەکا خەریکە دەڕوا
ئازادی گیان!
تۆوت بۆ دەترووکێنم لە سینەمایە
کۆما کۆما
کە دەنگی تروق تروق نەهێڵێ
هانکەی تۆمان گوێ لێبێ
ئازادی گیان!
ئەوە نرکەی تۆفانە
مردنە تێکڕاییەکان دەستی کەم مەگرە
ڕاکێشراو و بێ بنەتا
ئەو دیوارەبە سەر تۆدا خراپ دەبێ
هێندە بێ پەروا مەبە
ئای لە دڵی مردووەکاندا کرم دەجووڵێتەوە
کە وە جووڵەکەی ئازادی
ئای لە دڵیمردووەکاندا کرم دەجووڵێتەوە
کە زیندوو بێ ئازادی
ئای لە هەناوی مردووەکاندا کرم دەجووڵێتەوە
کە زیندوو بێ..
تا بزەیەکی تاڵ
زیندووەکان بژێنێ
هەتا کۆتایی ژیان
شێتخانە هانای بۆ هێناوین
ئێمە بەڵێ زیندووین
گۆڕستان پەنای بۆ هێناوین
ئێمە بەڵێ زیندووین
هەڵاتن هانای بۆ هێناوین
ئێمە بەڵێ زیندووین
ئەوە کاتێکە کە هاوار
دەبێتە نوێژی نهێنیمان
تا ڕوحمان هێوربێتەوە
ـ قەراردادێک کە جەندەکی ئێمە
وێڕای نیوکورەی ماتی
چەشنی ترێلی وەبەربدا
تا ببیسێت
جەندەکی شارێ لە ناو جیهان
«بەڵێ ئێمە زیندووین».

١٣٨٠/٨/٢٢

* وەرگێڕانەوە لە فارسییەوە: هێرش

**شیعری: محەمەد ڕەسووڵ هاوار**

**لە ساڵی ١٩٩٦دا، هەندێ دەروێشی کاسەلێس ترسنۆکانە بە ناوی نهێنییەوە دەربارەی شیعرێکم کە بۆ کارەساتەکەی ئەو حاڵەوە گوتبووم نامەیەکی پڕ لە درۆ و دەلەسەیان بڵاوکردەوە.. زۆر ترساوم لەم قۆناغە مێژوویە گرینگەدا ئەو کارەساتە جارێکی تریش و گیا کەڵە ڕووبداتەوە، بۆیە خۆمم پێ نەگیرا وەرامی ئەو جۆرە کاسەلێسانە و ئەوانەیش کە ڕێبازی ئەوانیان کردووە بە پرۆگرامی خۆیان بەم چەند دێرە نەدەمەوە:**

براگیان نە بتپەرستم، نە مجەور، نە زیوانم
نە دوعاگۆی شێخ و مەلام، نە هاوبیری بتەوانم
نە نۆکەری بەچکە گورگی زۆڵی فسفس پاڵەوانم
نە ئەڵقەدەگوێی کوێرانەی ڕوحی خوای ئاخرزەمانم

بابایەکم کوردی پەتی
دوای دێوجامەی کەس ناکەوم
گیانم ئەکەم بە قوربانی
چنگێک خوڵی نیشتمانم

تەنها ئیمانم بە هێزی
چەوساوەی وڵاتی خۆمە
لە سایەی خەیاڵی ئەودا
دیوانەی کەشکۆڵ بە دەستم
دەروێشی پیری موغانم
تەنها شان و باهووی ئەوە
کورد ڕزگار کا لەم گێژاوە و
بیخاتە سەر ڕاستە ڕێگەی
یەکگرتنی کوردستانم

براگیان، نە بتپەرستم
نە هاوبیری بتپەرستم
لەش و گیانم بەردەبازی
ژێرپێڵاوی ئەو کوردەیە
لە ڕێیەکی خاوێنەوە
دەمبا بەرەو ڕێی مەبەستم

کەمەربەستەی ئەو پێشمەرگەم
کە خۆراکی نان و پیاز و
دۆی ترشی پیرێژنی کوردە
لە خەبات و تێکۆشانیا
بۆ وڵاتی خۆشەویستم

خۆم کەر ناکەم کڕنۆش بەرم
بۆ هیچ بت و بتەوانێک
هەتا مردن بت شکێنم
دژی پیاوی هەڵپەرست و بتپەرستم

پەیمانی کوردێکی یاخیی
کەللەڕەقی دڵشکاوە
هەزار گرێ کوێرەم لێداوە
گرتوومە بە قولی مستم

نایکەمەوە تا نەگەمە
ئەو قۆناغەی ساڵەهایە
بە هیوام تیا بەدیکەم بۆ چەوساوە و
ڕەش و ڕووت و بەشخوراوی
نیشتمانی خۆشەویستم

بتپەرستی ڕیزگاوی یە
هەمووی هەر وەکوو یەک وایە
چ لەم لایە، چ لەو لایە
سەرشۆڕی و کڕنۆش بردنە
ئەنجامی هەموویمان بینی
جار لە دوای جار دۆڕاندنە

هەروەکوو مەنسووری حەلاج
هەزار جار بکرێم بە دارا
هەرچیم پێ دەڵێن پێم بڵێن
جنێوە سەرزەنشکردنە

سەد سەگوەڕم پێ بوەڕێ
بێدەنگ نابم لەم ڕاستییە
بێدەنگ بوون نێوەی مردنە
چاوپۆشین لە بتپەرستی
کفرە، لە ڕێی ڕاست لادانە
تاوان و سوودی دوژمنە.

کورته چیرۆک

# سەرچاوە و فەرامۆشی

سەلاح گوڵئەندامی



پۆلێ ماسیگره له بەر پێی پەیکەرەی شکسپیردا چینەیان دەکرد. دووراودوور پۆلێکی دی وەک ئەوەی شەقامیان بە جێی چۆم ورووبار گرتبێ، نزم دەخزین. بەرانبەری پەیکەرەکە بەرووی شووشەی فرۆشگەوە دەریایەکی پرشەپۆل کێشرابۆوە. ئامانج زۆربەی جار دەهاتە ئەو شوێنە و کەلوپەلی پێویستی دەکڕی. ئەو جارەیان هێندێک میوە و شیری پێویست بوو. له ناو یەخچالی سەر ئاوەڵەدا هەر چەشنە گۆشتێک بەدیدەکرا، له سووچێک چاوی بە بەستەیەک کەوت کە مەلێکی دەریایی لە سەر کێشرابۆوە. سەیری نرخەکەی کرد و بە پێکەنینەوە لە ژنەکەی پرسی: بۆچی ئەو گۆشتە ئاوا گرانە؟ ژنەکە بزەیەکی سارد و دەستکردی هاتە سەر لێو:

ــ ڕەنگە هی ئەوە بێت کە ڕاوکردنی باڵندەکان لەوانی دیکە سەختتر بێت!

کە لە فرۆشگە هاتەدەر و ماسیگرەکانی دیت، ژماردنی: یەک، دوو.. منداڵێک کە خەریکی دان ڕووکردن بوو،گوتی:

ــ سی و یەک دانەن.

ئامانج لە مێشکیدا لێکی داوە. لەوانەیە بایی سەد دۆلارێک ببن.

لە ناو پاسدا بوو کە قسەی ژنەکەی بیرکەوتەوە و بزەیەکی هاتێ و بە خۆی گوت: گرتن و ڕاوکردنیان کوا سەختە؟!

ئەو هەمیشە لە سەر ڕێگەی تێپەڕبوونی ڕادەوەستا و تەماشای ماسیگرەکانی دەکرد. بەیانییەک هەرچی دانی سەرعەرزبوو کۆی کردنەوە، سەرەتا ماسیگرەکان هێندێک سووڕانەوە و پاشان وە شوێنی کەوتن. ئامانج بە ڕقەوە دانەکەی بۆ فڕێدانەوە، پاشان ڕۆیشتە قوتابخانەی گشتی و کۆمەڵە شێعرێکی «لۆرکا»ی وەرگرت. لە سەر کورسییەک پاڵی دایەوە و خوێندیەوە:

دەگەڕێمەوە
بۆ لای باڵەکانم
لێم گەڕێن بگەڕێمەوە
من مەرگێکم دەوێ
لە چەشنی بەرەبەیان...
نامهەوێ ون بم لە دەریادا
بۆ لای سروەی پاکی
سەرەتای ساڵەکانم دەگەڕێمەوە...

دڵۆپە فرمێسکێکی گەرم و درشت بە سەر ڕوومەتیدا تکایەخوار، کە لە قوتابخانە چوەدەر، بەفر دەباری، تەزوویەک فرمێسکەکانی سارد کردەوە. گەیشتبۆوە ماڵیش، بیر و خەیاڵی لای شێعرەکەی لۆرکا بوو. دەرکەی یەخچاڵی کردەوە، سەیری کرد گۆشتی نەماوە. گۆشتی ماسیگرەکەی بیرکەوتەوە. ڕۆیشت دەرگەی دۆلابەکەی کردەوە و تفەنگی ڕاوی دەرهێنا. سێ ساڵ لەوەبەر کڕیبووی کە گورگی پێ ڕاو بکا. لەلای هاواڵەکانی گوتبووی گورگم پێ جوانە، کە ڕاوم کرر ئیشکی دەکەم و بۆ دیکۆڕ لە سووچی وەتاغ دایدەنێم.

تفەنگەکەی پڕ کرد و لای بەیانی کیسەیەک دانی دەستدایە و وەڕێکەوت. چەند ماسیگرەیەک لە دەوری پەیکەرەی شکسپیێر خەریکی چینەکردن بوون، هێندێک دانی بۆ ڕۆکردن و دووراودوور ڕاوەستا، چاوەڕوانی هاتنی ماسیگرەی زۆرتری کرد، هێندەی پێنەچوو ماسیگرەکان دوورو نزیک پەیدا بوون. ئامانج تفەنگەکەی ئامادە کرد و نزیکتر بۆوە، دەستی لە سەر پەلانپیتکە دانا.. بەرلەوەی تەقە بکا، چەند پۆلیس قۆڵیان گرت، تفەنگەکەیان لێوەرگرت و لەگەڵ خۆیان بردیان.

لەو ژوورەی ئامانجیان چاوەڕوان هێشتەوە، وێنەی پۆلیسێک کە چەند باڵندە لە سەر شانەکانی هەڵنیشتبوون لە چوارچێوەیەک گیرابوو. ئامانج هێندێک لەو وێنەیە ڕاماو پاشان چوەبەر پەنجەرە و لە ئاسمانای ڕوانی. چەند پەڵەهەورێکی سپی لە دوورەوە دەبیندران، ئەوکات پۆلێ باڵندەی دیت کە هەر دەهات و زۆرتر دەبوون، زۆرتر و زۆرتر.. کە دەنگی پۆلیسی گوێ لێبوو لە خەیاڵ هاتەدەر.

پۆلیس لێی پرسی کە خەڵکی کوێیە و چ وەخت هاتۆتە ئوروویا و... پۆلیس ڕۆیشت و پێی گوت چاوەڕوان بمێنێتەوە.

ئەوجارەیان دوو پۆلیس هاتنە ژوور و پیاوێکی بەژن بڵیندی چاوشینیان هێنایەژوور.

پیاوەکە مراوییەکی بە دستەوە بوو، ئامانج چوە پێشتر، سەیری باڵ و پەڕی خوێناوی کرد، لە سەر خەتی سەوزی بەرملی پەڵەخوێنێک قتماغەی بەستبوو، وەک ئەوەی منالی ساوا بە دەستەوە بگرێ ئاوەها مراوییەکەی وەرگرت، بە سینگییەوەنا و ماچی کرد. هەواڵنێرێک بە شوێن پۆلیسدا هاتە ژوور، خێرا چەند وێنەی لە ئامانج هەڵگرتەوە و پاشان پرسی، وا بیربکەمەوە ئەتۆ ئەوکەسەی دەتویست ڕاوی باڵندەکانی ناو شار بکەی.. مەبەستت لەو کارە چ بوو؟ ئامانج سەری هەڵێنا، بە دلپڕی دەنگی لەرزاندەوە:

ــ ئەمن نەمدەویست بیانکوژم..

ــ ئەدی دەتویست چ بکەی؟

ــ تەقەیان لێ بکەم، بیان ترسێنم.

ــ تکایە زۆرتر لەوبارەوە قسە بکە، مەگەر نازانی ترساندنی باڵندەکانیش تاوانێکی گەورەیە؟!

چاوەکانی ئامانج وەک پەڕی سپی مراوی دەدرەوشانەوە، دەتگوت شێعری گەڕانەوەی لۆرکا دەخوێنێتەوە.. دڵۆپە فرمێسکێکی گەرم و درشت بە سەر ڕوومەتیدا تکایە خوار، پاشان گوتی:

ــ دەمهەویست بگەڕێنەوە دەریا...

* * *

# کەڵەشێر

خالید عینایەتی
(بۆکان)

لە کاتی گیاندانی ئەودا منیش کەوتبوومە ئاویلکەدان، ئەویان بە تاوانی خوێندن سەر بڕی و من بە تاوانی نەخوێندن.

دەڵێن کەڵەشێر بێوادە بخوێنێ شوومی باش نییە، ئەگەر لە سەری نەدرێ سێحەبەکەی تووشی بەڵا دەبێ. ئەوەی بۆ من جێگای سەرنجە نە بێوادە و نە باوادە، لە ئەلفەوە تا بێ هیچم نەخوێندووە و، سەدان جاریش لە سەریان داوم. هەرچی دەکەمو دەکرێنم بۆم نایەتەوەسەریەک کە تاوانی نەخوێندن پترە یان خوێندنی بێوادە.

لەو ڕۆژەی کەڵەشێرەکەیان سەر بڕیوە، ئەویش وەک شێتانی لێهاتووە. ئەوەی دەیڵێ هیچی بە سەر هیچەوە نییە. هێندێک دەڵێن لە عەزرەت کەڵەشێرەکە تووشی ئەو ڕۆژە بووە و، هێندێکیش دەڵێن زارەترەک بووە.

«ئەی ڕۆڵە دایکت کوێر بێ، خۆ بە خودای چاک و پیر نەماوە نەیبەم، پیرسمایل، پیرمحەمەد، ئاوی کەسنەزان.. چوزانم ئەوەی گوتیان شەخسێکی گەورەیە بردوومە و هەروەکوو خۆشیەتی».

لەوێ ڕۆژێوە سەدان جار کوژراوم، گۆمێکی گەورەیان لە خوێنەکەم ساز کردووە، ئەوەی تێی کەوتووە کەس زمانی لێ نەبیستووە و. لاشەکەشی بووە بە خوێنێکی خەست خەست.

لە قەراغ گۆمەکە، مەچەکەیان لەگەڵ دەگرم دەرۆستیان نایەم، پاشەو پاش دەمخەنە گۆمەکە و دوای ماوەیەکی کەم دەتوێمەوە و دەبم بە بەشێک لە گۆمەکە.

داربەڵاڵووکێک لە ڕۆخی گۆمەکە شین دەبێ. لک و پۆپەکانی، دەبنە پەنجەی دەست و لاق و مەمک. تەواوی نووکی قامک و گۆی مەمکەکان گوڵ دەردەکەن و بەڵاڵووکی وەک پتی خوێن بەردێنن، هەرکە لێی دەکەیەوە، دیسان ئیدیکە دەردەکاتەوە.

لە لێواری گۆمەکە سەیرانگایەکی گەورە چاک دەکەن. شەربەتی بەڵاڵوک بە پێی فیلان دەخورێتەوە. ئەوەی دەیخواتەوە مەست و بێهۆش دەکەوێ، کەوتنێک کە هەستانەوەی بۆ نییە. بە بێوازی لە دەوری یەکتر دەتلێنەوە. خۆ پیس دەکەن و لە خۆیانی هەڵدەسوون. مێش و مەگەزی وڵاتیان لێ کۆدەبێتەوە. کرم لە کالانەی سەریان تەراتێن دەکا. کرمێکی ئەوەندە زۆر کە ڕێگای پێ هەڵێنانەوە نییە. کرم تەواوی مێشکەسەر و چاوەکان دەخۆن. جەستەی بێ مێشک و چاو تێکهەڵدەنگوون، بە زرمەزرم و تەپەتەپ دەکەون. کرمەکان دەکەونە گیان و دەست و لاق و زمانەکان. تەواوی ئێسکەکان دەکرووسێنەوە. ئێسک تەقەتەق خۆ تێک دەکوتن. تاق و لۆق لە کرمەکان لە نێوانی ئێسکەکاندا دەفلیقێنەوە. شەڕە، شەڕێکی گەرمی ئێسک و کرم، کرم تەواوی وڵات دادەگرێ. هیچ شوێنێک لە ئێسک و گۆش نامێنێ. کرمی برسی وەک تراویلکە شەپەل دەدەن.

دەستەیەک خەزایی بە نێو کرمەکان وەردەبن. سێلاوی خەزایی کرمەکان ڕادەماڵێ و هەتا دوایین دەنکیان دەقۆزنەوە. خەزاییەکان جار لەگەڵ جار لەبەر یەک دەڕەونەوە. دەبن بە داڵاش، شەپەلی داڵاش لەو دەشتە پان و بەرینەدا ئاژن دەبن. هەرچی پەلەوەری دەشتەکەیە دەیخۆن. داڵی برسی دەکەونە گیانی یەکتر، نیوەیان نیوەکەی دیکەیان دەخۆن. ئەوانەی ماون نەخۆش دەکەون، بە چەشنێک توانای هەڵفڕینیان نامێنێ. دەستەیەک ڕێوی و چەقەڵ لە دەورەیان ملومۆ دەکەن. ڕێوی و چەقەڵەکان دەبنە شێر و پڵینگ و دەکەونە گیانی داڵاشەکان، سێلاوێک لە خوێن هەڵدەستێ. سێلاوێکی بۆگەن کە سەدان کیلۆمیتر دەوروبەری خۆی دادەگرێ.

دەشتەکە دەبێتە گۆمی خوێن. شێر و پڵینگەکان لە گۆمەکەدا دەتوێنەوە. وڵات پڕ دەبێ لە زیقە و مڕە و هات و هاوار و زیل وبەم. قووقەی کەڵەشێر دەرودەشت هەڵدەگرێ. لە نێو گۆمی خوێنەکەدا، دووکەڵەباب دێنەدەرێ وەک پتی خوێن. لە پەستا دەقووقێنن هەتا هەردووکیان دەنگیان دەنووسێ و پێک هەڵدەپڕژێن. تەواوی سەروگوێلاکی یەکتر تێکدەکەنەوە. بە هەزاراسن کەڵەشێر تێک دەورووکێن. هەر یەکەو پڕ بە دندووکیان گۆشتم لێدەکەنەوە. هەزاران کەڵەبابی دندووک خوێناوی قاقا پێدەکەنن، دنیا پڕ دەبێ لە قاقای کەڵەشێر.. دایکم بە کۆڵەوەژ دەکەوێتە گیانی کەڵەشێرەکان، ئەوانیش جار لەگەڵ جار قاقایان بەرزتر دەبێتەوە. دار بەڵاڵووکەکە شین دەبێتەوە. بە دەست و پێ چەپڵە لێدەدا و بەڵاڵووک دەکەوێتەخوارێ.

لە گۆی مەمکەکانەوە شەربەتێکی وەک ژەهری مار دەپڕژێتەدەر. لە پەستا چەپڵە و بەڵاڵووک تێکەڵ دەبێ. کێوێک لە بەڵاڵووک بە سەوریەکدا دەترشێ و بۆگەنیوی وڵات بە وڵات دەڕوا. کرم و بنیادەم، شێر و پڵینگ، چەقەڵ و ڕێوی، خەزایی و داڵاش، قاقای کەڵەشێر و گریان و لە خۆدانی تەواویێ گیانلەبەرانی دیکە تێکەڵاوە.

دایکم بە کۆڵەوەژەکەی شێتانە هەڵدەسووڕێ و دەست لە کەس ناگێڕێتەوە. بەردەوام بە دوای مندا سەرگەردانە، ئەمن بوومەتە قاقای کەڵەشێر و لە چیاکاندا دەنگ دەدەمەوە.



# گوللەیەک بوو، ساردبۆوە و لە نێو کتێباندا تواوە

به بۆنەی دووەمین ساڵی کۆچی دوایی کەریمی حیسامی(/٢٠٠١/١٠)

قەرەنی قادری

کەریمی حیسامی، جیهانێک لە قسەی نەستەق، پەندی پێشینیان، مەتەڵ، پیرێکی گەنج، دەم بە پێکەنین، ماندوویی نەناس، هەوڵدەر و لە مەرگ نەترس بوو. ژیان، سیاسەت و چالاکی لە لای مام کەریم، ئاوێتەی یەکتر کرابوون. بەشی هەرە زۆر لە نێو سەدە تێکۆشانی سیاسی ــ ڕێکخراوەیی خۆی لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دەرباز کرد.

هەڵســـوور و چالاک، عـــەوداڵی وڵات، لایەنگری ئاڵا و خوازیاری دەوڵەت بۆ نەتەوەکەی بوو. ئیدەئۆلۆژی و فکری سیاسی ئەو لە سەردەمێکی پڕ لە کێشە و ململانێی سیاسی و لە کۆمەڵگایەکی دەرەبەگایەتی شکڵی گرت.

تا ناوەڕاستی هەشتاکان لە سەرکردایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بە گورجوگۆڵی و موتالاکردن، درێژەی بە تێکۆشان دا. لە کوردستان و ناوچەدا ناودێربوو. لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا (ح د ک ئێـــران) تووشی نائارامـــیی ســـیـــاسی دەبێ و ڕەوتی پاکـــتـــاوکـــردنی «نەیاران» و «خـــەنیـــمـــەکـــان»ی بۆ یەکدەستکردنی حیزب دەستپێدەکات.

لە ١٩٨٤دا، کەریمی حیسامی، یەکێک و بەشێک بوو لەو شەپۆلە «نەیاران»ە کە پەرەوازەی هەندەران کرا، گەرچی ئەو ڕووداوە بۆی گـــەلێک قـــورس بوو، بەڵام نەیتـــوانی خانەنشینی بکا و دەروونی گڕگرتووی دابمرکێنێ. لێرەوە دووەمین قـــۆناغی ژیانی کـــە پڕ کـــارترین بەشـــە لە ژیانی، ئەویش بە لەبەر چاوگرتنی تەمەنی، دستپێدەکات.

گورج تێهەڵچۆوە. دیرەگی تاوڵی داکوتا و ڕووی لە جیهانی توێژینەوە، وەرگـێـڕان، بیرەوەری و وتارنووسین کرد، لەو دەورەیەدا، کـــە ڕووداوە جـــیـــهـــانی و ناوچەییـــەکـــان بە چۆنایەتییەکی قورس و ئاڵۆز، بەڵام تیـژڕەو ڕوودەدەن، بۆ ئەو پیرە مێردە هەوڵدەرە، قۆناغی نووسین و بیرکردنەوەیە.

کەریمی حیسامی، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، خۆی بە فکر، سیاسەت، هەروەها کۆمەڵە دەوڵەتێکی توتالیتارەوە لکاند کە لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، هێز و ئیمکاناتی تەخریبیان گەلێک زۆر بوو.

حیسامی توانی جێگۆڕکێیەکی فکری و سیاسی لە بیر و زەینی خۆیدا پێکبێنێ و بە چەشنێکی تر خۆی کۆکاتەوە. دەڵێن کاتێک تەمەن بەرەو شەست و حەفتا ساڵی دەڕوا، جەستە و بیر بێ هێز و ناچالاک دەبن؟ مام کەریم سنووری ئەو فۆرمۆلەی بەزاند.

لە تەمەنی حەفتا و چوارساڵیدا، کتێبی (دێموکراسی چییە)ی وەرگێڕا سەر زمانی لوریی. ئەو ئاڵوگۆڕە فکری و سیاسییانەی کە ئەو لەو ماوەیەدا پێیان گەیشتبوو، بەم چەشنە لە پاشکۆی ئەو کتێبەدا گەلاڵەی کردن و نووسینی: «دێموکراسی چەندە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگای شارستانیی و گەیشتن بە مافی مرۆڤ گرینگە، ئەوەندەش جەوهەری ڕاستەقینەی دێموکراسی و ناسینی پەیوەندییەکانی لە گەڵ دیاردە و پرنسیپەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا پێویستە. کوردستان پێویستی بە دێموکراسی هەیە و تەنیا لە ڕێگای دێموکراسییەوە دەتوانێ بەرەو ئازادی و پاراستنی مافی مرۆڤ هەنگاو هەڵبڕێ».

مام کەریم، بە گوێرەی ئەو تێڕوانینەی داوای کرد کە «خوێندنەوەی ئەم کتێبە بۆ تەواوی ئەو کەسانەی کە چارەسەری گیروگرفتەکانی ئیمڕۆی کوردستان لە دێمـــۆکـــراســـیـــدا دەبینن، ئەو کـــەســـانە ویســـتـــیـــاری سەقامگرتوویی دێموکراسین لە کۆمەڵگادا، ئەو کەسانەی کە بە سیاسەتەوە خەریکن، دەتوانێ جێگای سوود و کەڵک لێوەرگرتن بێت».

ــ پێی وابوو، خەباتی چەکداری بڕشتی نەماوە و تەنانەت کارکردی پێچەوانەشی هەیە. واتە دەڵێی چەقوو خەریکە

دەسکی خۆی دەبڕێ. بۆیە خەباتی سیاسی، دیپلۆماسی، رۆشنگەری و کاری کولتووری پێویستن و دەبێ روو لەو شێوازانە بکرێ. هەوڵی بێ وچانی ئەو دواییانەی لە بواری نووسین و وەرگێڕاندا، بەشێک بوو لەو وەڵامە بۆ ئەو پێداویستییە کە خۆی هەستی پێدەکرد. هەر کتێبێک کە کەوتبا بەردەستی وەرینەدەگێڕا سەر زمانی کوردیی، بەڵکوو تەنیا ئەو کتێبانەی دەنرخاندن کە پەیوەندییان بە تێکۆشانی سیاسی ــ کۆمەڵایەتییەوە هەبا.

وەرگێڕانی کتێبی *نان و شەراب* ی «ئیگنازیۆ»ی ئیتالیایی یەکێک لەو کارانەی بوو. بە ڕێگای وەرگێڕانی کتێبی *ئازادی یا مەرگ* ی «کازانتزاکیس»ی یۆنانی، داستانی خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەیەکی تری بۆ کوردستان گواستەوە.

ــ کوردستانی خاوەنی ئاڵا و دەوڵەتی گەلێک بۆ گرینگ بوو. پێی وابوو کە نەتەوەی کورد مافی خۆیەتی و شایانی ئەوەیە کە بۆ سەربەستی و پەرەدان بە ژیانێکی سەربەستانە، ئاڵا و دەوڵەتی خۆی هەبێ. هەر بەو پێیەش کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان بیر و هزری بوو.

ــ وەکوو کوردێکی هاوولاتیی کوردستان، مارکسیست و ئاتێئیست بوو، لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە دەکرێ و دەبێ کورد مارکسیست یا کۆمۆنیستی خۆی هەبێ و بوونی حیزبێکی چەپی کوردستانییشی بۆ بەرەو پێشبردنی خەبات لە کوردستاندا، بە پێویست دەزانی. بەڵام حیسامی گوللەیەک بوو، ساردبۆوە و بە ئامانج نەگەیشت.

گوشار و پاڵەپەستۆی مەرگ گەرچی بێدەنگیان کردبوو، بەڵام نەیانتوانی تەنگاو و ترسەنۆکی بکەن. ئەوانەی «حیسامی»یان لە نەخۆشخانەدا بینی، پێیانوایە ململانێیەکی قورس و بێدەنگیی مەرگ و ژیانیان لە بێدەنگیی ویدا دیت. مردنەکەی وەک خەو وابوو.

جیهانێک لە نووسین و کتێب، قسەی نەستەق، پەندی پێشینیان، مەتەڵ، پیرێکی گەنج، دەم بە پێکەنین، هەوڵدەر، خەوش، هەڵە، راستکردنەوە، ماندوویی نەناس لە مەرگ نەترسان، ئەمانە پێناسەی «کەریمی حیسامی»ن و کۆبەندی ژیان ئەون.

ستۆکهۆڵم ۲۰۰۱/۱۰/۱۲

**تێبینی**: ئەو نووسراوەیە بە ئیجازەی کاک «قەرەنی قادری» لە سایتی: Kurdistanpress کە خۆی بەڕێوەی دەبا، وەرگیراوە.
editor@kurdistanpress.com




**ناوی کتێب**: هێمن، دەربارەی ناوەرۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی شیعرەکانی

**ناوی نووسەر**: عوسمان دەشتی

سلێمانی ــ ۲۰۰۲

ئەم نامەیە بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماجستێر کەوا پێشکەش بە بەشی کوردی /کۆلێژی ئەدەبیات/ زانکۆی سەلاحەدین ــ هەولێر کراوە و بە پلەی باش پەسند کراوە.

**ژیاننامەی نووسەر:**

ــ عوسمان حەمەد خدر، لە ساڵی ۱۹۵۲ لە گوندی (ماستاوە)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپەی هەولێر لە دایک بووە.

ــ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە.

ــ لە ساڵی ۱۹۷۰ بە دواوە سەروکاری لەگەڵ شیعر و ئەدەب و نووسین و رۆژنامەوانی دا هەبووە. هەر لەو سەروبەندەشدا تێکەڵاوی جووڵانەوەی رزگاری گەلی کورد بووە.

ــ ۱۹۷۵ بڕوانامەی دیپلۆم ــ پەیمانگای مامۆستایانی هەولێر.

ــ ۱۹۹٦ بەکالۆریوسی زمان و ئەدەبی کوردی کۆلێژی پەروەردە، بەکالۆریوسی یاسا لە کۆلێژی ماف ــ زانکۆی سەلاحەدین ــ هەولێر.

ــ ۲۰۰۱ ماجێستری ئەدەبی کوردی ــ کۆلێژی ئەدەبیات ــ زانکۆی سەلاحەدین ــ هەولێر.

**ئادرێسی داواکردن:**
Kitab-i Arzan, Tel&Fax+ 46(0)8-7527709

## ناساندنی حەوت ژمارە

# لە حەوتەنامەی «کوردستان»ی تاران

ئەحمەد شەریفی

لە ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی (١٩٥٩ز) لە تارانی پایتەختی ئێران، حەوتەنامەیەکی کوردی بە ناوی «کوردستان» لە هەشت لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە. ژمارە(١)ی کوردستان لە ڕۆژی چوارشەمە ١٥ی گوڵانی ٢٥٧١ی کوردی، بەرانبەری ١٥ی ئۆردیبەهیشتی ١٣٣٨(٦ی مای ١٩٥٩) دەرچووە.

عەبدولجەبار جەباری، لە مێژووی ڕۆژنەماگەریی کوردی لە لاپەڕەی١٤٤دا دەنووسێ:

ڕۆژنامەی کوردستان، ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری و زانیاری و وێژەیی و کۆمەڵایەتی نیوهەفتانەیە. خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەری لێپرسیاری، عەبدولحەمیدی بەدیعولزەمانی[١] و سەرنووسەرەکەی دوکتور محەمەد سەدیقی موفتی زادە[٢] بوو. لە تاران لە ساڵی ١٩٥٩ بە چاودێری و سەرپەرشتی کاربەدەستانی ئێران دەرچووە... مامۆستای خوالێخۆشبوو ڕەشید یاسەمی[٣] بە خامەی پڕشنگداری وتاری مێژوویی تێدا نووسیوە... وابزانم هەتا ساڵی ١٩٦٤ ئەم ڕۆژنامەیە بە ڕێکوپێکی بڵاو کرایەوە.[٤]

جەماڵ خەزنەدار، دەنووسێ: ڕۆژنامەی هەفتەیی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٠ لە تاران دەرچووە. دەستەی نووسەرانی لە محەمەد سەدیقی موفتی زادە، ئەحمەد موفتی زادە، عابیدی سیراجەددینی، شوکرولڵای بابان و خوسرەو شێخکانلوو پێکهاتووە. ژمارە (٢٦) لە ڕۆژی ١٦ی ١٩٦٠ دەرچووە.[٥]

دوکتور کەمال مەزهەر ئەحمەد دەنووسێ: ژمارە (١)ی لە ٢٩ی نیسانی ١٩٥٩ دەرچوو و دەورووبەری پێنج ساڵ [؟] ژیا.[٦]

بەڵام وەک لە کۆپی ڕووبەرگی:ژمارە (١)ی کوردستان دەردەکەوێ، یەکەمین ژمارەی لە ٦ی مای ١٩٥٩ دەرچووە، بەداخێکی زۆرەوە جارێ نازاندرێ کە چەند ژمارەی لێ دەرچووە. بەڵام لە ژمارە (١ تا ٧)ی ئەو ڕۆژنامەیە کە لەلای من هەیە لەم وتارەدا بە کورتی دەیانناسێنم.

سەبارەت بە ساڵەیلی دەرچوونی حەوتەنامەی کوردستان دەبێ بێژم پێموایە لە ساڵی ١٩٥٩ تا ١٩٦٢ز (١٣٣٨-١٣٤١هـ) دەوامی هەبووە. ئەگەرچی لەو ٧ ژمارەیەی کە لای من هەیە، باس و ناوی دەستەی نووسەران نەکراوە کە جەماڵ خەزنەدار دیاردەی بۆ کردووە؛ بەڵام ڕاستە دەستەی نووسەران هەر ئەو کەسانە بوون کە کاک جەماڵ ناوی بردوون، چونکە پاشان هەر ئەوانە، لە دەنگی کوردی ڕادیۆ ئێراندا کاریان دەکرد. بەشی کوردی ڕادیۆ ئێران (تاران) لە پێشدا ڕۆژێ چارەگە سەعاتێک بوو، کە لە ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی(١٩٥٨ز) دەستی پێکرد و پاشان بوو بە سەعاتێک. لە پاییزی هەر ئەوێ ساڵیدا، ڕادیۆ کوردی کرماشانیش دامەزرا و دەستی بە کار کرد. جا، ئەوەی ڕاستی بێ، بەرنامەکانی ڕادیۆ کوردی تاران، زۆربەیان هەر ئەو مەبەست و وتارانە بوون کە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاودەبوونەوە. یانی دەستەی نووسەرانی حەوتەنامەی کوردستان و ڕادیۆ کوردی تاران هەر یەک بوون کە بریتی بوون لە:

دوکتور محەمەد سەدیقی موفتی زادە، دوکتور عەبدولڕەحمانی موفتی زادە، شوکرولڵای بابان، ئەحمەدی موفتی زادە، خوسرەوخانی شێخکانلووی میلان، حیسامەدینی ئەمین و دوکتورعابیدی سیراجەددینی.

شایانی باسە کە ڕادیۆی کوردی تاران بە پێشنیاری عیسا پەژمان، کە کوردێکی جوولەکەی خەڵکی سنە بوو دامەزرا. هیچ دوور نییە کە عیسا پەژمان دەستی لە دامەزراندن و بڵاوکردنەوەی حەوتەنامەی کوردستانی تارانیشدا نەبووبێ! با ئەوەش بڵێم کە ڕۆژنامەی کوردستانی تاران چەندین نامیلکەی بە ناوی کورد و نەتەوایەتی ئێران بڵاوکردۆتەوە. کورد و نەتەوایەتی ئێران زنجیرە باسێکی مێژوویی بوو کە

له حەوتەنامەی کوردستاندا بڵاو دەبووەوە. پاشان ئەو زنجیرە وتارە لە دەقی چەند نامیلکەیەکدا بڵاوبۆتەوە. ئەوانەی کە ئەمن دیومن سێ نامیلکەن:

١- کورد و نەتەوایەتی ئێران، کتێبچەی یەکەم، گەلاڕێزانی ٢٥٧٢ک ـــ ئابانی ١٣٣٩ش[١٩٦٠ز]، ١٨لاپەڕەی گچکەیە.

٢- کورد و نەتەوایەتی ئێران، نامیلکەی دووەم، سەرماوەزی ٢٥٧٢ک ـــ ئازەری ١٣٣٩ش، ١٨ لاپەڕەیە.

٣- کورد و نەتەوایەتی ئێران، نامیلکەی سێهەم، بەفرەنباری ٢٥٧٢ک ـــ دەی ١٣٣٩ش، ٢٤ لاپەڕەی گچکەیە. لاپەڕەکانی ٢٠ تا ٢٤ تەرخان کراوە بۆ «مانای وشەکان» وەک:

گەل:ملت، مردم؛ زانیاری: فرهنگ، دانش؛ داخەکەم: متاسفانه؛ سەربەخۆیی: استقلال؛ شارستانیەتی: تمدن؛ ڕاپەڕین: قیام، نهضت؛ کۆمەڵ: اجتماع، جامعه؛ کۆمەڵە: حزب؛ ئاڵا: پرچم، علم؛ باشوور: جنوب؛ باکوور: شمال؛ ڕۆژهەڵات: شرق؛ ڕۆژئاوا: غرب؛ ئابووری: اقتصاد؛ نیشتمان: وطن، میهن.

حەوتەنامەی کوردستان، بە هەر مەبەست و نیازێک، بۆ هەر بیر و ئامانجێک وەشابێ کارێکم بە سەریەوە نییە. بەڵام نزیکەی ٥٠ ساڵ لەمەوپێش وەشاوە و خزمەتێکی زۆر گەورەی بە زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردیی چاخی خۆی کردووە. بریا و خۆزگە هەموو ژمارەکانی پەیدا دەکران و دەزگایەکی خێرومەندی کورد سەرلەنوێ بڵاوی دەکردنەوە.

## ناساندنی ژمارەکانی کوردستان

**ژمارە (١):**

لە ڕۆژی چوارشەممە ١٥ی گوڵانی ١٣٣٨ی هەتاوی (٦ی مای ١٩٥٩ز) دەرچووە. وتارەکانی ئەم ژمارەیە بریتی بوون لە:

ـــ سەروتار: باسی «ڕەگەزی ماد کە ئێستا بە هۆزی کورد ناوئەبرێ» دەکا کە «لای کەم سێ هەزار ساڵ لەمەوپێش پادشایی ئێرانی دامەزراندووە».[٧]

ـــ ڕەگەزی کورد «سەلامی گەرم و، خاوێن لە سەر خاکی پاکی کوردستان، لانکی پاڵەوانەکان، ئەو عەرزە جوانە کە کێوی بەرز و دەشتی بەربڵاو و مێرگەلانی سەوز و جوانی هەیە».

ـــ «بە هێزی دین، کاروباری کۆمەڵمان دائەمزرێنین».

ـ وێژەی کوردستان: « ژیان و بەسەرهات و شوێنەجوانەکانی نووسەر و هۆنەرە بەناوبانگەکانی کورد...» لەم وتارەدا باسی ژیان وبەسەرهاتی «خوالێخۆشبوو حاجی قادری کۆیی» کراوە.

ـ «چۆن بنووسین و بخوێنینەوە؟»

لە لاپەڕە ٢دا سێ بەیتە شێعری «صەیدی» بڵاوکراوەتەوە:

«هارە سەختەنی، هارە سەختەنی
تو سەنگی سیای صاحیو بەختەنی»

هەروا لەو بەشەدا، دوو بەیتی «ناری» و دوو بەیتی «مەلا ئەحمەدی جزیری» بڵاو و چاپ کراوە. دوو بەیتەکەی مەلای جزیری:

(دلبەرێ ئیرۆ سەحەر هاویتە جەرگێ من دو دوخ
یەک لە سینە یەک لە دلدا لەو لە من دێن ئاخ و ئوخ)

لە لاپەڕە ٢دا هاتووە: «لە خوێنەرە بەڕێزە کوردەکان تکا ئەکەین: پێش لە خوێندنەوەی ڕۆژنامەکەمان، چاوێ بخەنە سەر بەشی ـــ چۆن بنووسین و بخوێنینەوە ـــ وە بەشی مانای وشەکان، تا ئەگەر لە خوێندنەوەی کوردیا، دەسێکی وایان نەبێ، یان لە مانای وشەیێ تێ نەگەن گیروگرفتیان نەمێنێ».

لە لاپەڕە ٣دا مزگێنی «هەزار و یەک شەو، وەرگێڕاوی دەسەی نووسەری ڕۆژنامەی کوردستان.. » دراوە و لە بەشی «مانای وشەکان» ٨٥ وشە مانا کراوەتەوە، وەک:

لێ پرسراو: مدیر مسئول؛ بەچاودێری:تحت نظر؛ چڵ: تک. شمارە؛ پێشات: تصادف، حادثه؛ پیت: حرف؛ وشە: کلمه؛ وتار: گفتار، نوطق.

لە لاپەڕە ٤دا، وتارگەلی «هەڵبژاردنی کۆمەڵی لە خولی بیستەما ـــ حوسێن جەمیل باڵوێزی تازەی عێراق گەیشتە تاران» و هەروەها کورتە سەرەتایەک بۆ وەرگێڕانی هەزار و یەک شەو بڵاوکراوەتەوە.

لە لاپەڕە ٥دا، دوو تاکە شێعری مەولەوی و تاکێکی نالی، چەند مەتەڵەک و چەندین هەواڵ بڵاوکراوەتەوە. لە یەکێک لە



هەواڵەکاندا هاتووە: «ئەو هەواڵانەی، کە لە سنووری عێراق و تورکیەوە گەیشتوون وا ئەگەیەنن، دەوڵەتی عێراق بۆ بەرگری هۆزە عێراقییەکان، چەن هەنگاوێکی گرینگی هەڵ گرتووە». «حەوتەی ڕابوردوو، دەسەیەکی حەوسەد کەسی، لە کوردەکانی عێراق لە سنوورەوە تێپەڕیان کرد، وە بە تورکیا پەنایان بردووە». «بە جۆرێ کە زانراوە، دەوڵەتی عێراق بۆ بەرگری لە هەڵاتنی کوردەکانی عێراق بۆ تورکیا، چەن دەسە سەربازی، لە سنوورەکانی خۆیا دامەزراندووە». «ئەو هەواڵانە هەروەها ئەڵێن، لە ناوچەکانی شمالی عێراقا[باشوری کوردستان] چەن مشتومڕێ لە نێوان کوردە شیوعییە بارزانییەکان، وە دەسەی کوردە ناحەزەکانیانا دەس پێکراوە کە درێژەی هەیە».

لە لاپەڕەی ٦دا، جەدوڵێک داندراوە، کە پێموایە ئەوەڵین جەدۆلە لە چاپەمەنی کوردیدا. هەروا «مێژووی ڕیشەی ڕەگەزی کورد ــ نووسراوی زانای مەزنی کورد، «ئیحسان نووری» وەرگێڕاوی دەسەی نووسەری ڕۆژنامەی کوردستان».

لە لاپەڕە ٧دا، پاشماوەی نووسراوەکان تەواو کراوە و، سەرئەنجام لە لاپەڕە ٨دا «ئامۆژگاری ــ لە کۆمەڵا چۆن بژین، مەتەڵێک، لە کۆماری یەککرتووی عەرەبا، وەڵامی ناصر بە خەرەشۆف، لێکۆڵینەوەی سیاسی، کۆبوونەوەی ژن و، میوانی» چاپ کراوە.

«میوانی» باسێکی خەبەری یە و پێکەوە دەیخوێنینەوە:

«نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەمەی ڕابوردوو، لە یانەی میوانداریی دانشگای تارانا، میوانییەکی زۆر پڕ شکۆ، بە نانی نیوەڕۆ لە لایەن جەنابی ئاغای فروزانفەڕ، سەرۆکی دانشکەدەی مەعقوول و مەنقوولەوە بە شانازی حەزرەتی شێخ عوسمانی سیراجەددین درا. لەو میوانییە چەن کەس لە مامۆسا گەورەکانی دانشگای تاران بەشداربووبوون و میوانداریەکی زۆر گەرم، لەلایەن هەموویانەوە، لەو میوانە بەڕێزە و هاوڕێکانی کرا».

**ژمارە (٢):**

لە ڕۆژی «چوارشەمە ٢٢ گولان ٢٥٧١ک، ئۆردیبەهیشتی ١٣٣٧ ش، ٤ ذی القعدە ١٣٧٨ق، ١٣ مای ١٩٥٩» بڵاوبۆتەوە. لەو ژمارەیەدا، لە ژێر ئارم و وشەی کوردستان نووسراوە: «سیاسی ــ زانیاری ــ وێژەیی ــ کۆمەڵایەتی».

بابەتەکانی لاپەڕەی ١: «لە لەندەنا لەلایەن مەلەکە و گەلەوە میوانداریەکی بێ وێنە لە شاهەنشای ئێران کرا»؛ «کورتەیێ لە هەواڵە گرینگەکانی ناوخۆ و دەرەوە لەم حەوتەدا»؛ سپاس و تکا(سەروتار)؛ کۆنهاک بۆ میوانداری لە شاهەنشا ئامادە ئەبێ؛ مەلەکەی دانمارک کە لەمەوپێش سەفەری بۆ ئێران کردووە، زۆر بە ئێران عەلاقەی هەیە؛ تێکچوونی نێوانی عەبدولکەریم قاسم و شیوعییەکانی عێراق؛ قسەکانی کوڕی خوالێخۆشبوو قازی محەمەد؛ وتووێژەکانی شاهەنشا و مەک میلان سەرەک وەزیری ئینگلیز وە دەرچوونی بیانییەی تێکڕایی؛ کۆبوونەوەی وەزیرەکانی وڵاتە گەورەکان لە ژنێڤ؛ مەتەڵە؛ بناغەی ئیسلام لە سەر خوێندن و زانیارییەوە دانراوە، وتاری دینی ــ وێژەیی؛ کوردستان، حاجی قادری کۆیی؛ چۆن بنووسین و بخوێنینەوە؟؛ ڕۆژنامەی کوردستان لە هاوکاری خوێنەرە بەڕێزەکان سپاس ئەکا؛ بۆ پێکەنین؛ لە کۆمەڵا چۆن بژین.

لاپەڕەی ٢ی ژمارە٢ی کوردستان زیاتر پاشماوەی سەروتار و بابەتگەلی ترن. لە پاشماوەی سەروتاردا، پاش باسکردنی مێژووی زمانی کوردی وەک زمانێکی زیندووی جیهان، ئاوا هاتووە:

«لە هەموو برا کوردەکانی خۆمان لە ئازەربایجان و لوڕستان و کرماشان و خۆراسان ئەو شوێنەکانی تری نیشتمانە خۆشەویستەکەمانا، تکا ئەکەین، لە ڕەواجدان و هەڵنانی هەمووکەس بۆ خوێندنەوەی ئەم ڕۆژنامە کە جگە لە خزمەت ئامانجێکی نییە، خۆیان نەگرن، وە تا ئەتوانن و بۆیان ڕێک ئەکەوێ، یار و یارمەتیدەری ئێمە بن، تابە یارمەتی خوا بتوانین پیشەکەی خۆمان بەجێ بێنین».

لە لاپەڕە٣دا ئەو بابەتانە چاپ کراون: «مانای وشەکانی ئەم ژمارەیە»، ٤٢ وشەی کوردی ماناکراوەتەوە؛ پارچە پەخشانێکی ئەدەبێ: «هەراڵە و زەمزەمە»؛ پارچە شێعری: برینداری دوو چاو و لێوی ئاڵم.

لە لاپەڕەی٤دا «کورتەی هەواڵەگرینگەکانی دنیا..» و «باسێکی زانیاری و بەشی دووی «هەزار و یەک شەو» چاپ کراون.

«چەن هەواڵێکی دەرەوە»، «دانیشتووانی کورەی مریخ»، «لە هەر گوڵزارێ گوڵێ»بابەتگەلی لاپەڕەی ٥ی کوردستانن.

لە لاپەڕەی ٦دا «مێژووی ڕیشەی ڕەگەزی کورد: نووسراوی ئیحسان نووری، وەرگێڕاوی دەسەی نووسەر»، «جەدوەل»، «هەزار و یەک شەو» چاپ بوون.

لە لاپەڕەی ٧دا پاشماوەی «چۆن بنووسین؟»، «بۆ پێکەنین»، «چەن هەواڵێکی دەرەوە» و پارچە شێعری «مافی نیشتمان» هاتوونەچاپکردن:

نیشتمان! ئەی خاک و خۆڵی تۆ کلەی چاوانمە
نیشتمان! ناوی بەڕێزت هێزی ڕوح و گیانمە

لە لاپەڕەی ٨دا «وتووێژی گرینگ»، «لێ کۆڵینەوەی

سیاسی»، پاشماوەی «ڕەگەزی کورد»، «چەن هەواڵێک» و «قسەکانی کوڕی قازی محەمەد» چاپ کراون.

**ژمارە(٣):**

ژمارەی سێهەمی ساڵی یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستان لە ڕۆژی «چوارشەممە ٢٩ گوڵان ٢٥٧١ک، ئۆردیبەهیشتی ١٣٣٧ ش، ١١ ذی القعده ١٣٧٨ق، ٢٠ مای ١٩٥٩» دەرچووە و لە ژێر ئارمەکەیدا ئەم بەیتە شێعرە نووسراوە:

«عەزیزم شەهسەوارێکە گوزەرکا گەر بە ئەلبورزا
دەکا نووکی سمی ئەسپی لە خارا توتیا پەیدا»

هەروەها بە خەتی درشت لە سەر لاپەڕەی ١ ئەو عینوانە نووسراوە: «بڕیاری لوولەکێشی ئاوی خواردنەوەی شارسانەکانی سنە و پاوە ئیمزا کرا».

بابەتەکانی ئەم ژمارەیە بریتین لە:

ـ «چاودێرییەکی زۆرتر بە ناوچە کوردنشینەکان»، «موسوڵمان نابێ باری سەر شانی خەڵکی بێ»، «لە کۆمەڵا چۆم بژین»، «چۆن بنووسین و بخوێنینەوە؟»، «وێژەی کوردستان: حاجی قادری کۆیی»، «مەتەڵە»، «بۆ پێکەنین» و «وەڵام».

نازانم سولەیمانخانی ئەنەوشیروانی[8] مودیر و بەڕێوەبەری حەوتەنامەی فارسیی «سەحەر»لە تاران چ بابەتێکی دژی ڕۆژنامەی کوردستان نووسیوە کە بەم جۆرە وەڵامی دراوەتەوە: «وەڵامی هەڵسووڕێنەری ڕۆژنامەی "سەحەر" ئەوەیە کە ئەگەر کورد بوایێت و باوباپیر و نیشتمانی کوردی بە لاوە بەڕێز بوایێ شتی وای نەئەنووسی. مەتەڵی ئاش و چەقچەقە، لەم بارەوە زۆر بە جێ یە».

لاپەڕەی ٢ی ژمارە (٣): «ماوەی سەروتار»، «ئامۆژگاری»، «ماوەی وتاری دینی»، «ماوەی وێژەی کوردستان» و «ماوەی لە کۆمەڵا..»

لاپەڕەی ٣: «هەڕاڵە و زەمزەمە»، «هەزار و یەک شەو»، «چەن هەواڵێکی دەرەوە». لە یەکێک لە هەواڵەکاندا هاتووە: «ڕۆژنامەی ئەلجمهوورییە چاپی قاهیرە، ڕۆژی هەینی هەواڵی دا کە لە مانگی ئاڤریلا، کوردە شۆڕشگێڕەکانی عێراق، گەلێ لە لادێیەکانیان لە شمالی ئەو وڵاتە گەمارۆ دا. هەواڵی ئەم ڕۆژنامە ئەڵێ کە شۆڕشی کوردەکان ١٥




ڕۆژ درێژەی بووە، لە ئەنجاما نەیروەکانی حکوومەت بە تانک و فرۆکە شۆڕشەکەیان خەواند».

لاپەڕەی ٤: «سەفەری شاهەنشا» «چەن هەواڵێکی ناوخۆ»، «هەزار و یەک شەو»، «بۆ ئاوەدانی»، «کوردستان سنووری ئێران و عێراق».

لاپەڕەی ٥، ئەو بابەتانەی تێدایە: «چەن هەواڵێکی دەرەوە»، «ماوەی هەزار و یەک شەو» و «لە هەر گوڵزارێ گوڵێ» کە لەو بەشەدا شێعرێکی شێخ ڕەزا، شێعرێکی شێخ عومەری زیائەددینی، شێعرێکی مەولەوی و شێعرێکی میرزا مەحموودی پاوەیی ناسراو بە مستەوفی چاپ کراوە.

ئەو بابەتانەش لە لاپەڕەکانی ٦ و ٧ و ٨دا چاپ کراون: «مێژووی ڕیشەی ڕەگەزی کورد»، «چوار قوژبن»(یانی جەدۆل)، هەزار و یەک شەو»، «ماوەی چۆن بنووسین»، «ماوەی بۆ پێکەنین»، «ماوەی چەن هەواڵێکی دەرەوە»، «نیشتمان ویستی» کە شێعرێکی ١٣ بەیتی یە، «لێ کۆڵینەوەی سیاسی»، «ماوەی ڕەگەزی کورد»، «شاهەنشا ڕۆژی دووەمی خورداد ئەگەنە پاریس»، «قسەکانی عەبدولکەریم قاسم».

**ژمارە (٤):**

حەوتەنامەی ژمارەی (٤)ی کوردستان لە ڕۆژی «چوارشەممە ٥ جۆزەردان ٢٥٧١ک، ٥ خورداد ١٣٣٧ ش، ١٨ ذی القعده ١٣٧٨ق، ٢٧ مای ١٩٥٩» بڵاوبۆتەوە. وتارەکانی ئەم ژمارەیە بریتین لە:

«ساغیەتی»، «نەقشەی لوولەکێشی ئاوی خواردنەوەی شاری سەقز بڕیاری لە سەر درا»، سەفەری ئاغای سەرەک وەزیر و چەن کەس لە ئەندامانی کابینە..»، «کاروباری ئاوەدانی و دیدەن لە پەناهێنەرە کوردەکان»لە لاپەڕەی یەکەمدا.

لاپەڕەی ٢ هەمووی تەرخان کراوە بۆ «سەفەری شاهەنشا» و «هەواڵەکانی دنیا».

لاپەڕەکانی ٣و٤ ئەو بابەتانەی تێدایە: «لە کۆمەڵا چۆن بژین»، «ئامۆژگاری»، «هەزار و یەک شەو»، «پاشماوەی دەنگوباسی دەرەوە»، «بۆ ساغیەتی»، «وێژەی کوردستان:

حاجی قادری کۆیی»، «مەتەڵە»و «بۆ پێکەنین».
لاپەڕەکانی ٥و٦ ئەو بابەتانەی تێدایە: «وتاری دینی»، «ماوەی هەزار و یەک شەو»، «لە هەر گوڵزارێ گوڵێ» کە لەم بەشەدا شێعرێکی خەییامی سەلام، شێعرێکی زیوەر و شێعرێکی مەولەوی چاپ کراوە.
لاپەڕەی٧: وتاری «ڕەگەزی کورد»، «چوارقوژبن»[جەدوَل]، «ئەلفوبێی کوردی»، «سەفەری ئاغای سەرەک وەزیر» و «خوێنەرانی کوردستان». لە بەشی خوێنەرانی کوردستاندا، نامەی ئەو بەڕێزانە چاپ بووە:
١- «پیاوی مەزنی ئابووری کورد، ئاغای حاجی مستەفای وەتەمیشی لە تاران».
٢- «دەبیری بەڕێز لە دەبیرستانی پەهلەوی سونقوڕ ئاغای عەبدولڕەحمانی ڕەحمانی».
٣- «ئاغای ڕەحیمی شنۆیی لە تاران».
٤- «ئاغای سەید محەمەدی مەسعوودی[9]، کاربەدەستی ئیدارەی ڕێی ئوستانی پێنجەم لە کرماشان».
٥- «ئاغای عەلی خوڕڕەم لە ئەهواز».
٦- «ئاغای سەعیدی دڵپاک لە تاران».
٧- «ئاغایانی سەعیدی یاوەر و مەسعوودی کەریمی لە سابڵاغ».
٨- «ئاغای مەحموودی ئەحمەدی لە سەقز».
٩- «ئاغای کەریمی ماجدی لە مەریوان».
١٠- «ئاغای دوکتور کەمال الدینی نەقشبەندی، سەرەکی سرویسی٢ی بێهداری کارخانەجاتی ..».
١١- «ئاغای نافعی مەظهەر لە سەقز».
لاپەڕەی ٨ ئەو بابەتانەی تێدا چاپ کراوە: «لێ کۆڵینەوەی سیاسی»، «پێوەندی نێوان قاسم و ناصر»، «هەڕاڵە و زەمزەمە»و «باسێکی زانیاری».

**ژمارە (٥):**
ئەم ژمارەیە لە ڕۆژی «چوارشەمە ١٢ جۆزەردان ٢٥٧١ک، ١٢ خورداد ١٣٣٨ ش، ٢٥ ذی القعدە ١٣٧٨ق، ٣ ژوئێن ١٩٥٩» بڵاوبۆتەوە. لە ژمارە (٥)دا ئەو بابەتانە چاپ کراون:
ــ «شاهەنشا لە ئەستەمبوڵ...»، «فەرمایشەکانی شاهەنشا»، «باسێکی زانیاری»، «گەڕانەوەی حەزرەتی شێخ عوسمان سیراجەددین بۆ کوردستان»، «کارەکانی ئاغای سەرەک وەزیر لە سەفەری کوردستانا»، «شوێنی کۆن و شانازی نەتەوایەتی»(ئەم وتارە لە بارەی تاقی بوستان و کێوی بێستوونی کرماشان دایە). «دەنگوباسە گرینگەکانی ناوخۆ، لەم حەوتەدا»، قسەکانی سەرەک وەزیری عێراق» (لاپەڕەی ٢).
ــ «لە کۆمەڵا چۆن بژین؟»، «ئامۆژگاری»، «هەزار و یەک شەو» و «چۆن بنووسین و بخوێنینەوە» (لاپەڕەی ٣).
ــ «وێژەی کوردستان: حاجی قادری کۆیی»، «مەتەڵە»، «بۆ پێکەنین»، «ماوەی هەزار و یەک شەو» و «شێعری: نەسیمی سەحەر فەصڵی وەهاران» (لاپەڕەی ٤).
ـ «وتاری دینی»، «مانای وشەکان» و چەند شێعری زیوەر، مەولەوی، مەلیکولکەلامی مەجدی، بێخود، قانع و ئەحمەد بەگی جاف (لاپەڕەی ٥).
ــ «مێژووی ڕیشەی ڕەگەزی کورد...»، «چوارقوژبن»[جەدوَل]، «ڕەگەزی کورد، نەتەوەی کورد و ناسیۆنالیزمی ئێران» (لاپەڕە٦) ــ «مانای وشەکان» (١٠٧ وشە مانا کراوەتەوە)، «کورتە نامەی ئاغای سەید عەبدولعەزیزی سیادەت، ئاغای عەبدولحەمەدی ڕوحبەخشیان خەڵکی لورستان کە ئێستا دانشجووی دانیشکەدەی ئەدەبیاتی تارانە، ئاغای ت ــ ڕێبەر» (لاپەڕە ٧).
ــ «لێ کۆڵینەوەی سیاسی»، «ماوەی سەروتار» و «هەڕاڵە و زەمزەمە» (لاپەڕەی ٨).

**ژمارە (٦):**
لە ڕۆژی «چوارشەمە ١٩ جۆزەردان ٢٥٧١ک، ١٩ خورداد ١٣٣٨ ش، ٣ ذی الحجە ١٣٧٨ق، ١٠ ژوئێن ١٩٥٩» بڵاوبۆتەوە. وتار و بابەتەکانی ژمارە (٦) بریتین لە:
ــ «سەروتار، شاهەنشا فەرموویان»، پێوەندی ئێران لەگەڵ وڵاتە عەرەبەکانا دۆستانەیە و...» (لاپەڕەی ١).
ــ «دەنگوباسە گرینگەکانی ناوخۆ و دەرەوە» (لاپەڕە ٢).
ــ «لە کۆمەڵا چۆن بژین»، «ئامۆژگاری»، «باسێکی زانیاری» و «هەزار و یەک شەو» (لاپەڕەی ٣).
ـ «وێژەی کوردستان: سالم، شێعرێکی هەورامی»، «مانای وشەکان»و «بۆ پێکەنین» (لاپەڕەی ٤).
ــ «عەدالەت لە ئیسلاما»، «ماوەی هەزار و یەک شەو»، «شێعرێکی خەییامی شێخ سەلام، نالی، مەلا پەریشان، ئەحمە هەردی» (لاپەڕەی ٥).
ــ «مێژووی ڕیشەی ڕەگەزی کورد...»، «نەتەوەی کورد و نەتەوایەتی ئێران»، چوار قوژبن» (لاپەڕەی ٦).
ــ «خوێنەرانی کوردستان»، «مەتەڵە»و ماوەی «ڕەگەزی...» (لاپەڕەی ٧).
شایانی باسە لە بەشی «خوێنەرانی کوردستان»ی ژمارە ٦دا، دوو نامە یەکیان هی «ئاغای سەید محەمەد ئەمینی شێخولئیسلامی(هێمن) و ئەوی دیکەیان هی «ئاغای

عەبدولقادری دەباغی لە سەقزەوە»(ئەندامی تێکۆشەری ژ.ک و حدکا) چاپ کراون.

ــ «لێ کۆڵینەوەی سیاسی»، «هەراڵە و زەمزەمە» و «پاشماوەی نامەی خوێنەران (لاپەڕەی ٨).

**ژمارە (٧):**

ژمارە (٧)ی حەوتەنامەی کوردستانی تاران، لە ڕۆژی «چوارشەمە ٢٦ جۆزەردان ٢٥٧١ک، ٢٦ خورداد ١٣٣٨ ش، ١٠ ذی االحجە ١٣٧٨ق، ١٧ ژوئێن ١٩٥٩» بڵاوبۆتەوە کە ئەو بابەتانەی تێدا چاپ کراون:

ــ «ئامانجی ئێمە» (سەروتار)، «٣شەمە لە هەموو وڵاتە عەرەبەکانا،کرایە جەژن وە...»، «ئیستیعفای سێ وەزیر»، «لە بەر دەرکی دەفتەری سەرەک وەزیری عێراقدا...»، «یەکیەتی ئەتلانتیکی شمالی...»، «عەبدولکەریم قاسم زیندانییەکان و شاروەدەرکراوەکان ئازاد ئەکا»، «پەیمانی بەغداد»، « دینی ئیسلام موقتەضای طەبیعی ئینسانە»، «کارناسە ئاڵمانییەکان» و... (لاپەڕەی ١).

ــ دەنگوباسە گرینگەکانی ناوخۆ، هەواڵە گرینگەکانی دەروە» (لاپەڕەی ٢).

ــ «لە کۆمەڵا چۆن بژین»، «ئامۆژگاری»، «باسێکی زانیاری» و «هەزار و یەک شەو» (لاپەڕەی ٣).

ــ «وێژەی کوردستان: سالم»، «شێعرێکی ئاغای محەمەد سەدیقی مەحموودی ـ پاشبڵاغی»، «دیاری خوێنەران ــ ئاغای سەید محەمەد ئەمینی شێخولئیسلامی (هێمن) سابڵاغ ــ کچی مەهاباد»، «مانای وشەکان»و «مەتەڵە» (لاپەڕەی ٤).

ــ «وتاری دینی»، ماوەی «هەزار و یەک شەو»، «چەند شێعری شێخ سەلام، مەولەوی، میرزا قادری پاوەیی، بێخود، شێخ ڕەزای طاڵەبانی، عەبدوڵابەگی گۆران و وەفایی» (لاپەڕەی ٥).

ـ «مێژووی ریشەی ڕەگەزی کورد...»، «چوارقوژبن» (لاپەڕەی ٦).

ــ «ماوەی سەروتار»، «چۆن بنووسین و بخوێنینەوە؟»، «خوێنەرانی کوردستان»(لاپەڕەی ٧).

لە بەشی خوێنەرانی کوردستاندا نامەی «زانای گەورە و نووسەری مەزنی کورد جەنابی مامۆستا ئەبولوەفای موعتەمەدی کوردستانی» و «ئاغای محەمەدی صاڵحی»، «قەصابیان ــ زەند » لە سنە، «ئاغایانی ڕەشید و محەمەد و ئەحمەدی ئەحمەدی ــ بانە»، «ئاغای محەمەد سەدیقی مەحموودی ــ سابڵاغ»، «ئاغای عەباسی بایگانی ــ کرماشان»، ئاغای سیروسی ئەنوەر» و «ئاغای ئیبراهیمی ئەفخەمی» چاپ کراوە.

ــ «لێ کۆڵینەوەی سیاسی»، «گۆڕانی جیهانی عەرەب»، «مانای وشەکان»، «هەراڵە و زەمزەمە»، «بۆ پێکەنین»، «کۆماری یەکگرتووی عەرەب و ئیسرائیل ــ تورکیە و رووس»(لاپەڕەی ٨).

**ژێدەرەکان:**

١- عەبدولحەمید بەدیعولزەمانی کوردستانی، لە ساڵی ١٢٨٣ی هەتاوی لە سنە لەدایک بووە ولە ساڵی ١٣٥٦ لە تاران کۆچی دوایی کردووە. بەدیعولزەمانی کوردستانی چەند زمانی وەک کوردی، فارسی، عەرەبی و فەرانسەیی زانیوە و یەکێک لە پیاوە ناودارەکانی کوردە و لە ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی هەتا ئاخرین ساڵی ژیانی مامۆستای زانستگەی تاران بووە.

٢- دوکتور محەمەد سەدیقی موفتی زادە، کوڕی عەلامە مەلا عەبدوڵای موفتی زادە لە ساڵی ١٢٩٢ی هەتاوی لە دشەی هەورامان لە دایک بووە و لە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی کۆچی دوایی کردووە، لە گۆڕستانی وەیسولقەرەنی کرماشان تەسلیم بە خاک کراوە.

دوکتور موفتی زادە، سەرەڕای ئەوەی ئەندامی دەستەی نووسەرانی حەوتەنامەی کوردستان و یەکێک لە بەڕێوەبەرانی بەشی کوردی رادیۆ ئێران(تاران) بوو، چەندین ساڵیش مامۆستای زمان و ئەدەبیاتی کوردی و عەرەبی زانستگەی تاران بووە. یەکێک لە بەرهەم و یادگارە بە نرخەکانی دوکتور حەمەسەدیق، دەستووری زمانی کوردی یە، کە لە دوو جلدا بۆ زانستگەی تارانی نووسیوە و هەر خێرومەندێکی چاپی بکا دەیدەمە خزمەتی.

٣- ئەوەی ڕاستی بێ، دوکتور غولامڕەزا ڕەشیدی یاسەمی گۆران، ٨ساڵ پێش وەشانی کوردستانی تاران مردووە. ڕەشیدی یاسەمی گۆران لە ساڵی ١٢٧٤ی هەتاوی لە گوندی گەهوارەی گۆران لە ڕۆژئاوای کرماشان لە دایک بووە و بانەمەڕی ١٣٣٠ی هەتاوی لە تاران کۆچی دوایی کردووە.

٤- ئەمن پێموایە حەوتەنامەی کوردستانی تاران، ماوەی ٤ ساڵ، یانی لە ١٣٣٨ تا ١٣٤١(١٩٥٩تا ١٩٦٢ز) وەشاوە. چونکە لە هاوینی ساڵی ١٣٥١ کە ئەمن دەورەی تەکمیلی خوێندن و نووسین و وەرگێڕانی فارسی ـ کوردی؛ کوردی ـ فارسیم لە بەشی رادیۆ تاران دەدی. چوار دەورەی جلدکراوی کوردستانم لەلای دوکتور محەمەد سەدیق دیبوون.

٥- لە ڕووبەرگی ژمارە(١)ی کوردستان دەردەکەوێ کە لە مانگی مای ١٩٥٩ دەرچووە.

٦- هەر وەک لە سەرەوە ئاماژە کراوە، دوکتور کەماڵ مەزهەریش تووشی هەڵە بووە.

٧- باسی وتارەکانی کوردستان، بە ڕێنووسی ئەورۆ نووسراونەتەوە.

٨- سولەیمانخانی ئەنەوشیروانی مودیری حەوتەنامەی «سەحەر»، کوردێکی سەقزی بوو و هەتا ساڵی ١٣٥٧ لە ژیاندا مابوو، نازانم پاش ئینقلاب چی بە سەر هات.

٩- شایانی باسە کە خوالێخۆشبوو سەید محەمەدی مەسعوودی یەکێک لە ئەندامانی تێکۆشەری ژ.ک لە کرماشان بوو. هەتا ساڵی ٥٥-١٣٤٥ هەر مابوون و لە ماڵە خوالێخۆشبوو سەید تاهیری هاشمی لە کرماشان لە گەڵیان ئاشنا بووم.

* * *

# جێگایەک لە بەهەشت

بەختیار حوسێن

جـێگایەک *لە* بەهـەشت (En plats i paradis) دووهـەمین ڕۆمانی نووسـەری بەڕێز «حەمە دۆستان»ە کە بە زمانی سوێدی بڵاوی دەکاتەوە.

ڕۆمـانەکـە باسی باری خـەڵکی کـوردسـتـان لە دوای شکسـتی شـۆڕشی کـورد لە سـاڵی ١٩٧٥ەوە و، چۆنیـەتی زیادبوونی دەسـەڵاتی حکوومـەتی فـاشـیـی عـێـراق لە کـوردسـتـان و شـێـوەی گـرتن و ئازاردان و ڕاگـوێزان و چەوسـاندنەوە و لە ناوبردنی کـورد و، هـەروەها چۆنیـەتی بەرگـرـیکردنی کـوردیش لە خـۆی تا سـاڵی ١٩٨٨ وکیمیابارانی شاری هەڵەبجە دەکات.

سـەرەتای ڕۆمـانەکـە لە ژوورێکی بەندیخـانەوە دەست پێدەکات. کوڕێکی گەنجی پارێزەر بە ناوی «قادر» گیراوە و ئەشـکەنجـە دەدرێت و بەزۆر دەیانەوێت بیکەن بە پیـاوی ڕژێمی فاشییست. پاش ئەشکەنجە و ئازار و جەزربەیەکی زۆر قـادر بەردەدەن. قـادر خـۆی نازانێ بۆ بەریدەدەن، چونکە نازانێ بۆچی گـیـراوە. بەڵام پاش مـاوەیەکی کـەم، تەلەفـۆنێکی بۆ دەکەن بۆ مـاڵەوە و بۆی دووبارە دەکـەنەوە ئەگەر نەیەتە ڕیزی پیاوانی دەوڵەت، ئەوە زیاتری پێدەکەن و لە ناویشی دەبەن!

قـادر لە گـەڵ دایکیـدا (ئامـینە)، لە کـۆڵانێکی باریکی هەڵەبجـەدا دەژی. لە ژوورەکـەیەوە ئاگـای لە ڕووداوەکـانی گـەڕەک و قسـەوقسـەڵۆکی ژنان، چۆنیـەتی پەروەردەکردنی منداڵان و یاری و گـەمـەی ئەوان هەیە. قـادر حـەز لە بێـوەژنێک دەکـات کـە ناوی شـیـرینە.. بەڵام لەبەر ئەوەی بێوەژنە و کاتی خۆی مێردەکەی برادەری بووە، هـەرچییەک دەکات ناتوانێ لای کـەس ئەم کـەین و بەینە بدرکێنێ. بەڵام جارجـار شیرین دەبینێ و دەردی دڵی خۆیان بەبادەدەن. لە پڕێکا دەنگوباسی کوشتنی کچێکی شـار بەناوی نەسرین بە دەسـتی براکـەی گـەیشـتـە ژنانی گـەڕەک. ئەوانیش هـەریەکـە و بە شـێـوەیەک بیـروڕای خـۆیان دەردەبڕی. ئەو ڕووداوە کاری کردە سەر پێوەندی قادر و شیرین.

قـادر داوای لە شـیـرین کـرد کە شـووی پێ بکات. بەڵام شیرین گوتی جارێک جەرگم براوە و منداڵێکی بێ باوکم بە سـەردا کـەوتووە، دەزانم تۆش هـەر جـێم دەهـێڵـی و، من نامەوێ جارێکی دی منداڵی بێ باوک بخەومەوە.

لەلایەکی دیکەشـەوە، دایکی قـادر زۆر خـەمـی ئەوەی دەخوارد کە جارێکی دی قادر بگیرێتـەوە و لە ژێر ئێش و ئەشکەنجەدا گـیـانی لە دەست بدات. لە بەر ئەوە زۆر بە سـاقـە و قـوربـانی دەبوو بۆ ئەوەی شـار بە جـێـبـێـڵـێت و ڕوویکاتە وڵاتێکی تر.

ڕۆژێک بە پەلەقـاژە منداڵانی گـەڕەک قـادر لە ڕێگەی مـاڵەوە ئاگـادار دەکـەنەوە کـە پیـاوانی ڕژێم بە دوایدا دەگەڕێن. قـادریش لای کەسوکـار خـۆی دەشارێتـەوە و بە هەر شـەڕەشـەقـێک بێت خـۆی دەگەیێنێتـە بە غـدا بۆ لای خـــاڵی و، ئەویش هـەوڵێکی باشـی بۆ دەدات بۆ ئـەوەی ڕەوانەی دەرەوەی عـێـراقی بکات. بەڵام چەند کاتژمـێـرێک پێش دەرچوونی لەلایەن پیـاوانی ڕژێـمـەوە دەگـیـرێ و دەخـرێتـە کـونجی بەندیخـانە. پاش لێدان و ئەشکەنجـە و ئازاردانێکی زۆر دادگایی دەکرێ و بڕیاری دادگـاش بە لە سێدارەدانی و پەنجا ساڵ بەندی دەدرێت.

پاش مـاوەیەک دەنێردرێت بۆ بەندیخـانەی موسڵ. لە ناو بەندیخـانەدا ژمـارەیەکی زۆر لە کوڕی گەنجی کـورد دەبینێ کە، هەموویان بە تاوانی کوردایەتی بڕیاری لەسێدارەدانیان دراوە. لەوانە وەسـتـا ئەنوەور، مـەلاعـەلی و عـەبدولی

پێشمەرگە، کە کاتی خۆی قادری داوە بە گرتن. لە بەندیخانەی موسڵ هەر ڕۆژە و ژمارەیەک کورد دەبرێن بۆ لە سێدارەدان. ئەو ڕۆژەی کە نۆرەی وەستا ئەنوەرە ببرێت بۆ لە سێدارەدان، جوانترین جل لەبەر دەکات و دەستدەکات بە گۆرانی و سروودی نیشتمانی و سەماکردن و، نامەیەکیش دەداتە دەست قادر و داوای لێدەکات دوای لەسێدارەدانی بیخوێنێتەوە. قادریش پەیمانەکەی دەباتەسەر و کاتێک نامەکە دەخوێنێتەوە تەنها ئەوە نووسراوە کە ڕقی لە عەبدول نەبێت، هەڵەی عەبدول نییە کە قادر لە بەندیخانەیە، ئەو ڕقەی با لە لایەنی دیکە بێت کە کورد لەناودەبات، بۆیە داوادەکات کە لە عەبدول ببوورێت.

پاش ماوەیەک نۆبەی قادر و عەبدول دێت بۆ لە سێدارەدانیان. وا بڕیارە کاتژمێری هەشتی ئێوارە بیانبەن بۆ هەڵواسین. دڵیان زۆر ناڕەحەت دەبێت و بیر لە زۆر شتی ژیان دەکەنەوە.

قادر هەموو ژیانی ڕابردووی دێتەوە بەرچاو بە خۆشی و ناخۆشییەوە. ئەوان هەر وا چاوەڕوان دەبن وکاتژمێر لە هەشت لادەدات، بەڵام پاسەوانان نایەن بە شوێنیاندا. ئەو شەوە تێپەڕدەبێ و بۆ بەیانی پاسەوانان دێن و دەڵێن کە سەددام حوسێن عەفووی دەرکردووە و هەموو بەندییەکان بەردەدرێن. لە خۆشیان نازانن چی بکەن و چی بڵێن، بڕوا ناکەن! بەڵام ڕاست بوو، قادر لەگەڵ خزم و کەسوکار دەگاتەوە هەڵەبجە. هەر لە پاش گەیشتنەوەی بۆ ماڵەوە و باشبوونەوەی زام و برینەکانی و هاتنەوە سەرخۆی، لە سەر داوای دایک و خزم و کەسوکار بڕیاری دا بەرەو دەرەوەی وڵات بەڕێ بکەوێ. قادر و عەبدول پاش چەرمەسەرییەکی زۆر، بە یارمەتی کەسانی پاک و خاوەن ویژدان، بە ڕێگەی ئێران و تورکیاوە بەرەو یۆنان و لەوێشەوە بەرەو سوید کەوتنەڕێ. بەڵام لە سوید پەناهەندەییان پێ نادەن و لەبەر ئەوەی خاوەنی پاسپۆرتی لوبنانی بوون، بەرەو لوبنانیان بەڕێدەکەن. فرۆکەکە لە سوریا دەنیشێتەوە و ئەمانیش لە سوریا خۆیان دەدەنە دەست پۆلیسەوە. بەڵام بە هۆی پێوەندی هەندێ برادەریانەوە بە لێپرسراوی یەکێتی نیشتمانییەوە پاش ماوەیەک بەردەدرێن.

کاتی خۆی قادر لە یۆنان کچێکی سویدی ناسیوە و ماوەیەک بە یەکەوە بوون. ئەو کچە لە ڕۆژنامەکانی سویددا بڵاوی دەکاتەوە کە کوردێک بەو ناوە لە سویدەوە دەرکراوە بۆ لوبنان و، ژیانی لە مەترسیدایە. ڕۆژنامە سویدییەکان ئەو کارە ناڕەوایە زۆر باس دەکەن. برادەرێکی قادر کە ناوی «دۆست»ە لە سویەوە تەلەفۆنیان بۆ دەکات بۆ ئەوەی ئەمجارەش بگەڕێتەوە بۆ سوید. قادر و عەبدول دەگەڕێنەوە بۆ سوید و پاش ماوەیەک مافی پەناهەندەیی وەردەگرن و دڵیان زۆر خۆش دەبێت و بڕیاردەدەن ژیانیان سەرلەنوێ دەست پێبکەنەوە. دوای ماوەیە وردەوردەدە ئەو دڵخۆشییە دەڕەوێتەوە، هەست بە تەنهایی و نامۆیی ودوورەوڵاتی زۆریان بۆ دێنێ و، ئاوات بۆ ساڵانی ڕابردوو دەخوازن. عەبدول سوید بە جێدێڵێت و ڕوودەکاتە لەندەن. قادریش وەک مامۆستای زمانی زگماکی ئیشێکی دەست دەکەوێ و، لەگەڵ کچێکی سویدی دەبن بە هاوسەری یەکتری.

قادر بە هۆی ئیشەکەوە، گەلێک لە ناسیاوانی دەبینێتەوە و زۆر تێکەڵاوییان دەکات. ئەو تێکەڵاوییە لەگەڵ ناسیاوانی کۆن، هەندێ کێشەی سەبارەت بە کچە سویدییەکە بۆ دروست دەکات. بەڵام کارتێکردنەکە ئەوەندە زۆر نییە تا لە یەکتریان جیاکاتەوە. بەڵکو پاش ماوەیەک منداڵێکیان دەبێت. بەڵام ناشانسی قادر لەوەدایە کە هەمان ڕۆژ کە «ماری» خێزانی منداڵەکەی دەبێت، هەواڵی کیمیابارانی هەڵەبجەش دەبیستێت و، ژیانی لە خۆشیی بوون بە باوک و دروستکردنی خێزانێکی بەختیارەوە، دەبێتە شەوێکی تاریک و تاڵ و، هەمان ڕۆژ ئۆقرەی لێ هەڵدەگیرێت و بە ماری دەڵێت دەگەڕێمەوە بۆ لای کەسوکارم. پاش دەمەقاڵێیەک هەرچۆنییەک بێت بلێتی فرۆکەی ئێرانی پەیدا دەکات و خۆی دەگەیێنێتە ئێران. لەوێ ئۆردوگا بە ئۆردوگا ونەخۆشخانە بە نەخۆشخانە دەگەڕێ و، هەواڵی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە لە ڕزگاربووانی ڕووداوەکە بە وردی دەبیستێ. هەرچۆنییەک بێت دایکی لە ئۆردوگایەکی پەناهەندە هەڵەبجەییەکان دەدۆزێتەوە کە لەگەڵ شیرینی کۆنە خۆشەویستی و مێردومنداڵەکانی لە چادرێکدا بە یەکەوە دەژین. قادر و دایکی قسە و باسێکی زۆر دەکەن و هەرچی ئەو دەساڵەی لە دڵیاندا بووە هەڵیدەڕێژن. دایکی بڕیار دەدات بگەڕێتەوە هەڵەبجە و، قادریش لەگەڵیدا دەڕوات. دوای بەسەرکردنەوەی هەڵەبجە و بینینی ئەو بارودۆخە بە چاوی خۆیان کە چ کاولییەک و کوشتارێک بە سەر شارەکەدا هاتووە، دایکی بڕیاردەدات بچێتە




سلێمانی. قادریش دەگەڕێتەوە بۆ سوید بۆ لای ژن ومنداڵەکەی.

هەرچەند ڕۆمانەکە باسی باری خەڵکی هەڵەبجە لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسدا دەکات، بەڵام لەو بڕوایە دام هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان کە لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەران دان، خەڵکەکەی بە هەمان شێوە تووشی زۆر لێکردن و ئازاردان و، گرتن و کوشتن بوون و دەبن، وە بە زۆر ملک و ماڵیان لێ زەوت دەکرێت و لە خاکی باوباپیرانیان دەردەکرێن؛ لە بەر ئەوە هەر کوردێک ڕۆمانەکە بخوێنێتەوە بە دڵنیاییەوە خۆی و کەسوکاری و شار و گوندەکەی خۆی تێدا دەبینێتەوە.

سەبارەت بە سەرجەمی ڕۆمانەکە دوو تێبینیم هەیە، یەکەم: نووسەری بەڕێز بە شێوەیەکی ئەوەندە جوان ووردەکارییەوە باسی شاری هەڵەبجە و هەندێک لە کەسە ناسراوەکانی وەکو بەختیاری دەلاک، عومەری وێنەگر و عومەری خاوەر و، وتووێژی ژنانی بەر دەرگای کۆڵانەکان و، چۆنیەتی ئازاردان و چەوساندنەوەی کوردان لە بەندیخانەی بەغدا و موسڵ و، پەناهەندە بریندارەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە و، چۆنیەتی داوای پەنابەریی لە سوید و هەستی دوورەوڵاتی و نامۆیی دەکات کە خوێنەر دڵنیا دەبێت کە ڕۆمانەکە، یان یادداشتنامەی حەمە دۆستان خۆیەتی و خۆی لە ڕووداوەکاندا ژیاوە، یا خود کەسێک کە خۆی ڕاستەوخۆ لە ڕووداوەکاندا بەشدار بووە و بۆ نووسەری باس کردووە. بەڕاستی کاک حەمە دۆستان زۆر بە جوانی و سەرکەوتووانە ئەو ڕووداوانەی گێڕاوەتەوە.

دووهەم: نووسەری بەڕێز دوو ڕووداومان بۆ دەگێڕێتەوە، یەکێکیان کچێکی گەنج بە ناوی نەسرین کە بە دەست براکەی دەکوژرێ لە هەڵەبجە، ئەوی دیکەش دوو برا بە ناوی زانا و ئەمیر کە خەڵکی هەڵەبجەن و لە سوید دەژین..

دەربارەی ڕووداوی یەکەم، بەوەی من خۆم خەڵکی هەڵەبجەم و ئەو کاتەش کە ڕۆمانەکە باسی دەکات لەوێ ژیاوم، هەرچەند سەر دەبەم و سەر دەهێنم نایەتە یادم کە ڕووداوێکی لەو شێوەیە ڕووی دابێت وخەڵک بەو شێوەیە باسی کردبێت. دەربارەی دوو براکەش: بە هەمان شێوە لەم ماوەیەی کە خۆم لە سوید بووم و، دیارە لەبەر ئەوەی زۆر خەریکی کاری کۆمەڵایەتی بووم و پێوەندییەکی تەواوم لەگەڵ زۆربەی کوردە پەنابەرەکانی خەڵکی هەڵەبجەدا هەبووە، لەوکاتەدا ژمارەی پەنابەرانی ئەو ناوچەیە بە پەنجەی دەست دەژمێردران و دەشزانم کە دوو برای لەو جۆرە کە یەکێکیان بەو ماوە کورتە ئەوەندە خۆی گونجاندبێت و ، ئەوی دیکە لە قاڵبەکەی خۆیدا مابێتەوە، نەبووە. لەبەر ئەوە لەو بڕوایەدام ئەم دوو ڕووداوە لە فانتاسییەوە هاتبێت و بەپێچەوانەی ڕووداوەکانی دیکە، لە واقیعیەت دوورن. وابزانم هێنانەوەی ئەو دوو ڕووداوە کە ڕەنگدانەوەی ماسمیدیای سویدی یە، هەوڵێکی کاک حەمە دۆستانە بۆ گونجاندنی ڕۆمانەکە بۆ خوێنەری سویدی. بەڵام کاک حەمە دۆستان زۆر سەرکەوتوو نەبووە لە تێهەڵکێشانی فانتاسی نووسەر خۆیەوە بە یادداشتنامەی خۆی یاخود کەسێکی دیکەوە، کە بەلای منەوە ئەمە هەندێک بالانس(پارسەنگ)ی ڕۆمانەکەی شێواندووە. ئایا خوێنەری سویدی چۆن تام لە ڕۆمانەکە دەبینێ و چۆن لێی تێدەگات ئەوە شتێکی دیکەیە.

لە کۆتاییدا هیوادارم کاک حەمە دۆستان سەرکەوتووبێت لە کارەکانیدا و، چاوەڕوانی بەرهەمی نوێ و بەپێزتری لێ دەکەم. حەزیش دەکەم ئەوەش بڵێم کە ڕۆمانەکە لە ڕووی مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە زۆر بە نرخە وئەوەی بیخوێنێتەوە تام و چێژی تەواوی لێ دەبینێ و لێی پەشیمان نابێتەوە.

• • •

# له بواری قەومییەوە تا بواری سیاسی

(باسێک سەبارەت بە قەوم و نەتەوە)

ڕۆلان برێتۆن Roland Breton

وەرگێڕانەوە لە فارسییەوە: ئەڕژەنگ

❐ شوێنگەل و کایەوانەکان

**١. شکڵگرتووییەکانی فەزایی و قەومی**

سەحنە و گۆڕەپانەکانی مێژوو، پانتاییەکی زەوینین وێڕای نێوگەلێکی ئاشنا و بیانی کە بە «وڵات» یا «مەنتەقە(هەرێم)»نێودەبرێن. بەشێکی زۆری ئەو نێوانە لە ماناکانی قەوم(ethnic)ی هەڵێنجراون: واژەی «فەڕانسە» بەر لەوەی نێوێک بۆ «فەڕانسەییەکان» بێ، وڵاتی «فرانک»ەکان یان «فڕانس»ەکان بووە. «بریتانیای مەزن» دە ئەسڵدا دوورگەی گەورەی «برێتۆن»ەکان؛ «ئینگلستان» سەرزەوی «ئەنگێل»ەکان؛ وە «ئاڵمان» بۆ فەڕانسەیی و ئیتالیاییەکان سەرزەوی «ئاڵمانەکان» و بۆ گروپێکی دیکە سەرزەوی «توتۆن»ەکان (دۆیچلەند یا دۆیتسلەند) یا «ساکسۆن»ەکان بووە. هەرئەو جۆرەی کە دانیمارکیش قەڵەمڕەوی «دانۆ»کان بە حیساب هاتووە و غەیرە. نێوگەلی هێندێک لە وڵاتان تا ماوەیەکی زۆر، تەنیا بۆ شوێنە گچکەکانی جۆغرافیایی بەکاردەهاتن بەڵام وردەوردە پانتاییەکی مەزنتریان گرتەوە و سەرئەنجام بە نێوی نەتەوەکانیانەوە ناسران. نێوگەلێکی وەک «ئیتالیا»، «ئیسپانیا»، پۆلەند» و «کانادا» و... لەو ڕیزەن.

بەڵام ئەوەیکە کەمتر ئاسایی دێتە بەرچاو، ئەو نوکتەیەیە، کە لە قەڵەمڕەوێکی ئینسانیدا، وڵاتێک و خەڵکێک، لە هەموو شوێنەکان و لە هەموو زەمانەکاندا بە شێوەیەکی دانەبڕاو لە تەک یەکتر تێکەڵاو بن و دوو تەواویەتی هاوبەش بە حیساب بێن. لە بیرمان بێ کە نێوێکی مەنتەقەیی، خاوەنی مێژوویەک بە زمانێکی تایبەتی یە و، هەر بۆیە سەرچاوەکەی بەگشتی زۆر لەو سەرزەوییە کۆنترە کەوا ئەوڕۆ ئەم نێوەی بە سەردا بڕاوە؛ وە لەو جێیەڕا کە قەبوڵکردن و هەراویی ئەو نێوە بە هۆی گۆڕانکارییە زۆروزەوەندە مێژووییەکانەوە بووە و، هەروەها بە دەلیلی ئەوەیکە نێوی زۆربەی وڵاتان، جگە لە دوورگەکان، لەگەڵ تەواویەتێکی سروشتیی دیاریکراودا بە تەواوی یەکناگرنەوە، بەم پێیە دەبێ بگوترێ کە لە بنەتادا، سنوور و مەرزەکان هەموو بە شێوەیەکی سەرەڕۆیانە دیاریکراون؛ کەوابوو تەنیا لە چوارچێوەی زەمانێکی دیاریکراودا خاوەنی مانان.

هەموو وڵاتانی سەردەمی ئێستا، بەر لە هەر شت واقیعیەتگەلێکی دامەزراوە، قانوونیکراو و ئامۆژەدراون و بە دەگمەن مومکینە بە واقیعیەتی زاتیی فیزیکی و سروشتی بژمێردرێن. بەپێچەوانەوە، هەر وڵاتێک بە شێوەی تێکڕایی، فەزایی سازکراوە کە ئینسانگەلێکی تایبەت، زمان و فەرهەنگ و شێوەی ژیانی خۆیان تێدا دامەزراندووە.

لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەند کە مرۆڤگەلی ئەوڕۆیی وەک سنوورەکانی ئەوڕۆیی، دەگەڵ ئینسان و مەرزەکانی دێرین و دۆینێیی جیاوازن، کەچی هەموو دەوڵەتەکان هەوڵدەدەن مێژووی خۆیان جۆرێک بخەنەڕوو وەک بڵێی هەمیشە بە درێژایی سەدەکان پەیتاپەیتا لە سنووری جۆغرافیایی ئێستادا حزووریان هەبووە. بۆنموونە، پاکستان، وڵاتێک کە لە ساڵی ١٩٣٣ سازکرا و لە ساڵی ١٩٤٧ دابەش کرا،

**بە دەلیلی ئەوەیکە نێـوی زۆریـەی وڵاتان، جگە لە دوورگەکان، لەگەڵ تەواوییەتێکی سروشتیی دیاریکراودا بە تەواوی یەکناگرنەوە، بەم پێیە دەبێ بگوترێ کە لە بنەتادا، سنوور و سەرزەکان هەمـوو بە شێـوەیـەکی سەرەڕۆیانە دیاریکراون، کەوابوو تەنیا لە چوارچێوەی زەمانێکی دیاریکراودا خاوەنی مانان.**

ئەورۆ پێیوایە میراتگری شارستانێتی (۲۰۰۰ ساڵ پێش ئێستای) هێندە، هەر چونکە گرینگترین شوێنەواری ئەم شـارسـانیـەتە لە حـاڵی حـازر دا لە خـاکی ئەو وڵاتە هەڵکەوتووە.

کـــەوابوو دۆزینـەوەی پێـــوەندییـــەکی ئەوتۆ لە بـەینی ئەندێشـــە تایبـــەتەکـانی هێندێک گـــروپ و دەوروبـەری سروشتیدا کە جاریوایە شێوەی مەتەڵ بە خۆوە دەگرێ و، جاریواشە بە شێوەی دەستکرد دەبریسکێتەوە، پێویستە.

**۲. هەوێتی قەومی**

هەر مرۆڤێک پێـیخـۆشە کە هەوێتی(identity) خـۆی ئاگایانە لە گروپێکی تایبەتدا بدۆزێتەوە. هـەوێتی دەتوانێ لە چەند پلـەی مـــومکیندا هـەبێ و هـەر کـــەس بۆی هەیە هاوکات و بە شـێـوەی ئاسـایی چەند هەوێتی قـەبوڵ بکا. لەگـــەڵ ئەوەش ئەو هـەوێتـــیـــانە بە گـــوێرەی نەریتـــە کـۆمـەڵایەتیـــە جـۆراوجـۆرەکـان جـیـاوازن. بۆ نـمـوونە، تێکەڵاوییە جۆراوجۆرەکان بە خێزان، بە خێڵ، بە تایفە، بە دین، بە چینی کـــۆمـــەڵایەتی، بە قـــەوم، بـە نەتـەوە و شـارستـانێـتی دەتوانێ لە هەوێتی هـەرکـەس دەگەڵ یەکتر سـازشتـیان هـەبێ و، کەسێکی وا دە توانایدا هەیە گەلێک ئەمـەگـداریی جـۆراوجـۆر کـە لە باری جـوغـرافـیـایی یا کۆمەڵایەتییەوە دەگەڵ یەکتر تێکەڵاوییان هەیە، نیشان بدا. لەگەڵ ئەوەش، هەر مرۆڤێک بەگوێرەی بوار، بە ئەم یا ئەو تێکەڵاوییەی خۆی لەم یان لەو پلەی جیاوازدا، گرینگییەکی زۆرتر دەدا و، ئەو نزیکایەتیـــیـــەی لە زنجـیـــرەیەکی پلەبەندیکراوی ئەمەگدارییە ناوخۆیی و سەلێدراوەکاندا جـــێـــدەکـــاتەوە. دۆزینـەوەی هـەوێتـــیی تاکـــەکـــان لە گروپ(ەکان)دا، سەرچاوەی هێزی ڕەوانی و هاوسەنگی و پشکوتنی کـەسـایەتی یە. هەوێتی کـــەم تازۆر لە لای هەمـــوان، کارێکی ئاگایانە یە و، دەبەرگری هەڵبـژاردنی داوخـــوازانە و نەریتگەلێکە کـــە هـەرگـــیـــز ناچنە ژێر پرسیارەوە.

بۆ نموونە، ئاکـامی ڕاپرســێک کـە لە ســاڵی ۱۹۹۲ لە نێوان گروپێکی خەڵکی فەڕانسە پێکهات نیشاندەدا کە ســـەرتۆپەکـــانی هەوێتی بۆ ئەوان بە ڕیز بەم چەشنەی خـوارەوە بووە: ۹٪ لەو گـروپە هـەوێتی خـۆیان «جـیـهـانی» ڕاگـەیـاندووە، ۵٪ «ئوروپایی»، ۳۷٪ «فـەڕانسـەیی»، ۲۳٪ هەوێتی خۆیان لە هەرێمی نیشتەجێبوودا زانیوە و هەروەها ۲٤٪یش هەوێتـــیـــان لە زێدی لێـــژیاوی خـــۆیاندا دەستنیشانکردووە.

**ئا) تێکەڵاوییەکانی کۆمەڵایەتی و قەومی**

لە ناو گـروویە مـرۆڤـایەتیـیـە جـۆراوجـۆرە کـاندا، کـە هەرکەس لە باری زەینییەوە خۆی سـەر بە گروپێک دەزانێ و، بە هۆی ئەوانەوە دەکرێ بە شێوەی عەینی تاریف بکرێ و پێگەی وی لە تێکڕای مـــرۆڤـــایەتیـــدا دیاری بکرێ، بەگـوێرەی هەلومـەرجی ژیان و نیـازگـەلی لێکۆڵینـەوەیی، جاریوایە ئەنگوست لە سەر تێکەڵاوییە کۆمەڵایەتییەکان دادەندرێ و، جاریواشە لە سەر تێکەڵاوییە قەومییەکان. ئیدەئۆلۆژی گشـتـیی زاڵ لە سـەدەی نۆزدەدا بە توندی لە سەر چینە کۆمەڵایەتییەکان، زانیاری چینایەتی، خەباتی چینایەتی و... واتە لە ســـەر کـــۆمـــەڵێک تایبـــەتمەندی پێیدادەگرت کە گرینگییان ئینکارنەکراو و ڕیشەیان لە بواری ئابووریدا هەبوو. بەڵام لەو کۆمەڵەیەدا، پێداگرتن لە سـەر بواری ئابووری وایدەکرد واقیـعیـەتی قـەومیی کە بناغەی فەرهەنگییان هەبوو، بشاردرێنەوە. لە ڕاستیدا، بواری کۆمەڵایەتی و بواری قەومی دوو گوتەی هەمیشەیی و گشتین کە لە هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا لە ئارادان و دەتوانن ببنە سـەرچاوەی دەسـتـدرێژییـەکـان، خـراپ لێکحـاڵیـبـوونەکـان و ناپایەدارییـەکـانی لەم چەشنە. لە قووڵایی ژیانی مرۆڤەکاندا، هەمیشە ئەو دوو دینامیسمە بەهێزە، واتە پەرەگرتوویی ئابووری ـــ کۆمەڵایەتی لە لایەک و، پەرەگـــرتوویی قـــەومی ـــ فـــەرهـەنگی لەلایەکی تر کـــارتێکەرن. سـەر بە قـەومی و سـەر بە کـۆمـەڵایەتی، بابەتگەلی سەرەکی تێڕوانین لە دوو ڕشتەی دراوسێ بەڵام لێکجیاواز ـــ واتە مرۆڤناسیی کۆمەڵایەتی یا مەردمناسی و کـۆمـەڵناسی پێکدەهێن و، بۆیەش هەردووک دەتوانن ڕێگەی خـۆیان بۆ ناو ئاوەڕۆی زانستە ئینسانییەکانی دیکە، وەک جۆغرافیا، مێژوو و زانستی سیاسەت بکەنەوە. بێ لەوەش، وێڕای سەرنجدان بە بەربڵاویی گشتی دیاردە کـۆمـەڵایەتی و قـەومـیـیـە گـۆڕینەکـان، ئەو دیاردانە بە

شێـوەیەکی هەراو، وێژیاگ (discourse)ی سیـاسی یا ماسمێدیایی بەهێزدەکەن. هەڵبەت ئاشکرایە کە بایەخی ئەو کارە، توێژاڵیـبوونی لێکۆڵینەوەکان، ساویلکەکاری، بەکەمگرتن و کۆمەڵە هەڵەیەکن کە خوازراو و نەخوازراو بە خراپ لێـحـاڵیـبـوونیش کـۆتاییـان پێـدێ. ئەو جـۆرە هەتڵەبوونانە لە ئەندێشە و وێژیاگدا کە چ لە بابەتی قەومی و چ لە بابەتی ساختومانی کۆمەڵایەتییەوە دەکەونە بەرچاو، دەتوانن بـە هاتنەکـایـەی بەرژەوەندی گــەمــەکــەران و هەڵوێستگرتنەکانی لایەنگرانەی لایەنە جۆراوجۆرەکان، توندوتیژتر ببن.

**بێ) ناڕوونی لە هەوێتییەکاندا**

قـسـەکـردن لە چینەکـانی کـۆمـەڵایەتی یا قـەومـی، بە بارتـەقـای باسکردن لە جـەریانی کـاڵاکـان، هـەڵبـژاردنی سـیـاسی، مـانۆرگـەلی نیـزامی(سـەربازی)، جـۆرەکـانی بوونەوەرێتی یان دیاردەگەلی جۆغـرافـیـایی، کـە ئەوانیش ئاڵۆزیی تایبـەت بە خـۆیان هەیە، ئەوەندەش هـاسـان نیـیە. چونکە دە بابەتی چینەکـان و قـەومـەکـاندا، دیاریکردنی سنووری گـروپە ئینسـانیـیـەکانی گـۆڕین، ئەندازەگـرتن، خستنەڕوو و هەڵسـەنگاندنی ئەوان لەگەڵ یـەکتر کـارێکی زۆر ئەسـتـەم دەژمـێـردرێ. لێـرەدا هێـشـتـا شـتـێـکمـان سـەبارەت بـە باری عـاتفی کـە لەم بوارەدا، هـەر چەشنە وێژیاگێک دە ڕووتێکراواندا پێکدێنێ، نەهێناوەتەگـۆڕێ. دیاریکردن و هەڵاواردنی مووچەخۆرێک لە وردەبۆرژوایەک، یان دیاریکردنی کوردێک لە تورکێک، کارێک نییە کە بکرێ هەر بەو ئاسانییـەی کە بۆ نموونە تۆنێک ئاسن لە تۆنێک پۆڵا جیادەکەینەوە، ئەنجام بدرێ. تەواوی ئاڵۆزییەکە لەوێڕا سەرچاوە دەگرێ کە گروپە کۆمەڵایەتی و قەومییەکان لە واقیعدا دە گوتەی «کۆگەلی ناڕوون»[1] جێدەگرن. واتە کۆگەلێک کە هەر یەک لە ماکەکانیان ناتوانرێ هەمیشە دە ئەم یا ئـەو ژێر کـۆگـەلەدا توێژبـەندی بکرێ. ئەو گـوتەیە لە مــاتماتیکی مــۆدێرن و زانســتی ڕایانەدا ناســراوە و، هەرچەند دەکرێ دەگەڵ ڕایانەکان شـیبکرێتـەوە، بەڵام بۆ ئەو کـارە تێبینیگەلێک لەو پێوەندییـەدا پێویستـە کـە لە چوارچێوەی مـەنتـیـقی دووگـەرایی (dualism)ی بـاودا جێناگرن.

ئەمـڕۆ چەمکی چینەکـانی کـۆمـەڵایەتی تاڕادەیەک دەرفـەتی باس، شـیکردنەوە، جـەختکردنەوە، وردبوونەوە و بەهرەوەرگرتنیان بۆ ڕەخساوە. ئەگەرچی دەکرێ سنووری ئەو چینانە بە ڕێژەیی دابنرێ بەڵام ناتوانرێ هەبوونیان، بەرژەوەندییان، سـەرهەڵدان و گۆڕانکارییان حـاشابکرێ. هەر ئەو کـارە لە شـیکردنەوەی گـروپەگـەلی قـەومـیـشـدا وەڕاست دەگـەڕێ. بەڵام لەو بوارەشـدا، دەبێ بە ناچاری لەوپەڕی ئەو ناڕوونییـەی کـە لە وێنەگـەلی ڕواڵەتیدا هەن، وەدوای شیکردنەوەی واقیعە ئاڵۆز و بگۆڕەکان بکەوین. بۆ ڕوونکردنەوەی واقیعەکانی هەوێتی قـەومی دەکرێ لە سێ ڕێگاچارەی سەرەکی کەڵک وەربگیرێ.

ڕێگای یەکـەم، ئەوەیکە هەوڵبـدەین پێگەکـانی تایبـەت، عـەینی و زەینیی هەر چەشنە سـەر بە گـرووپبـوونێکی فەرزکراو دیاریبکەین. ئەوە ئەم بوارەمان بۆ دەرەخسێنێ کە کۆگەلی ناڕوون لە قالبێکی گەلاڵەکراودا کە سنوورمان بۆ کێشاوەتەوە، هەڵاوێرین. پاشان، دەبێ هەوڵبدەین بەبێ نەفیکردنی بایەخی نوانگەیی و عاتفی واتە بەوردی بایەخی هەوێتیپێدەری ئەو قالبە باوانەی کە بە هەر کام لەو قەومانە دەدرێ، بیـانخـەینە دواوە. سـەرئەنجـام دەبێ بتـوانین بۆ بەرەنگاربوونەوەی ساویلکەکاری و دووگەرایی کە قەومیەت و میللیەت دوو لەت دەکا، ڕێگاچارەیەک بدۆزینەوە، چونکە هەردووکی ئەوانە دە ناخی جۆرایەتی مەزنی بارودۆخەکانی ناوەوەی مـرۆڤـایەتیدا_ ئەو لکاوە مـەزنەی قـەومـیی _ سەقامگیر بوون.

هۆی ئەوەیکە لە سەر ئەو کارە پێدادەگرین ئەوەیە کە لە ئاوەڕۆی زانستی ئینسانیدا ئێمە لەگەڵ کۆگەلێکی ناڕوون و لێڵ ڕووبەڕووین و، دەبێ ئەو تێبینییـانە کـە لە نێوان «عەین دە خۆ» و «زەین بۆ خۆ»دا جیاوازی دادەنێن، لەبەر چاو بگرین و بەشێکی زۆر لەو پێشداوەرییە عاتفییانە لەناوبەرین. زۆرێک لەو خراپ تێگەیشتنانە دەتوانن حاسڵی کـاری خـودی کـابرای سـەرنجـدەر بن یا لانیکەم لەلایەن ئەوەوە بێنەگـۆڕێ و تـوندوتیـژبکرێن، لە حـاڵێکدا ئەو، بۆ هەڵسەنگاندنیان هیچ کلیل و پێوانەیەکی گشتی لە دەستدا نیـــیــــە. بۆ نمـوونـە، لەم بـوارەدا، دەتـوانرێ بـە بەرەنگاربوونەوەیەکی کۆن کە ماوەیەکی زۆر بەر لە ئێستا لە نێوان گۆڕەپانی لیکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی _ ڕۆژئاوا _ و گـۆڕەپانی لێکۆڵینەوەی مـەردمناسی _ کـۆمـەڵگا ئینسانییـەکانی دیکە _ لە ئارادان و، دەبوایە تائێستا لەناوچووبان، ئاماژە بکرێ.

**پێ) قەوم و نەتەوە**

بەرەنگاربوونەوەی لەپاڵەوە، بـەڵام ڕیشـەیی لە نێـوان

**دەوڵەت، بەرهەم، قسەوێژ و مەتاڵی بەڵای نەتەوەیە، کە وردەوردە بە کردەوەی پەیتای مێژوویی خۆی جێنشینی واتای میللەت بووە و واژەی میللەت تەنیا لە دەرەوە بە سەری دادەبڕێ.**

نەتەوە و قەوم کە بە توندی کاریان کردووەتە سەر وێژیاگ(discourse)ەکانی سیاسی و ماسمێدیایی و زانستی و ، تەنانەت لە سەر عەقڵی سەلیم و ئیدەئۆلۆژییە زاڵەکانیش تەئسیریان داناوە، بەوردی هەڵقوڵاوی مەسەلەگەلی سەرەوەیە. دوو واژەی نەتەوە و قەوم، بۆ دیاریکردنی خەڵک، جەماوەر، گرۆپەکان و کۆمەڵە گەلێک بەکاردێن کە بە تەواوی لەگەڵ یەکتر شیاوی هەڵسەنگاندنن. لەگەڵ ئەوەشدا لە هەڵسەنگاندنیان لەگەڵ یەکتر، لە دانانیان دە هێڵی یەکتردا و، لە بەرانبەر دانانیان لەگەڵ یەکتر هەمیشە دوورەپەرێزی دەکرێ و ئەوە بەر لە هەموو شت لە واژەکاندا بەرچاوە.

«نەتەوە» واژەیەکە شیاوی ڕێز و تەنانەت بە پیرۆز زاندراو، بەتایبەت لە فەرانسە کە لەوێندەرێ ئەو واژەیە، بایەخی مێژوویی بە دەست هێناوە و بە خەڵکێک دەگوترێ کە توانیویانە چارەنووسی خۆیان بە دەستەوە بگرن و بە دەسەڵات بگەن. حاکمیەتەکانی نەتەوەیی و خەڵکیی بە هۆی چەمکی نزیک بە یەکتریان و بە هۆی ڕەوتی وەکیەکیان کە لە پەرەگرتنەکەیاندا هەیانبووە، لە ئاست حاکمیەتە سەڵتەنەتییەکانی قەدیمی و هێزەکانی بیانی (کە لە دەوڵەت خراپ کەڵک وەردەگرن) لە کن یەک دادەنرێن. لە زەمانی والمی[٢] و هاواری «بژی میللەت!»، بەو جۆرەی کە لە سەر **گۆتە** تەئسیری داناوە، دەوڵەتی میللی ئەو ڕاستییە نوێیەی لە قالبی خۆیدا جێکردووەتەوە و ئەو دوو واژەیەی لە باری واتایی و هەروەها لە ڕادەیەکی سیمبۆلیک دەیەکتردا کۆکردووەتەوە: یەکەم واژەیەک کە بە کۆمەڵێکی ئینسانی دەگوترێ و دووهەم واژەیەک کە بۆ دامەزراوەیبوونی ئەو کۆمەڵەیە بەکاردەبرێ. لەم ڕووەوە دەوڵەت، بەرهەم، قسەوێژ و مەتاڵی بەڵای نەتەوەیە، کە وردەوردە بە کردەوەی پەیتای مێژوویی خۆی جێنشینی واتای میللەت بووە و واژەی میللەت تەنیا لە دەرەوە بە سەری دادەبڕێ. لە ئاکامدا واژەی میللەت، کاتێک کە بە تەنیایی بەکاربرێ، بە شێوەیەکی باو دەرخەری دەوڵەت یا وڵاتەکانە. «کۆمەڵەی نەتەوەکان» و «ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان» لە ڕاستیدا ڕێکخراوەگەلێکن کە تەنیا دەوڵەت و وڵاتە خاوەندەسەڵاتەکان لە خۆیدا جێدەکاتەوە. یەکەمین وشەگەلی ڕاگەیێندراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (١٩٤٤) ئاوایە: «ئێمە، نەتەوە یەکگرتووەکان...» کە چەشنێک لەبەر هەڵگرتنەوەی ڕاگەیێندراوی سەربەخۆیی ئەمریکایە: «ئێمە، خەڵکی ئەمریکا...» ئەو وشەگەلانە خۆی دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە مافی قسەکردن بە نێوی خەڵک، خراوەتە سەر ئەستۆی دەوڵەتەکان. دەوڵەتگەلێک کە نێوی نەتەوەیان لە سەر خۆ داناوە و لە ڕاستیدا مافی قسەکردنیان لە چنگ خەڵک دەرهێناوە.

بەم جۆرە، ئەو دەوڵەتە نوێیانەی کە لەو کاتە بە دواوە بەدیهاتن و، وڵاتانێک کە بە سەربەخۆیی گەیشتن، بە کردەوە بە نێوی نەتەوەشەوە ناسران. ئەوپەڕی سەختگیری لەو ڕەوتەدا ئەوەبوو کە ماوەیەک بە عینوانی زەمانی بواری دوای سەربەخۆیی، لەبەر چاودەگیرا تا دواتر سەرزەوییەک کە دەسەڵاتی قەبوڵکرابوو، لە پلەی نەتەوەکاندا داندرێ و دەرفەتی دانیشتنی لە سەر مێزی مەزنان پێبدرێ. کەوابوو دەبینین کە چەمکی نەتەوە بەشێنەیی لە واتای گروپێکی ئینسانییەوە بەرەو مانای دامەزراوەیەک کە گروپێکی ئاوا نوێنەرایەتی بکا و لە واقیعدا بە سەرزەوییەک کە ئەو دامەزراوە بە سەری ڕادەگا، جێگۆڕکێ دەکا. ئەو کارە خۆی دەرخەری گرینگیی سەرەکی پێوەندییەکە، کە ئەوڕۆ هەموو کۆمەڵگاکانی بە دامەزراوەگەلی دەوڵەتی و سەرزەوییەکەیان گرێداوە. دروست بە پێچەوانەوە، هیچ گروپێکی ئینسانی کە ئەو پێوەندییە دامەزراوەی بە سەرزەوییەکەوە نەبووبێ، بە عینوانی نەتەوە نەناسراوە و جێگەیەکی لە ناو نەتەوە مۆدێرنەکاندا نییە و، ئەوە لە حاڵێکدایە کە چەمکی نەتەوە لە سەدەی ناوەڕاستدا تەنیا بە سەر جەماوەری فەرهەنگی یان بە سەر بەشێک لەو کۆڕوکۆمەڵانەدا دادەبڕا.

هەڵبەت ئەوڕۆ ئەگەر بخوازرێ کەسایەتییەک بۆ ئەو جەماوەر و کۆڕوکۆمەڵانە لەبەرچاوبگیرێ، لە واژەی قەوم کەڵک وەردەگیرێ. ئەو واژەیە لە چاو واژەی «خەڵک»(مەردم) کە بە شێوەیەکی کۆنترۆڵکراو کەڵکی لێوەردەگیرێ (بۆنموونە لە فەڕانسە ساڵی ١٩٩١، شۆڕای قانوونی ئەساسی لە دەکارهێنانی ئەو واژەیەدا چاوەدێری کردووە)، بەهێندتردەگیرێ. هەروەها واژەی «هۆز/قەوم» بە نیسبەتی واژەگەلی وەک «جەماوەر» کە چ بە شێوەی تاک و

چ بە شێوەی کۆ، زۆر گشتی و ناڕوونن؛ وە بە نیسبەت واژەگەلی وەک «عەوام»، قەبیلە، یان دەستەوتاقم کە بە ئاشکرایی ڕووی بێحورمەتییان هەیە، باشترە. کەوابوو، واژەی «قەوم» بە چەشنێکی هەراو سەبارەت بە گروپگەلێکی ئینسانیی تایبەت بەکاردەبرێ، کە بە هۆگەلی ناڕوون، نەبوونی دامەزراوەگەلی جۆغرافیایی، نەبوونی پەرەگرتوویی (ئەگەر نەگوترێ دواکەوتوویی و سەرەتاییبوون)، ورد و چکۆلەیی و، ئاخرسەر غەوارەیبوونیان، ئەو بوارەی پێکهێناوە کە هەبووگیان بچێتە ژێر پرسیارەوە.

لەبیری نەکەین کە هەر ئەندازە واژەی «میللەت» بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی دەوڵەتەکان و نێودێرکردنی دەوڵەتە ناسیۆناڵەکان دەناسرێ، هەر بە هەمان ئەندازەش، واژەی «قەوم»(هۆز)ناگونجاو و ناچیزە دێتەبەرچاو. قسەکردن لە «قەوم»ی ئاڵمانی، ئەمریکایی یا فەڕانسەیی بە ناشیاوییەکی زۆر لە قەڵەم دەدرێ، لە حاڵێکدا لانیکەم لەو بوارەی دواییدا «والۆن»ەکان[٣] ماوەیەکی زۆر بەر لە ئێستا خۆیان بە «قەوم» زانیوە. کاتێک کە دەبینین «کۆرس»ەکان[٤] لە مافی نێودێرکرانی ڕەسمی بە عینوانی «خەڵک» بێبەشن، ئایا دەتوانرێ چاوەڕوان بین کە واژەی «قەوم» شیاوی ئەوان بێ. هەرگیز، هەر ئەو جۆرەی کە پرسیارگەلی ئەوهایی سەبارەت بە «باسک»ەکان و «برێتۆن»ەکانیش وەڵامی مەنفی وەردەگرن.

**تێ) میللیەت و هاوولاتێتی**

لە زۆربەی دەوڵەتەکانی ئێستادا، گەرایشێکی زۆر بۆ وەکیەککردن و هاوئاهەنگکردنی قەومە جۆراوجۆرەکان لە ناو کەر و تەونی نەتەوەدا لە ئارا دایە و بۆ ئەوان تەنیا میللیەتێک شیاوی خەیاڵە، کە لە سەر وەرەقەگەلی هەوێتیدا نەخشکراوە. ئەو بەڵگەهێنانەوەش کە جیاوازییەکانی فەرهەنگی سەرچاوەی دەوڵەمەندی فەرهەنگیی یەک وڵاتن و هەوێتی وڵاتێک وێڕای هێندێک جیاوازیی ورد دەتوانێ لە نموونەگەلێکدابێتە بەرچاو، دڵپەسندی ئەو جۆرە دەوڵەتانەیە. لەم ڕووەوە بە دەگمەن لەگەڵ وڵاتانێک ڕووبەڕووبووین کە حازر بە وەرگرتنی میللیەتێکی دووانە بە مانای جۆرێک هاوولاتێتی سەر بە دەوڵەت و نەوعێک هەوێتی قەومیی تایبەت بووبن. هەڵبەت لەو بارەوە چەند بواری ئاوارتە هەبوون: بۆ نموونە، ئیمپراتۆری عوسمانی کە تێیدا هەر کام لە تاکەکان سەر بە نەتەوەیەکی تایبەت( وەک: تورک، یۆنانی، ئەرمەنی، جوو...) بوون یان هێندێک لە دەوڵەتەکانی باڵکان کە ئەم نەریتەیان درێژە داوە، هەروەها ئیمپراتۆری ئوتریش(نەمسە) کە لە ئاخرییەکانی پاشایەتی خۆیدا بە هەر کام لە تاکەکانی سەر بە دە نەتەوە خاونزمانەکانی خۆی (وەک: ئاڵمانی، مەجاری، چێک، پۆلەندی...) پاسپۆرتێکی جیاوازی دەدا.

دواتر، ڕۆسیای سۆڤیەت، لە نێوان هاوولاتیی ئەو دەوڵەتە (کە بە هەموو کەسی دەدا) و میللیەتی قەومی، جیاوازی پێکهێنا؛ وە سەیر ئەوەیە کە ئەو میللیەتانەش [هەر وەک ئوتریش] لە پاسپۆرتی ناوەوە و دەرەوەی کەسەکان دەنووسرا و لە هەرکام لە سەرژمێرییەکاندا تۆمار دەکران. ئەو کارە لە ڕاستیدا وەڵامێک بوو بە مەسەلەی «میللیەتەکان» کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بۆ تەواوی ئوروپای ڕۆژهەڵات لە گۆڕێدابوو. ئەو وەڵامە لە بناغەکانی پێکهاتنی دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت لە سەر ئەساسی چەمکی دەوڵەتی چەند نەتەوەیی بوو. لە مەکتەبگەلی ئەندێشە جۆراوجۆرەکانەوە کۆمەڵێک وەڵام بە پرسیاری گۆڕین، درابۆوە، وەڵامگەلێک کە لە سەر کەشەفێکی پڕ لە خودموختاری فەرهەنگی ــ لە مەکتەبی مارکسیسمی ئوتریشیی «ئۆتۆ باوئر» و «کارل ڕێنێر»[٥]ەوە بگرە تادەگاتە خودموختاریی جۆغرافیایی مارکسیسم لێنینیسم ــ دا بڵاوکرابوونەوە.

ڕێژیمە کۆمۆنیستییەکانی دیکەش، بەگشتی لەو کارەدا پێڕەوییان لە سۆڤیەت کرد و لە بەینی هاوولاتێتی و میللیەتدا جیاوازییان دانا. بەو حاڵەش، تەنیا یۆگوسلاڤیا بوو کە ئەو جیاوازییەی تارادەی جۆرێک فیدێراڵیسمی جۆغرافیایی پێشبرد و شەش میللیەتی یۆگوسلاڤیای لە قالبی شەش جەمهووریدا پێکهێنا، هەرچەند میللیەتەکانی دیکە لەو وڵاتە لە مافی پێکەوەنانی جەمهووری بێبەش کران. هەڵبەت یۆگوسلاڤیا لە کۆتایی کاری خۆیدا بە قۆناخێک گەیشتبوو کە بە هەموو هاوولاتیانی خۆی ئەو مافەی دەدا کە یا یەکێک لە هەوێتییە هەرێمییەکان، یان تەنیا هەوێتی نەتەوایەتی یۆگوسلاڤیا کە بۆ هەموو تەبەعەکانی ئەو وڵاتە هاوبەش بوو، هەڵبژێرن. ئەوە بەو مانایە بوو کە هەوێتی [نەتەوەیی] بە عینوانی هەڵبژاردنێکی ئازاد دەرک بکرێ. لە جەمهووری خەڵکیی چین بە پێچەوانەوە، زۆر زوو هەر چەشنە ساختومانێکی فیدێراڵی خراوەلاوە و، زۆرینەی ٥٦ نەتەوەی ئەو وڵاتە تەنیا

**لەبیری نەکەین کە هەر ئەندازە واژەی «میللەت» بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی دەوڵەتەکان و نێودێرکردنی دەوڵەتە ناسیۆنالەکان دەناسرێ، هەر بە هەمان ئەندازەش، واژەی «ئەوم»(هۆز)ناگونجاو و ناچیزە دێتەبەرچاو.**

لە جۆرێک دامەزراوەی جۆغرافیایی کەڵکیان وەرگرت کە جگە لە خودموختارییەکی خەیاڵی و مافێکی زۆر کەم لە بواری قەومی و زمانیدا هیچیان نەبوو.

بەڵام لە دەرەوەی ئاوەڕۆی مارکسیسم و لە وڵاتی ئاڵمان بوو کە ئیدەئۆلۆژی زاڵ بە شێوەی قانوونی لە بەینی هاووڵاتیتی دەوڵەت و [هەوێتی] نەتەوایەتیدا جیاوازی دانا. کەوابوو هەڵاواردنی هەر تاکێک کە نەژادی ئاڵمانی هەبووبێ، بەبێ سەرنجدان بە سەرچاوەی دوور یان نزیکی جۆغرافیایی و بەبێ سەرنجدان بە مەودای زەمانی کە ئەژدادی وی چەندە لە ئاڵمان دووربووبن (تەنانەت چەند سەدە) و تەبەعەی دەوڵەتەکانی دیکەش بووبن، ئاڵمانی بە حیساب هاتووە و دەتوانێ هاووڵاتیی جەمهووری ئاڵمان بێ. هەڵبەت لەو وڵاتەدا، لە قەدیمەوە جۆرێک جیاوازی لە نێوان «ئاڵمانییەکانی ئیمپراتۆریی» و «ئاڵمانییەکانی خەڵکیی» لە گۆڕێدابووە، بەڵام ئەو جیاوازییە پێشی ئەوە ناگرێ کە هەردووک گروپ وەک خەڵکێکی یەکانە بە حیساب بێن و جیاوازی لە نێوانیاندا ڕەوا نەبێ. دروست بەپێچەوانەوە، پەنابەران و وەچەکانیان وەلەو دەیان ساڵانیش دانیشتووی ئاڵمان بوونایە، تا ساڵی ١٩٩١ بەکردەوە لە مافی بەهرەوەرگرتن لە [هەوێتی] نەتەوایەتی بێبەش بوون و هەموویان ناچار بوون هەتا ئەبەد لە پلەی «کرێکارانی میوان»دا بمێننەوە.

ئەو خۆێندنەوە تایبەتە لە تاریفی هەوێتی کە بە نیسبەتی نیشتەجێبوون بایەخ بۆ قەومیەت دادەنێ، باسێکی گەلێک زۆری دژ بە ئیدەئۆلۆژی «خوێن و خاک» هورووژاندووە و دوو گروپی لە بەرانبەر یەکتردا داناوە: یەکەم، گروپی لایەنگرانی «مافی خوێن» و دووهەم، گروپی لایەنگرانی «مافی خاک».[٦] ئەو دوو گەرایشە دژ بەیەکە حاسڵی میرات و نەریتە عورفییەکانی ژێرمەن لەلایەک و، مافی ڕۆمی لەلایەکی دیکەن. لە نێو ئەم گروپەی دواییدا، دەکرێ بە پارێزگاریکەرانی نەریتی فەڕانسە لەو بەستێنەدا ئاماژەبکرێ کە دانی میللیەتی فەڕانسەییان بە چەند میلیۆن کەس لە پەنابەران کە پێشتر تەبەعەی موستەعمەرەکان بوون، بەهاسانی قەبول نەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، لە جیهانی ئەوڕۆ ئێمە لەگەڵ زۆر بەشی جۆغرافیایی و فەرهەنگی ڕووبەڕووین کە تێیاندا هەوێتی نەتەوەیی بە شێوەی زاتی لەگەڵ وەچەی کەسەکانەوە پێوەندی هەیە و، بەدەستهێنانی لە ڕێگاکانی دیکەوە شیاوی بیرکردنەوە نییە. بۆ نموونە، ژاپۆن(یابان)ی بوون، بە ئیمتیاز(پشک)ێکی زۆر تایبەت دەژمێردرێ و، ئەوە نوکتەیەکە کە کۆرپاییەکانی دانیشتووی ژاپۆن سەرەڕای نیشتەجێبوونیان لەو وڵاتە لە چەند بەرە و نەسلی بەر لە ئێستا و وەکیەکچوونێکی تەواو فیزیکی لەگەڵ ژاپۆنییەکان، بە باشی لێی ئاگادارن. لە دەوڵەتی ئیسرائیلیش هاووڵاتی لەوانەیە جوولەکە، مەسیحی، موسوڵمان یا دروزی بێ، بەڵام بۆ جوولەکەبوون دەبێ حەتمەن دایکی ئەوکەسە جوولەکە بێ؛ وە بۆ دانیشتووانی قەدیمی [فەلەستینییەکان] هاووڵاتیتی ئیسرائیل مومکین نییە. بەپێچەوانەوە، هەر جوولەکەیەک کە سەر بە جەماعەتێکی دانیشتووی دەرەوەی فەلەستین — وەلەو بە درێژایی چەند سەدەش — بێ، دەتوانێ هەروەخت پێی خۆش بێ بە عینوانی هاووڵاتیی جوو و ئیسرائیلی بناسرێ.

### ٣. چەند ڕوانگە سەبارەت بە قەومیەت

ئەو جۆرە جیاوازییانە دەربارەی ئیمکان یا نەبوونی ئیمکانی بەدەستهێنانی هەوێتی نەتەوایەتی وڵاتێک و مافی پاوانخوازانەی حقوقی پێوەندیدار بە هەوێتی قەومیی وەچەگەل، لە ڕوانگەی کەم تازۆر ئاگایانەی زۆربەی چاودێراندا ڕەنگیداتەوە، چاودێرانێک کە لە ڕاستیدا لە نێوان دوو هەڵوێستی سەرەڕۆیانەدا دەست بەیەخەن: لەلایەک، ڕوانگەی باو لە بەینی هەژماروانان، ئابووروانان، جۆغرافیزانان و... کە بە پێداچوونەوەی تایبەتمەندییەکانی گەمەکارانی ئابووری لە ڕادەیەکی بەرچاوی کۆمەڵایەتی واتە دەوڵەتەکانەوە خەریکن، ئەوەیە کە تەنیا هەوێتی شیاوی پێداچوونەوە و ئاخرسەر موعتەبەر، هەوێتی تۆمارکراو لە وەرقەگەلی هەوێتیی ڕەسمی بە حیساب بێن. لەلایەکی دیکەوە بە جۆرە هەوێتییەکی قەومیی ڕاستەکی ئاماژە دەکرێ کە بنەماکەی لە سەر کۆمەڵێکی ئاڵۆز لە تایبەتمەندییەکان — لە تایبەتمەندییە پێدراوەکان ڕا بگرە تا تایبەتمەندییە بەدەستهێنراوەکان — دامەزراوە. لە ڕیزی ئەو تایبەتمەندییانە ئەشێ ئاماژە بە زمان (دایکیی یا

فەرهەنگیی) بکرێ کە بەرچاوترین دیاریدەر دەژمێردرێ. بەڵام بەشێکی زۆر لە تایبەتمەندییە فەرهەنگییەکانیش لێرەدا دێنەگۆڕێ. ئەو سەرنجە، سەرنجێکە کە بە شێوەی باو لە نێوان مەردمناسان، لێکۆڵەرەوانی مەیدانی، یا شیکەرەوانی ئەدەبی دەبیندرێ، واتە کەسانێک کە پێیانخۆشە زۆرتر ئاوی سەرچاوەکە شلوێ بکەن.

ناڕەحەتی و پەرێشانی چاودێرانی بزۆز، بەتایبەت گروپێک لەوان کە سەر بە ئامرازە ڕاگەیێنەرە گشتییەکانن، بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا و لە پێوەندی دەگەڵ ڕووداوە سیاسییەکانی ئوروپای ناوەندی و ڕۆژهەڵات دەرکەوت کە پێخۆشبوونێکی وایان لە بەکارهێنانی واژەی«قەوم» نیشان نەدا. پرسیاری گرینگ لەڕاستیدا ئەوەبوو کە چ نێوێک ئەشێ بە سەر ئەو جەماعەتانەی کە بە درێژایی چەند سەدە لە سەرزەوییەک ژیاون، زمان و فەرهەنگی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام ئێستا چوونە ژێر ڕکێفی دەوڵەتێکی تایبەتەوە، دابڕێ؟...

**ئا) زمانی ناسیۆنالیستیی دەوڵەتی**

بۆ خستنەڕووی ڕاستییەکانی ئینسانی و کەمەکارانی ئەو درامە قەومییە، لە زمانێکی شیرین و بڕیاردراو کەڵک وەردەگیرێ کە خۆی لە چوارچێوەی زمانێکی دیپلۆماتیکدا جێدەگرێ. ئەو زمانە کە بەرژەوەندی دەوڵەتە مەزن و خاوەندەسەڵاتەکان زەقدەکاتەوە، زمانێکە کە سەر بە مێژووی نەتەوەیی و جیهانی یە و، دەبێ بە پەسنێک لە پێهەڵگوتنی ئاخرین فاتحانی دنیا بزاندرێ، چونکە لە پشت ئەو زمانە ساکار و سەربەمۆرە ــ زمانێک کە بە لەخۆ بێگانەبووەکان ڕواڵەتێکی شیاوی پەسند دەبەخشێ ــ ئیدەئۆلۆژییەکی زاڵ حەشاردراوە کە مەبەستی سەرەکیشی بایەخدان بە دەوڵەتە ناسیۆناڵەکانە لە ئاست هەر گروپ و جووڵانەوەیەکی دژبەرانەدا. هەڵبەت جاریواشە مومکینە لەگەڵ ئیدەئۆلۆژییە دژبەرەکان، چ بە شێوەی تایبەتگەراییەکانی قەومیی سەرەڕۆیانە و چ بە شێوەی کۆسمۆپۆلیتیسمی ڕاشکاوانە ڕووبەڕووبین.

هەرچۆنییەک بێ تێڕوانینەوەی زاڵ، تێڕوانینەوەی دەوڵەتە زاڵەکانە واتە هەر ئەو ناسیۆنالیسمەی دەوڵەتە مەزنەکانە کە لە سۆنگەیەوە گروپێکی بچووک لە کۆنگرەی ڤیەن (١٨١٥-١٨١٤)وە بگرە تادەگاتە کۆنگرە و کۆنفرانسی بەرلین (١٨٧٨، ١٨٨٥-١٨٨٤) و کۆنفرانسەکانی پاریس (١٩١٩، ١٩٤٩)و سانفرانسیسکۆ (١٩٤٥) توانی جیهان بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. ئەو لێژنە خاوەندەسەڵاتانە پەیتاپەیتا ناچار بوون زێدەبوونی بەشێنەیی کۆمەڵێک دەوڵەت کە خۆیان هەڵقوڵاوی جووڵانەوەی نەتەوایەتی لە ئوروپا و دژی ئیستیماری لە ئەمریکا، ئاسیا و ئەفریقا بوون، قەبوڵ بکەن. بەم جۆرە ئیدەئۆلۆژی نەتەوەیی پایە و بناغەی دەوڵەتە ناسیۆناڵەکان، کە خۆی حاسڵی ئیدعایەکی ناسیۆنالیستییانە بوو، هۆی پێکهاتنی ساختومانی دەوڵەتێکی تازەی هێنایە ئاراوە کە یا لە دەوری میللیەتی قەومیدا شکڵیان دەگرت (چەشنی ئەوەیکە ڕەوتی «باڵکانیبوون»ی بەسەر دابڕا و حاسڵی داوەشانی ئیمپراتۆری عوسمانی، ئیمپراتۆری ئوتریش ــ مەجار، ئیمپراتۆری تێزار و سەرئەنجام یەکێتی سۆڤیەت بوو) یان لە قالبی سەرزەویگەلێک کە بە شێوەی دەستکرد لە نێوان هێزە ئیستیعمارییەکانی پێشوو دابەشدەکران.

تەواوی ئەو دەوڵەتانە لە کۆی دەوڵەتە نەتەوەییەکان قەبوڵ کران و لەو قەبوڵکردنەدا سەرنجێکی وەها بە بەڵگەهێنانەوەی ڕەسەنایەتی ئەو دەوڵەتانە نەدرا، واتە ئەوەیکە ئایا دەگەڵ قەومیەت یەکدەگرنەوە یان لە ئەسڵدا هەرجۆرە قەومیەتێک چاوپۆشی دەکرێ. ناوەڕۆکە نەتەوەییەکان دەیانتوانی تەواو ناکۆک بن. لەلایەک نەتەوەگەلی قەومی دەهاتنەئاراوە کە لە پانتایی زمانێکی یەکانە، دەوڵەتیان سازکردبوو(بەگشتی لە ئوروپا و ئاسیا) و لەلایەکی دیکەوە سەرزەوییە ئیستیعمارییەکان کە لە چوارچێوەگەلی پێشووی خۆیاندا [بە شێوەی دەوڵەتی نوێ] سازکرابوونەوە. خەتکێشی(هێڵکاری)یە ئیستیعمارییەکان کە یا لە ناو هەرکام لە ئیمپراتۆرییەکانی پێشوو، یان لە نێوان خۆیاندا بڕیاری لە سەر درابوو، بەپێی ئەسڵی حقوقی (لە هەرچی مڵکی تۆیە کەڵک وەرگرە) بە پیرۆز دەزاندران. ئەو ئەسڵە، دابەشکردنی ئەمریکای لاتین و سەدەیەک دواتر دابەشینی ئەفریقا (لە چوارچێوەی ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقا)ی پاساو دەدا. بەمجۆرە سنوورگەلێکی نەناسراو بەدیهاتن کە بەگشتی دەگەڵ هێڵە ئیدارییەکانی ئیستیعماری یەکیان دەگرتەوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک دەگەڵ ڕاستییەکانی قەومیدا نەدەگونجان.

لە بواری یەکەم، بۆ نموونە لە باڵکان، نەتەوەیەکی خاوەنپێشینە قالبی دەوڵەت بۆ خۆی دادەنێ، یا ئەو قالبەی جارێکی دیکە بەدەست دێنێتەوە، لە حاڵێکدا لە بواری دووهەم، بۆ نموونە لە ئەفریقا، خۆی دەوڵەتە کە، دوای پێکهاتنی هەوڵدەدا نەتەوەیەک لە چوارچێوەی

**لە ڕاستییدا چەمکی نەتەوە لە خۆیدا جۆرێک نوستوورەسازیی لە چەمکی دەوڵەتی تێدایە (هەر دەوڵەتێک نەتەوەیەک ڕێبەری دەکا و هەر نەتەوەیەکیش لە قالبی دەوڵەتێکدا شیاوی دەرکەوتنە).**

جۆگرافیایەکی تاریفکراودا بەدیبێنێ. بواری دوایی ئەغڵەب بە پاڵپشتی زمانێکی ئیستیعماری بەڕێوەدەچێ کە دەبێتە جێنشینی زمانە قەومییەکان و دەگەڵ زمانی موستەعمەرەکانی دراوسێش جیاوازە. جۆشوا فیشمەن (Joshua Fishman) لە نوێنەرانی مەکتەبی کۆمەڵ ــ زمانناسیی نیۆیۆرک، ئەو جۆرە نەتەوەگەراییەی دوایی کە تێیدا هەوڵدەدرێ لەوپەڕی ماکە قەومییە جۆربەجۆرەکان و لە چوارچێوەی پانتاییەکی دەوڵەتیدا نەتەوە سازبکرێ، نێوی ناسیۆنالیسمی بەسەردا دەبڕێ. گرووپێکیش لەو بوارەدا دەوڵەتگەرایی و دەوڵەت ــ نەتەوەگەرایی (state-nationalism)یان هێناوەتە ئاراوە.

**بێ) ناسیۆنالیسمە قەومییەکانی دژایەتینوێن**

دەوڵەتە ناسیۆناڵەکانی ئێستا بە پاوانکردنی چەمکی ناسیۆنالیسمی زاڵ (و داسەپاندنی ناسیۆنالیسم) نەیانتوانیوە ببنە هۆی فەرامۆشبوونی جۆرێکی دیکە لە ناسیۆنالیسم واتە ناسیۆنالیسمە دژایەتینوێن و تەڵەبکارەکان. کۆمەڵەخەڵکێک کە بەگوێرەی بوار، جاریوایە بە میللی و جاریواشە بە قەومی نێودێردەکرێن بە دوای بەدەستهێنانی دەسەڵاتی نەتەوەیین. ناسیۆنالیسمی جۆری یەکەم، واتە دەوڵەتە ناسیۆناڵەکان، کاکڵێکی خۆپارێزانەیان هەیە و بە نیشاندانی هەڵوێستێکی بەرەنگارانە، دژبەر و ڕەقیبەکانی خۆیان بە دەستدرێژیکەر، گیرەشێوێن و تیرۆریست دەناسێن، لە حاڵێکدا زەبروزەنگی تیرۆریسمی دەوڵەتی ئیمکاناتێکی زۆرتری هەیە بۆ حەشاردان و خۆدزینەوە لە سزاکان. ناسیۆنالیسمی سەردەست و دەوڵەتە ناسیۆناڵەکان، لە ئاست تێهەڵچوونی دەسەڵاتی بزووتنەوە جۆربەجۆرەکانی نوێسازیخواز، ئۆتۆنۆمیست، سەربەخۆییخواز و دەسەڵاتخواز، هەمیشە دوو دەستاوێژ دێننەگۆڕێ:

ــ **یەکەم** ئەوەیکە بزووتنەوە دژایەتینوێنەکان بە گوێرەی تاریف دژی نەتەوەیین چونکە ئەو جوولانەوانە دەبنە هۆی بڕبڕبوون و کەمبوونەوەی پانتایی نەتەوە واقیعییەکان یان نەتەوە دەستکردەکان کە لە قالبی دەوڵەتە بە ڕەسمیەت ناسراو و یەکگرتووەکاندا ئەرکەکان ڕادەپەڕێن.

ــ **دووهەم** ئەوەیکە جەماعەتگەلێکی ئینسانی چەشنی فەلەستینییەکان، بانتۆکانی باشووری ئەفریقا، خەڵکی باشووری سودان، کرۆڤاتەکان، بۆسنیاییەکان، کوردەکان، بەربەرەکان، توارگەکان، باسکەکان، کۆرسەکان، ئیرلەندییەکانی باکوور، کەبێکییەکان، ئینوێتەکان[ئیسکیمووەکان]، سووریێستەکانی ئەمریکایی(لە قەبیلە جۆربەجۆرەکان، کارنەکان، مورۆکان) و ئیدیکە... لە ئەسڵدا شیاوی ئەوە نین وەک نەتەوە بناسرێن.

کەوابوو لە شیکردنەوەی بنەتاییدا، ئەو جۆرە هۆز و قەومانە چەشنێک بزووتنەوەی خۆجێیی و ناوچەیین کە تەنیا تارادەیەک قەومیەت سەبارەت بەوان وەڕاست دەگەڕێ و، بەهەرحاڵ لە پلەیەکی خوارتر لە نەتەوەکان، واتە دە حەددی خێڵ و قەبیلەدا دادەندرێن. قەبوڵنەکردنی هەر چەشنە هەوێتییەکی قەومی لە پلەیەک کە بەگوێرەی تاریفی گۆڕین لە خوارەوەی نەتەوە دابندرێ، چەکێکی بڕۆکی ئیدەئۆلۆژی یە، کە بە هۆی پشتبەستن بە جۆرێک گوتەی دووپاتەکراو، زۆریش شیاوی حاشاکردن نییە. لە ڕاستیدا چەمکی نەتەوە لە خۆیدا جۆرێک ئوستوورەسازیی لە چەمکی دەوڵەتی تێدایە (هەر دەوڵەتێک نەتەوەیەک ڕێبەری دەکا و هەر نەتەوەیەکیش لە قالبی دەوڵەتێکدا شیاوی دەرکەوتنە). هەر بۆیەشە کە بەبێ دەوڵەت ناکرێ قسە لە سەر نەتەوە بکرێ و، هەر گرووپێک کە دەوڵەتی نەبێ، نەتەوەش نییە؛ دیارە ئەوە ئیدعایەکە پێویستی بە سەلماندن هەیە.

**پێ) وێژیاگی جیهانیشتمانی**

ناسیۆنالیسم ناچارە لە ئاست خەتەری ئاڵۆزی و بەربڵاویی کە هەڕەشە لە تایبەتگەراییەکانی قەومی دەکا، لە یەکگرتوویی و هاوئاهەنگی دەوڵەتی نەتەوەیی وەک بالاترین نیشانەی وێرایەتی و عەقڵانیبوون، پارێزگاری بکا. ئیدەئۆلۆژیی ناسیۆنالیستی تەنیا ناتوانرێ بە ئیدەئۆلۆژییەک بزاندرێ کە هەوێتی قەومی بە شتێکی ناعەقڵانی دادەنێ و بەرپەرچی دەداتەوە. لەو ڕێگایەدا، گەرایشی جیهانگەرایی(universalism) یا ئەوەیکە لە سەدەی بیستەم بە جیهانیبوونی نێودێردەکەن، یان تەنانەت

ئەوەیکە نێوی کۆسموٚپۆلیتیسم(جیهاننیشتمانی)یان لێناوە و لە دەورانی کۆنیشدا بە گوێرەی ئەسڵی «**لە هەر شوێنێک ئاسوودەی ئەوێ نیشتمانی تۆیە**» لایەنگرانێکی هەبووە، دەگەڵ ئەو جۆرە ناسیۆنالیسمە یەکدەگرنەوە. چەشنە وێژیاگێکی جیهانگەرایانەش لە ئارادایە کە بە پشتبەستن بە چەمکی مرۆڤ و بە حاشاکردنی هەرجۆرە سەر بە قەومیبوونێک، دەیەوێ ناسیۆنالیسم، بە گشتی ناسیۆنالیسمی دەوڵەتگەلی ئێستا یا خوازەری پێکەوەنانی دەوڵەتی تازە بخاتە لاوە. ئەو گەرایشەی حاشاکردنی قەومیەت، زۆرترین مەیلی ئەوەیە کە لە بەڵگەهێنانەوەکانی ئابووری و فەرهەنگیی جیهانیبوون کەڵک وەرگرێ و مەبەستی خۆی وەک تێکەڵاوبوونێکی گشتی، فەرهەنگی و بیۆلۆژیکی ڕاگەیێنێ کە بتوانێ هەموو سنووربەندییە ئینسانییەکان لەناوببا. بەڵام بەهەرحاڵ تا گەیشتن بەو مەبەستە، ئەو دەستاوێژە دەتوانێ ببێتە مایەی کەڵکوەرگرتنی کەسانێک کە لە هاسانکاریی پەنابەرێتی بەهرەمەندن؛ کەسانێک کە دەتوانن لە نەسلێک بۆ نەسلێکی دیکە زمان و مافی هاوولاتێتی ولاتی خانەخێو هەڵبژێرن. هەرچەند ڕەنگە هێندێک لە تایبەتمەندییە فەرهەنگییەکانیان وەک تایبەتمەندیی دینی و فەلسەفی بپارێزن.

لە ڕاستیدا دەبێ سەرنج بدرێ کە دەستاوێژی گۆڕین، ئەگەر لە خەونی لەمێژینەی یەکێتی ئینسانی چاوبپۆشین، دەتوانێ لە خزمەت ڕێبازەکانی دەسەلاتخوازانە(هێژمۆنیک)ی چەند نەتەوەی مەزنی ئێستادا بێ. ئەورۆ باسی کۆسموٚپۆلیتیسمی فەرهەنگی دەتوانێ بە تەواوی دەگەڵ ڕێبەرایەتی ئەمریکایی بگونجێ، هەر ئەو جۆرەی کە لە سەردەمی ڕابردووشدا، دروشمی «بریتانیا بە سەر هەموو دەریاکاندا حکوومەت دەکا» دەگەڵیدا یەکی دەگرتەوە.

□ لە بواری قەومییەوە تا بواری سیاسی

**١. دوو ڕوانگە: جۆغرافیای سیاسی یا سیاسەتی قەومی**

ئەگەر جۆغرافیای سیاسی، هەبوون و نەخشی قەومەکان لە پلەی یەکەمی گۆڕەپان دانەنێ، هیچ نییە جگە لە چوارچێوەیەکی بۆش و تابلۆیەکی بێ وێنە؛ وەک شانۆنامەیەک کە دە دیکۆرەکانیدا هیچ کەسایەتی و گەمەوانێک حزووری نەبێ، یا سەحنەیەک وێڕای کۆمەڵە داوەڵێکی دەستکرد ـــ دەوڵەتەکان ـــ ، بێ گیان، بێ ئەندێشە و بێ مەیل؛ کۆمەڵە داوەڵێکی ڕووهەڵبەستراو کە شکڵ و دمەلاسکەی کڕ و کپ و بێ جووڵەیان جگە لە منداڵان هیچکەس ناترسێنن. قەومگەل، مەردمگەل و نەتەوەکان، گەمەوانانی ڕاستەکی مێژوو، ئافرێنەر و گیاندەبەرنەری دەوڵەتەکانن. ئەوانن کە هەناوی دەوڵەتەکان دەردەخەن، دەیانڕووخێنن، بڵاوەیان پێدەکەن، دەیاندڕن، دەیانخەنە ژێرپێ یا بەپێچەوانەوە نێو و شانازیان پێدەبەخشن.

لە سەر ئەو گۆڕەپانە دابەشکراوەی زەوی، کە گەلێک گەنجینەی دە هەناوی خۆیدا حەشارداوە، کەسایەتییە قەومییەکان یەک لە دوای یەک دەتوانن نوقابی دەوڵەت بە سەر ڕووی خۆیاندا بدەن. جۆغرافیای سیاسی ئەغلەب بە ڕێگەی گەمە نێونەتەوەییەکانەوە ڕادەگەیێنێ کە چۆن ولاتێک یا سەرزەوییەک بووەتە دەوڵەت و پاشان نەتەوەی خۆی دروستکردووە. بەڵام قەومناسیی سیاسی لە سەر ئەو نوکتەیە پێدادەگرێ کە قەومەکان خاوەنی ئەرکی نەتەوەیی لە پێناو پێکەوەنانی دەوڵەتن، بەڵام دەوڵەتێکی وا تەنیا دەتوانێ لە سەرزەوییەکی تایبەت دابمەزرێ. بە گوێرەی چەمکی دوایی، پێکهاتنی قەومگەل (کە بوونەتە هۆی پەیدابوونی زمانەکان) وەک بەستێنێکیشن بۆ پێکهاتنی دەوڵەت.

**٢. قەوم بەرەو پێکەوەنانی دەوڵت**

یەکەمین قۆناخ لە سەرزیندوویی قەومی ئەوەیە کە قەوم وەک گروپێکی واقیعی واتە جەماعەتێکی بەڕەسمیەت ناسراو و ئاگا بە هەبووگی خۆی شکڵ بگرێ و، لە چاو خەڵکی دیکە و زیاتر لەوان لە ڕوانگەی خۆیەوە، لە نەبووگەوە پێ بنێتە هەبووگەوە. لە ساڵی ١٩٩٤، ١٨٤دەوڵەتی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەبوون و کەمتر لە دە دەوڵەت وەک سوئیس، تایوان و چەند وردە دەوڵەت لە دەرەوەی ئەودابوون. هەموو دەوڵەتە ئەندامەکان لە مافی بەڕەسمیەت ناسران وەک دەوڵەتگەلی ناسیۆناڵ بەهرەمەند بوون، ئەگەرچی تەنیا گروپێکی کەمی وان لە باری ڕەسەنایەتییانەوە دەیانتوانی دەگەڵ نەتەوە یا قەومێکی تایبەت یەکبگرنەوە. ئەو نوکتەیە دەتوانرێ بە باشی لە ڕووی بەراوردکردنی ژمارەیەکی کەم لەو زمانە نەتەوەییانەی کە دەوڵەتەکان ددانیان پێدادێن و ئامۆژەیان دەدەن، دەربکەوێ. ئەو ژمارەیە ٧٥ زمانە کە لەوانە، ١٥

**چەشنە ویژیاگـێکی جـیـهـانگـەراش لە ئارادایـە کـە بـە پشتبەستن بە چەمکی مرۆڤ و بە ئاشکراکردنی هەرجۆرە سەر بە قـەومـیـبـوونـێک، دەیـەوێ نـاسـیـۆنـالیـسم، بـە گـشـتی ناسیۆنالیسمی دەوڵەتگەلی ئێستا یا خوازەری پێکهێنانی دەوڵەتی تازە بخاتە لاوە.**

زمان تەنیا لە هیندوستان ڕەسمیەتیان هەیە.

مانای دیکەی ئەو نوکتەیە ئەوەیە کە لانیکەم دوو لە سێی دەوڵەتەکانی ئێستا بەر لە هەر شت، لە زمانێکی بیانی کەڵک وەردەگرن و، ئەوە بۆ وان بە هۆکارێکی بناغەیی یەکێتی نەتەوەیی دێتە حیساب! ئەوە لە حاڵێکدایە کە ژمارەی زمانە زیندووەکانی ئێستای جیهان بە پێی بەراوردی جۆراوجۆر بەینی ٣ تا ٦ هەزارن کە هەر بەو ژمارەیەش جەماعەتگەلی زمانی ــ قەومیی ناسراو کە بە قەوم، خەڵک یا نەتەوە نێودێردەکرێن، هەیە. ئەو جیاوازییە گرینگەی نێوان ژمارەی گرووپە ئینسانییەکانی ئێستا و ژمارەی دەوڵەتەکان و لەوەش زیاتر، لە نێوان دەوڵەتەکانی دیکە و ئەو دەوڵەتانەی خاوەنی هەوێتی زمانێکی تایبەتن، دەرخەری ئەوەیە کە زۆربەی هەرەزۆری قەومەکان لە جیهانی ئێستادا خاوەنی دەوڵەتێک نین کە بە هی خۆیانی بزانن.

بەڵام ئەو جیاوازییانە لە نێوان ژمارەی هەبووگەکانی نیزامی شکڵبەندییەکانی قەومی و، هەر ئەو ژمارەیەش لە نیزامی شکڵبەندییەکانی دەوڵەتی لە جیهانی ئەوڕۆدا، بە دەلیلی دوو ڕەوتی دژبەیەک روویان لە کەمکردنەوەیە: یەکەمین ڕەوت، گەرایش بەرەو زۆربوونی زمانگەلێکی تازە دەرکەوتوون کە دەوڵەتەکان (بە شێوەی دامەزراوەیی) دەیانبووژێننەوە و، ڕەوتی دووهەم لەناوچوونی زمانەکانی دیکەیە کە نەیانتوانیوە (بە شێوەی دامەزراوەیی ) ببووژێنەوە.

دامەزراوەییبوونی بەشێک لە زمانە تازە دەرکەوتووەکان، دەتوانێ لە ڕوانگەی قەومە پێوەندیدارەکانەوە بە مانای بەڕەسمیەت ناسینی زمان و فەرهەنگی ئەوان لە ناو دەوڵەتێک بێ، بە کـر و تەونێکی ئاڵۆز، فیدێراڵ یا نافیدێراڵ، پێکەوە یان بەبێ دابەشکردنی جۆغرافیایی (وەک: ئیسپانیا، ڕووسیا، چین، هیند، بیرمانی، پاکستان، ئەتیۆپی، نیجێریا، ئەفریقای باشووری و غەیرە). ئەو کارە لە داهاتوویەکی شیاوی پێشبینبی، دەتوانێ ژمارەی زمانە بەڕەسمیەت ناسراو و دامەزراوەییەکان بە ڕادەی سەد زمان بگەیێنێ.

### ٣. خەڵکی خۆماڵی یا بێ دەوڵەت

لە بواری ئەو دوو گوڕەپانە کۆگەلییە واتە لەلایەک «خەڵکی سروشتی» و لەلایەکی تر «خەڵکی فەرهەنگی»، مەردمناسی لە بەرێک و کۆمەڵناسی، سیاسەتناسی و مێژوو لە بەرێکی دیکەوە دژێژەیان بە لێکۆڵینەوە داوە. لە گرووپی یەکەم، ئێمە دەگەڵ قەومگەل، هۆز و خێڵ و خەڵکانێک ڕووبەڕووین کە بە خۆماڵی و خۆجێی نێودێردەکرێن و، لە گرووپی دووهەم دەگەڵ نەتەوە و دەوڵەتە ناسیۆناڵەکان واتە هەبووگە خاوەندەسەڵات و سەلاوەکانی نێونەتەوەیی. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ساڵی ١٩٩٣ی بە «ساڵی نێونەتەوەیی خەڵکانی خۆماڵی» ڕاگەیاند. لە ساڵی ١٩٩٥یش دەیەی خەڵکانی خۆجێیی ڕاگەیێندراوە، خەڵکانێک کە بە گوێرەی ئاستە جیاوازەکان خۆماڵی، قەبیلەیی، «سووریێست» و غەیرە نێودێرکراون و جاریواشە بە شێوەیەکی دەگمەن (مەسەلەن لە کانادا) بە «نەتەوە سەرەتاییەکان» نێودەبرێن و، بۆخۆشیان جاروبار نێوی «خەڵک و نەتەوەی بێ نوێنەر» بە سەر خۆیاندا دادەبرن.

جەماعەتگەلی ناو دەوڵەتەکانی ئاسیایی، ئەفریقایی، ئەمریکایی یا ئوروپایی بە هیچ عینوان خاوەنی مافی وەکیەک لەگەڵ جەماعەتگەلی سەرزەوییەکانی ئەوپەڕی دەریاکان[ڕۆژئاوا] بە حیساب نایەن: ئەریترەییەکان، تەبەتییەکان، کوردەکان، سەحراییەکان [لە باکووری ڕۆژئاوای ئەفریقا]، سودانییەکانی باکوور، تیمورییەکان[خاوەنی دەوڵەتن ـ و] و ئیدیکە ئاگاداری ئەو مەسەلەیەن. لە ڕاستیدا مەودای جۆغرافیایی و دابڕانی خاک، بۆ شیاوبوونی دیاریکردنی چارەنووس پێوانەیەکی زۆر ڕۆشنترن تا هەوێتی قەومی و کەسایەتی مێژوویی یان نواندنی ویستی تێکڕایی لەپێناو گەیشتن بەو مەبەستە کە بە شێوەی بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری و دژایەتینوێن و شۆڕشگێڕیی دەردەکەون. ئەو کارە خۆی هۆیەکە بۆ گرینگیی سەرەکی جۆغرافیای سروشتی و ئیداری لە ڕوانگەی سیاسەتناسان، حکوومەتەکان و دامەزراوە نێونەتەوەییەکان، لە حاڵێکدا هەر ئەو کەس و دامەزراوانە گرینگییەکی ئەوتۆ بە ئاکامەکانی مەردمناسی، فەرهەنگی، هەناوناسی و ویستی نەتەوەیی نادەن.

### ٤. هەوێتیخوازی لە ڕێگەی زمانەوە

ئەگـــــەر نەبوونی دابڕاویی یا نەبوونی ڕێگەی خاک(قەڵەمڕەو)، کۆسپی سەرەکی بێ لە سەر ڕێگەی پێکهێنانی دەوڵەت یان نیوچەدەوڵەتێک، نەبوونی هەوێتی زمـانیی یا یەککگرتوویی زمـانییـش دەتوانێ تەنگ و چەڵەمەیەکی مەزن لەو بەستێنەدا پێکبێنێ. لە وەها ڕوانگەیەکە، کە تەواوی بزووتنەوە قەومییەکان، لە سەر پێویستبوونی پارێزگاری لە زمانگەلی هەڕەشەلێکراو، لە پێناو پێکهێنانی یەکێتی زمان لە هەلومەرجی نەبوونی یەککگرتوویی[سیاسی]دا، لە پێناو بەدیهێنانی ستانداری هاوبەش و سەرەنجام گەشەپێدانی زمان لە تەواوی بەشەکانی قەومدا پێدادەگرن.

بێشک بۆ هەر قەومیەتێک کە دە فکری وەرووخستنی ئاشکرای هەوێتی خۆیدا بێ، یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکان بەدیهێنانی یەکێتی زمان یا زمانی یەککگرتوویە. ئەو کارە نە تەنیا بۆ کەسایەتی قەومی کارێکی ئەساسی یە، بەڵکە بۆ هەراویی جوغرافیایی و ئینسانی، پێویستییەکی حەیاتی لە قەڵەم دەدرێ. ئەوە هەر ئەو کارەیە کە دوو زماناس بە نێوی «گاژ» و «کارادزیک» سەبارەت بە «سلاڤەکانی باشوور»، گرینگیی کارەکەیان دۆزیەوە و لە سەدەی ١٩دا لە پێناویدا کاریان کرد و لە سەر بناغەی دیالێکت(ڕاوێژ)ێکی سەرچاوەی پێنووسراو بە نێوی «چتۆکاوی»(بڕیاردراوی پەیمانی ١٨٥٠)، زمانی «سەربی ــ کرۆڤاتی»یان دە دوو شێوەی سیریلیک و لاتیندا بەدیهێنا.

نموونەی دیکە لەو بوارەدا، زانەوەی دووبارەی نەتەوەی جوو(یەهوود) لە سەر قەڵەمڕەوی دووبارە بەدەستهێنراوەی ئیسرائیلە، کە بە شێوەیەکی سروشتی وێڕای چالاکبوونی دووبارەی زمانی عیبری بە ئاکام گەیشت.

نێوی قەومێک، وڵاتێک یا میللەتێک کە حاڵەتی دەڵەمەیی هەیە، ئەغڵەب دەگەڵ زمان (وەک سیمبۆلێکی تەوەرەیی لە پێناو هەوێتیدا) پێوەندی هەیە، لەو بوارەدا گەلێک ڕێگا بۆ نێودێرکردن لە ئارادایە: هەڵبژاردنی نێوێکی گشتی کە کۆمەڵێک ماکەی پەڕاکەندە بگرێتەخۆ، یا کەڵکوەرگرتنەوە لە نێوێکی دێرین و فەرامۆشکراو، یان سازکردنی نێوێکی تازە بە گوێرەی ئیرادەی چالاکانی سیاسی یا پسپۆڕان. ... تەواوی ئەو نێوگەلە، بەر لەوەی لە تەتڵەسەکان دەربکەون، سەرەتا ئەشێ لە دڵی خەڵکدا جێ بکەنەوە، لە گوتار و ڕۆژنامەکاندا بگوترێن و بڵاوبکرێنەوە، پاشان لە ئیدارەکان بەرەویان پێبدرێ، ئەگەر وانەبێ جێناکەون.

فەرامۆشی نەکەین تا ماوەیەک بەر لە ئێستا پۆڵەند، کە لە ساڵانی ١٩٣٩-١٩٤٥ لە سەر نەخشە(خەریتە)کان سڕابۆوە و، لە تەتڵەسدا بەرچاو نەدەکەوت؛ نێوگەلی وەک ڕۆمانی و ئالبانی نێوی تازە و دەستکرد بوون؛ هێنانی نێوی ڤێتنام و ڤێتنامی بە توندوتیژییەکی تەواوەوە لە ئەتڵەسە جوغرافیاییەکان و بۆنە ڕەسمییەکاندا قەدەغە بوو، بۆیە تا ساڵی ١٩٤٨ تەنیا لە جەماوەرێکی ئانامی لە سێ وڵاتی لێکجیاوازی تونکین، ئانام و کۆچینچین[٧] قسە دەهاتەگۆڕێ. لە حاڵێکدا پۆڵەندییەکان، ڕۆمانیاییەکان، ئالبانییەکان و ڤێتنامییەکان هەمیشە هەبوون و زمانەکەشیان ڕەواجی هەبووە و هەر لەو سەرزەوییەشدا ژیانیان ڕابواردووە. هیچکەس نازانێ کە چ زەمانێک نێوی کوردستان [وەک وڵاتێکی سەربەخۆ] لە سەر ئەتڵەسدا دەردەکەوێ، بەڵام تەنانەت نێودانانی ڕەسمیی یەک یا چەند ئوستان[هەرێم]یش دەتوانێ بەم نێوە لە سەر ئەتڵەس ڕەسمیەت ببەخشێ.

### ٥. دەسەڵاتدارێتی وەک ئامراز نەک مەبەست

لە زنجیرە کارگەلێکی مومکین کە لە ڕاگەیێندراوی (زۆر تیۆریک)ی مافی مرۆڤ بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆ، لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرووەکان(١٦ی دێسامبری ١٩٦٦)دا گەڵاڵە بووە و، لە کارەکانی «کارل ڕێنێر»یشدا هاتووە، پرس و ڕا بۆ دۆزینەوەی کارە بناغەییەکانی دیکەی هاوهێڵ دەگەڵ بەدەستهێنانەوەی دووبارەی زمان، خاک و نێو[ی وڵات]، لە ئارادایە. مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆ، وشەیەکە هەمبەری خودموختاری واتە شیاوبوونی تێکڕایی دەسەڵاتدارێتی بە سەر خۆدا.

پێویستە جەختی بکەینەوە کە ڕاپەڕاندنی حاکمیەت و بەجێهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆ (یا شیاوبوونی خودموختاری لە گشتیترین مانادا) دەتوانێ دوای چەندین قۆناخ، بەرەو قەبوڵکردنی ئەم یا ئەو شێوە لە هەلومەرجەکانی خودموختاری (لەگەڵ ناوەرۆکە بناغەییە گرینگەکان) یان سەربەخۆیی وەربچەرخێ، بەڵام بەپێی پێویست بە هۆی ئەو وشەیە ناگاتە بنەتای خۆی. چونکە دەبێ ئەوەمان لەیاد بێ کە ڕاپەڕاندنی حاکمیەت دوای بە دەستهێنانی سەربەخۆیی ئەو ئیمکانە دەدا بە وڵاتی گۆڕین کە بە ڕێگای بڕیارنامە دوولایەنەکان، یا بە ڕێگای خۆبەستنەوە بە ڕێکەوتنەکانی مەنتەقەیی، کە لە

**هیچکەس نازانێ کە چ زەمانێک نێوی کوردستان [وەک وڵاتێکی سەربەخۆ] لە سەر نەتڵەسدا دەردەکەوێ، بەڵام تەنانەت نێـودانانی رەســمیی یەک یا چەند نوستان[هەرێم]یش دەتوانێ بەم شێوە لە سەر ئەتڵەس رەسمیەت ببەخشێ.**

چوارچێــوەی رێژیمە لێکجیــاواز و کــەم تا زۆر سنووردارەکـاندا هـاتوونەئاراوە، خـۆی لە کـۆمـەڵەیەکی سیاسی بەربلاوتر [یەکێتییەکانی نێونەتەوەیی: یەکێتی ئوروپا و...] دا جێبکاتەوە.

هەرجـۆرە یەکگرتوویـیەکی پێشکەوتووانە لە نێـوان تەواویەتی دەسـەڵاتدارێتیدا پێویستی بە کـەمبوونەوە یا وردتر بڵێین دان و بەخشینی نوێنەرایەتی دەسەڵاتەکانە بەرەو دامــەزراوە هـاوبەشــەکـانی ئەوپەڕدەوڵەتی و ئەوپەڕنەتەوەیی.

**٦. ئەسڵی بەخشینی ئەرک (ئیختیار)ەکان**

ئەسڵی بەخشینی ئەرک (ئیختیـار)ەکان کە زۆرێک لە خــاوەنڕایانی سـیـاسی لە ئالتـوسن(Althusen، ١٥٥٦-١٦١٧)ەوە بـگـرە تـا پـرۆدۆن (Proudon، ١٨٢٩-١٨٦٥) پێـیـان لەسـەر داگـرتووە، ئەوەیە کـە بەخشینی ئیختیارەکان لە نێوان پلە یەک لە دوای یەکەکان بە جۆرێک بێ، کە تەنیا ئەرکەکان بخرێنە سەر ئەستۆی پلە سـەرووەکـان و ڕاپەڕاندنیـان بۆ پلەی ژوورتر دەست نەدا. یان بە قەولی کێتێلێر (Ketteler، ١٨١١-١٨٧٧) یەکێک لە دامـەزرێنەرانی مـەسیحیگەرای کـۆمەڵایەتیی ئاڵمان:

**«ئازادی تا ڕادەی مــومکین و دەســەڵات تا ڕادەی پێویست».**

ئەوەیکە وێڕای سوننەتی ئێستا لە هەر ئەندێشـەیەکی فیدێراڵیستیدا، خۆڕاگریی شیاوی گونجانە، گرینگییەکی زۆری هەیە، چونکە بە شـێوەیەکی لابێژانە لەجێدانانی چەمکی ئەوپەڕنەتەوایەتی وای لێدێ کـە بۆ تەواوی ئەو کەسانەی لەگەڵ لەناوچوون یا کەمڕەنگبوونەوەی ڕادەی نەتەوەیی دژبەرن، شیاوی قەبوڵکردن بێ.

پلەکانی ئەوپەڕنەتەوەیی (کە لەوانەیە نێـوی قـاڕەیی، کۆنفیدێراسیۆن یا فیدێراڵیشیان پێ بگوترێ و بە گوێرەی بیروڕای گروپێک، لە ڕاسـتیدا ئەشێ «ئەوپەڕنەتەوەیی» نێـودێربکرێن) نابێ دەسـەڵاتێکی زیاتریان لەوەیکە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەسڵی بەخشینی ئەرکەکان پێویستە، پێبدرێ.

**٧. سەلبی مافی وردەڵە و مانەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی**

ڕوانگەی بەخشینی ئـەرکەکان بە جۆرێکی مەنتیقی تەنیا ئەشێ لە کـەسـانێکدا هەسـتی مـەترسی بورووژێنێ کـە لایەنگری بـانتری موتڵـەقی ڕادەی نەتەوەیین و، بۆیە بوونی هەر چەشنە دەسـەڵاتێک چ لە ڕادەی بانتـر و چ لە ڕادەی ژوورتر تابوشت ناهێنن. بەپێچەوانەوە، ڕوانگەیەکی ئەوتۆ، قەبوڵکردنی گۆڕانکارییە تێکڕاییەکانی ئێستا کە لە گشت شـوێنێک لە پێناو وەلاتانی بەشـێنەیی دەوڵەت لە بەشـێکی زۆر لە ئاکار و پێداویستییەکانیدایە و بە قازانجی ڕادەی مەنتەقەیی و ئەوپەڕنەتەوەییشە، هاسان دەکاتەوە. وەلاتانی دەوڵەت لە ڕاپەڕاندنی ئـەرکــان، بێــشـک بە مــانای چکۆڵەبوونـەوەیەتی، بەڵام بەهیچ ڕوویەک بـە مــانای لەناوچوونی دەوڵەتی نەتەوەیی نییە.

ڕەوتی جـیـهـانیی دیاریکردنی چارەنووس، ناچار هۆی کـەمبـوونەوەی پانتـایی هێندێک لە نەتەوەکـان و زۆربوونی ژمــارەی گـشـتـیـان پێکدێنێ. بەڵام ئایا دەتوانرێ وابیربکرێتەوە کە زۆربوونی ژمارەی دەوڵەتە نەتەوەییەکان، چەمکی دەوڵەتی نەتەوەیی بەهێـزتردەکـا؟ نا، چونکە حـەرەکـەت بەرەو کـەمبـوونەوەی بارستـایی گەورەترینی دەوڵەتەکان و زۆربوونی ژمارەی ئەوانی دیکەیە. دیارە ئەوە لە حـاڵێکدایە کـە لە هـەمـوو شـوێنێک کـەمـبـوونەوەی ئیختیارەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی، بە پێکهاتنی دامەزراوە ئەوپەڕنەتەوەیی و ژێرنەتەوەییـەکـان، کـەم تازۆر لە درێژخایەندا، لە ڕوانگەڵی بەخشینی ئەرکەکانەوە ئەنجام دەگرێ. بەم جۆرە هەرچەند ژمارەی دەوڵەتە نەتەوەییـەکان هـەمـیـشــە ڕوو لە زیادبووندان، بەڵام ئەو دەوڵەتانە دە زنجیرەیەک پلەبەندییەکانی یەک لە دوای یەکدا جێدەگرن کــە دەبنە خـاوەنی ئاکـار و کـرگـاری تەواوکـەر و هاوسەنگکراو، وە لە ئاکامدا دەسەڵاتخوازیی ئەو دەوڵەتانە ڕۆژبەڕۆژ لە ڕووی ئیـخـتـیـار و دەسـتـپێـڕاگـەیشتنی ڕاستەوخۆوە لە دەست دەردەچێ.

**٨. زۆربوونی هەبووگە ژێردەوڵەتییەکان**

لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە، جێبەجێکردنی کارگەلێکی پەیتاپەیتا بۆ دستەبەرکردنی پێگەیەکی قانوونیتری ئەم یا ئەو قــەوم، ئەم یا ئەو زەمــان، لە پێناو بەدیهــاتنی

هاوئاهەنگییەکی باشتر لە کر و تەونی ئیداری و سیاسی کۆمەڵگاکاندا هاتووەتەئاراوە. بۆ نموونە، لە هەمووان ڕوونە کە خودموختاریی سەلمێندراو بۆ فەلەستینییەکان لە ڕێکەوتننامەی واشینگتۆن (١٩٩٢) دەڵەمەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی دەخۆیدا هەیە، ئەگەرچی لەوێ لە دوو مەکۆی نەتەوەیی دەرزتێکەوتوو قسەکراوە کە کەوتووەتە ژێر ئیختیاری «دەسەلاتێکی فەلەستینی»یەوە. هەر بەم جۆرە لە ئەفریقای باشووریش دەگەڵ گۆڕانکارییەکی ئاڵۆز ڕووبەڕووین. بە پێی قانوونی ئەساسی کاتیی ساڵی ١٩٩٣ دە مەکۆی نەتەوەیی یا «بانتۆستان»(Bantoustan) کە شەشیان خودموختار و چواریان سەربەخۆن پێکهاتن، هەروەها چوار ئوستانی پێشوو هەڵوەشانەوە و لە جیاتی ئەوان نۆ ئوستانی نوێ کە یەکێک لەوان کوازولو(KwaZulu)یە دامەزران؛ نۆ زمانی ڕەسمیش بەدیهات. بەم جۆرە لەو وڵاتەدا دەگەڵ ڕەوتێک ڕووبەڕووین کە دەرخەری ساختومانێکی تەواو فیدێراڵ و چەند قەومی یە. لەواقیعدا ئەوڕۆ ژمارەی هەبووگ یا پێکهاتە سیاسییەکان دەگاتە سنووری ٢٠٠ دەوڵەتی دەسەلاتدار کە تەقریبەن هەموویان ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکانن. ژمارەیەکی زۆرتریش لەوە ئەوڕۆ بە شێوەی پێکهاتە ژێردەوڵەتییەکان هەن. ئەو هەبووگ و پێکهاتانە لە ئیختیارگەلێکی سیاسی بەهرەمەندن کە لە ڕادەی کۆمەڵە ئیدارەییەکانی خۆجێیی تێدەپەڕن و لە زۆربەی بواراندا، لە باری حقوقییەوە یا بەکردەوە، شێوەی جەماعەتێکی قەومیی تایبەت وەردەگرن. هەڵبەت جۆرایەتی جێگە و پێگەی ئەو ژێردەوڵەتانە و ڕادەی نابەرابەری قەومیی تێیاندا، ئەو هۆیە پێکدێنێ کە نەتوانین بە عینوانی چەمک و گوتراوەیەکی سیاسیی ڕێکوپێک و سنووردا بیانخەینە بەرچاو.

گشتیبوونی ئاکاری ئەسڵی بەخشینی ئەرکەکان، وایکردووە کە ئەوڕۆ دابڕانی ئێستاکیی نێوان پێکهاتە بەڕاستی سیاسییەکان ـــ دەوڵەتی و ژێردەوڵەتی ـــ و پێکهاتە ئیدارییەکان هەرچی زیاتر شکڵی تیۆریک بە خۆی بگرێ. ئەو دوو گروپە لە ڕاستیدا دەکەونە ناو ئاڵۆزیی ئاکارەکانی نیزامێکی ژیۆپۆلیتیکیی تاڕادەیەک جۆراوجۆرەوە و بەشێکی لێ پێکدێنن؛ وە لەو جێیەیڕا کە ناوەرۆکی حقوقی هەرکام لەو یەکانگەل و تایبەتمەندییە قەومییانە، یا نەبوونیان، هەڵقوڵاوی تایبەتمەندییەکانی مێژوویی پانتاییەکی قاڕەیی و دابونەریتەکانی نەتەوەیی یە، ناکرێ بە پێوانەیەکی هاوبەش هەڵسەنگێندرێن. ئەو یەکانگەلە لە ڕاستیدا سەر بە جۆرایەتییەکی فەرهەنگیی لە بنەهاتووی ئینسانین و لەم ڕووەوە ناتوانین لە قالبێکی ستاندارردا بیانگونجێنین.

* * *

**تێبینی:** ئەو نووسراوەیە کورتکراوەی دوو بەشی سەرەکی یە لە فەسڵی ١ و فەسڵی ٣ی کتێبی (قوم شناسی سیاسی [فارسی]، رولان برتون، ترجمە ناصر فکوهی، چاپ اول ١٣٨٠تهران). شیاوی گوتنە کە عینوانەکەش لە یەکێک لە سەربەندەکانی خودی نووسراوەکە وەرگیراوە.

**پەراوێزەکان**

١) «کۆگەلی ناڕوون» ژێر کۆگەلێکە لە کۆگەلێکی سەرچاوە کە تاریفێکی وردی نییە بەو مانایە کە هەر ئەندامێکی کۆگەلییەکە دەتوانێ تێیدا ئەندام بێ بەڵام بە پلەی ئەندامێتیی جیاوازەوە.

٢) Valmy، گوندێکی بچووکە لە فەڕانسە، کە لە ساڵی ١٧٩٢ ئەرتەشی فەڕانسەی شۆڕشگێڕ بە سەر ئەرتەشی پرووس دا زاڵ بوو، سەربازە شۆڕشگێڕەکان بۆ یەکەم جار لەو شەڕەدا هاواری «بژی میللەت»یان گوتەوە.

٣) Wallonia، والۆنەکان خەڵکی هەرێمێکن لە باشووری بێلژیک. والۆنی یەکێک لە سێ هەرێمەکانی ئیدارەی ئەسڵی یە، لە دەوڵەتی فیدێراڵی بێلژیکدا(وێڕای بروکسێل و فلاندر).

٤) Corse، کۆرس دوورگەیەکی سەر بە فەڕانسەیە و لە دەریای مەدیتەڕانە(پانتایی ٨٦٠٠ ک. م. چ، نفوس: ٢٥٠هەزار کەس) هەڵکەوتووە. کۆرس کە خاوەنی مێژوویەکی کۆن و فەرهەنگ و زمانی تایبەتە، بە درێژایی مێژوو زۆر جار لە نێوان دەوڵەتە جۆراوجۆرەکاندا. دەست بە دەست کراوە و ئاخرجار بە پێی بڕیارنامەی «وێرسای» (١٧٦٨) لە لایەن دەوڵەتی (ژێن)ەوە درا بە فەڕانسە. لەوکاتەوە تا ئێستا تەقریبەن بە شێوەیەکی دانەبڕاو بزووتنەوە و ویستی خودموختاری لەو دوورگەیەدا دەکەوێتە بەرچاو، کە لە سەردەمێکیشدا چەند حەرەکەتی تیرۆریستی و بۆمبدانانەوەی لەلایەن «بەرەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کۆرس» (ساڵی دامەزران١٩٧٦) بە خۆیەوە بینی. هەر بەو دەلیلە دەوڵەتی فەڕانسە لە ساڵی ١٩٨٢ ەوە بارودۆخێکی تایبەتی بەو دوورگەیە بەخشیوە و، ڕادەی خودموختاریی ئیداری ئەو دوورگەیە لەو ڕۆژەوە لە زیادبووندایە.

٥) Otto Bauer (١٨٨١-١٩٣٨) و Karl Renner (١٨٧٠-١٩٥٠) هەردووکیان لە خاوەنڕایان و نوێنەرانی مارکسیسمی نۆتریشی بوون.

٦) «مافی خوێن»، لە ئاڵمان و وڵاتانی ژێرمەنیدا باوە و ئەویش ئەوەیە ئەگەر کەسێک لە دەرەوەی ئاڵمان لە دایک بووبێ، بەڵام لە باری تەبار و نەژادەوە ئاڵمانیبوونی خۆی سەلماندێ دەتوانێ ببێتە تەبەعە و هاوڵاتیی ئاڵمان. لە حاڵێکدا، «مافی خاک» وەک لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین و ئەمریکا و فەڕانسەداباوە، ئەوەیە ئەگەر کەسێک لە خاکی وڵاتێک لەدایک بووبێ، مافی هاووڵاتیتی پێدەبەخشرێ و دەبێتە تەبەعەی ئەو وڵاتەی لێی لە دایک بووە.

٧) ئانام (Annam)، نێوی قەدیمی وڵاتی ڤێتنامە. تۆنکین(Tonkin) هەرێمێکە لە باکووری ڤێتنام. کۆچینچین (Cochinchin) مەنتەقەیەکە لە باشووری ڤێتنام کە شاری سایگۆن (هۆشیمین ی ئێستا)ی لێ هەڵکەوتووە.

• • •

# چەند سەرنجی دۆستانە سەبارەت بە «لاپەڕەیەک لە تێکۆشان و ...»

س. چ هێرش



لەم دواییانەدا کتێبی: «*لاپەڕەیەک لە تێکۆشان و جوڵانەوەی ساڵەکانی ٤٢-٤٧ (١٩٦٣-١٩٦٨)ی حیزبی دیموکراتی کوردستان*» (سوید٢٠٠٣)، لە نووسینی بەڕێز کاک «محەمەدی خزری»یەوە، چاپ و بڵاکرایەوە و، بەم جۆرە کۆمەڵێک زانیاریی دیکە و هەروەها هێندێک لایەنی ناڕوونی ڕووداوە جۆراوجۆرەکانی ئەو قۆناخە دەخرێتەڕوو، کە لێرەدا جێی خۆیەتی دەستخۆشانەیەکی شیاوی ڕێز ئاراستەی نووسەر بکرێ.

ئەگەرچی، نووسەر لە بەرایی کتێبەکەدا، وێڕای سەداقەت و تەوازوعێکی زۆر، ڕایگەیاندووە کە کتێبەکەی «**جیا لە بواری تەکنیکی، هەڵەی ئەدەبی و وشەی نارەسەنی کوردی و ناپاراوی ڕستە و جوملەی زۆر تێدایە!...**» (لاپەڕەی د)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەستنیشانکردنی چەند خاڵی گرینگ لەو بارەیەوە پێویستە.

ـ دەوەدا شک نییە وەزعیەتی فیزیکی نووسەر، هەروەک خۆی لە لاپەڕەی (و) دا باسی دەکا، شیاوی لەبەر چاوگرتنە، بەڵام لە سەر ئەو حاڵەشڕا، هەق نەبوو کتێبێکی ئاوا باش و بەکەڵک، پڕ بێ لە هەڵەی ئیملایی[1] (ڕێنووسی) و واتایی[2]، کە خوێنەرەوە تووشی چەرمەسەریی خوێندنەوە بکا.

ـ عینوان (سەردێڕ) و سەرباسەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک دابەش نەکراون و، کتێبەکە پێرستی بۆ دانەندراوە کە ئەگەر کەسێک بیهەوێ لە سەر بابەتێک زانیاریی پێویست بەدەست بهێنێ، بە وەرەق هەڵدانەوەی پەیتا پەیتا، شل و کوت نەبێ.

ـ دەبوایە عینوانی ڕوو بەرگ و پاشبەرگ وەک یەک بووبان: «جوڵانەوە» و «جۆڵانەوە»،، «محمد خضری» و مەحەمەدی خزری.. هەروەها دەبوایە لاپەڕەبەندیی کتێبەکەش، شێوازێکی تایبەتی بۆ لەبەر چاو گیرابایە. بەشێک ژمارەی کوردی /عەرەبی بۆ داندراوە، بەشێک ژمارەی لاتین و بەشێکیش (نامە و نەزەری دۆستان) بێ لاپەڕە و ژمارەن.

ـ چەند وێنەی مێژوویی لە ئاخری کتێبەکەدا چاپ کراون کە ئەگەر کەسێک خاوەنی وێنەکان نەناسێ، بەو ناساندنەی کە نووسەر ئەنجامی داوە، خوێنەرەوە تووشی هەڵە دەبێ. (بڕوانە: ل 35 و36).

ـ لە شێوەی خستنەڕووی بابەت و ڕووداوەکاندا و بەتایبەت لە بواری کرۆنۆلۆژییەوە (ڕۆژەو و یەک بە دوای یەکدا هاتنی ڕووداوەکان)، نووسەر تووشی چەشنێک ئاڵۆزی و دووپاتبوونەوە بووە.

ـ خاڵێکی زۆرباش و درەوشاوە ئەوەیە کە نووسەر، بە پێچەوانەی بەشێکی زۆر لە بیرەوەرینووسانی کورد، کەمتر تووشی منمنکردن و خۆڕانان و بەخۆداهەڵگوتن و چی و چی.. هاتووە و، هەروەها بە چاوێکی پرسیار و ڕەخنەگرانە ڕوانیویەتە ڕێکخراو و ڕووداو و کەسایەتییەکان، کە لایەنی لامەلامە و بەراییکردنی نەتەنیا پێوە دیار نییە بەڵکە لە زۆر شوێندا، چەشنە توورەییەکی داخ لە دڵانەی مێژووییشی لە خۆی نیشانداوە. نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەی(لاپەڕەی ز)دا دەڵێ: «**هەتا ئێستاشی دەگەڵ بێ! لە سەر بوارە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگای خۆمان، بۆ و بۆچێ ـ م، ئەوەندە زۆرن کە توانای ڕیزکردن و نووسینیانم نییە**»!».

یەکێک لەو پرسیارانە کە لایەنی تراژێدی هەیە و بەداخەوە ئێستاش هەر بەردەوامە، ڕەشەکوژی و یەکترکوژی و بۆ یەکترتێچاندن و یەکترخێچاندنی خۆبەخۆی تێکۆشەران و سیاسەتوانانی کوردە لە ناو پارچە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا. دیارە پلان و پیلانی بەشێکی زۆری ئەو گێرەشێوینی و ئاڵۆزییەش، بە هاندان و دنەدانی ئەو دەوڵەتانەوە بەڕێوەبراون و دەبرێن کە پێوەندییان بە کێشەی کوردەوە هەبووە و هەیە، بەڵام نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە خەتا و سووچ و تاوانی سەرەکی، هەر خۆمان بووین کە نەمانتوانیوە خۆ لەو تەلیسمە دەرباز بکەین.

ئەوەی لێرەدا، سەبارەت بە ناوەرۆکی کتێبەکە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێ، ئەوەیە کە ئەو بابەت و ڕووداوانەی کە نووسەر شاهیدیان بووە، بە بەراوردکردن لە گەڵ ئەو بابەت و ڕووداوانەی کە تائێستا لەمەڕ ئەو قۆناخەدا نووسراون و خراونەتەڕوو، بێجگە لە چەند بابەتێک کە دواتر ئاماژەی پێدەکرێ، جیاوازییەکی زۆر زەق بەرچاو ناکەوێ و، نووسەر بە سەداقەت و دەستپاکییەوە ڕووبەڕوویان بووەتەوە. هەر لە بەر ئەوەشە، دەمەوێ لە پێشدا باسی ڕاز و مەتەڵی هەڵنەهاتووی چارەنووسی سەدیقی

ئەنجیری ئازەر بکەم کە نووسەر لە کتێبەکەیدا زۆر بە پەرۆشییی باسی لێوە کردووە و، **«بەڵام بەداخەوە لە سەر ڕووداوی شەهیدکردنی کاک سەدیق شتێکی تازەی نیشان نەداوە»**. (نامەی مامۆستا عومەری عەسری)
بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست، لە پێشدا با ئاوڕێک لەو کتێب و سەرچاوانە بدەینەوە کە باسی «سەدیقی ئەنجیری ئازە»یان کردووە و، پاشان بچینە سەر بابەتەکانی دیکە.

**غەنی بلوریان** لە *ئاڵەکۆک* دا دەنووسێ:
«لە کوردەکانی دانیشتووی تارانیش جیا لە قاسملو، «سارمەدینی سادق وەزیری» قازی دادگا و «**سەدیقی هەنجیری ئازەر**» کارمەندی باڵای ئیدارەی فەرهەنگ هاریکاریان دەکردین. سەدیق لە ساڵی ١٣٣٣-١٩٥٤ لە نووسینی ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان یارمەتی دەداین». (ل١١٤)
«قاسملو و عەزیز لە تەورێزبوون. منیشماڵێکم لە گەڕەکی «بارن ئاوا» بە کرێ گرت.. دوای چوونی من بۆ تەورێز، «سەدیقی هەنجیری ئازەر»یش لە تارانەوە هات بۆ تەورێز.
ئێمە ئەو چوار کەسە کۆبووینەوە و لە سەر دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستان بڕیارماندا،.. ئێمە لە سەرەتای ١٣٣٣ ـ ١٩٥٤ یەکەم ژمارەی کوردستانمان دەرخست. سەدیقی هەنجیری و عەزیزی یوسفی بە زمانی فارسی وتاریان بۆ کوردستان دەنووسی و ..». (ل١٥٢)
«... سەدیقی هەنجیری و قاسملو و باقی تودەییەکانی تر ڕۆژانە لەو کافەیە یەکتریان دەبینی». (ل١٥٤)
«... سولەیمانی موعینی، هاشم ئەقەلوتتوللاب، حەمەدەمینی راتبی، عەبدوڵڵای ئیسحاقی [ئەحمەد تۆفیق] و ئەسعەد خودایاری هاتن بۆ تاران. ڕەحمانی قاسملو و سەدیقی هەنجیری ش بەشداری ئەو کۆبوونەوەیان کرد. سەدیقی هەنجیری لە حیزبی تودە بڕابوو و، زۆر بە جیدی هاریکاری ئێمەی دەکرد..». ٣ (ل١٥٥)

لە کتێبی چپ در *ایران به روایت اسناد ساواک*دا هاتووە:
«تاریخ: ٣٧/٥/٣٠[٥٨ز]...
... ئەنجیری ئازەر کە بە پێی فەرمایشی تیمساری جێنشینی دووهەمی ساواک لێکۆڵینەوەی لە سەر کراوە لە تارانە و ئیمکانی هەیە لەگەڵ عەبدولڕەحمانی قاسملوو و دوکتور شیرازی پێوەندی هەبووبێ». (ل١٨و١٩)
«تاریخ: ٤٣/٩/٢٨[٦٤ز]، بابەت: کۆنگرەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان
... کەسانێک کە لە کۆنگرەدا بەشدارییان کردووە و خاوەنی ناسناو بوون و ڕاسپاردە (مەئموور) ئەوانی پێشتر ناسیوە بریتین لە:
١- سەدیقی ئەنجیری ئازەر* ٢- ئەحمەد تۆفیق ٣- سولەیمانی موعینی ٤- عەبدوڵڵای موعینی ٥- مونتەقیمی قازی ٦- ئەمیری قازی ٧-عەبدوڵڵا مەلا عوسمان خەڵکی بادیناوێ ی لاجان کە ساڵێک پێش هەڵاتۆتە عێراق ٨- سەید حاجی دانیشتووی گوندی جەڕانی ئێران کە لە ساڵی ٣٨ هەڵاتووە ٩- مراد ڕەسووڵ لەیلان ـ شوغڵ دارتاش دانیشتووی شاری پیرانشار کە یەکساڵ پێش هەڵاتۆتە عێراق».
مەئموور(ڕاسپاردە) دوای شەش ڕۆژ مانەوە لە گوندی سونێ داوا لە ئەحمەد تۆفیق دەکا بگەڕێتەوە...». (ل٢٥٣)
* «سەدیقی ئەنجیری ئازەر کوڕی محەممەد ڕەسووڵ ئامۆژیار(مامۆستا)ی پێشووی پەروەردە و بارهێنان، لە ساڵی ١٣٢٥ دەچێتە ناو حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و بە ئەفعی [پێشەوا] قازی محەممەد تەبلیغاتی ئاشکرای دەبێ و [دواتر] تەبلیغی ناو خوێندکارانی پێ ڕاسپێردراوە. ناوبراو لە ساڵی ٢٨ بە ڕەسمی ئەندامەتی حیزبی هەڵوەشاوەی تودەی قەبوڵ کرد. وە لە ڕێکەوتی ٣٤/٧/٢ بە تاوانی چالاکیی خراپکاری و ئەندامەتی لە دەستە و کۆمەڵەیەکی خاوەن مرام و مسلەکی کومۆنیستی لە ڕێژ چاودێریدا بووە و ددانی بەئەندامەتی خۆی لە حیزبی توودەدا هێناوە و بە ڕێگەی کەفیل (زەمانەت)ەوە لە لایەن دادستێنی ئەرتەشەوە ئازاد کراوە. دوای ئازادبوون و تەکمیلکردنی دەفتەرچەی بیۆگرافی حیزبی بە هۆی دردۆنگییەکی توندوتیژ ماوەیەک ئاکار و کردەوەی وی کەوتەوە ژێر چاودێری کە پێوەندیی سەرلەنوێی وی ڕووندەکردەوە. ناوبراو لە نێوان ساڵانی ٣٦ و ٣٨ لە داڕشتنەوەی چالاکیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بەپێی فەرمانی حیزبی تودە ئەخشی هەبوو و لە ساڵی ٤٣دا بە ویستی خۆی لە کار وازدێنێ و پاشان دەچێتە عێراق. لە ماوەی مانەوەی لە [کوردستانی] عێراق بە بۆنەی چالاکییەکانی حیزبی و پێشینەی لەمێژینە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هەڵدەبژێردرێ و لە باری مەعنەوی و تیۆرییەوە دەسەڵاتی ڕێبەرایەتی حیزب بە دەستەوە دەگرێ و لە کۆتاییدا بە هۆی داروودەستەی ئەحمەد تۆفیق (گەڕێنەری سەرەکی حدکا) دەکوژرێ». (اسناد ساواک، پروندەهای انفرادی ـ ل ٢٥٣)
«بۆ: ریاسەتی ساواکی ئوستانی ٤ی ورمێ، لە: ساواکی مهاباد، تاریخ: ٤٤/٧/٢٦، ژمارە: ٧٨٩٩
بوارەکانی مەبەست لە سەرچاوە دەستکەوت و بە شەرحی خوارەوە پێشکێش دەکرێ.
١- ئەحمەد تۆفیق ئێستاکێ دەگەڵ ١٦ کەس پێشمەرگە لە کاولۆکی نزیک ڕەواندز لە جیبهەیە، بە ڕەسمی لە حیزب وازی هێناوە بەڵام لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی قەبوڵ نەکراوە.
٢- ئەحمەد تۆفیق لە کاولۆک دەگەڵ پێشمەرگەکان لە جیبهەیە و سولەیمانی موعینی لە سونێ دەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی پێوەندی هەیە.
٣ - بەرپرسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ئێستا سەدیقی ئەنجیری ئازەر و کۆمیتەی ناوەندی یە.
٤- ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بریتین لە: سەدیقی ئەنجیری ئازەر، ئەحمەد تۆفیق، سولەیمانی موعینی، ئەمیری قازی، مەلاسەید ڕەشید، مەلا ڕەحیم مینجەلان و عەبدولڕەحمانی شەڕەفکەندی (شاعیری میللی کورد)، بەرپرسەکانی وان بە شێوەی هەڵاوارده ڕوون نییە. ...
... ١٣- لە کونگرەی دووهەمی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کە لە سەرماوەزی ١٣٤٢ [١٣٤٣] دروستە: هێرش]لە سونێ ی عێراق[کوردستان] پێکهات ئەساسنامەیەکیان بۆ حیزب گەڵاڵە کردووە سەرچاوە [ی هەواڵ] نوسخەیەکی لە سەدیقی یەنجیری ئازەر کە ٦٤

لاپەڕەیە وەرگرتووە و بەو ساواکەی تەحویل داوە...

١٤- شوێنی چاپی ئیعلامییە و بەیانییە لە سونێ یە بنووسی بەیانییەکان تا ماوەیەک پێش ئەحمەد تۆفیق بووە بەڵام ئێستا سەدیقی ئەنجیری ئازەرە بەرپرسی چاپ عەولای موعینی یە». (ل٣٠٦ و٣٠٧)

« ـ ژمارە ١١٣٦٠/٤ه‍ ڕێکەوت: ٤٤/٧/٢٨

بابەت: چوونی باپیری و عێراق

محەمەدی باپیری لە ڕێکەوتی ٤٤/٧/٢٤ بە ڕێگەی خانێ [پیرانشار] چۆتە عێراق و دوای گەیشتنی بە دەربەندی عێراق دەگەڵ سەدیقی ئەنجیری ئازەر و یۆنس مولاقات[ی کردووە] و لە نێوبراوان شوێنی دانیشتنی حەسەنی ڕەستگار دەپرسێ سەدیق دەڵێ چونکە مەلا مستەفا فەرمانی داوە تەواوی هەڵاتووە ئێرانییەکان و هەروەها کەسانی حیزبی لە گوندی سونێ نیشتەجێ بن لەم ڕووەوە حەسەنی ڕەستگار و ڕەسوولی پێشنمازی و مراد حاسڵ چەند ڕۆژ پێش بەرەو سونێ ڕۆیشتوون، باپیری هۆیەکەی لە سەدیق دەپرسێ و لەوەڵامدا دەڵێ چوار ڕۆژ پێش ئێستا جەلال تاڵەبانی و عومەر دەبابە بە کەسانی حیزبی پارتی فەرمانیان دابوو دەبوایە حەتمەن ئەحمەد تۆفیق بکوژن و کەسانی حیزبی پارتی گوتوویانە بێتوو قەرار بێ ئەحمەد تۆفیق لە عێراق بمێنێتەوە ئێمە ناتوانین کارێک ئەنجام بدەین بەڵام مەلا مستەفا گوتوویە کەس مافی نییە ئازارێک بە ئەحمەد تۆفیق بگەیەنێ چون ئەو کەسە ٢٢ ساڵە بۆ کوردان زەحمەت دەکێشێ و بۆ بەرگری لە خوێنڕێژی مەلا مستەفا فەرمانی داوە هەموو هەڵاتووەکان لە سونێ نیشتەجێ بکرێن». (ل٣٠٩)

«... سەدیقی ئەنجیری و ئەحمەد تۆفیق لەو کەسانەن کە دەگەڵ ئەندامان و کۆمیتەی ناوەندی دژن و هەستی ناسیۆنالیستی دە نیهادی ئەو دوانەدا هەیە و هەروا بەشێک لە کوردەکان و ئەندامانی حیزبی هەڵوەشاوەی تودە سەدیقی ئەنجیری بە گرێدراو و ناردراوی ساواک دەزانن» . (ل٣١٧)

« ـ ڕێکەوت: ٤٤/١١/١٢، ژمارە: ١٥٦٩٩/٤ه‍

بابەت: ئەحمەد تۆفیق

لە ڕێکەوتی ٤٤/١٠/٢٩ ئەحمەد تۆفیق نامەیەکی بۆ حەسەن سەکر و حوسێنی شەریفزادە ناردووە و دوای چاک و چۆنیی ڕایگەیاندووە کە ماوەیەک ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی داوایان لێ کردووە کە دانیشتنێک بۆ چارەسەریی کێشەکان پێکبێ بەڵام نێوبراو ملی نەداوە تا ئەوەیکە دوو کەس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دەچنە لای وێڕای دەبڕینی نارەزایەتی لە تەواوی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە نێوبراو عوزرخوازی و داوای لێبوردن و پێشنیاری پێکهاتنی دانیشتن دەکەن نێوابراو قەبوڵی دەکا بەڵام سەدیقی ئەنجیری ئازەر بەتوندی دەگەڵ پێکهاتنی دانیشتن دژایەتی دەکا دوو کەسی تاین گلەیی و سکاڵای خۆیان لە کاروکردەوەی سولەیمانی موعینی و سەدیقی ئەنجیری ئازەر و حەسەنی ڕەستگار دەردەبڕن، ئەحمەد تۆفیق دە نامەکەیدا ڕایگەیاندبوو جارێ وەزع ئاوایە و جەختی کردبوو لەوەپاش ئەو بابەتە بەتەواوی نهێنی یە و کەس نابێ زانیارییەک بە دەست بهێنێ و هەروا دەگەڵ نامەی تاین دوو بەرگی کارتی پیرۆزبایی جێژنی ڕەمەزان بۆ سوارە سەکر و حوسێنی شەرەیفزادە ناردبوو ، نێوبراوی سەرەوە بە شێوەیەک کارتی حوسێنی شەریفزادە کە لە عێراق ناسناوی هەورامی یە بەدەست دێنێ و بەو ڕێکخراوەی تەحویل دەدا چونکە بە شەریفزادەی گوتبوو کارتەکەی سوتاندووە ئەوا عەینی ئەو بە پەیوەست پێشکێش دەکرێ.

نەزەری ڕاپۆرتدەر: دوو کەسی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کە چوونە لای ئەحمەد تۆفیق لەوانەیە نحۆی شکاک و مەلاسەید ڕەشید بووبن.

نەزەری ڕێبەری عەمەلیات: چون لەوانەیە ئەحمەد تۆفیق بارودۆخی حیزبیی خۆی لە دەست بدا هەربۆیە پێی خۆشە ناکۆبییەکانی دەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی چارەسەر بکا» . (ل٣٣٦ و ٣٣٧)

« ـ بە: ٣١٤، لە: ٤ ه، ڕێکەوت: ٤٥/١/٨، ژمارە: ٢١٢

بابەت: هۆی ناکۆکی سەدیقی ئەنجیری ئازەر و ئەحمەد تۆفیق و پێکهاتنی سێهەمین کۆنگرە لە عێراق

مەلا محەممەدی خزری[٤] ڕادەگەیەنێ لە دووهەمین کۆنگرە کە ساڵی ڕابردوو لە عێراق پێکهاتبوو ئەحمەد تۆفیق لە دوکتور مەولەوی پاشملە لایەنگیریی کردووە کە سەبارەت بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ڕابردوودا فیداکاریێ نواندووە، سەدیقی ئەنجیری ئازەر دەگەڵ بیروڕای ئەحمەد تۆفیق ناکۆک و دەڵێ دەبێ سەبارەت بە خزمەتەکانی غەنی بلوریان و عەزیزی یۆسفی کە لە حاڵی حازردا زیندانین ڕێز بگیرێ و ئەگەر بێتوو نێوبراوان بۆ درێژخایەن لە زینداندا بمێننەوە جێگەی ئەوان لە حیزبدا ئەشێ پارێزراو بێ، عەلی مەولەوی خزمەتێکی بە حیزب نەکردووە و لەلایەکی دیکەوە ئەحمەد تۆفیق بووەتە هۆی قەتڵی ئەسعەدی خودایاری و دەبێ لە دادگادا موحاکەمە بکرێ ئەو کارە دەبێتە هۆی ناکۆکیی نێوبراوان و بەو مەبەستە سێهەمین کۆنگرە لە سەرەتاکانی ساڵی ١٣٤٥ بە بەشداربوونی تەواوی کەسانی کۆمیتەی ناوەندی پێکبێ تا بەرپەرسانی کۆمیتەی ناوەندی دیاری بکرێن و بە چالاکیی حیزبی خۆیان درێژە بدەن.

تێبینی ـ نەزەری ڕاپۆرتدەر: ڕێکەوتی پێکهاتنی سێهەمین کۆنگرە هێشتا دیاری نەکراوە. نەزەری ڕێبەری عەمەلیات: ناکۆکیی نێوبراوان شیاوی سەلماندنە و مەبەست لە پێکهاتنی سێهەمین کۆنگرە بەتەواوی ڕوون نەکراوەتەوە. لە باری نهێنیکاری عەمەلیاتییەوە هەواڵی سەردوە بە کاربەدەستانی موجاز[ ڕاپەڕێنەر)ی ددرەوەی ساواک ڕانەگەیەندراوە.» . (ل٣٥٣)

« ـ ٤٦/٤/٢٢

... ب ـ کۆنفڕانسی دۆڵەڕەقە: کە لە ساڵی ١٣٤٥ بە مەبەستی سەروسامادان بە وەزعی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە پێی بانگهێشتی سولەیمانی موعینی لە دۆڵەڕەقە پێکهات لەو کۆبوونەوەیەدا سەدیقی ئەنجیری ئازەر بە هۆی بزربوون و مەلا سەید ڕەشید بە هۆی نەبوونی ئەحمەد تۆفیق لە کۆبوونەوە و ژمارەیەکی دیکە لە کادرەکان بەشدارنەبوون لەو کۆبوونەوەیەدا کۆمیتەیەک بۆ تەدارەکی کۆنفڕانس هەڵبژێردران و بەڕیاردرا تا سێ مانگی دیکە کادرەکانی حیزبی بچنە ناوچەی کاری خۆیان و چالاکی بنوێنن بەڵام لە ڕاستیدا پێکهاتنی کۆنفڕانسی دۆڵە ڕەقە بە مەبەستی لێکۆڵینەوەی قەتڵی سەدیق و کوژرانی نحۆ پاشایی بوو کە لە کۆتایی کۆبوونەوەدا نامەیەک بۆ مەلا مستەفای بارزانی نووسرابوو کە هەموو ئیمزایان کرد و ناوەرۆکەکە هەوڵی دۆزینەوەی سەدیقی ئەنجیری بوو بەڵام مەلا مستەفا وەڵامێکی نەداوە

(نامەکە لەلایەن فایقەوە بە مەلا [مستەفا] درا)...». ٥ (ل ٤١٤)

**هەژار، لە چێشتی مجێوردا نووسیویە:**
«کوردێکی سابلاغی بە ناوی «سدیق ئەنجیری» ماوەیەک بو لە تارانەوە هاتبوە (دەربەند) لە (بالەکایەتی). هەوەڵ جار لە شاری قەلادزەم دیت. دوایی لە دەربەند چەند جارێکم دەدیت. تاریفی خوێندەواری و زانیارییان دەکرد، پیاوێکی هێدی و هێمن و لە سەرەخۆ بو. لەو سەردەمانەدا کە ئەحمەد دوورخرابۆوە بۆ سنوری تورکیە و ئێمە لە (لیتوژە)بوین، رۆژێک دەگەڵ سەعید ناوێک (کە بە چاوێک بو) بونە میوانی بنکەکەمان. پازدە رۆژ مانەوە. رۆژانە خۆی و سەعید دەچونە دەری دێ، بۆ جەمی نیوەڕۆ و شەو دەهاتنەوە و تەواو هۆگری سدیق ببوین. چەند جارێک لە مەکتەبی سیاسیەوە ـ کە زۆرمان لێ نزیک بو ـ خەبەریان داینێ کە ئێرانی ناوی ئەویان پرسیوە، با لەو نزیکە نەمێنێ. سامی و من حاشامان کرد و جوابمان نەدانەوە. رۆژێک دەبوایە دو رۆژنامەنوس و فیلم بەرداری ئەلمانی بێنە لامان لە لیتوژە. کاک سامی بە سدیقی گوت: «ئەمڕۆ مەچنە ئەو سەکۆیەی ناو دارانە کە هەمو رۆژ لەوێ دادەنیشن، چونکە نازانین کێ دەگەڵ ئەو ئالمانیانە دێ، لەوانەیە جاسوسی ئێرانی رەگەڵیان کەوتبێ»، سدیق لەو قسە نارەحەت بو، گوتی: «دیارە دەتەوێ رام نەگری». ئیتر بێ خواحافیزی کردن دەگەڵ سەعیدە کوێر رۆیشتن. چوبونە جێگەی رادیۆ لە (گردێم)، ببونە میوانی «خالیداغای حیسامی». گوتبوی هێلکەم هەیە چۆنی دروست کەین؟ سدیق گوتبوی: دەچم لەو ددم چەمە پنگە دێم، کوکی دروست دەکەین». ئیتر ئەو رۆینە بو نەهاتەوە و بێ سەروشوێن چو، کەس خەبەری نەزانی». ٦(ل ٤٩٠ و ٤٩١)

**کەریم حیسامی لە** *پێداچوونەوە*(بەرگی ٢)دا نووسیویە و دەڵێ:
«ئەحمەد تۆفیق کە بارزانی ئەمر کردبوی بە حیزب و پشتی دەگرت، بە پشتیوانی چەکدارانی کوردستانی عێراق نەیارەکانی دەگرێ و دەکوژێ و ڕاویان دەنێ. دوای کۆنگرە سولەیمانی موعینی و سەدیقی ئەنجیری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دژی بۆچوون و هەڵوێستی ئەحمەد تۆفیق وەدەنگ دێن. سەدیقی ئەنجیری لەگەڵ برادەرێکی دیکە بۆ چاوپێکەوتنی سەرۆک بارزانی بەرەو بارەگای بارزانی دەکەونە ڕێ و لە (مامەڕووتە) میوانی خالیدئاغای حسامی دەبێ و هەر لەوێ بێسەر و شوێن دەچێ...». ٧ (ل١٧٧)

**یۆسفی ڕێزوانی**[8] یەکێک لە تێکۆشەرانی ئەو کاتە و ئەندامی حدکا نووسیویە:
«کاک سەدیقی ئەنجیری بە مەزڵوومی لە دایک بوو، بە مەزڵوومی بە هۆی سازمانی ئەمنیەتی شاهەنشاهی لە عێراق بە دەستی ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دێموکراتی عێراق "زەکی کامل" خەڵکی ئاکرێ کە پێشمەرگەیەکی کاربەدەستی پ.د.ک بوو شەهید کرا و کوژرا. کاک سەدیقی ئەنجیری لەلایەن کاک هەژاری موکریانی دەعوەت و بانگ کرابوو کە وەک باس دەکەن حەسەن ئیسحاقی ش دەستی لەو تاوانەدا هەبووە، بەڵام لە هەمووی سەیرتر بۆ دەبێ کاک هەژاری شاعیر و دڵسۆزی کورد!! بە خۆی ئیجازە بدات ئەو جینایەتە گەورەیە بشارێتەوە؟!!». ٩

**ئەحمەد ئەنجیری موتڵەق**، نوێنەری پێشووی مهاباد لە مەجلیسی شۆرای ئیسلامی ئێران و ئامۆزای سەدیقی ئەنجیری ئازەر، لە کتێبی *داشامەجیدا* (بە چاپکردنی وێنەیەک لەناوبراو)، تەنیا ئەو تاکە ڕستەیەی لە ژێرەکەی نووسیوە و دەڵێ:
«ئاموزلی [ئامۆزای] بەریزم کاک صدیقی انجیری آذر، نووسەری چیروکی دایکی نیشتمان دە سالی ٢٤ [١٩٤٥]دا کە خوشی تییدا بەشدار بوو». ١٠

**درێژەی هەیە**

○○○

**پەراوێزەکان**

١- بۆ نموونە هەر لە لاپەڕەی ١، لە ١٩دێڕدا ١٦ هەڵەی تێدایە: بانەڕی=بانەمەڕی، دێموکرات/دیموکرات= (یەکیان دەبێ بنووسرێ)، نووسیانە=نووسیویانە، دراوتە=دراوەتە، ئەوش=ئەوەش.. هتد.

٢- «شڕ و شەپیتە» (لاپەڕەی ه) هەڵەیە، **شڕ و شاڵات**، شڕوشیتاڵ، شڕوشیواڵ (هەنبانەبۆرینە) دروستە. «ناو ناتۆیەک» (ل ١٣) و «نێو و ناتۆیەک» (ل٩٩) هەڵەیە و، **ناو ناتۆرە** دروستە. «زمەیان دەهات» (ل٢٧) هەڵەیە و **جمەیان دەهات** دروستە. «پەل و پا» (ل٢٩) هەڵەیە و **پەلۆپۆ** دروستە. دیارە «کەریمی حیسامی» ش «پەڵ و پا»ی بەکارهێناوە (لە بیرەوەریەکانم، بەرگی سێ یەم، ل ٥١) کە ئەویش هەر هەڵەیە. «باشارم بەسترابوو» (ل١٨٨) هەڵەیە و **باشارکردن** دروستە.. هتد.

٣- غەنی بلوریان، ئاڵەکۆک (بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم)، ستۆکهۆلم ـ ١٩٩٧.

٤- زانیاریی ئەو بەڵگەنامەیە بە هۆی کەسێک کە هەم هاوڕێی مەلا محەمەد و هەمیش ڕاسپاردە و جاسووس بووە، بە ساواک دراوە:
«... ٩ـ محەمەدی خزری تەتەر و ڕابیتی نێوان مەئموور [ڕاسپاردە] و مەلا ئیبراهیمی ڕۆستەمی و سەید ئەحمەدی کوڕی عەبدولکەریمە و مەلا مستەفا تەتەری مهاباد و محاڵی شاوێرانی یە».(چپ در ایران... ل١٨١)

٥- چپ در ایران بە روایت اسناد ساواک، حزب دمکرات کردستان جلد اول، مرکز بررسی اسناد تاریخی، تهران، ١٣٧٨.

٦- هەژار، چێشتی مجێور، خانی شەرەفکەندی ئامادەی چاپی کردوە، چاپی یەکەم، پاریس ـ ١٩٩٧.

٧- پێداچوونەوە ٢، بزوتنەوەی نیشتمانی کورد لە کوردستانی ئێران ١٩٤٧-١٩٧٨، کەریمی حسامی، ستۆکهۆلم ١٩٩٧.

٨- «ئەم عەبدوڵلایە یوسفی ریزوانی سابلاغی بو، ... چەندم پێ سەیر بو کە لەم حیزبی دیمۆکراتی دواییەی ئێراندا ریزوانی هاتەوە و گورجێ کردیان بە سەرپەرستی هەمو مەڵبەندی هەوشار و قەرار وابو بیکەنە وەکیل لە مەجلیسی شورای ئیسلامی! دەبێ کام سێحری کردبێ کە وا لە بەر چاویان ببوە مەلایکەت؟! ئێستاش نازانم چکارەیە؟!...» (هەژار، چێشتی مجێور، ل ٤٥٠، ٤٥١ و ٤٥٢).
ـ کاک یۆسفی ڕیزوانی لە ساڵی ٢٠٠١ لە وڵاتی فینلاند بە هۆی نەخۆشی ...؟ کۆچی دوایی کردووە و هەر لەو وڵاتەش بە خاک ئەسپێردراوە ـ هێرش.

٩- ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی (مامۆستا عولەما)، عەلی کەریمی، چاپی یەکەم: ١٩٩٩، بنکەی چاپەمەنی زاگرۆس، گوتنبێرگ، سوێد. (ل ٣٩٤)

١٠- *داشا مەجید*، سلاو لە سابلاغ، نووسەر: ئەحمد ئەنجیری موتڵەق، بیستم اسفند ماه هفتاد و یەک [١٩٩٣]، شوێنی چاپ ..؟ (لاپەڕەی ١١٥).

• • •

# نیشتمانی گەنم

کارین ئاندرێن، ئێوا بوستروٚم و گوٚران کەندالٚ
وەرگێڕانەوەی: مەرزە

لە بەستێنی چۆمە پڕ بەرەکەتەکانی بەرزاییەکانی کوردستان لە نێوان دیجلە و فوراتدا بوو، کە مرۆڤ بۆ یەکەمین جار دەغلٚ و دانی چاند و بوونەوەری ڕام کرد.
ئەوە ئەو شوێنەیە کە دەڵێن باغی عەدەنی لێ سازکراوە و ئەو جێگایەشە کە مرۆڤ کۆنترین لیستەی خواردەمەنی لێ دۆزیوەتەوە. هەروەها لێرەش بووە کە بۆ هەوەلٚ جار گەنم چاندراوە.
مێزۆپۆتامیا، کە بە کۆنترین شوێنی مێژوویی لە قەڵەم دەدرێ، کارتێکەرییەکی گەلێک بەرچاوی لە سەر تەواوی وڵاتانی دنیای کۆندا هەبووە.
میسری کۆن، عیبرییەکان و یۆنانییەکان زۆر شتی کولتووری خۆیان لە مێزۆپۆتامیا وەرگرتووە. لێرە چەرخ(گردەلٚ) داهێنرا و هونەری پەنیر سازکردن پەرەی پێدرا. ئەوە بیر و داهێنانەکانی مێزۆپۆتامیا بوو کە دواتر بەرەو یۆنان و ڕۆم لە ڕۆژئاوا و هیند و چین لە ڕۆژهەڵات بڵاوبۆوە.
زۆربەی پسپۆڕەکان پێیانوایە مەڕ یەکەم سەرچاوەی بژیو (خواردەمەنی) بووە کە ڕام کراوە و ئاژەڵداری لە ناخی چاخی ڕاو و شکاردا پەرەی گرتووە. بەڵام لە هەمووان گرینگتر، چاندنی ڕووەک و دانەوێڵەبوو، کە هەم خواردەمەنی پێ دەوڵەمەند بوو و هەم مرۆڤی نیشتەجێ کرد. ئەو کاتەی پیاوەکان بۆ ڕاوکردن دەچوونە دەرەوە، ژنەکان لە کەنار خێوەتەکاندا دەمانەوە. داهێنانی کشتوکالٚ (دانەوێڵە داچاندن) ڕەنگە نزیکەی دە هەزار سالٚ لەمەوبەر لەلایەن ژنانەوە ڕوویدابێ. لەوانەیە ژنەکان بە هەڵکەوت Ttrticum Dicocciodes(جۆرە گەنمێکی خۆڕستی دووسەر)یان خوساندبێ. ئەو گیاگەنمە خۆڕستە دەبوایە لە زەوی نمداردا چاندرابا و پاشان درووێنەکرابا. بە گوێرەی چاندن و چاندنەوە هەر ئەوگەنمە خۆڕستە، بووە بەو گەنمە یەکسەرەی ئێستا (Ttrticum Monococcum).

#### بێشکەی گەنم

تەواوی ئەو گەنمانەی دواتر چاندراون ڕیشەیان لەو ناوچەیە دایە. Di-cocciodes هەر ئەم گیاخۆڕستە سەرەتاییەی گەنمە، کە لە شوێنە نمدارە بەرزاییەکانی نێوان ٦٠٠ تا ١٣٠٠ میتری بان دەریا بە باشترین شێوە شین دەبێتەوە. ڕیشە و سەرچاوەی سەرهەڵدانی گەنم بە هۆی شیکردنەوەکانی (DNA) سەلمێندراوە. پێشینەی تەواوی ئەم گەنمانە دەتوانێ لقێک لەو گرووپە گەنمە خۆڕستانە بێ کە لە کێوی قەرەج دۆزراوەتەوە. بەڵگە و دەستاوێژی لێکۆڵەرە دێرینەناسەکان، کولتووری دانیشتووان دەباتەوە بەر ٨٠٠٠ سالٚ پێش زایین. ئەم بەڵگانە ئەوە دەسەلمێنن کە لەوانەیە کێوی قەرەج ئەو شوێنە بێ ، کە مرۆڤ چاندنی




گەنمی تێدا دەست پێکردبێ.
ئەو مەڵبەندە پڕبەرەکەت و سەرسەوز و بەربڵاوە وێڕای هەوایەکی خۆش و سازگار لە باکووری شاری بەغدا هەڵکەوتووە.
لەوێ خەڵکی گوندەکان ژیانێک دەبەنەسەر کە لەم چەند سەد ساڵەدا تا ئێستاش ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی بەسەردانەهاتووە.
ئەوە زەمینەیەک بوو بۆ ئەو نووسراوەیە سەبارەت بە خۆراکە خۆشەکانی چێشتخانەی کوردی، ئەو شوێنەی کە مێژوو زیندوو ماوتەوە و مرۆڤ تا ئێستاش بۆ گەلێک خۆراکی جۆراوجۆر لە گەنم کەڵک وەردەگرێ.
لە زۆربەی ئەو لیستی خۆراکە کەڵک لە گەنمی کوتراو وەردەگیرێ (ساوار یان بروێش).

#### زەم

ئەمڕۆ لە بەشێکی زۆری دنیا، خواردەمەنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەمەپەسندە، کە ئەغلەب لە ژێرناوی «لوبنانی» دەناسێندرێ. بە گوێرەی دابونەریت خوانێکی ڕازاوە وێڕای چەندین خواردەمەنی سووک ــ مەزە پێشکێش دەکرێ. ئەو تایبەتمەندییە کوردییانەی خوانی ئێمە، دیوەخانێکی خۆش و ڕازاوە لە چێشتخانەی سوننەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکدێنێ.
لە خوانەکەدا، لە پێشدا خواردەمەنی سارد دەخورێ، پاشان خواردەمەنی گەرم و بە دوای ئەویشدا خۆراکی سەرەکی کە بە شی زۆری لە گۆشت سازکراوە. ژەمەکە بە خواردەمەنییەکی شیرین وەک باقلاوە یا میوە تەواودەبێ.
دەگەڵ خواردەنەکە ماستاو(دۆ)ی بە نەعناوە و لە جێژنانیشدا بیرە(ئاویجۆ) یان شەرابی سوور دادەندرێ، دوای خواردنیش چا یان قاوە ناخۆش نییە.
زۆربەی ئەو خواردەمەنییانە ڕۆژێک پێش ئامادە دەکرێن.


سەرچاوە:

C(en idétidskrift om cerealier), Nr1, Mars 03.

# نەتەوە و ڕۆمان

## (نامەی دوکتۆرای هاشم ئەحمەد زادە)

لە ڕێکەوتی ٧ی مانگی مارسی ٢٠٠٣دا، بڕوانامەی دوکتۆرا (Ph.D)ی **«هاشمی ئەحمەدزادە»** لە زانکۆی ئوپسالا پێشکێش کرا. لە کۆڕێکدا کە بۆ دیفاع لە بڕوانامەکە پێکهاتبوو، جگە لە ژمارەیەکی زۆری خوێندکارانی دوکتۆرا لە بوارە جیاکاندا کۆمەڵێک ئاکادیمیسیەن و مامۆستای زانکۆ ئامادە بوون. تاقیکەرەوەی بڕوانامەکە، کەسایەتی ناوداری کوردناس پرۆفیسۆر **«مارتین ڤان براوتیسن»** لە زانکۆی ئۆتریختی هۆڵەندا بوو. ڕێ و ڕەسمی پارێزگاریی لە بڕوانامەکەش لەلایەن مامۆستای سەرپەرشتکار پرۆفیسۆر **«بوو ئوتاس»** دەستی پێکرا.
لیژنەی تاقیکەرەوە بریتی بوون لە: پرۆفیسۆرێکی بەشی زمانی ئینگلیسی، پرۆفیسۆرێکی بەشی هیندناسی لە زانکۆی ئوپسالا و، پرۆفیسۆرێکی زمانەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە زانکۆی ستۆکهۆڵم. سەرەتا پرۆفیسۆر ڤان براونێسن لە ماوەی نیو سەعاتدا خوێندنەوە و لێکدانەوەی خۆی لە سەر بڕوانامەکە ئاراستەی ئامادەبووان کرد. دواتر پرسیار و سەرنجەکانی خۆی لە گەڵ هاشمی ئەحمەدزادە هێنایە گۆڕێ کە وەڵام و پرسیارەکان ماوەی دوو سەعاتی خایاند. لە کۆتایی ئەو بەشەدا، لیژنەی تاقیکەرەوە کۆبوونەوەیەکیان سازدا و، دواجار بڕیاریان لە سەر پەسندکردنی بڕوانامەکە وەرگرت و بڕیارەکە لەلایەن پرۆفیسۆر «بوو ئوتاس»ەوە بە شێوەیەکی ڕەسمی ڕاگەیێندرا و، پلەی دوکتۆرا لە بواری ڕۆژهەڵاتناسی بە هاشمی ئەحمەدزادە بەخشرا.
لێرەدا وێڕای پیرۆزبایی لە د. هاشمی ئەحمەدزادە و هیوای سەرکەوتنیان، ئەوا بۆ ئاگاداریی خوێنەرەوانی گزینگ، بڕوانامەکەی بە کورتی دەخرێتەڕوو.
بڕوانامەکە بە زمانی ئینگلیسی نووسراوە، کە بە شێوەی کتێبێک لە ژێر عینوانی: ***ڕۆمان و نەتەوە*** (Nation and Novel) بە قەوارەی وەزیری(٣٣٠ لاپەڕە) لەلایەن زانکۆی ئوپسالاوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
ناوەرۆکی کتێبەکە بریتی یە لە ٦ بەش و پاشکۆیەک: لەبەشی یەکەمدا تایبەتمەندییەکانی لێکۆڵینەوەکە و ئامانجەکانی شیکراونەتەوە. بۆ نموونە سەرهەڵدانی ڕۆمان، وەک ژانرێکی ئورووپایی و گواستنەوەی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەک لە بوارەکانی تێڕامانە و، میکانیسمی ئەو گواستنەوە ژانرییە خراوەتە بەر پرسیار. هەروەها پێوەندی ناسیۆنالیسم و نەتەوەسازیی و پێکهاتنی نەتەوە ـ دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، هاوکاتبوونی ئەو پرۆسەیە لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕۆماندا وەک گریمانەیەک فەرز کراوە و بەڵێنی تاوتوێکردنی ئەو گریمانەیە لە بەشەکانی داهاتووی کتێبەکەدا دراوە. دیارە، لەم پێوەندییەدا سەرنەکەوتنی بزاڤی نەتەوەیی کورد و لە نارادانەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد و، کارتێکەریی ئەم دیاردەیە لە سەر ڕەوتی وێژیاگ(discourse)ی گێڕانەوەی کوردیدا بووەتە هەوێنی لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری بۆ خستنەڕووی جیاوازییەکانی سەرهەڵدان و گەشەی ڕۆمان لە هەلومەرجی هەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی و هەروا بە پێچەوانەش، واتە لە باروودۆخی لە




نارادانەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی. هەڵبەت، بۆ لایەنی ئەزموونی لێکدانەوەی ئەم بابەتە، کتێبەکە ئاوڕ لە تایبەتمەندییەکانی سەرهەڵدان و گەشەی ڕۆمان دەداتەوە چ لە باری وێژیاگی فارسییەوە و چ لە باری وێژیاگی کوردییەوە.
لە بەشی دووهەمی کتێبەکەدا، تیۆرییەکانی جۆراوجۆری ناساندن و هاتنەکایەی ڕۆمان دەخرێتەبەرباس و دواجار ئەم تیۆرییانە وەک بنەمایەک لەبەرچاودەگیرێن کە ڕۆمان وەک ژانرێکی نوێی ئەدەبیی تایبەت بە ئورووپا لە قەڵەم دەدەن. دیارە لێکۆڵینەوەکە سەرنج دەخاتە سەر دژبەرانی ئەم بیروبۆچوونانە و کۆمەڵێک بیروڕای جیاواز لەم پێوەندییەدا شیدەکاتەوە.
بەشی سێهەمی کتێبەکە، سەبارەت بە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیسمی ئێرانی و هاوکات لەگەڵ ئەویشدا سەرهەڵدانی ڕۆمانی فارسی تەرخان کراوە. لەو بەشەدا، فاکتۆر و دەستاوێژە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی ڕۆمانی فارسی و پێوەندی نێوان دەقی ڕۆمانی فارسی و وێژیاگی ناسیۆنالیستی و هەروەها پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆنی کۆمەڵگەی ئێران و پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا خراوەتە بەرباس.
لە بەشی چوارەمدا، پرۆسەی سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی و گیروگرفتەکانی دەستنیشانکردنی ناسیۆنالیسمی کورد و کاردانەوەی نەتەوەی بێدەوڵەت لە سەر ئەم پرۆسەیە خراوەتە بەر باس.
لە بەشی پێنجەم و شەشەمی کتێبەکە، کۆمەڵێک ڕۆمانی فارسی و کوردی وەک نموونە خراونەتە ڕوو و، دواتر لە ئاکامی باسەکەدا جیاوازی هەردووک لایەنی پێوەندیدار بە جیهانی ڕۆمان لە فارسی و کوردیدا دەستنیشان کراون.
سەرچاوەی لێکۆڵینەوەکە لە ١٩ لاپەڕەدا ڕیز کراون و، بە ١٨ لاپەڕە پێرستی ناو، کۆتایی بە کتێبەکە هاتووە.
لە کۆتاییدا، بۆ وەدەستهێنانی ئەو کتێبەکە دەکرێ سەردانی ماڵپەڕی زانکۆی ئوپسالا بەو ناوونیشانە: www.uu.se بکرێ.

**ئامادەکردن: گزینگ**

## ناساندنی ئەنجومەنی
## زمان، فەرهەنگ و هونەری کورد

ئەلف ــ نێو: ئەنجومەنی زمان، فەرهەنگ و هونەری کورد
ب ـ تاریخی دامەزران: ١٣٧٨[١٩٩٩]
ج ـ دامەزرێنەران: ١- دوکتور محەمەد ساڵحی ئیبراهیمی ٢- دوکتور محەمەد تەقی ئیبراهیم پوور ٣- عەلی فەیلی ٤- جەلالی نیزامی ٥- ئەحمەدی زینی وەند ٦- سەید کازمی ژارئابادی ٧- شەریفی عەزیمی ٨- ئەحمەدی قازی ٩- محەمەد ئیبراهیمی محەمەدی ١٠- رئووفی تەوەکولی
ح ـ ئەندامانی لێژنەی بەڕێوەبەرایەتی ئەنجومەن:
١- محەمەد ساڵحی ئیبراهیمی (سەرۆکی لێژنەی بەڕێوەبەرایەتی) ٢- عەلی فەیلی (جێگری سەرۆکی لێژنەی بەڕێوەبەرایەتی) ٣- جەلالی نیزامی (بریکاری لێژنەی بەڕێوەبەرایەتی) ٤- ئەحمەدی زینی وەند (سکرتێر) ٥- رئووفی تەوەکولی (کاروباری ماڵیی) ٦- ئەحمەدی قازی (چاودێری لێژنەی بەڕێوەبەرایەتی)
د- مەبەست و بابەتی چالاکییەکانی ئەنجومەنی زمان، فەرهەنگ و هونەری کورد، لە تاران و شارەکانی دیکە:
١- سەقامگیرکردن و فێرکردن و ئامۆژشتی زمانی کوردی و پەرەپێدانی فەرهەنگ و هونەری کورد
٢- ئامادە و بڵاوکردنەوەی کتێب، نەوار، فیلم و وێنە و سلاید و...
٣- وەرگرتنی ئیجازەی رۆژنامە و گۆڤاربە رێگەی وەزارەتی ئیرشادی ئیسلامی
٤- هاندانی هونەرمەندان لە پێناو رێزگرتنی زمان، مۆسیقا، هونەر و ئەدەبیاتی کورد و پارێزگارییان
٥- ئەنجامدانی کاری لیکۆڵینەوە و شیکردنەوەی بابەتەکانی گونجاو دەگەڵ مەبەستگەلی ئەنجومەن و راپەڕاندنی گەلاڵە لێکۆڵەوەییەکان
٦- ناساندنی سیماگەلی زانستی و فەرهەنگی و مەزنانی کورد و قەومگەلی دیکە
٧- لێکۆڵینەوە سەبارەت بە دیالێکتەکانی کوردی و رێزگرتنیان
٨- چاپی راگەیێندراوەکانی ئەنجومەن بە بۆنەگەلی جۆراوجۆر و لە چوارچێوەی قانووندا
٩- چاپی گۆڤار و ژمارەی تایبەت بە شێوەی دوو مانگانە.

ئەنجومەنی زمان، فەرهەنگ و هونەری کورد





ئابووری کوردستانی باشوور
لێکۆڵینەوەیەکی ئابووریە دەرباری هەرێمی کوردستانی عێراق
(١٢٨ لاپەڕە)
نووسەر: خەسرۆ پیربال
چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستانی عێراق ــ هەولێر
کوردستان ٢٠٠٣
ژمارەی سپاردن: ٢٠٠٣/١٤١

نرخی داواکردن:
٢٠ دۆلاڕ، یان ٢٥ ئیبوورۆ

ئادرێسی داواکردن:
Mr. Khasro Pirbal
Vuoksenk 6 B-15
15100 Lahti - Finland
Telefax: 00 358 37807672
pirbal@hotmail.com

# GZING
Cultural- Literary Kurdish Magazine

**Adminstrator& Editor**

Solaiman Chireh (Herish)

**Address**

GZING / S. Chireh
Valstavägen 62  2tr
195 50 Märsta- Sweden

**E-mail:**
gzing40@hotmail.com

**Tel/Fax** +46 - 08 59 11 36 50
**Mobile**: 070742 4326 / 070-2359687

**Postgironr**: 443 5022-1

No. 39 & 40, Summer - Autumn  2003,  Published in Sweden      ISSN 1104-3473

# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine
**NO 39 & 40 Summer - Autumn 2003**

**Adminstrator& Editor**
Solaiman Chireh (Herish)

**Address**
GZING / S. Chireh
Valstavägen 62 2tr
195 50 Märsta- Sweden
**E-mail:** gzing40@hotmail.com
**Tel/Fax** +46 - 08 59 11 36 50
**Mobile**: 070 7424326